PDF4Kurd

تیپی شانۆی سالار
ۆڤاری شانۆ
کتێبی ژمارە (٤)

# شانۆی کوردی

## ئەرشیف و تێکست، نمایش و بینەر

یاسین قادر بەرزنجی

سلیمانی ٢٠٠٧

٧٩٢/٧
ب ٩٢٣ بەرزنجی، یاسین قادر
شانۆی کوردی: (ئەرشیف و تێکست، نمایش و بینەر) . ــ
سلێمانی: گۆڤاری شانۆ، ٢٠٠٧.
٢٥٩ ل : ٢٣ × ٣٣ سم، وێنەی فۆتۆگرافی، ئەرشیف،
ئیندێکس.
١ـ شانۆی کوردی ـ نمایش.
٢ـ ناونیشان.

## لەبڵاوکراوەکانی گۆڤاری شانۆ

خاوەنی ئیمتیاز: **ئەحمەد سالار**
سەرنووسەر: **ئەرسەلان دەروێش**

- **ناوی کتێب: شانۆی کوردی**
- **ناوی نووسەر: یاسین قادر بەرزنجی**
- **بابەت: ئەرشیف و تێکست، نمایش و بینەر**
- **دیزاین و بەرگ: یادگار ئەورەحمان**
- **چاپی: دووەم**
- **چاپخانەی تیشک / سلێمانی**
- **تیراژ: ٦٠٠ دانە**
- **ژمارەی سپاردن: (٧٧١)ی ساڵی ٢٠٠٧**

**پێشکەشە**

بەو "رەسوڵ هەمزەتۆف"ە مەزنەی لە زمانی "داغستانییەکان"ەوە گوتویەتی:

**ئەگەر دەمانچە بەرابردووەوە بنێی، دوا رۆژ تۆپت پێوە دەنێ!**

**یاسین قادر بەرزنجی**

**تێبینی:**

* یەکەمین جار بەشی یەکەمی ئەم کتێبە (لەئەرشیفی شانۆی کوردییەوە) ساڵی ٢٠٠١ لەلایەن دەزگای چاپو پەخشی سەردەمەوەبڵاوکراوەتەوە.

* یەکەمین چاپی بەشی دووەمی ئەم کتێبە (چەند باسێك دەربارەی شانۆی کوردی) ساڵی ٢٠٠٥ لەلایەن بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوەوە، بڵاوکراوەتەوە.

**نووسەر**

# پێشەکی

لەکتێبی ئەم جارەماندا، شارایەك لەتوێژینەوەو نووسینەکانی یەك لە هەرە زاکیرە دەوڵەمەندەکانی شانۆی کوردیی و خامە داهێنەرەکانی پێشکەش دەکەین، کە لەسەرتای سالآنی حەفتای سەدەی رابردووەوە بەردەوام هەوڵەکانی لەناوەوەو دەرەوەی بینراوە شانۆییەکەماندا، بەهرەو خەمخۆرییەکی دانسقەی لەمەڕ بەخششەکانی شانۆی کوردیی و ژێدەرە بونیادنەرەکانی سەلماندووە.

هونەرمەندو رۆژنامەنووس یاسین قادر بەرزنجی لەپاڵ کاری نواندنو وەرگێڕانو ئامادەکردندا، لەکایەکانی ئەرکۆلۆژیاو لێکۆڵینەوەو رەخنەسازیی و بەدواداچوونی هونەریدا، هەڵکۆڵینێکی رەنگالەیی لەسەر رووبەری گۆڕەپانە شانۆییەکەماندا نەخشاندووە. لەم پێناوەشدا بۆنەو دەرفەتی نەبواردووە، کۆششی شانۆکار و شانۆی کوردیی تیا خەڵات نەکات، بەباری سەرنجی بونیاد نەرانە یاخود بەسەرکردنەوەو هەڵسەنگاندنی هونەریی شایستە، تا دەگاتە ئاستی راڤەکردنو توێژینەوە.. بۆیە هەردەم
ی. ق. بەرزنجی
نووسینەکانی سەرچاوەی سەرەکی تێکڕای ئەو کتێب و لێکۆڵینەوەو نامەی خوێندنە باڵآیەبوون کەبابەتەکانیان بۆ شانۆی کوردی تەرخانکراوە.

ئەوەتا وەك لەبابەتە بەهادارەکانی ئەم کتێبەیدا پێی شاددەبن، بینینەوەو بەرچاو روونییەکی پڕ بایەخ سیماو ناوەرۆکی باسەکان دەوڵەمەند دەکات ئەوەش مایەو سەرنجامی شارەزاییەك و کۆششێکی هونەریی دوورودرێژو نەپساوەی ئەم شانۆکارە ئازیزەمانە، کەچرایەکی رووناکی لەمرۆدا و بۆ ئایندەی شانۆی کوردی داگیرساندووە.

**ئەرسەلان دەروێش**

٢٠٠٧/٨/١٥



**شانۆگەریی: بووکی ژێر دەواری ڕەش**
**دەرهێنانی: ڕەفیق چالاك**
**سلێمانی/ ١٩٦١**

## بەشی یەکەم

# لەئەرشیفی شانۆی کوردییەوە

## شانۆگەرییەکانی سلێمانی لەسالآنی

## ( ١٩٢٦ — ١٩٦١ ) دا

# پەیڤێك

**نووسینی: ئەحمەد سالار**

هەندێ کار گەلێك لە کارە ناودارو بەرچاوەکان گەورەترو گرنگترینن، بەڵکو زامنکەری سەرکەوتنی راستەقینەن، ئەم جۆرە کارو بەرهەمانە لە ناخ و ویژدانی لە دایك بوونە گەورەکەدا گەراو تۆوی بوون و ژیانن.

لە شانۆدا گەلێك سەربازی بێ ناوو ونبوو هەن، کە هیچیان نە لەبەرچاوی بینەرانن و نە بەر شاباشی تەحا تەحاو چەپڵەکوتان و گوڵباران دەکەون، ئەوانەی خۆیان نەزری بەختگا پیرۆزەکەی عەشقی هونەر کردوە، ئەو کەسانەی گوڕ بە بزوتنەوە شانۆییەکەمان دەدەن، چ وەك لەسەر نووسین، یان رەخنە لێگرتن بەواتا فراوانەکەی، یاخود تۆمارکردنی مێژووی رووداوەکان و دەستنیشانکردنی هەنگاوەکان و دەست خستنە سەر خاڵە دیارو ئاشکراکان.

ئەو کەسانە خزمەتێکی مێژوویی بەرزو رەوای ئاستی رەوتی هونەرەکە دەکەن، لەم بوارە گرنگ و پێویستەدا، وەك ئەو شتە دەگمەنانەی کە دەبێ بە برەو و بەهات تر بن، کەمن، بگرە لە چەند نووسەرێکی هەرە دڵسۆز بەدەرنین، ئەوانەی مشورخۆری پڕکردنەوەی ئەو کەلێنەن و هەرگیز کەمتەرخەمییان نەنواندوە، ئەمەش دڵخۆشکەرو هیواهێنەرە.

یەکێك لەو هەرە دڵسۆزانە هونەرمەند یاسین قادر بەرزنجییە، خاوەنی ئەم بەرهەمەی وا لە نێوان دەستی ئێوەی بەرێزدا، بەڵێ مایەی رەنج و کۆشش و پشکنین و خۆماندووکردنێکی چەندەها ساڵەیە..

کاك یاسین بەرزنجی، یەکێکە لەو هونەرمەندانەی بەردەوام خزمەتی بزوتنەوەی شانۆی کوردی دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەکتەرێکی بەتواناو بەهرەدارەو لە زۆر

شانۆگەریدا سەرکەوتووانە روو بەرووی بینەران بووەتەوەو ئەندامێکی چالاکی تیپی پێشڕەو بووەو ئێستاش لەگەڵ هاوڕێکانیدا لە تیپی شانۆی سالار-دا بەردەوامە، بەڵام زیاتر بە نووسین و وەرگێڕانەوە خەریکە و دیارە بەشێکی ئاکامی خەریک بوون و کۆششەکەشی لەم کتێبەدا بە روونی دیارەو شایانی سوپاس کردنی زۆرمانە بۆی و ئەم بەرهەمەی جێگەیەکی زۆر باش لە کتێبخانەی کوردیدا بۆ خۆی دەکاتەوە.

بەردەوامی و سووربوونی هەمیشەیی گەواهی دڵسۆزی و کارامەیی نووسەرن.. ئەم ئەرکەی کەسانی وەك کاك یاسین بە تاقەباڵی و، سەرباری کاری دیی ژیان و گوزەرانیان دەیکەن، لە راستیدا ئەرکی دامودەزگایەکی باش دامەزراوە، چونکە پاراستنی هەموو ئاکارو شوێن هەنگاو هەڵگرتنێك، نیشانەیە بۆ بە سنگەوە گرتنی مۆرك و کلتوری نەتەوە بە تێکڕایی.

ئەم کتێبەی نووسەر بریتییە لە ئەرشیف و تۆمارو ساغکردنەوە، هەوڵێکی زۆر باشی داوەو بە وردی لەو شانۆگەرییانە دواوە کە لە ساڵانی نێوان ١٩٢٦-١٩٦١ پێشکەش کراون، یان با بڵێم باسی گرنگترین شانۆگەرییەکانی ئەم "٣٥" ساڵەی کردوەو لەو پێناوەدا ماندوو بووەو چ لە رووی بە شوێن سەرچاوە گەڕانداو چ لە پەرۆشیی راستکردنەوەدا.

وەك لە سەرەتاوە وتم، دووبارەی دەکەمەوە کە باری رۆشنبیریی کورد پێویستییەکی تەواوی بەمجۆرە بابەت و هەوڵدانانەیە، کە شایانی رێزگرتنن، ئەم کتێبە سەرچاوەیەکی بەنرخە بۆ نووسەران و هونەرمەندانمان، نەك تەنها لە بواری شانۆدا، بەڵکو لە گشت بوارو لقەکانی ئەدەبیات و هونەرماندا.

دواجار، جوانترین داخوازیی سەرکەوتن بۆ برای خۆشەویستم هونەرمەند یاسین قادر بەرزنجی و گشت دڵسۆزانی ئەدەب و هونەری نەتەوەکەمان دەخوازم.

سلێمانی

١٩٨٨/٧/١٦

# شانۆگەرییەکی ساڵی ١٩٢٦ لە شاری سلێمانی


فوئاد رەشید بەکر

مامۆستا فوئاد رەشید بەکر پێشڕەوو هونەرمەندی گەورەی سەرەتای خوڵقانی بزوتنەوەی شانۆی کوردیمانە، چونکە ئەکتەرێکی لێهاتوو بووەو بۆ یەکەم جار شانۆگەریی لە سلێمانیدا پێشکەش کردووە، ئاشکرایە کە شانۆی ئەم شارە هەڵکەوتووەش دروستکەرو پێشخەری سەرجەمی شانۆی کوردییە[1].

ئەم بەڕێزە هەر لە زووەوە خولیای هونەرو شانۆ لە کەللەیداوە، کە چووەتە خانەی مامۆستایانی بەغدا تەمەنی شانزە ساڵ بووە، لەوێ دووای سێ ساڵ خوێندن بووە بە مامۆستاو گەڕاوەتەوە سلێمانی، کە هاتووەتەوە بە تەنیا مامۆستا نەبووە، بەڵکو ئەکتەرێکی لێهاتووش بووە، چونکە لەو ماوەی خوێندنەی بەغدادیدا بەردەوام بەشداریی ئەو شانۆگەرییانەی کردووە کە لە قوتابخانەکەیاندا سازکراون و پێشکەش کراون، تەنانەت لەوێ ئەندامێکی چالاکی لیژنەی شانۆی قوتابخانەکەیان بووە.

مامۆستا، هەر وەکو بۆی باسکردین[2]، لە بەغدا بە پەرۆشەوە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی تریدا چووەتە بینینی ئەو شانۆگەرییە عەرەبییانەی لەوێ پێشکەش

کـراون، هەنـدێکی ئـەو بەرهەمانـە لەلایـەن تیپـە شـانۆییە میـسرییەکانەوە نیشاندراون کە بۆ ئەو مەبەستە هاتوونە عێراق...

یەکێك لەو چیرۆکە پێشکەشکراوانە ناوی (لولا المحامی) بووەو لە لایەن تیپی (جـورج ابـیض)ی میـسرییەوە پێـشکەش کـراوە.. مامۆسـتا فوئـاد کـە ئـەو شانۆگەرییەی بینیوە بە دڵی بووەو هاتووە بە کوردی داپڕشتووەتەوەو ئامادەی کردووەو ناوی ناوە (عیلم و جەهل)، کە بووشە بە مامۆستاو هاتوەتەوە سلێمانی دەسـتی کـردووە بـە کـارکردن تیایـدا.. ئـەم شـانۆگەرییە لـە مێـژووی شـانۆی کوردیـداو بـە تایبـەت لـە مێـژووی جوڵانـەوە شـانۆییەکەی شـاری سـلێمانیدا بایەخێکی گەورەی هەیە، تەنانەت بە یەکەمین شانۆگەریی هونەریی دانراوە[٣].

ئـەم شـانۆگەریی (عـیلم و جـەهل)ە سـاڵی ١٩٢٦ لەلایـەن مامۆسـتایان و قوتابیانی مەکتەبی یەکەمەوە (ئەوەڵ) پێشکەش کراوە. لەو قوتابخانەیەدا کاك فوئاد مامۆستا بووەو هەر خۆشی دەرهێنەری شانۆگەرییەکە بووەو بەشداریی نواندنیشی کردووە.

چیرۆکەکە باس لە کابرێیەك ئەکات کە دوو کوڕی هەبووەو یەکێکیان ڕێگای زانین و خوێندنی گرتووەتەبەرو بۆ خۆی پێگەیشتووەو بووەتە پارێزەر، بەڵام کوڕەکەی تری ناخوێنێ و تەمەڵ و سستەو بە کەڵکی خۆی نایەتو نابێتە هیچ، ڕۆژێکیـان پـاش خواردنـەوەو قومـارکردن شـەڕ ئـەکات و ئـەگیرێ و ئەخرێتـە بەندیخانەوە.. دواجار، بەهەوڵ و کۆششی برا پارێزەرەکەی ڕزگاری ئەبێت.

ئەکتەرەکانی ئەم شانۆگەرییە بریتی بوون لەم بەڕێزانە: فوئاد ڕەشید بەکر- لە دەوری قوتابیی تەمەڵدا، عەبدولواحید نوری نەمر لە دەوری قوتابی زیرەکدا، لەگەڵ کۆچکردووان: جەمال مەجید سەلیم و ساڵح عەلی و ئەحمەد عەزیزی تەییار.

ئەم شانۆگەرییە لە رۆژی ٢٧ی تەمموزی ساڵی ١٩٢٦دا بۆ ماوەی سێ رۆژ لە ماڵی بەهێ خانی ژنی شێخ مەحمودی نەمر پێشکەشکراوە.

بێگومان ئەو کاتە روناکی و ئامێری تیشک نەبووە، هەر بۆیە ئەوان بۆ راییکردنی کارەکەیان لۆکسیان بەکارهێناوە، هەروەها دیکۆریش بە شێوەیەکی ساکار بووە.

دەربارەی ئەم شانۆگەرییە، رۆژنامەی (ژیان) لە گۆشەی هەواڵی ناو شارداو بە ناونیشانی (تەمسیل) ئەم نووسینە کورتەی بلاوکردووەتەوە:

(لە تەرەف تەلەبەکانی مەکتەبەوە بۆ مەنفەعەتی کەشافە شەوی سێ شەممەی رابوردوو، لە بینای مەکتەبدا، لەژێر عینوانی نەتیجەی سەفاهەت و سەعی (مەبەس لە شانۆگەریی عیلم و جەهلە– ی. ق. وبەرزنجی) ریوایەتێك تەمسیل کرا...

لەگەڵ ئەمەی کە ئەوەڵین جاریان بوو حەقیقەتەن زۆر جوان تەمسیل کرا.. مەزهەری تەقدیرو تەحسینی هەموو لایەك بوو.. بژی موحیبانی عیلم و ئەدەب)[٤].

ئەوسا وا باو بووە لەگەڵ شانۆگەریی درێژدا، دیمەنێکی کورت یان زیاتریان پێشکەش کردووە، زۆر جاریش ئەو دیمەنانە کۆمیدی بوون.

لەگەڵ ئەم شانۆگەرییەی عیلم و جەهلەشدا دوو دیمەنی پێکەنیناوی پێشکەش کراون، یەکەمیان باسی فێڵ و تەڵەکەی خزمەتکارێکی زۆرزان بووە لە پێناو هێنانی کچێکداو..

ئەکتەرەکانی بریتی بوون لە مامۆستا فوئاد رەشیدو خوا لێخۆشبووان یەحیایە فەندی وێنەگرو محەمەد عەلی شەوقی (عەلی ئاگا).

دیمەنەکەی تریان چیرۆکێکی کورت بووە دەربارەی حوجرەو مەلاو دەرس وتنەوە، مامۆستا فوئاد خۆی دەوری سەرەکی دیووە کە (مەلا)کە بووە.

**هەروەها مامۆستا فوئاد رەشید پێی وتین: نرخی بلیتی ئەم شانۆگەرییە سێ روپیە، پێنج روپیەو دە روپیە بووەو بلیت بۆ ئەشراف و کاسب و فەرمانبەران هەبووەو بۆ قوتابی بە خۆڕایی بووە، ژنان نەهاتوون بۆ شانۆکە، بەڵام لە سەربانی ماڵە دراوسێکانەوە سەیریان کردووە.**

## پەراوێزەکان:

١. بۆ باسی مامۆستا فوئادو شانۆگەرییەکانی، بڕوانە باسەکەی مامۆستا مستەفا ساڵح کەریم لە ژمارە ١٧ی ساڵی ١٩٧٨ی پاشکۆی عێراقدا.

٢. چاوپێکەوتنێکی تایبەتی و گفتوگۆی دوورو درێژ لەگەڵ مامۆستا فوئاددا، رۆژی ٢-٧-١٩٨٦.

٣. بڕوانە گۆڤاری کاروان، ژمارە ١٨، ل ١٠٦، هەروەها شانۆو شانۆی کوردەواری کاک حەسەن تەنیا، ل ٥١.

٤. رۆژنامەی (ژیان)، ژمارە ٢٦، ٢٩-٧-١٩٢٦.

# شانۆگەریی "نیرۆن"ی ساڵی ١٩٢٧

کۆمەڵی زانستیی کوردان، ساڵی ١٩٢٦ دامەزراوەو مەڵبەندی دامەزراندن و کارکردنیشی شاری سلێمانی بووە. ئەم کۆمەڵە لە رۆژگارێکی ئەوتۆدا لە دایك بووە کە نەخوێندەواری و دواکەوتن باڵی رەشی بەسەر وڵات و شارەکەی سلێمانیدا راکێشابوو، بۆیە دامەزراندنی کۆمەڵێك کە ئامانجی بەرەوپێشەوە بردنی کۆمەڵی کوردەواری و بڵاوکردنەوەی خوێندەواری بووبێت هەنگاوێکی گەورە بووەو لە مێژووی میللەتەکەماندا گرنگییەکی زۆری هەیەو لە جوڵانەوەی رۆشنبیریی کورددا دەورێکی دلێرانەو مەزنی بینیوە. (ئەو دەستە رۆشنبیرانەی کە مەردانە بۆ بناغە دانانی کۆمەڵی زانستی کەوتنە کۆشش و ئەم کۆمەڵەیان دانا، ئەمڕۆ رۆشنبیرانی کورد بە شانازییەوە دەست بە سنگەوە ئەگرن بۆیان و مل کەچ ئەوەستن لە ئاست هەوڵ و تەقەلای لە بیر نەچوویانا)[1].

زانستی، هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە دەستیکردووە بە کارو ئەو کارکردنەش زۆر بواری روو لە رۆشنبیریی گرتووەتەوە، یەکێ لە بەرهەمەکانی بەری رەنجی کۆمەڵ پێشکەشکردنی شانۆگەری و خوڵقاندنی بزوتنەوەیەکی هونەریی کوردیی بووە، ئەمەش هەر چۆن ئەستێرەیەکی گەشە لە ئاسمانی کارکردنی کۆمەڵدا، هۆیەکی هەرە گرنگیش بووە لە بەرپاکردنی بزوتنەوەی شانۆماندا.

ئێمە، مەبەستی سەرەکیمان لەم نووسینەو چەند نووسینێکی تریشمان هێنانەوە یادو تۆمارکردنی زانیارییە سەبارەت ئەو شانۆگەرییە کوردییانەی کە لە ساڵانی بیستەوەو بەرەو دووا لە شاری سلێمانی و هەندێ جێگای تر پێشکەش کراون و، دیارە هەندێك لەو شانۆگەرییانە بە هۆی کۆمەڵی زانستییەوە لەدایك بوون.

## شانۆگەریی نیرۆن

شانۆگەرییەکی کوردی کە ساڵی ١٩٢٧ لە شاری سلێمانی پێشکەشکراوەو کاتی خۆی ژمارەیەکی زۆری بینەران چوونەتە سەیرکردنی و مێیەی رازی بوونیان بووە، ئەم شانۆگەرییەش بە ناوی (نیرۆن) یان (زوڵمی قەیسەر نیرۆن)ەوە بووە.

ئەم شانۆگەرییە شەست ساڵێك لەمەوپێش پێشکەش کراوە، دیارە ئەو کاتە لە سلێمانی هیچ جۆرە بزوتنەوەیەکی شانۆیی ئەوتۆ نەبووەو مێژووی شانۆمان تەنیا باس لە یەك بەرهەمی شانۆیی تر ئەکات کە ساڵێك بەر لە (نیرۆن) پێشکەش کراوە، ئەویش شانۆگەریی (عیلم و جەهل)ە، هونەرمەندی کۆچکردوو رەفیق چالاك لە یاداشتەکەی خۆیدا، باس لەو ماوەیە ئەکات و لە سەرەتای دروست بوونی بزوتنەوەی شانۆییمان بەم چەشنە ئەدوێ:

(لە ساڵی ١٩٢٥داو بە هاندانی خوالێخۆشبووی نەمر مەحمود جەودەت، مستەفا سائیب و خوالێخۆشبوو ساڵح قەفتان و هەندێکی تر بزوتنەوەی شانۆگەرییان هێنایە هونەری کوردەوارییەوەو کاك فوئاد رەشید بەکر لەم ماوەیەدا دەوری گرنگی هەبووە)[٢]. لە ناوەڕاستی ساڵانی بیستدا، دەستەیەك قوتابی کورد لە بەغدا خوێندوویانەو بەشێکیان لە قوتابخانەی مامۆستایان بوون، ئەوکاتە لەوێ شانۆگەری بەهەردوو زمانی عەرەبی و تورکی پێشکەشکراوەو قوتابیە کوردەکانیش چوونەتە تەماشاکردنیو خولیای بوون و بە پەرۆشەوە ویستویانە ئەم هونەرە دڵگیرە بگەیێننە بەرچاوی خەڵکی کوردستان و دانیشتووی شارەکانی خۆیانی پێ دڵشاد بکەن.


عەبدولواحید نوری

شـانۆگەریی (نـیرۆن) یـەکێك بـووە لـەو شـانۆگەرییانەی کـە لـە بەغدا پێشکەش کراون و قوتابییە کوردەکـانی خـەڵکی سـلێمانی دیویانـەو لایـان پەسـەند بـووە. ئـەوەتا مامۆسـتاو هونەرمەنـدی پێشڕەو فوئاد ڕەشید بەکر ئەڵێت: (لە بەغدا چیرۆکی "نیرۆن"یشمان لە تیپی (جۆرج ابیض)ی میسری وەرگـرت کـە لەسـەر شـانۆی سـەنترالی بەغـدا پـشانیان ئـەدا، دوای گۆڕینی بۆ کوردی لە ساڵی ١٩٢٦دا لەلایـەن قوتابخانـەی زانستییەوە پێشکەشکرا)[٣].

ئەم شانۆگەرییە، لە یەکێك لە ئاهەنگەکانی کۆمەڵی زانستیدا بۆ ماوەی دوو ڕۆژ پێشکەش کراوەو دەورە سەرەکییەکانی لەلایەن بەڕێزان: فوئاد ڕەشید بەکر (ئیمپراتۆرە)، کەریمی سەعید بەگ- زانستی (ئیمپراتۆر نیرۆن)، عەبدولواحید نوری و شاکیر فەتاح و ئەحمەد عەزیز (ئەندامانی مەجلیسی ئەعیان)، مەجید ڕەشید بەکر (مەیخانەچی). هەواڵی پێشکەشکردنی شانۆگەرییەکە لە یەکێك لە ژمارەکانی ساڵی ١٩٢٧ی ڕۆژنامەی (ژیان)دا بەم شێوەیە بڵاوکراوەتەوە:

(لـە نەتیجـەدا کۆشـش و هـەوڵی لاوەکانمـان، ئەوانـەی کـە لـە بەغـداوە هاتوونەتـەوە، لەگـەڵ هەیئـەتی تەعلیمییـەی ئێـرە لـە ڕێـی مەنفەعـەتی مـەعاریفی

سلێمانیدا، کردنی تەمسیلێکی ئەدەبی، ئیجتیماعی و، ئەخلاقی قەرارگیر بووە. لەم نزیکانەدا ئەم تەمسیلە لە بینای جەمعیەتی زانستیدا ئیجرا ئەکرێ، قازانجەکەی نیوەی بۆ مەکتەبی ئەوەڵ و نیوەکەی تری لە بەینی مەکتەبی دووەم و مەکتەبی کچاندا بەش ئەکرێ، ئەم خزمەتە بە قیمەتە، تەقدیرو ئیشتراکی هەموو لایەك تەمەننا ئەکەین)(٤).

لە ژمارەیەکی دواتری ئەو رۆژنامەیەدا، ئاگادارییەك دەربارەی پێشکەشکردنی شانۆگەرییەکە، واتە (نیرۆن) بڵاوکراوەتەوەو تیایدا شوێن و کاتی پێشکەش کردنەکە دەست نیشان کراوەو ئەوەش راگەێنراوە کە جێگای دانیشتن بە گوێرەی بلیتەو هەر بلیتە بۆ یەك کەسەو جێ گۆڕینیش قەدەغەیە. ئێمە بۆ باسی ئەو شانۆگەرییەو چۆنێتی پێشکەشکردنەکەی بەو سەرچاوانەدا چووینەوە کە ناویان بردووە، وتارێکمان لە یەکێك لە ژمارەکانی رۆژنامەی "ژیان"دا دۆزییەوە کە بە درێژی باسی شانۆگەرییەکەو هەندێ لایەن کراوەو لە پاڵ ئەو باسەشدا لە دەرگای هەندێ بابەتی تر دراوە کە بۆ تێگەیشتن لە باری هونەریی ئەو کاتەو نووسینەوەی مێژووی کاروانەکەی شانۆی کوردیمان زۆر بەنرخە، هەر لەبەر ئەوە لێرەدا زۆربەی ئەو نووسینە بڵاو ئەکەینەوە.

نووسینەکە، یان وتارەکە کە تایبەتە بە باسی پێشکەشکردنی شانۆگەریی (نیرۆن)، بە ناونیشانی (لە بینای زانستیدا تەمسیل)ەو لە ژمارە ٧٦ی رۆژی ١٩٢٧/٨/٢ی رۆژنامەی "ژیان" دایەو دیارە نووسەرەکەشی پیرەمێردی نەمرە.. وتارەکە ئاوا دەست پێ ئەکات: (فەننی تەمسیل لە هەموو جێگێیەکدا رەغبەتێکی تەواوو ئیمتیازێکی تایبەتی دراوەتێ، هەتا ئەوانەی کە لەم فەننە بە قیمەتەدا دەست درێژی و ئیختصاصیان پەیدا کردووە بە کەماڵی ئیحترامەوە یادو تەقدیر کراون، زیرا ئەم فەننە بەسەر ئەخلاقی میللەت، عاداتی مەملەکەت، ئەتوارو ئەفکاری ئینساندا

تەئسیرێکی باش ئیجرا ئەکات. لەلایەکەوە بینا بەم فیکرو مەقسەدەو، لەلایەکی ترەوە لە ڕێی تەئمینی مەنفەعەتی مەعاریف و مەکاتبی سلێمانیدا، شەوی پێنج شەممە کە تەصادوفی ٢٧-٢٨ی تەمووزی ئەکرد، لە بینای جەمعیەتی زانستیدا تەمسیلێکی تەئریخی و ئەخلاقی لە تەرەف هەیئەتی تەعلیمییەی ئەوەڵ و قوتابییەکانی بەغدامانەوە لە ژێر شەرائیت و پرۆگرامێك کە لە تەرەف هەیئەتی تەمسیلەوە تەرتیب کرابوو، ئیجرا کرا، ئەم تەمسیلە چونکە لە ڕێی خزمەت و مەعاریفدا بوو، ئەشراف و ریجالی مەملەکەت و هەموو موحیبان و تەرەفدارانی عیلم و مەعاریف بە کەماڵی شەوق و شەتارەتەوە ئیجابەتیان کردبوو و گردبوونەوە.

ئەسڵی تەمسیلەکە بە پێنج پەردە زوڵم و ئیستبدادی بێ ئەندازەی قەیسەری رۆمی مەشهوور بە ئیمپراتۆر (نیۆرن)ی تەسویر کردو لە ژێر زوڵم و ئیستبدادی ئەودا بە واستەی سەناتۆرو میللەت پەروەرانی رۆماوە، نەجاتدانی رۆماییەکانی تەمسیل ئەکرد..).

ئینجا نووسەر باسی لە ڕووداوەکانی ناو هەر پێنج پەردەکە کردووەو پاشان دێتە سەر چۆنێتی نواندنی ئەکتەرەکان و گرنگی ئەو جۆرە شانۆگەرییەو ئەڵێت:

(بە حوزن و تەئسیرێکی گەورەوە تەسویرو تەمسیل کرا، ئەمانە عموومەن زۆر جوان و بە بێ نووقسانیەت ئیجرا کرا، لاوەکانمان لەگەڵ ئەمەی لە فەننی تەمسیلدا ئەوەڵ هەنگاوە ئەیهاون، دیسان شایانی تەقدیرو تیزکارن.. ئەم تەمسیلە بۆ ئەوانەی کە میکرۆبی ئیستبدادو فیکری زوڵم و تەحەکومیان لەگەڵدایە، جدەن دەرسێکی ئەخلاقی و عیبرەتێکی تەئریخی بوو. تەمسیل بە چەند درامێکی موزحیك و هەزەلی خیتامی پێ هێنراو بڵاوەی لێ کرا..

لە ڕێی تەعالی و تورەقیی مەعاریفدا سەعی و کۆششی هەیئەتی تەعلیمییەو لاوەکانمان تەقدیر ئەکەین و لەم فەننەدا دەست درێژییان تیزکار ئەکەین)[٥].

نرخی بلیت لە سێ تا دە روپیە بووەو جل و بەرگی ئەکتەرەکان رێك و پێك لای بەرگدروو دروست کراون.

شایانی باسە، هەر ئەم شانۆگەریی (نێرون)ە، پێنج ساڵ دوای ئەوەی سلێمانی، لە شاری کۆیەش پێشکەشکراوە، ئەوەتا رەفیق چالاکی هونەرمەند نووسیویە: (ساڵی ١٩٣٢-١٩٣٣ لە کۆیە لە دووی ئیبتیدائی بووم، چیرۆکی تەمسیلی "نیرۆن" لەوێ زۆر بە سەرکەوتوویی پێشکەشکرا، لام وایە مامۆستایان عەبدوڵڵا سامی و خوالێخۆشبوو عەبدولڕەحمان شەرەف سەرپەرشتییان ئەکرد.)[٦].

بەڵام ئەوە نازانین کە ئایا هەر تێکستە ئامادەکراوەکەی سلێمانی براوە، یان خۆیان لە کۆیە ئامادەیان کردووە.

## پەراوێزەکان:

١-غەفوری میرزا کەریم، کۆمەڵی زانستی کوردان/ بەغدا: چاپخانەی دار الجاحظ، ١٩٨٥، ل ١٣، جێی سەرنجە نووسەری ئەم کتێبە لە شانۆگەرییەکانی "زانستی" نەدواوە!

٢-رەفیق چالاك، دەستنووسی بیرەوەرییەکانی/ بەغدا: ١٩٧٢، ل ٣.

٣-حەسەن تەنیا، شانۆو شانۆی کوردەواری/ بەغدا: دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، ١٩٨٥، ل ٥١.

لەم سەرچاوەیەداو لە نووسینێکی مامۆستا کاوەی ئەحمەد میرزادا لە گۆڤاری "کاروان"ی ژمارە (١٨)دا، ساڵی پێشکەشکردنی شانۆگەریی (نیرۆن) بە ١٩٢٦ دانراوە، دیارە ئەمانە هەڵەن و راستێکەی ساڵی (١٩٢٧)ە.

٤-رۆژنامەی "ژیان"/ ژمارە ٧٤، رۆژی ١٩٢٧/٧/١٩.

٥-وتارەکە وەك خۆیەتی، ئەوە نەبێت بە رێنووسی ئەمڕۆمان نووسراوەتەوە.

٦-رەفیق چالاك/ دەستنووس، ل ٤.

# یەکەمین قوتابخانەی کچانی سلێمانی و بەرهەمی شانۆگەرییان

ساڵی ١٩٢٦، ئەو سەردەمەی ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ موتەسەریفی شاری سلێمانی بووە، بە هەوڵ و کۆششی ئەو دەرگای یەکەمین قوتابخانەی سەرەتایی تایبەت بە کچان لەم شارەدا کراوەتەوەو ناوی نراوە زەهرا، یان "زهراء".

رۆژنامەی "ژیان" هەواڵی کردنەوەی قوتابخانەکەی بەمجۆرە بڵاوکردووەتەوە: (لە ئیعتیباری ٢١ ی نیسانی ١٩٢٦، رۆژی چوار شەممەوە، مەکتەبی کچان دەستی کردووە بە قەیدو قبووڵی قوتابی، ئەوانەی حەز ئەکەن کچەکانیان بخەنە مەکتەبەوە لە تەئریخی مەزکورەوە موراجەعەت بە ئیدارەخانەی مەکتەب بفەرموون لە خانوەکەی عەلی فەتحوڵڵا بەگدایە)[1]. جێگای ئەم مەکتەبە لە شەقامی سابونکەران تەنیشت ماڵی یەکتا بەگدا بووە، کەمێك خوار کتێبخانەی ئەوقافی ئێستا. لەم قوتابخانەیەدا بە رۆژ قوتابخانەی زەهراو ئێوارانیش قوتابخانەی زانستیی کوڕان دەوامیان تیادا کردووە. ئەو دەمە ئەحمەد بەگی موتەسەریف لە گوزیدە خانی ژنی عەبدولعەزیزی مستەفا



فاتمە محێدین

پاشای یامولکی و فاتمە محێدین[٢] زیاتر کەسی شك نەبردووە بۆ مامۆستایی لەو قوتابخانەیەدا[٣].

سەرەتا کە قوتابخانەکە کراوەتەوە گوزیدە خان بەڕێوەبەری بووەو سێ ساڵ بەو کارەوە خەریك بووە، کە چوەتە بەغدا زوهرە خانی کچی مستەفا پاشای یامولکی بۆ دەوروبەری ساڵێك چووەتە جێگای، پاشان فاتمە خان (فاتمە محێدین) بووە بە بەڕێوەبەرو نزیکەی ٣٠ ساڵێك کاری ئەو قوتابخانەیەی گرتۆتە ئەستۆ[٤].
دیارە کرنەوەی قوتابخانەیەکی وا لەو سەردەمەدا گرنگییەکی مێژوویی گەورەی هەیە، هەر بۆیە ئەو کاتەش منەوەرو کوردپەروەرو دڵسۆزانی شارەکە پشتگیرییان کردووەو ویستویانە بەهەر شێوەیەك بێت خزمەتێکی بکەن.
یەکێك لەو کوردە دڵسۆزانە مێژوونووسی نەمر محەمەد ئەمین زەکی بەگ (١٨٨٠-١٩٤٨) بووە کە ئەو دەمە وەزیری ئیشغال و مواسەلات بوەو لە پێناوی دامەزراندنی ئەو قوتابخانەیەدا رەنجێکی زۆری داوە، بە مەبەستی دروستکردنی بینایەکی شیاوتر کە بۆ قوتابخانەکە لە بارتر بێت لەوەی سابونکەران دووبارە درێخی نەکردووەو هەوڵی بۆ داوە تا بە ئەنجامی گەیاندووە. (مەعالی جەنابی ئەمین زەکی بەگ کە کوردێکی میللەت پەروەرو وەتەنییە بینا بەم فیکرو مەقسەدە بۆ دانان و کردنەوەی مەکتەبی کچانی سلێمانی یەکانە هەوڵدەرو ساعی بوو، لە رێی ئەم خزمەتەدا لە هیچ تەشەبوسێك دوا نەکەوت، هەتا لە مەجلیسی مەبعووساندا بە دەفعات داوای کرد تا بە کردنەوەی مەکتەبی کچانی ئێرە موەفەق بوو، ئەگەرچی ئەم لانەی ئومێدی وەتەنە کرایەوە فەقەت لەبەر ئەوەی کە بینایەکی تایبەتی نەبوو و ئەو جێگایەی کە بۆی تەخسیس کرابوو جێیەکی وا نەبوو کە بۆ مەکتەب بەکەڵك بێ لزوومییەتی ئینشاو دروست کردنی بینایەکی تایبەتی تەخسیس کرا، دیسان لە سایەی عەزم و تەشەبووساتی جدییەی موشار

ئیلەیهییەوە بۆ ئەمەیش قەرار ئیستحسال کرا، ئەوە ئێستا لە مەوقیعێکی باشدا بناغەی ئەم موئەسەسە بە قیمەتە هەڵ ئەدەنەوە، هەر وەکو بیستوومانە ئەوەڵ بەردی ئەم جامیعەیە بەدەستی موشفیقی مەعالی جەنابی ئەمین زەکی بەگ، کە حەقێکی مەشروعی خۆیەتی، دائەنرێ)[٥].

ئەم خانووە نوێیەی کە بە تایبەت بۆ قوتابخانەی زەهرا دروست کراوە لە نزیك مزگەوتی گەورە بووەو دواتر ناونراوە "گوڵاڵە"، لە رۆژی ٢٠ی ئابی ١٩٢٧دا لە ئاهەنگێکی قەشەنگدا بەردی بناغەی لەلایەن مامۆستا ئەمین زەکییەوە دانراوە[٦]. (ئا لەم قوتابخانەیەدا دوو بەرهەمی شانۆگەریی مامۆستاو قوتابییەکانیان پێشکەشکراوەو لەم باسەماندا لییان ئەدوێین).

چەند ساڵێك قوتابخانەی زەهرا لە جێگای ناوبراویدا بووەو پاشان گوێزراوەتەوە بۆ گەڕەکی دەرگەزێن و خانووەکەی حاجی ئەحمەدی پیرۆزیان بۆ تەرخانکردووە، ئاشکرایە بوونی قوتابخانەیەکی کچانی ئەو رۆژگارە کە کۆمەڵەکەمان لە بارێکی کۆمەلایەتی و رۆشنبیریی دوواکەوتوودا بووە کارێکی هەروا سانا نەبووە، بگرە دەیان گیروگرفت و کۆسپ لە رێی کارگێڕو مامۆستایانیدا بووەو ئەو کەسانەش کە کچیان ناردۆتە بەر خوێندن لە پریشکی تانووت و قسەی خەڵکەکە بێبەش نەبوون. خوالێخۆشبوو فاتمە محێدین کە دیارترین و گەورەترین مامۆستا بووە لە ریزی ئافرەتانی کورداو بەرهەمە شانۆگەرییەکانی کچانی سلێمانی پەنجاو حەوت ساڵ لەمەوبەر لە ماوەی بەڕێوەبەرێتی و بە کۆششی ئەو بە ئەنجامگەێنراون، دەربارەی کاری کردنەوەی قوتابخانەکەیان لەسەر خەڵکی فەرموویەتی: (هەر زوو دەمی خەڵکی دوواکەوتوومان لێ کرایەوە، هەزارو یەك قسەیان پێ دەگوتین، ئەوەیان لێ

کردبوونـە عەیبـە کـە کـچەکانیان دوای هاتنـە ژوورەوەیـان عـەباو پەچـەیان دادەگـرت! قـسەی لـەوەش خراپترمـان دەبیـستەوە. زۆر دایـك بـە تـرس و لـەرز کچەکانیان دەهێناو هەر ئەوە بوو کراسی قورئانیان بۆ لەبەر نەکەین تا دڵنیا بن ئاگامـان لـە شـەرەفیان دەبێـت و بـە خوێنـدن لەکـەدار نـابن.. دایکـی وا هـەبوو پرسیاری وای دەکرد کە بۆ گێڕانەوە ناشێت!).

هەروەها ئەوکاتە جیاوازیی تەمەنی قوتابییەکان و پلەو پایەی خێزانەکانیان لـە پـەروەردەو ئاراسـتەکردن و کـاری مامۆسـتاکاندا گیروگرفتـی خولقانـدووە، چونکە یەکەم پۆلی قوتابخانە ساواکەیان دەستەیەکی یەکجار سەیر بووە. هی وای تێدا بووە تەمەنی لە ٢٥ ساڵ تێپەڕیوە، بەسەرو پێچ و لارو لاگیرەو مێخەك بەنگ و سوورو سپیاوێکی باشەوە چووەتە قوتابخانەو لەگەڵ هی وا دانیشتووە بە کچی شیاوە[٨].

لـە هـەمان کاتیـشدا، چـەند هۆکارێـك بوونەتـە هانـدەرو مایـەی کۆڵنـەدانی مامۆسـتا بەجەرگـەکان، لـە هەمووشـیان زیـاتر حـەزو ئامـادەیی قوتابییـەکان بـۆ فێربـوون و ڕێـزو خۆشەویـستی دەربڕینـی کەسـانی بیرڕونـاك بـۆ ئـەو مامۆسـتا پێشڕەوانە، جارێکیـان پیرەمێردی نـەمر (١٨٦٧–١٩٥٠) بـە فاتمـە خـانی وتـوە: (ئافەرین، هەزار جار ئافەرین، سەرت بەرز کردینەوە). هەرچۆن ئەمڕۆش بەوپـەڕی ڕێـزەوە یـادی ئـەو ئـافرەت و مامۆسـتا دڵـسۆزانە ئەکرێتـەوە، ئـەوەتا زانـای مێژوونووسـی کـورد دکتـۆر کـەمال مەزهـەر ئەحمـەد لـە وتـاری "فاتمـە محێـدین– پەریی پێشڕەو و سـەربازی ون"[٩]دا چـەند جارێك فاتمـە خان بـە "دایکـی کورد" نـاو ئـەبات و لـە کۆتـایی باسەکەشـیدا وتوویـەتی: (سـەربازو ئەفسەری ونـی وەك فاتمەمان زۆرە، با جارو بار یادیان بکەینەوە، هیچ نەبێت تا کاتی خۆی، پەیکەری پڕ شانازییان لە قولایی دڵ و دەروونـدا بۆ داتاشین)[١٠].

## شانۆگەرییەکانی
## قوتابخانەی کچانی سلێمانی

وەك وتمان، بوونی ئافرەتی بەجەرگ و بڕوا بەخۆ بوو، لەگەڵ هاندانی زۆر بیرڕوناکی ئەو سەردەمە کارێکی راستەوخۆیان هەبووە بۆ ئەوەی ئافرەتە مامۆستاکان و کچە قوتابییەکانی "زەهرا" هەنگاوی تری پێشکەوتن بنێن و پەیامی پیرۆزی خوێندن و خوێندەوارییەکە باشتر بگەیێنن و تەنانەت دەروازە لە رووی هونەری شانۆ یەکالا بکەن و بە بەرهەمی شانۆگەریی چاوی بینەران و قوتابیانی ئەو کاتە رۆشن بکەنەوە.

ساڵێك و چەند مانگێك بەسەر دامەزراندنی یەکەم قوتابخانەی کچاندا تێپەڕی بوو، کچە قوتابییەکی وەك خاتوو شەفیقە سەعید کە پاشتر ئەکتەرێکی ئەو شانۆگەرییە بووە کە لێی ئەدوێین، دەستی داوەتە قەڵەم و نووسیویە:

(ئەی باوك و براکانمان، ورد ورد لێکی بدەنەوە، بزانن ئەمساڵ لەگەڵ پارو پار لەگەڵ ساڵانی پێشوو بەرامبەر یەکن؟ تەرەقیمان چەندی فەرقە؟ ئەگەر پەنجا ساڵ لەمەوپێش ئەم فیکرەتان بکردایە لەژێر ئەسارەتا نەئەلەرزان و لە ژن و پیاو هەزاران فیدای وەتەن و خادیم و خادیمەی میللەت و مەعاریف پەروەران ئەبوو؟ ئێستاش هەر باشە، تەعەسوب و فیکری کۆن تەعقیب مەکەن، بمانێرنە مەکتەب، لە کتێبی ئەجنەبییەکان قەدری وەتەن و لەززەتی مەعاریف تێ بگەین و کەڵکی لێ وەربگرین، چونکە ئەم کەڵکە لەسەر ژن و پیاوو کچ و کوڕ فەرزە. بەناوی هەموو کچە هەژارەکانەوە عەرزم کردن)[١١].

ئەمانە هەموویان رێخۆشکەر بوون بۆ ئەوەی دوای چوار ساڵ تێپەڕ بوون بەسەر دامەزراندنی قوتابخانەی کچاندا ئافرەتانی سلێمانی بیر لە پێشکەشکردنی بەرهەمی شانۆگەریی بکەنەوە، واتە لە ساڵی ١٩٣٠دا، لەو دەمەدا:

هەستێکی شارراوە قوتابی و جووتە مامۆستای زەهرایان دەبزواند (واتە گوزیدە خان و فاتمە خان-ی. ق. بەرزنجی)، حەزیان دەکردو هەوڵیان دەدا هیچیان لە کوڕان و پیاوان کەمتر نەبێت. هەر ئەوەندەی بیستوویانە فوئاد رەشیدی مامۆستای کوڕان شانۆگەریی (نیرۆنی زۆردار)ی[١٢] پێشکەش کردووەو بەو کارەی هەستی زۆر کەسی بزواندووە، ئەمانیش هاتوونە مەیدان و ویستوویانە هەنگاوێکی باشتر بنێن، بیری یەکێکیان بۆ ئەوە چوە کێشەیەکی ئەوتۆی ناو کۆمەڵەکەی خۆمان باسبکەن کە زۆر رۆژ تووشی یەکێك لە قوربانییەکانی هاتووە[١٣].


شێخ نوری شێخ سالح

بۆ ئەو مەبەستەو لە پێناوی ئامادەکردنی دوو شانۆگەریی کوردیدا مامۆستاکان خۆیان شانۆگەرییەکی کۆمەڵایەتی کورتی یەك پەروەردەییان نووسیوەو فاتمە خانیش رووی لە مێردی خوشکەکەی ناوە، واتە شاعیری نەمر شێخ نوری شێخ سالح، تا چیرۆکێکیان بۆ بنووسێ، ئەویش بە دەنگیانەوە چووەو شانۆگەریەکی شیعریی بە ناوی (دایك)ەوە بۆ نووسیون، ئیتر کەوتوونەتە مەشقکردن لەو دوو چیرۆکەداو دوای ئەوەی قوتابخانەکەیان رازاندووەتەوەو شانۆیان دروستکردووەو پەردەیان هەڵواسیوە، لە رۆژانی ٢٠ تا ٢٧ی مانگی ئازاری ١٩٣٠دا ئاهەنگیان سازکردووەو هەردوو شانۆگەرییەکەیان تیا پێشکەش کردووە، بینەرو ژنانی شار روویان تێ کردوون و بە سەرنجەوە تەماشای نۆبەرەی بەرهەمی شانۆی کچانیان کردووە.

ئەوکاتە هەواڵی شانۆگەرییەکان لە رۆژنامەدا بەمجۆرە بڵاوکراوەتەوە: (بەینێك لەمەو پێش بەکەماڵی سرورەوە بیستمان کە مودیرە (واتە فاتمە خان-ی) و هەیئەتی موحتەرەمەی مەکتەبی کچان بۆ ئەوەی فەننی تەمسیل و مەزایاکەی لە ئافرەتی موحیتەکەمان بگەیێنن حەفلەو تەمسیلیان رێك خستووە، تەبیعی ئەم مژدەیە بووە بە سەبەبی مەسرورییەتی هەموو لایەك و هەموو میللەت بە کەمالی عەجەلەوە ئینتیزاری ئەکرد، نەتیجە رۆژی پێنج شەممە حەفلەکەیان ئیجرا کردو تەمسیلەکەیان بەتەواوی بەجێ هێنا)[١٤].

شانۆگەرییەکان کە لەلایەن قوتابییەکان و مامۆستاکانیانەوە پێشکەشکراون بریتی بوون لە:

١-ئینسان ئەوەی ئەیچێنێ ئەوە ئەدرویێتەوە.

٢-دایك[١٥].

ئەوەی یەکەمیان: دوو کچە قوتابی لە یەك پۆلدا ئەبن، یەکەمیان هەموو کاتی خۆی بە خوێندن و کۆشش و هەندێ کاروباری ماڵەوەی وەك نەخش و دروومانەوە ئەباتە سەرو نایەڵێ بە هیچ جۆرێك کاتی بە فیڕۆ بڕوات. بەڵام ئەوەی تریان چونکە کچە دەوڵەمەند ئەبێت پشت بە سەروەتەکەی باوکی ئەبەستێ و هەموو کاتی خۆی بە گەڕان و کەیف ئەباتە سەرو هیچ جۆرە بایەخێك بە خوێندنەکەی نادات، رۆژگار ئەڕوات و دوای بیست ساڵ هەردوو کچەکە شوو ئەکەن، ئەوەی یەکەمیان هەرچەندە مێردەکەی لە "حەرب"دا شەهید ئەکرێ و سێ منداڵی بۆ بەجێ ئەمێنێ، بەهۆی خوێندەواری و هۆشیاریی خۆیەوە منداڵەکانی بە باشی بەخێو ئەکات و بە رەوشتی جوان گەورەیان ئەکات، بەڵام ئەوەی دووەمیان نەفامانە، سامانەکەی لەدەست ئەدات و کاتێ بێوەژن ئەکەوێت ناچار ئەبێتە جلشۆرو کارەکەری ماڵان، تاقە کوڕەکەی بۆ پەروەردە ناکرێت و ئەویش

گەنجێکی سەرەڕۆی نەخوێندەواری لێ دەرئەچێ، رۆژێکیان لەگەڵ دایکیدا لێیان ئەبێتە شەڕو بە چەقۆیەك برینداری ئەکات!.. ئیتر ئافرەتە بە زامداری و پەشێو حاڵییەوە ئەمێنێتەوەو باجی نەفامی خۆی ئەدات. یەکێك لە پەردەکانی ئەم شانۆگەرییە بە شیعر هۆنراوەتەوە.

دووەمیان (دایك): ئەم شانۆگەرییە کە شێخ نوری شێخ ساڵح (١٨٩٦-١٩٥٨) بە مەبەستی شانۆگەرییەکی شیعریی کۆمەڵایەتی ئامانجدار نووسیویە، لە بەسەرهاتی دایکێکی نەفام ئەدوێت کە ئەبینێ منداڵەکەی لە بێشکەکەیدا خەوی لێ ناکەوێت، بە خواستی پڕو پیرێژن دەرمانی خەشخاشی ئەداتێ و بەوە ئەیخەوێنێ، منداڵە تا دوو سەعات نقەی لێ ئەبڕێ و لەخەو هەڵناسێ، کە سەری هەڵ ئەبڕێ ئەبینێ سپی هەڵگەڕاوە، ئەیکاتە گریان و لە خۆدان و باوکەڕۆ، دراوسێکانی دێن بە هاواریەوە، یەکێکیان ئەپرسێ:

چییە ئەم گریەو زارییە
بۆچیتە هاوارو تەلاش؟
**دایکەش بە شپرزەییەوە ئەڵێت:**
هەرگیز خەوی نەبوو منیش
چووم دامێ تۆزێك شیلەی خاش خاش!
**دکتۆرێك دێن، کە ئەویش لە مەسەلەکە ئەگات، بە لۆمەوە بە ژنە ئەڵێت:**
جا کێ بەتۆی وت دەوایەکی زەریف و باشە
تولفی وا قابیلی دەرمانی وەك خاش خاشە؟
خێراکە ئەم دەرمانەی بدەرێ
بەڵکو بە جارێك چارەی بکرێ
ئیتر هەرگیز لەو دەوایانەی نەدەیتێ!

دایکیش ئەڵێ:

تۆبە بێ، تۆبە بێ یا رەبی

هەتا ماوم دەرمانی وای نەدەمێ(١٦).

لە شانۆگەریی (دایك)دا خاتوو بەهیجە محێدین (خوشکی فاتمە خان) دەوری دایکەکەو خاتوو شەفیقە سەعیدیش دەوری دکتۆرەکەی بینیوە(١٧).

بەدوای پێشکەشکردنی ئەو شانۆگەرییانەدا، رۆژنامەی "ژیان" بەناوی (حەفلەو تەمسیلی مەکتەبی کچان)ەوە وتارێکی بڵاوکردووەتەوە، پێم وایە نووسەرەکەی پیرەمێردی نەمرە، تیایدا بە رێزو ستایشەوە ناوی قوتابخانەی کچان و "هونەرمەندەکان" براوە، لەو وتارەدا نووسراوە:

(چەند رۆژێك لە پێشترا لە تەرەف هەیئەتی تەدریسییەی مەکتەبەکەوە ئەکسەر لە ئافرەتی مەملەکەتەکەمان دەعوەت کرابوون و هەموو بە سرورەوە ئیشتراکیان کرد، هەرچەند لەبەر بێ تەحسیلی ئافرەتانی مەملەکەتەکەمان بە تەواوی ناتوانن تەقدیری ئەم نەوعە حەفلانە بکەن، بەڵام لەبەر چاکی جەرەیانی حەفلەو تەمسیلەکە بە عموومی مەسروور بوو بوون و تەئسیرێکی موهیمی خستبووە رۆحیانەوە.. کە تەمسیلەکەمان چاو پێکەوت لێمان مەعلووم بوو کە حەقیقەتەن شایانی تەقدیرن..

بەرامبەر بەم ئیقدام و جەهدە موهیمەی کە مودیرەی موحتەرەمەی مەکتەب و هەئیەتی تەدریسییەی ئیجرایان فەرمووە، پێویستە مەمنوونیان بین و بە هەموو تەقدیرو تەقدیسیان بکەین.. چونکە هەموو ئەیزانین هەتا بەینێك لەمەوپێش لە موحیتی ئێمەدا عیلم و عیرفان نەك لە ناو ئافرەتەکانمانا بەڵکو لەناو پیاوەکانیشمانا بە عموومی بڵاو نەبووبووەوەو دەماغی سەکەنەی مەملەکەتەکەمان ئەمەندە نەکرابووەوە کە ئەم نەوعە رۆڵە عالییانە ئیجرا بکرێ.

ئێستا کە بە عموومی موحیبەتی مەعاریف و فەننی تەمسیل خۆشەویست بووە، بە نەوعێك کە کچەکانیشمان بالذات ئیفای ئەکەن و کە مەزایاکەشی بە تەواوی تەقدیر ئەکرێ و دەرسێکی فەننی بەرزی لێ وەرئەگرن، بە راستی باعیسی فەخرە)[١٨].

لە کۆتاییدا، سەرفرازی و نەمری و شکۆمەندی بۆ ئافرەتە پێشڕەوەکانی بزوتنەوەی روناکبیریی کورد، سەر ئامەدانی پەروەردەو خوێندن و هونەری ناو قوتابخانەکان.

## سەرچاوەو پەراوێزەکان:

١-رۆژنامەی ژیان، ژمارە ١٣، ساڵی ١، ٢٢ی نیسانی ١٩٢٦.

٢-فاتمە محێدین قادر ئەفەندی: ساڵی ١٩٠٥ لە سلێمانی لە دایك بووە، لە حوجرەی مەلا فاتم فێری قورئان بووە، پاشان سەرەتایی لە بەغدا تەواو کردووە، خێزانی حەمدیی ساحێب قڕانی شاعیر بووە، ساڵی ١٩٨٦ کۆچی دوایی کردووە (ئەکرەم رەشە، شاری سلێمانی، ١٩٧٨، ل ٤٦٥).

٣-دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، بەشی یەکەم، بەغدا، چاپخانەی الادیب، ١٩٨٥، ل ٢٦٢.

٤-هەر ئەو سەرچاوەیەی پێشوو، ل ٢٦٦.

٥-رۆژنامەی ژیان، ژمارە ٧٨، ساڵی ٢، ١٨ی ئابی ١٩٢٧.

٦-بڕوانە رۆژنامەی ژیان، ژمارە ٧٩، ساڵی ٢، ٢٥ی ئابی ١٩٢٧.

٧-د. کەمال مەزهەر، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، ل ٢٦٣.

٨-هەر ئەو سەرچاوەیە، ل ٢٦٣.

٩-هەندێك جار بە هەڵە ناوی فاتمە خان بە (فاتمە محێدین پەری) نووسراوە یان ئەوترێت، ئەو وشەی (پەری)یە نازناوی نەبووە، بەڵکو لە ناونیشانی وتارە ناوبراوەکەی دکتۆر کەمالەوە هاتوە "فاتمە محێدین- پەریی پێشڕەوو سەربازی ون".

١٠-چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، ل ٢٦٦.

١١-رۆژنامەی ژیان، ژمارە ٨٧. ساڵی ٢، ٢٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٧.
١٢-شانۆگەریی "نیرۆن" لە ١٩٢٧/٨/٢٧وە بۆ ماوەی چەند رۆژێك لە سلێمانی پێشکەش کراوە، فوئاد رەشید بەکری هونەرمەندی پێشڕەو کە ئەوکاتە ساڵێك بووە بە مامۆستایی دامەزراوە، دەرهێنەرو ئەکتەری ئەو شانۆگەرییە بووە، دیارە کە مامۆستای بەنرخ دکتۆر کەمال بیرەوەرییەکانی فاتمە خانی تۆمار کردووە ئەو ئافرەتە نەمرە باش بیری نەبووە کە نیرۆن سێ ساڵی تەواو بەر لە شانۆگەرییەکانی خۆیان پێشکەش کراوە.
١٣-چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، ل ٢٦٣.
١٤-رۆژنامەی ژیان، ژمارە ٢٣٢، ساڵی ٥، ٢٧ی مارتی ١٩٣٠.
١٥-رۆژنامەی ژیان، ژمارە ٢٣٣، ساڵی ٥، ٣ی نیسانی ١٩٣٠.
١٦-ئەو دیالۆژە شیعرییانەی شێخ نوری لە لاپەڕە ٢٥٥ی کتێبی ناوبراوی د.کەمال وەرگیراون.
١٧-دکتۆر کەمال لە وەسفی ئەو دوو ئافرەتەدا فەرموویەتی: دوو پێشڕەوی تری مەیدانی خوێندەواریی ئافرەتی کوردن، سەدان کچە کورد لەسەر دەستی ئەوان و دەستە خوشکی ئەواندا فێری خوێندنەوەو نووسین بوون، کە زۆربەیان پلەی بەرزی خوێندنیان تەواو کردووە (چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی.. ل ٢٦٤).
١٨-رۆژنامەی ژیان، ژمارە ٢٣٢ی ساڵی ١٩٣٠.

## دڵداری و پەیمان پەروەری

مامۆستاو ئەدیب شێخ ئەبوبەکری شێخ جەلال- ا. ب. هەوری (١٩١٥-١٩٧٨) یەکێکە لەو نووسەرانەی بە گەلێك بەرهەمی هەمەجۆرەی ئەدەب، سامانی ئەدەبیاتی نەتەوەکەمانی بە پیتتر کردووە، یەکێك لە بەخششە دیارەکانی مامۆستا هەوری نووسینی تێکستی شانۆگەرییەو کتێبخانەی کوردیی دوو بەرهەمی چاپکراوی ئەو نەمرەی تیادایە، یەکێکیان شانۆگەریی "دڵداری و پەیمان پەروەری"یە کە لەم باسەماندا لەو چیرۆکەو پێشکەشکردنەکانی لەسەر شانۆی کوردی ئەدوێین.

### شانۆگەرییەکەی هەوری



أ. ب. هەوری

یەکەمین تێکستی شانۆگەریی خۆماڵییە کە ساڵی ١٩٣٣ لە شاری سلێمانیدا پێشکەش کراوە، پاش دە ساڵیش وەك کتێبێك لە چاپخانەی مەعاریفی بەغدا لە چاپدراوە. نووسەر لە سەرەتای کتێبەکەیدا دەربارەی شانۆگەرییەکە نووسیویە: (ئەم چیرۆکە بچکۆلەیە هەرچەند خەیاڵ و زادەی بیری منە، بەڵام بە زۆری لە سەرچاوەی رەوشت و خووی هاوخوێنەکانم هەڵمهێنجاوە، پێشکەشی ئەکەم بەو کچ و کورانەی بە چاوێکی دووربین و بە بیرێکی پیرۆزو بەرز ئەڕواننە دڵداری و مەبەستیان پێکەوەنانی خێزانێکی داوێن چاکە بۆ بەرزکردنەوەی نیشتمانە هەژارەکەیان).

شانۆگەرییەکە لە حەوت پەردەدایەو نووسەر لە پاڵ زمانی پەخشاندا چەند شیعرێکی خۆی و مەولەوی و شێخ سەلامی بەکارهێناوە، پاڵەوانە سەرەکییەکانی ئەم چیرۆکەی کە باس لە مەسەلەی دڵداری و وەفاداری ئەکات بریتیە لە هەردوو دڵدار "شێرۆ" و "نازەنین"، ئەم دووانە ئامادەن گیان ببەخشنە یەکتر، کاتێك شێرۆ دوژمنی باوەکوشتەی خۆی ئەکوژێتەوە. "میر" فەرمان ئەدات بە خنکاندنی، بەڵام کە بە وەفاو پەیمانی دڵدارییەکەی ئەزانێت و کە لە دڵسۆزیو ئازایەتی نازەنینی دولبەری تێئەگات لێی خۆشئەبێت و شێرۆ بە دەستگیرانەکەی شاد ئەبێت.

## پێشکەشکردنی شانۆگەرییەکە لە سلێمانی

لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٣٣دا شانۆگەریی "دڵداریو پەیمان پەروەری" لە شاری سلێمانی پێشکەشکراوە، رۆژنامەی "ژیان" لە کاتی پێشکەشکردنی شانۆگەرییەکەدا هەواڵێکی بە ناونیشانی (تیاترۆ بۆ مەنفەعەتی زانست) بەم شێوەیە بڵاوکردۆتەوە:

(ئەمشەو کە مصادفی ١٩٣٣/٤/٢٨ ئەکات تاقمە تیاترۆکە بۆ مەنفەعەتی تەلەبە نەخوێندەوارەکانی زانستی یاری ئەکەن، لەسەر هەموو ساحێب حەمیەتێك لازمە بۆ ئەمشەو ئیشتراك و معاوەنەت بکات)[1]. کەواتە سوودی شانۆگەرییەکە بۆ قوتابییەکانی قوتابخانەی کۆمەڵی زانستی کوردان بووە.

ئەکتەرەکانی ئەم شانۆگەرییە بریتی بوون لە:

أ.ب. هەوری لە دەوری "شێرۆ"دا، مەحموود ئەحمەد لە دەوری "نازەنین"دا، حاجی عەلی ماستاو، وەستا کەریمی خەیات، حاجی عەلی جاسووس، حاجی عەلی دەوری جاسووسی هەبووەو لەوکاتەوە ئەو نازناوەی بەسەردا بڕاوە[2].

## پێشکەشکردنی ئەم شانۆگەرییە لەلایەن قوتابیانی هەڵەبجەوە

ساڵی ١٩٣٩ بۆ یەکەمین جار بەرهەمی شانۆگەری لە شاری هەڵەبجەی شیریندا پێشکەش بە جەماوەر کراوە، شانۆگەرییەکەش "دڵداری و پەیمان پەروەری" بووە. ئەوکاتە مامۆستا هەوریی نووسەری شانۆگەرییەکە مامۆستای سەرەتایی بووە لە هەڵەبجە، هەر بۆیە چیرۆکەکەی بەهۆی قوتابییە بەهرەمەندەکانی قوتابخانەی هەڵەبجەی سەرەتایی کوڕانەوە پێشکەش کردووەو هەر لەو ساڵەشدا کە قوتابخانەکە بە گەشتی دیدەوانی هاتوونەتە گوڵان شانۆگەرییەکەیان پێشکەش کردووە، ئەکتەرە سەرەکییەکان بریتی بوون لە قوتابیانی ئەوکاتە: ع.ع. شەونم لە دەوری "نازەنین"دا، فایەقی فەخری بەگ لە دەوری "شێرۆ"دا، مەجید سەعید نێرگەلە، لەگەڵ خوالێخۆشبوو عەلی محەمەد گیانە.

## دڵداری و پەیمان پەروەری ساڵی ١٩٥٥

ساڵی ١٩٥٥ بە شێوەیەکی پێشکەوتووتر ئەم شانۆگەرییە بە سەرپەرشتی مامۆستا هەوری خۆی لەلایەن قوتابیانی قوتابخانە سەرەتاییەکانی شاری سلێمانییەوە بۆ ماوەی چەند رۆژێك پێشکەش کراوە، دەربارەی ئەم شانۆگەرییە بە وتارێکی رەخنەیی لە رۆژنامەی "ژین"دا بە ناونیشانی (دڵداری و پەیمان پەروەری لە ترازووی رەخنەدا)[٣] بڵاوکراوەتەوە کە بە قەڵەمی ع, م، واتە (د. عیززەدین مستەفا رەسووڵ) نوسراوە، لێرەدا بە مەبەستی ئاڕاستەکردنی چەند تیشکێك بۆ سەر بەرهەمەکەی هەوری نەمرو شانۆگەرییەکەی دەستەی قوتابیانی ئەو دەمە، چەند بڕگەیەك لەو نووسینە دەخەینەوە بەرچاو، دیارە

کۆمەڵێك نووسینی پەنجاکان کە دەربارەی شانۆن سەرەتان بۆ نووسینی رەخنەیی سەبارەت بە جوڵانەوەی شانۆی کوردی.

لە نووسینی ناوبراودا دەربارەی چیرۆکە شانۆییەکە وتراوە:

وا نیشاندرا کە دڵداری و پەیمان پەروەری نووسینی شێخ ئەبوبەکرە، بەڵام زۆرتری بیری چیرۆکەکە لە چیرۆکی "پیسیاس"ی ئینگلیزی ئەچێت، لەو جۆرەشم لە کتێبی "اعلام الناس بما وقع في عهد بني العباس"دا خوێندووەتەوە.. بەم جۆرە گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە ئەم چیرۆکە بە زوبانێکی تر نووسراوەو گۆڕراوەتە سەر گەلێك زوبان و مامۆستاش پەیڕەوی ئەوەی کردووە لە نووسینەکەیدا، کەواتە لە مامۆستای بەنرخ شێخ ئەبوبەکر رازی نابین کە بڵێ (ئەم چیرۆکە زادەی بیری خۆمە)، چونکە وەرگرتنەکەی ئاشکرایەو ئەمەش ئەچێتە نووسراوخانەی کوردوەو ئەبێتە خشتێك لە دیواری چیرۆکنووسیی کورداندا..

ئینجا رەخنەگر دەربارەی هەندێك لەلایەنە هونەرییەکانی شانۆگەرییەکە ئەڵێت:

نیشاندەرانی چیرۆك (واتە ئەکتەرەکان– ی. ق. بەرزنجی) زۆریان لە وتار خوێنەرەوە "خطيب" ئەچوون، نەك نیشاندەرێکی سەر شانۆکە بچێتە دۆخی ئەو کەسەوە کە خۆی بەو نیشان ئەدات، دیمەن (دیکۆریش) هەرچەندە وەك نەخشی دیمەنێکی سروشتی جوان بوو، بەڵام بۆ دیمەنی سەر شانۆ دەستی نەئەدا، چونکە ئەبێ ئەم جۆرە دیمەنانە لە هۆڵەکەوە دیاربن کە ئەو شوێنەن چیرۆکەکەی تیا روویداوە.

دوا جار نووسیویە:

تکای لێبوردنیشم هەیە گەر رەخنەکانم تۆزێ سەخت بن، چونکە دیارە مەبەستم بەشداربوونە لە بەرزکردنەوەی چیرۆك و شانۆی کوردیداو پڕ بەدڵ سوپاسیان ئەکەم بەرامبەر بە هەوڵ و ئەرکەکەیان و هانیان ئەدەم بۆ بەرەوپێشچون لەم رووەوە.

شایانی باسە، هەر ئەم شانۆگەرییەو هەر لە ساڵی ١٩٥٥دا لە چەمچەماڵ، لە ئامادەکردن و دەرهێنان و نواندنی مامۆستا عەبدولقادر بابان پێشکەش کراوە[٤]. هەروەها ساڵی ١٩٥٧ لە "چوارتا" بە سەرپەرشتی مامۆستا فەرەیدون عەلی ئەمین پێشکەش کراوە.

## پەراوێزەکان:

١-رۆژنامەی ژیان، ژمارە ٣٦٢، ٢٧ی نیسانی ١٩٣٣.

٢-شانۆو شانۆی کوردەواری، حەسەن تەنیا، بەغدا، ١٩٨٥. چاپخانەی دار افاق، ل ٥٦.

٣-رۆژنامەی ژین، ژمارە ١٢٤٧، ٢٨ی نیسانی ١٩٥٥.

٤-شانۆو شانۆی کوردەواری، ل ٦١.

## دوو شانۆگەریی ساڵی "١٩٣٥" لە سلێمانی

شاری سلێمانی، هەر لە کۆنەوە مەڵبەندێکی رۆشنبیری و سەرچاوەی بەخششی هونەرو ئەدەبیات بووە، دیارە کۆمەڵێك هۆی خۆیی و مەوزوعی ئەو دیاردەیەیان خوڵقاندووە، یەك لەو هۆیانە کردنەوەی کۆمەڵی زانستی کوردان بووە لە ساڵی ١٩٢٦دا لە سلێمانی و جموجوڵ و چالاکیی ئەو کۆمەڵەش تا ماوەیەکی باش زۆر لایەنی بیرڕوناکیی کوردیان پێ روناك کراوەتەوە. کۆمەڵ، هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە بیری لە هاندانی چالاکیی شانۆیی کردووەتەوە، چونکە زانیویە شانۆ لە ژیانی کۆمەڵ و چاوکردنەوەی خەڵکیدا چ دەورێکی مەزن ئەبینێ.

ئەوەی مەبەستمانە لێرەدا یادی بکەینەوەو لییان بدوێین، دوو شانۆگەری کوردییە کە ساڵی ١٩٣٥ لە شاری سلێمانی کۆمەڵی زانستی پێشکەشی کردوون، سەرەتا ئەوەش بڵێین کە ئەم دوو شانۆگەرییە تا ئێستا هیچی ئەوتۆیان لەسەر نەوتراوەو لە ناوهێنان و کورتە باس بەولاوە، چی تریان لەسەر تۆمار نەکراوە.

## شانۆگەریی سەربازی ئازا

ئەم شانۆگەرییە یەکێك بووە لە بەرهەمە شانۆییەکانی کۆمەڵ، واتە جەمعیەی زانستی کوردان، ساڵی ١٩٣٥ لە شاری سلێمانی پێشکەش کراوەو جەماوەرێکی زۆری بینەران چوونەتە بینینی.

مامۆستا کاوە ئەحمەد میرزا لە لێکۆڵینەوەیەکدا زۆر بە کورتی باسی ئەم شانۆگەرییەی کردووەو مێژووی پێشکەش کردنەکەشی دیاری کردووە کە (مانگی کانوونی دووەمی "١٩٣٥"ە) و ناوی هەندێك لە ئەکتەرەکانیشی نووسیوە[١].

ماموستا حەسەن تەنیاش لە کتێبەکەیدا لە زمانی هونەرمەندی پێشڕەو ماموستا فوئاد رەشید بەکرەوە دەربارەی ئەم شانۆگەرییە ئەدوێت و ئەڵێت: (کۆمەڵی قوتابیانی مەکتەبی زانستی لە ساڵی ١٩٣٢دا شانۆگەری "سەربازی ئازا"یان پێشکەش کرد لە شوێنی چایخانەکەی حەمە رەقدا..)[٢].

لێرەدا خوێنەری بەڕێز هەستێ بەو هەڵەیە ئەکات کە بۆ ساڵی تۆمارکردنی ئەم شانۆگەریە کەوتۆتە باسەکەی کاك تەنیاوە، چونکە بەم سەرچاوەیەی تر کە ئێستا دێینە سەری بەڵگەکەمان ئەسەلمێنرێت.



بەشدارانی شانۆگەریی ( سەربازی ئازا )

* دانیشتووەکان لەڕاستەوە: عەبدولواحید نوری، شێخ نوری شێخ مارف.

* دانیشتووەکان لەڕیزی دووەم: جەلال محەمەد حاجی سەیفوڵلا، جەمال مەجید سەلیم، محەمەد عەلی ئەربیللی، فەهمی قەفتان (لەدەوری ژندا)، شاکر سەید حەکیم، رەشید کەریم، رەمزی قەزاز، ئەحمەد سەید وەلی، تاهیر یەحیا.

ئەوانەی بە پێوە وەستاون لەڕاستەوە: محەمەد تۆفیق قەفتان، جەمال مەجید عەبدولڕەحمان، یەعقوب کەندە، فەوزی رەشید، حامید فەرەج، محەمەد ئەدیب، مەحمووود...

ژێدەری ئێمە بۆ باسكردنی ئەو شانۆگەرییە رۆژنامەی ژیانی دەوڵەمەندە بە باس و خواس و بابەتی هەمە چەشن و قەڵەمە داهێنەرەكەی پیرەمێردی نەمر (١٨٦٧-١٩٥٠). لە یەكێك لە ژمارەكانی رۆژنامەی "ژیان"ی ساڵی ١٩٣٥دا ووتارێك دەربارەی شانۆگەریی (سەربازی ئازا) لەلایەن پیرەمێردەوە بە ناونیشانی (تمثیل، سەرگوزشتە نمایی)[٣] نووسراوە، لێرەدا لەبەر گرنگی باسەكەو بە مەبەستی ئاراستەكردنی چەند تیشكێك بۆ سەر شانۆگەریی ناوبراو، تەواوی نووسینەكە پێشكەش بە خوێنەری خۆشەویست ئەكەینەوە:

(چەند شەوێ لە پێش جەژنا، مودیری مەعاریف پێ راگەیاندین كە خوێندەوارەكان و ئامۆژگارییەكانیان (مەبەستی لە قوتابییانی زانستییە- ی. ق. بەرزنجی) ئەیانەوێ ئەم جەژنە بەهۆی بوارەی خوێندنەوە (تمثیل) بكەن، سەرگوزشتە بێننە پێش چاومان، هەرچەندە كەمیشی بە بەرەوە مابوو، بەڵام لاوانمان خوا بەهرەیەكی وایی داونێ هەرچی دەستی بەنێ بە ئاسانی ئەیهێننەكایەوە، زوو بە زوو بۆ جەژن پێیانگەیاندو شەوی سێیەمی جەژن نۆرەی ئێمەمانان هات و چووین. هەرچەندە من خۆم نەختێ درەنگ پیاگەیشتم بەڵام كە چووم جێ و رێیەكی بەرێ و جێ، دەستە كورگەلێكی موهیممان نەوازشی (سوپاهییەكی مەرد- الجندی الباسل)یان ئەنواند، قارەمانی سەرگوزشتەكە بەناوی قارەمانەوە دەهاتە كایەوە، شاكیر ئەفەندی موعەلیم بوو، كە خۆی لە قەدو باڵاو تێك سمڕاوی و كەللەو ئەستۆو شان و باهوودا قارەمانی لێ ئەگونجاو (رۆڵ) لاسایی باشی بەجێ هێنا، سەراپا باش بوو، تەنها كە هاتن بیگرن و كە بردیانە بەردەمی لەشكركەش بێچارەیی و پاڕانەوەی نواند، لە شەوی دووەمدا چاكی كردەوە. سەرلەشكرو لەشكركەش و سەردارەكان هەموویان باش بوون، بەڵام دەزگیرانەكەی قارەمان كە نازدار بوو هیچ "نازدار" نەبوو! دیارە كەسیان

دەست نەکەوتووە کە حەپۆلەیەکی وشك و بێنازیان کردووە بە نازدار، لەگەڵ ئەمەیشدا زۆر زۆر پەسەندو ئافەرینی ئەکەم کە شێوەی نازداری گرتۆتە ئەستۆی خۆی، چونکە هێشتا ئەم (سنعەت) پیشە پەسەندە بە نەنگ ئەزانن..

ئەم درامە زۆر شتی لێ دێتە بەرهەم، یەکەمیان تەمسیل سنعەتەو زۆر پەسەندە، دووەم چاولێکەری‌و پێڕەوی لاسایی مەردانی نەبەرد لە مەعزو ریشەی دڵی نەوجواناندا بنج بەستی ئەبێ، سبەی رۆژێ زۆر بە ئارەزووەوە فیداکاری خاکە پاکەکەیان ئەکەن، نەخوازەڵڵا لەم سەردەمەکەدا کە واتەی (تجنید اجباری) سوپای زۆر بگیر لە ناودایە و هەموو لاوان دێنێتە سەر جۆش و خرۆش و ئارەزووی فیداکاریی وەتەن، زۆر ستایشی مودیری مەعاریف و سەراپا مودیرەکانی ترو موعەلیمەکان ئەکەین بە تایبەتیش سوپاسی دائیرەی عەسکەری ئەکەین کە بە هەموو رەنگێ یارمەتی و یەك وجودی و برایەتییان نواند، جگە لەمانە درامەیەکی باش بۆ کەشافەو کەم پارەکانی مەکتەب پەیدا ئەبێ).

بەهۆی ئەم نووسینەوە، ئەم خاڵانەمان بۆ دەرئەکەوێ:

١-شانۆگەرییەکە لە یەك شەو زیاتر پێشکەشکراوە.

٢-لەوکاتەدا، پیاو دەوری ئافرەتی بینیوە، داواش لە ئافرەت کراوە بێتە سەر شانۆ.

٣-نواندنی هەندێ لە ئەکتەرەکان رێك و پێك بووەو جل و بەرگەکەشیان گونجاو بووە.

ئەکتەرەکانی شانۆگەریی سەربازی ئازا بریتیی بوون لە بەڕێزان: شاکیر حەکیم، عەبدولواحید نوری، نوری شێخ مارف، جەلال محەمەد سەیفوڵڵا، جەمال مەجید، ئەحمەد حەسەن، فەهمی و و محەممەدی تۆفیق قەفتان، رەشید کەریم، رەمزی قەزاز، فایەق مەحمود، تاهیر یەحیا بەگ، یەعقوب کەندە، فەوزی رەشید، حامید فەرەج، محەممەد ئەدیب.

## شانۆگەریی مەم و زین

حاجی تۆفیقی پیرەمێرد ساڵی ١٩٣٤ کتێبێکی ٢٢ لاپەڕەیی لە چاپخانەی "ژین"ی سلێمانی لە چاپداوە[٤]، ئەو کتێبەش بریتی بووە لە چیرۆکی (مەم و زین)ی خۆی، کە داستانێکە بە شیعرو پەخشان رێکیخستووەو ئامادەیکردووەو لە شەش پەردەدایە.

ئەم چیرۆکی (مەم و زین)ە ئامادە کراوەتە شانۆگەری و ساڵی ١٩٣٥ لە جێگای ئوتێلەکەی حاجی برایم ئاغای نزیک بەردەرگای سەرای سلێمانی، لە شەوانی جەژنی رەمەزانی ئەو ساڵەدا پێشکەشکراوە، بۆ ماوەی چوار شەو.

ئەم شانۆگەرییەش یەکێك بووە لە بەرهەمە رەنگینەکانی قوتابخانەی کۆمەڵی زانستی. لەو ماوەیەدا کە شانۆگەرییەکە پێشکەشکراوە، پیرەمێرد دوو نووسینی تایبەتی بەو شانۆگەرییە نووسیوە، یەکەمیان لەکاتی پرۆڤەکردنیدا بووە، ئەوەتا ئەفەرموێت:

("زانستی" خوا رەوای بینی و تا دێ روو لە بڵندی و سەرکەوتنە، پار بە تورزو زەماوەندو زیافەتی بناری گۆیژەو تەمسیل نەشئەیان بە خاکەکەو شارەکەمان دا، ئەمساڵ وا خەریکن بۆ ئەم جەژنی رەمەزانە تەمسیلی (مەم و زین) ئەکەن. شەوێك چووینە سەیری پەراوەی پیەسەکەیان، ئەتوانین بڵێین هێشتا لەم شارەدا تەمسیلی وا رێك و پێك نەکراوە.. ئێستا رۆڵەی زانستی دەبینیین هەر یەکە (شبلی) یەکن[٥]، سەرگوزشتەیش مەم و زینە کە لە مناڵییەوە گوێمان پێی راهاتووەو عەشق و سەودایییەکی پاك و رۆحانییە لە خاکی کوردستاندا روویداوە، هەر کەس بێت بە زەوقێکی رۆحانی دەماغی پەروەردە ئەبێ و هەر پارەیەکیش بدا بۆ (زانستی)ی خۆمانەو لەناو خۆماندا دەمێنێتەوە، ئینجا لام وایە هەرچی بۆ ئەم دەعوەتە نەیەت ئیمانی میللیی بە قەدەر تاڵە دەزوویەکە)[٦].


شێخ نوری شێخ جەلال

ئەکتەرەکانی ئەم شانۆگەرییە بریتی بوون لە بەڕێزان: خوالێخۆشبوو مەجید فەتاح ئوتوچی (مەم)، شێخ نوری شێخ جەلال (زین)، حاجی باقی نانەوا- (بەنگینە)، ئەم خوالێخۆشبووە لەم شانۆگەرییەوە نازناوی بەنگینەی بەسەردا بڕاوە، خوالێخۆشبوو بەکر عەلی کەوشدروو (بەکر مەرگەوەڕ)، غەفووری بەکری میسری (میر زەینەددین)، کەریمی حاجی ئەوڕەحمان (سورخاب شا)، خوالێخۆشبوو عومەری سەعید بانەیی (کەنیزەك)، عەباس قادرو حەسەنی شێخ حەمە مارف (کۆمبارس). مەجید ئوتوچی هەر خۆشی کاری دەرهێنانی جێبەجێ کردووە. نووسینەکەی تر هەر دەربارەی ئەم (مەم و زین)ەیە، پیرەمێردی نەمر لە ژمارە ٤٦٣ی رۆژی ١٩٣٦/١/٤ی رۆژنامەی (ژیان)دا وتارێکی بەناونیشانی (تەمسیلی لاوانی زانستی) نووسیویە، بێگومان ئەو وتارەش بۆ ئەم شانۆگەرییەو بۆ تێگەیشتن لە باری ئەو سەردەمەی شانۆی کوردیمان بایەخی خۆی هەیە، هەر بۆیە تەواوی نووسینەکە لێرەدا بلاوئەکەینەوە:

(سێ شەوەی جەژن لە سێ رۆژەی خۆشترمان رابوارد.. کوڕگەلی زانستی تەمسیلی مەم و زینیان کرد، بە راستی باشیان کرد. ئەوەی رۆڵی خاتوو زینی بەرکەوتبوو خۆی راستیو رەوان بە دڵی سوتاوو بریان لە شینی مەم دا دەگریا، قارەمانی تەمسیلی کە مەم بوو لە عەشق و سەودادا قرچەی جەرگی دەهات، لە شەڕو دەعوادا نەڕەی شێرانە.. ئەمیر زەینەدین و تاژدین ئاغا بەو سەرو ریش و شان و شکۆو ئەمرو نەهییەوە دەت

گوت پادشاو وەزیری بە راستین، رۆڵی بەکر مەرگەوەڕ لە هەموویان موهیمتر موشکیلە تر بوو، لە هەموویان بەرێ و جێ تر بەنگینە بوو کە لە هەموو صفحاتی تەمسیلدا وەزیفەی هەیە، هیچ رەخنەمان لێ نەگرت. بە تەرەف داریی ناڵێین، بە چاوێکی تەنقیدو تەدقیق روانیومانە ئەتوانین بڵێین هێشتا تەمسیلی وا لێرەدا نەکراوە، نەخوازەڵڵا مەوزوع مەم و زین بوو کە لە منداڵییەوە گوێمان پێی راهاتبوو، خوا هەقە خەڵکیش بە دڵ و بە گیان ئەهاتن و پارەیان ئەدا، دوو کەسی دەوڵەمەند خۆیان جیاکردەوە، رەشۆڵ پارەی بیتاقەی هەردووکیانی داو لەجێی هەردووکیان دانیشت، لەسەری ناڕۆین تعنی بەرەو بێیە!.. ئێمە ئەم سەر بڵندییەمان بەوەیە ئەم نەوجوانانە کە رۆڵەی زانستن و ئەم هونەرەیان نواند لەو نەخوێندەوارانە بوون کە چەند ساڵ لەمەوپێش لە بازاڕدا شاگرد نانەوایی و دارتاشی و سەوزی فرۆشییان دەست نەدەکەوت. ئێستا خوا رەوای بینی و بەخوێندن وا پێگەیون نوتقی سەرشانۆو نەشیدەی گۆرانی هەموو خۆیان هەڵیان بەستووەو ئەسڵی پیەسی بە پیرەمێردیشیان تصحیح کردووە. بەم نەشئەیەوە هەڵیان پێچاوین کە بچین بۆ هەولێرو بەم کەیفەوە دەستێ بکەنە ملی برادەرانی ئەوێ و بە یەکەوە زەوقی خوێندەواری و سنعەت ببینن) (٧).

ئەمانە باسەکان بوون دەربارەی دوو شانۆگەرییەکەی ساڵی ١٩٣٥، ئەم مەم و زینەیان زۆر جاری تر لەسەر شانۆکانی کوردستان پێشکەش کردووەتەوە، بەڵام بێگومان ئەوەی یەکەمیان کە زیاد لە پەنجا ساڵە پێشکەش کراوە، لە مێژووی شانۆماندا گرنگی و بایەخی تایبەتی خۆی هەیە.

یەکێك لە ئەکتەرە سەرکەوتووەکانی شانۆگەریی (مەم و زین) بەڕێز شێخ نوری شێخ جەلالە (١٩٢٢) کە بۆ دووەم جار لە شاری سلێمانی دەوری ئافرەتی بینیوەو لەم شانۆگەرییەدا بە بینینی دەوری (زین) ئەو بۆشاییەی پڕ کردووەتەوەو کە بەشداریی نەکردنی ئافرەت لە شانۆدا دروستی کردبوو.

ئەم ئەكتەرە، هەر چۆن پیرەمێرد لەو نووسینەی پێشەوەدا ئاماژەی بۆ كردووە لە بینینی دەورەكەیدا سەركەوتوو بووە، لە چەند شانۆگەرییەكی تریشدا هەر دەوری ئافرەتی بینیوە. كاك شێخ نوری باسی ئەم شانۆگەرییەی بۆ كردین و فەرمووی:

(پێش ئەم تەمسیلە بە ماوەیەك بەلەدییە مانگانەكەی كۆمەڵی زانستی كوردانی بڕیبوو كە مەبلەغی سەدو پانزە روپیە بوو، مامۆستا پیرەمێرد هانی قوتابییەكانی دا تەمسیلێ بكەن و بەوەش پارە بۆ (زانستی) پەیدا بكەن، ئیتر بەو شێوەیە مەم و زین سازكرا. من لە بارێكی كۆمەڵایەتیی دواكەوتوودا دەوری كچم بینی، سەرەتا باوكم رازی نەبوو كە ئەم دەوری زینە ببینم، بەڵام پاشان پیرەمێرد لە رێی كاكی خوالێخۆشبوومەوە (شێخ ئەبوبەكر – أ. ب. هەوری)یەوە باوكمی رازی كرد.

منیش و كاك عومەر سەعید بانەیی، كە دەوری كەنیزەكی منی ئەبینی، زۆر گیروگرفت هاتە رێمان، توانج و تانووتی خەڵكی و گاڵتە پێكردن بەشمان بوو، تەنانەت جل و بەرگی ژنانەیان نەئەداینێ، ناچار چووینە لای خێزانەكەی مامۆستا جەمیل سائیب و دوو دەست جلی دا بە من و كاك عومەر.

یەكەم جار چوومە سەر شانۆ شڵەژام، بەڵام سێ شەوەكەی تر گوێم نەدا بە بینەران و بەتەواوی چوومە دەورەكەمەوە..)[٨].

دوای پێشكەشكردنی شانۆگەرییەكە، هەر لە رۆژنامەی "ژیان"دا حساباتی شانۆگەرییەكە بە ناونیشانی (حساب ئەدەین بە میللەت)[٩] بڵاوكراوەتەوەو ناوی دەستەیەك بۆ راگرتنی حساب و تەدقیق نووسراوە، كە بریتی بوون لە: ئەمین بەگی مودیری گومرگ و عەبدولواحید نوری و مستەفا سائیب و چەند كەسێكی تر. دەستەكەوتیان كە بریتی بووە لە پارەی بلیت و بلیتی مەوقیعی باڵاو واریداتی چاپچی كردوویە بیست و یەك دینارو سی فلس، مەساریفەكەشیان كە

دراوه به: کرێی حەماڵی شانۆو کورسی، جگەرەو لۆقنتە، گڵۆپ و تەل و قفڵ و بزمارو تەرەقەو بۆدره، ئوتومبیلی جاڕو دەهۆڵ و زوڕنا، ئیکرامیەی تاقمی تەمسیل و کرێی چوار شەو ئوتێل (مەبەست لە کرێی ئوتێل "امراء"ی حاجی برایم ئاغایە بۆ پێشکەشکردنی شانۆگەرییەکە- ی. ق. بەرزنجی) چایی و سوتاندنی ئەلەکتریك و.. تاد، هەمووی کردوویەتییە سیانزە دینارو حەوت سەدو دە فس.

## سەرچاوەو پەراوێزەکان:

١-کاوه احمد میرزا، دراسة عن الحركة المسرحية في مدينة السليمانية، مجلة كاروان، العدد ١٨، ١٩٨٤، ص ١٠٦.
٢-حەسەن تەنیا، شانۆو شانۆی کوردەواری، بەغدا، ١٩٨٥، ل ٥٤.
٣-رۆژنامەی "ژیان" ژمارە ٤٢٦، ١٩٣٥/١/١٢.
٤-مستەفا نەریمان، بیبلۆگرافیای کتێبی کوردی، بەغدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٩، ل ٣٩.
٥-مەبەستی لە هونەرمەندی عێراقی ناسراو خوالێخۆشبوو (حقی الشبلي)یە.
٦-رۆژنامەی "ژیان"، ژمارە ٤٦٢، ١٩٣٥/١٢/١٤.
٧-باسەکە وەك خۆیەتی، تەنیا رێنووسەکەمان بەشێوی رێنووسی باوی ئەمڕۆ نووسیوەتەوە.
٨-چاوپێکەوتنێك لەگەڵ بەڕێز شێخ نوری شێخ جەلال، رۆژی ١٩٨٦/٦/٢٨.
٩-رۆژنامەی "ژیان"، ژمارە ٤٦٤، ١٩٣٦/١/١١.

# "شەریف هەمەوەند"ی ساڵی ١٩٣٦

یەکێك لە داستانە کوردییە بەناوبانگەکان داستانی (شەریف هەمەوەند)ە، دەربارەی ڕووداوێکی مێژوویی سەردەمی فەرمانڕەوایی بابانەکانەو، لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزەیەمدا لە ناوچەی سلێمانی ڕووی داوە، گەلێك سەرچاوە وای ئەگێڕنەوە کە شەریف کوردێکی ئازاو لێهاتوو بووەو لە پێناوی دەست گرتن بە سەرمیراتیی بابانەکاندا شەڕێکی گەورەی هەڵ گیرساندووەو ئەنجامەکەشی بە کوشتنی خۆی کۆتایی پێهاتووە.

مامۆستا کامەران موکری سەبارەت بەیتی شەریف هەمەوەند و ڕووداوەکە نووسیویە: (شەڕەکە ئەگەرچی شەڕی براکوژی بووەو لە پێناوی هیچ بەرژەوەندییەکی ئەو سەردەمەی کورددا شەریف هەڵینەگیرساندووە، بەڵکو لە پێناوی خۆیدا ئەوەی کردووە، دیتە شەریف کوڕێکی ئازا بووەو چووە بەگژ لەشکرێکی ئەو سەردەمەداو شەڕی لەگەڵ میرنشینییەکی بەتوانادا کردووە، لەبەرئەوە ئازایەتییەکەی چووە بە دڵی خەڵکدا)[1].

کاتی خۆی ئەم بەیت و بەسەرهاتەی شەریف، لای پیرەمێردی نەمر بووە بە کەرەستەی نووسینی شانۆگەرییەك و لە ساڵی ١٩٣٦دا لە شاری سلێمانی پێشکەشکراوە. ئەم شانۆگەرییەی پیرەمێرد لە چاپ نەدراوەو هیچ نوسخەیەکی دەستنووسیشی نەماوەتەوە. لە سەرچاوە کوردییەکاندا تەنیا کتێبێکی مامۆستای دکتۆر عیزەدین مستەفام بینی کە باسی ئەو شانۆگەرییەی بە کورتی کردووەو ئەڵێ: (ئەم چیرۆکە تا ئێستا چاپ نەکراوە، وەك بیستوومە لەکاتی خۆیدا لەسەر شانۆ، لە سلێمانی بە چاودێری پیرەمێرد خۆی و یارمەتی "بێکەس"


پیرەمێرد

پیشاندراوە، لەکاتی خۆیدا قەدەغەکراوە، نازانم دەستنوسی ئەم بەرهەمە لەکوێ هەیە)[٢]. ئینجا نووسەر دێتە سەر باسی داستانەکەو ئەڵێ: (داستانی شەریف هەمەوەند، هەر وەك وێنەیەکی قارەمانی و پەردەیەکی رەنگینی کارەساتیش ئەگێڕێتەوە، شەڕێکیش ئەخاتەوە روو کە برا برای تیا ئەکوشت، هەروەها لاپەڕەیەکیشە لە مێژووی کورد..). پاشان نووسەر چەند بڕگەیەکی بەیتەکەی نووسیوەتەوە.

ئێمە، لەبەر دەست نەکەوتنی تێکستی شانۆگەرییەکەی پیرەمێرد و بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە شەریف هەمەوەند، ئەم چەند دێڕەی (بەیتەکە)[٣] ئەخەینە پێش چاو:

قەڵغانی زەردەماین چۆن دێنێ
هەوری لەسەری (با) دەیشەکێنێ
شەریف مەکوژن لاوی گەرمێنێ
قەڵغانی زەردەماینی شێیە
دەنگی تەپڵیان دێ لە میردەێیە
شەریف مەکوژن دۆست چاوی لییە
دەوری سلێمانیم پڕ شیوو پردە
جارچی جارِیان دا لەشکرمان گردە
دەڵێن سلێمانی حاکمەکەی کوردە

دوای ئەوەی کە شەریف بەدەستی سەربازەکانی لەشکری بابان ئەکوژرێ، بەیتەکە ئەڵێ:

یاخوا سەربازان پەنجەیان بشکێ
گوللەیەکیان دابوو لە گۆی مەمکێ
لە جێی ئەو گوللە زوخاو دەتکێ
چەندم پێ وتی مەچۆ قەلاتێ
تفەنگ بە حوکمەو گوللە دەتگاتێ
قەڵغانی زەردە ماینی باڵەبان
دەنگی تەپڵیان دێ لە گردی سەیوان
هاوار وەگەڕێ، تالان وەگەڕێ
پاش شەریف کەسی با نەکا شەڕێ

ساڵی ١٩٣٦، کە پیرەمێرد ئەو بەیتەی کردووە بە هەوێنی شانۆگەرییەکەی و بەرهەمێکی شانۆیی مێژوویی لێ خوڵقاندووە، قوتابخانەی ناوەندی و قوتابیانی قوتابخانەی زانستی بۆ ماوەی چوارشەو، لە جەژنی مانگی کانوونی یەکەمی ئەو ساڵەدا پێشکەشیان کردووە، جێگای پێشکەش کردنەکەش شانۆیەکی دروست کراوی ناو ئوتێلی (امراء)ی حاجی برایم ئاغا بووە کە کەوتبووە شەقامی سابونکەران، نزیک بەر دەرگای سەرای سلێمانی.

مەبەست لە پێشکەشکردنی ئەم شانۆگەرییە نیشاندانی چیرۆکێکی مێژوویی کوردی و پارەپەیداکردن بووە بۆ کۆمەڵی زانستی کوردان.

دەربارەی پێشکەشکردنی شانۆگەرییەکە، لە رۆژنامەی "ژیان"دا ئەم هەواڵە بڵاوکراوەتەوە:

(زانستی، بەعادەتی ساڵان، بۆ جەژن تەمسیلێکی تەئریخی و وەتەنی و غەرامی، لەگەڵ ئەوەیشدا درامێکی عیبرەت بەخش کە لە خاکی سلێمانیدا رووی داوە، هەرای شەریف چەلەبی هەمەوەندی رێك خستووە، کورگەلی متەوەستەو دەستەی گۆرانی بێژیان بە سازو عودو کەمانەوە ئیشتیراك ئەکەن، تەمسیلێکی بێ مەسەلە ئەبێ، وا هەیە لە وڵاتانەوە سەیرکەری بۆبێ، هەم سەیرو هەم پارەکەیشی بۆ زانستیی هەژارە)[٤].

لەو ئەکتەرانەی لەو شانۆگەرییەدا بەشدارییان کردووە، بەڕێز شێخ نوری شێخ جەلال، کە دەوری ئافرەتی بینیوەو سەبارەت بە پەراوەکردنی شانۆگەرییەکەیان فەرمووی: پەراوەی ئەم شانۆگەریی شەریف هەمەوەندەو شانۆگەریی (مەحمود ئاغای شیوەکەڵ) مان لە دوو جێگادا ئەکرد، لە شوێنی زانستی کە ئەوسا خەستەخانەی چۆڵ کراو بوو مامۆستا پیرەمێرد وەری گرتبوو بۆ کۆمەڵی زانستی و ئێستا بازاڕی عصرییە، یان لە ماڵی پیرەمێرد کە لە باغی پوورەبەگی دابوو لە گەڕەکی گۆیژە.

بۆ باسکردنی ئەم شانۆگەرییە، بێجگە لە نووسینێکی پیرەمێردی شاعیرو رۆژنامەنووس، هیچی ترمان چنگ نەکەوت. نووسینەکەی پیرەمێرد لە کۆمەڵێ لایەنی هونەری نواندن و پیرۆزیی شانۆ دوواوەو پاشانیش بە گوێرەی باری سەرنجی خۆی، چەند بیروڕایەکی دەربارەی شانۆگەریی شەریف هەمەوەندی لەمەڕ خۆی دەربڕیوە.

ئەو نووسینە، بەناونیشانی (تمثیل، تەماشا)یەو لە ژمارە ٥٠٧ی ساڵی ١٩٣٦ی رۆژنامەی (ژیان)دا بڵاوکراوەتەوە، لێرەدا چەند برگەیەکی ئەخەینە بەرچاوی خوێنەر: (بەعەرەبی "تمثیل" و بە کوردی "وێنە نمایی" پیشەیەکی هونەرمەندی و عالەم پەسەندییە، تەمسیل پەندێکی عیبرەتی وایە بۆ ئەخلاق و

کردەوە لە هەموو دەرسێ لە پێشترە، هەر دەرسێ کە لەسەر کتێب ئەیڵێنەوە لە دڵ و دەروونمدا هێندە جێگیر نابێ کە پەیڕەو بکرێ..

ئەوروپا تەمسیلیان کرد بە سنعەت، ئەمما چۆن سنعەتێ، لە هەموو سنعەتێك بە واریدات ترو بە فائیدەتر. ئێمە چەند جارێك فیرقەی شبلی و مبلی و کێو کێمان بۆ هات و هەرچەندە بە راستی هونەرمەند بوون و سنعەتیان بۆ سنعەت پەسەند بوو، بەڵام چونکە پیەسی ریوایەتەکان سەرگوزشتەی ئەم خاکە نەبوو و هەموو کەسیش لە زبانیان نەدەگەیشت، وەك ئیمانی تەقلیدی وابوو، تاکوڕگەلی خۆمان تەمسیلی شیرین و خەسرەوو مەم و زینی هێنایە مەیدان، ئینجا زەوقی تیاترۆمان بۆ پەیدابوو، لەگەڵ ئەوەیشدا هەردوو پیەسەکە زیاتر غەرامی بوون و درامی نەبوون..).

لەو پەڕەگرافەی سەرەوەدا، هەست بەوە ئەکەین کە پیرەمێرد چەندە بە پەرۆش بووە بۆ تێکستی کوردەواری و خۆماڵیی خۆمان، دیارە ئەم رایەی ئەویش بە کەڵکی ئەو گفتوگۆیە دێت کە چەند ساڵێکە لە کۆڕو نووسینی تایبەت بە شانۆکەماندا دەرئەبڕێ، جێی خۆی ئەگرێ، هەروەها ئەبینین نووسەر شانۆگەریی (مەم و زین)ی ساڵی ١٩٣٥ ئەکات بە سەرەتای راستەقینەی شانۆمان.

پاشان پیرەمێرد لە نووسینەکەیدا دێتە سەر باسی شانۆگەریی شەریف هەمەوەندو ئەڵێ:

(زانستی بە دوو رۆژ تەمسیلێکی لە ساڵان چاکتری رێك خست، یەعنی ریوایەتێکی تەئریخی و حەقیقەتی کە ئێستاش ئەولادی ئەشخاسی وەقعە ماون و لە خاکی سلێمانیدا وقوعی بووەو سەرگوزەشتەیەکە لە ئەسڵی خۆیدا عیبرەتێکی پڕ مەعناو حسییاتێکی وەتەنی و ئیزدواجێکی غەرامی و عەسریی تیا

پێگەیاند.. ئەگەر حەقتان ئەوێ هەمووی هیممەت و عەشق و شەوقی سەیید داودی موعەلیمی ریازەو مۆسیقایە، زۆر دۆعای خێریشمان بۆ مودیری متەوەستە سەیید رەشید زەکی کرد.. تەرتیبی تەمسیلی ئەم چەند سالانەو حساباتی بلیتو سەرپەرشتی مەساریف و ئیداریش، هەموو لەسەر شانی مستەفا سائیب بوو، ئەی خوایە چەند بەکێشە، لەسەر ئەم زانستییە چی بەسەر هات و چەند توناوتونی کێشاو نەبەزی، منیش هاتمەوە هیچیان نەدامێ).

لە ژمارەی دواتری (ژیان)دا[٥]، حسابی شانۆگەرییەکە نووسراوە، چ دەستکەوت (واریدات) چ خەرج کراو (مصاریف)، دەستکەوت بە وردی دەرخراوە، کە کۆی فرۆشتنی بلیتەکانیان بووەو حسابەکەش بەم شێوەیەیە:

١٦,٨٨٠ دینار (شانزە دینارو هەشت سەدو هەشتا فلس) قیمەتی سەدو هەشتا بلیتی سی فلسی و سەدو سێ بلیتی پەنجا فلسی و سی و سێ بلیتی سەد فلسی و دووانزە بلیتی دوو سەدو پەنجا فلسی.

پارەی خەرجکراویشیان هەمووی ئەکاتە ١٢,٦٢٥ دینار (دوانزە دینارو شەش سەدو بیست و پێنج فلس و داویانە بە: کرێی ئوتومبیل بۆ گێرانی دەهۆڵ و زوڕنا "بۆ پڕوپاگەندە"، بۆ چاوەشەکان هەقی لێدانی دەهۆڵ و زوڕناکە، پارە بۆ حاجی باقی هەقی کڕینی شقارتەو شریت و تەپەدۆرو دەمانچەو تەرەقە، پارە بۆ نوری شێخ جەلالی قوتابی زانستی بۆ هەقی تەمسیل کردنی، پارە بۆ رەشەی مەلا برایم بۆ کرێی چاوتەختی چوار شەوی تەمسیل، پارە بۆ نوری حاجی محێدین بۆ هەقی ٦٤ پرتەقاڵ بۆ تەلەبەی متەوەستە.

چوار دینارو دوو سەدو پەنجا فلسیش قازانج ماوەتەوەو بەنەقدی تەسلیم بە موحاسیبی زانستی فایەق بەگ کراوە.

## پەراوێزەکان:

١-کامەران موکری، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، بەشی یەکەم، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٨٤، ل ٦٦.

٢-دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسووڵ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، زانکۆی سلێمانی، ١٩٧٩، ل ٣٠.

٣-هەمان سەرچاوەی پێشوو،.

٤-رۆژنامەی (ژیان)، ژمارە ٥٠٦، ١٩٣٦/١٢/١٤.

٥-رۆژنامەی (ژیان)، ژمارە ٥٠٨، ١٩٣٧/١/٥.

# خانمی مەکرباز

سالّی ١٩٣٩ دوای ئەوەی لە فۆلکلۆری کوردییەوە شانۆگەریی (خانمی مەکرباز) ئامادەکراوە، لەلایەن قوتابخانەی هەڵەبجەی سەرەتایی کوڕانەوە پێشکەش کراوەو ئامادەکەرو دەرهێنەرەکەشی مامۆستا ئیبراهیم عەلی، یەکێك لە مامۆستایانی قوتابخانەکە بووە.

ناوەڕۆکی شانۆگەرییەکە بریتی بووە لەوەی سواڵکەرێك دەچێتە لای قازیی شارو هەموو ئەو پارەیەی بە ئەمانەت لەلا دادەنێت کەلە ئەنجامی سواڵ و دەست پانکردنەوەدا دەستی کەوتوون، پاش ماوەیەك سواڵکەرەکە دەچێتەوەلای جەنابی قازی و داوای پارەکەی لێ ئەکاتەوە، بەڵام وەڵامی ئەو وەك بروسکە وا دەبێ بۆ سواڵکەرە، قازی وانیشان دەدات کە پولێکی سواڵکەری لەلا نییە.. کابرا هەرچی دەکات سوودی نابێت!



محەمەد رەشید کۆیی

بە بیری خاوەن پارەکەدا دێ پەنا بەرێتە بەر خانمێك تا ڕێگاچارەیەکی بۆ دابنێو بە پارەکەی خۆی شادبێتەوە. کە دەگاتەلای و خەمی خۆی هەڵدەڕێژێ خانم بەزەیی پیایدا دێتەوەو دەستی یارمەتیی بۆ درێژ دەکات، بە ڕێگایەکی مەکربازانە پارەکەی لە چنگی قازی بۆ دەردێنێ و سواڵکەریش بە کەنارەکانی شادی و کامەرانی دەگات.

بەشدارانی ئەم شانۆگەرییە بریتی بوون لە بەڕێزان:

نوری میرزا تۆفیق لە دەوری قازیدا

محەمەد رەشید کۆیی لە دەوری سواڵکەردا

لەگەڵ هەریەك لە خوالێخۆشبوو عەلی محەمەد گیانەو ئەحمەد محەمەد ئەمین.

کاك محەمەد رەشید کۆیی سەبارەت بە شانۆگەرییەکە وتی:

-لەوکاتدا مامۆستا عەزیزی میرزا ساڵحی گورون بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان بوو، منیش قوتابی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بووم، شانۆگەرییەکە حەوت رۆژ لە هەڵەبجە و سێ رۆژ لە قوتابخانەی فەیسەڵیە لە سلێمانی نمایشکرا.
شاعیری بەڕێز ع. ع. شەونم لەو دەمەدا یەکێك بووە لە بینەرانی شانۆگەرییەکەو بەکارێکی ئامانجدارو سەرکەوتووی زانیوە بۆ ئەو کاتە.
بۆ جاری دووەم، تیپی هاوڕێیانی گەزیزە هەمان شانۆگەریی بە ئامادەکراوی بۆ تەلەفزیۆنی بەغدا لە ١٩٧١/٢/١٥دا تۆمار کردوەو تیایدا بەڕێزان عومەر عەلی ئەمین و کەمال سابیرو حەسەن تەنیا بەشدار بوون.

## یەکەمین شانۆگەریی شەکسپیر لە کوردستان

سـاڵی ١٩٤١ بـۆ یەکـەمین جـار شـانۆگەریی ولیـەم شەکـسپیر لـە کوردسـتاندا نمایـشکراوە، ئـەویش (بازرگـانی ڤینیـسیا) بـووە کـە لـە شـاری سـلێمانی و لـە مـانگی ڕەمەزانی ئەو ساڵەدا بۆ ماوەی (١٠) ڕۆژ پێشکەشی بینەران کراوە.

دەوری (شایلۆکی جوولەکە) لەلایەن هونەرمەند ڕەووف یـەحیا-وە بینـراوە، سـەبارەت ئەو بەرهەمە وتی:

شانۆگەرییەکە لەلایـەن مامۆستا تـاهیر یـەحیاوە ئامادەکراو هونەرمەندی کۆچکردوو تەلعـەت موبـارەك دەرهێنـەری بـوو، لـە ئەکتـەرە بەشـدارەکان هەریـەك لـە بـەڕێزان: خوالێخۆشبوو فەرەجی حـاجی ڕەشید، مـەولود مـارف، جوانەمـەرگ عەبدولڕەحمان عـەلی (کە لە دەریاچەی دوکاندا خنکا) بوون.

کاك ڕەووف سەبارەت بە بەرهەمەکانی ئەو سەردەمە وتی:



ڕەووف یەحیا

پێویـستە هونەرمەنـدانی ئـەمڕۆ ئەمەکدار بـن بەرامبەر بەو کەسانەی لەو دەمانەدا لەبەر تیشکی چرا شانۆگەرییەکانیان دەخستە بەرچاو، ئەوانەی بەتـەنیا خـاوەنی بـەهرەی خۆیـان بـوون، ئـەو سـەردەمە کتێـب و سەرچـاوە دەربـارەی هونـەری شـانۆ نـەبوون، هـەروەها شـتێك نـەبوو نـاوی دیکۆری باش و پڕۆجیکتـۆری تیشك بن، نەخێر شتی ئەوتۆمان نەبوو، بەڵام خۆشـەویسـتی و نرخی هونەرەکە لە لامان وای لێکردبووین دڵسۆز بین و هەوڵبـدەین بـە لوتکـەی سـەرکەوتن شادبین.

## لە ڕێی نیشتماندا

ساڵی ١٩٤٦ ئەوکاتەی شارۆچکەی (پێنجوێن) دووچاری کارەساتی بوومەلەرزە بووە، ژمارەیەك لە هونەرمەندە لاوەکانی سلێمانی داواکارییان پێشکەشی لایەنە بەرپرسەکان کردوە کە ڕێگایان بدەن شانۆگەریی (لە ڕێی نیشتماندا) نمایش بکەن و قازانجەکەشی پێشکەش بە لێقەوماوانی بوومەلەرزەکە بکەن، ئەو شانۆگەرییە لە دەقێکی عەرەبییەوە ئامادەکرابوو بەناوی (فی سبیل التاج).

هونەرمەندی کۆچکردوو ڕەفیق چالاك کە ئامادەکەرو دەرهێنەری شانۆگەرییەکە بووە لە دەفتەری یاداشتەکانی خۆیدا نووسیویەو دەڵێ:

-شەوێکیان، هەر لە خۆرئاوابوونەوە تا بەرەبەیان دەقەکەم لەبەر تیشکی چرایەکی بچووك وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی و بۆ شانۆم ئامادە کرد، بۆ سبەینێ چوومە قوتابخانەی گۆیژەو ئەکتەرەکانم هەڵبژاردو کەوتینە پرۆڤە کردن. دواتر هونەرمەند حەسەن فەللاح لەسەر داوای خۆمان دەستی کردە دیکۆر دروست کردن، دیکۆرەکەی زۆر قەشەنگ بوو.. لەسەر پرۆڤە بەردەوام بووین و کەوتینە رایی کردنی کاروبارەکانی تری وەك چاپ کردنی بلیت و کورسی هێنان.. کە وادەی پێشکەشکردنی شانۆگەرییەکە هات بۆ ئێوارەکەی لە پێشوازیی بینەراندا بووین.

لەو هەموو کارکردنە وەڕس نەدەبووین، لە ڕۆژێکدا بە پانزە کەسێك کاری سەدکەسمان دەکرد، تا دەمرم دڵسۆزیی ئەو برادەرانە لە یاد ناکەم، هەر لەگەڵ ئەو شانۆگەرییەدا دەورەکانی ئۆپەرێتی (گوڵی خوێناوی) شاعیری نەمری کوردستان (عەبدوڵڵا گۆران)م بەسەر برایان محەمەد ساڵح دیلان و مەحمود محەمەد قادرو عەبدوڵڵا ڕەشید سالار (کە دەوری کچی دەدی) دابەشکەردو دوای پرۆڤە ئەویش لەگەڵ

(لە ڕێی نیشتماندا) نمایشکرا، دیسانەوە بۆ هەمان بۆنە کاک محەمەد مستەفا (حەمەبۆر) دیمەنێکی کۆمیدی بەناوی (دکتۆر پەراسوو)ەوە ئامادە کردبوو.

بەڕێز ڕەووف مەعروف یەکێك بووە لە بەشدارەکانی لە ڕێی نیشتماندا، لەو بارەیەوە وتی: هەریەك لە ئەکتەرەکان دەوری خۆیان بە باشی دی کە جێگای ڕێز بوون، هەرچەندە نیوەشەو بەماندوویّتی دەگەڕاینەوە ماڵەکانمان، بەڵام تامی سەرکەوتن هەموو شتێکی لەیاد دەبردینەوە.

لە ماوەی (٧) ڕۆژدا بڕی (٢٠٠٠) دوو هەزار دینار کۆکراوەتەوە.

لە ئەیلوولی هەمان ساڵی ١٩٤٦دا هونەرمەندەکان بۆ هەمان مەبەست شانۆگەرییەکەیان بردوەتە شاری هەولێر، بۆ یەکەمین جار شانۆگەرییەکی کوردی براوەتە شارێکی ترو لەوێ حەوت ڕۆژ شانۆگەرییەکەیان لە هۆڵی قوتابخانەی (ابن خلکان) پێشکەش کردوە، هەر لەوێش شەوانە خەوتون، سەبارەت بەو نمایشە هونەرمەند ڕەفیق چالاك لە یادداشتەکانیدا وتویەتی:

-ئەو سەردەمە هەموو سادەو ساکاربووین و لە خۆبایی بوونمان نەدەزانی، چونکە ئەوەی هونەرمەند لەناودەبات خۆپەرستیو لەخۆ ڕازی بوونە.

**بەشدارانی شانۆگەرییەکە**

ڕیزی یەکەم (دانیشتووەکان لە وێنەکەدا) لە ڕاستەوە: عەبدوڵڵا سالار، محەمەد ساڵح دیلان.

ڕیزی دووەم: (لە ڕاستەوە): ئەوەی بە پێوەیە ئەحمەد هوشیاری بەرگدروو، (دانیشتووەکان) عەبدوڵڵا ئیبراهیم، حەسەن تۆفیق، ڕەفیق چالاك، کامەران موکری، شێخ ڕەزای گولانی، کەمال محەمەد ئەمین، ڕوشدی ئەحمەد، (بەپێوە) فایەق چالاك.

ریزی سێهەم: شێخ نوری شێخ جەلال، قادر مستەفا، عوسمان رەزا، جەمال ئەمین بەگ، کەمال ئەحمەد، نوری محەمەد ئەمین (وەشتی)، فێیەق هوشیار، نوری شاوەیس، نوری ئەمین بەگ، عوسمان مستەفا، تەها محێدین مەعروف، موحەرەم محەمەد ئەمین، عومەر کەریم.

ریزی چوارەم: حەمەی بکر، رەووف مەعروف، ئەمین شەوکەت، نوری غەفور، قادر دیلان، حەسەن فەللاح، محەمەد مستەفا (حەمەبۆر)، تۆفیق حەسەن ئاغا، جەمال عەبدوڵڵا، عەزیز حاجی قادر، ئەحمەد دەروێش دادی، غەفور رەشید داراغا. لەبەردەم پەنجەرەکەشدا (بەهجەت رەشید)



**سوپاس بۆ:**

**برایانی ئازیزم چالاک رەفیق چالاک کە دەفتەری یادداشتەکانی باوکی بەڕێزی خستە بەردەستم و کاک زەردەشت غەفور داراغا کە وێنەی بە نرخی بەشدارانی شانۆگەرییەکەی پێدام.**

## مانگاو جوامێری کافر

ساڵی ١٩٤٦، لە شارۆچکەی پێنجوێنی سەر بە شاری سلێمانی دوو شانۆگەریی بەناوی (مانگا) و (جوامێری کافر) پێشکەش کراون، ئەویش بە بۆنەی ئەنجامدانی چادرگای دیدەوانیی هەموو شارەکانی عێراق لە پێنجوێن، لە ناوچەی (بووبان) کە دەکەوێتە زنجیرە چیای نێوان پێنجوێن و ناوشاخانەوە..

سەرپەرشتیاری دیدەوانیی سلێمانی مامۆستا ساڵح عەلی بووە کە داوای لە قوتابیەکان کردوە بەو بۆنەیەوە شانۆگەریی پێشکەش بکەن، هەربۆیە قوتابیەکان شانۆگەرییەکیان بەناوی (مانگا)وە بەسەرکەوتوویی نمایش کردووە و شاعیری ناسراو (کامەران موکری) یەکێك بووە لە بەشدارەکانی و دەربارەی وتی:

شانۆگەرییەکە لە نووسینی نوری ئەمین بەگ و دەرهێنانی هەمووممان بوو بە کۆمەڵ، ئەکتەرەکانیش بریتی بوون لە قادر دیلان، عومەر عەلی ئەمین، سەعید شەفیق و من.


عومەر عەلی ئەمین

شانۆگەریی (مانگا) کە لەبەر ئامادەبووان بە زمانی عەرەبی پێشکەش کراوە، باس لە کۆبوونەوەی هاو پەیمانەکانی (بەریتانیاو فەرەنساو وڵاتە یەکگرتووەکان و یەکێتی سۆڤیەت) دەکات پاش کۆتایی هاتنی دووهەمین جەنگی جیهانی بۆ باسکردنی چارەنووسی گەلان.. لە کۆتایی شانۆگەرییەکەدا دەنگی سروودی (دەمی راپەڕینە)ی مامۆستا گۆران بە بڵندی دەبیسترێ.

لەو شەوەدا چەند بارە دارێك بۆ رۆشنكردنەوەی ناوچەكە سوتێنراوەو بەیانی زوو لە ترسی لێپرسینەوە كامەران و نوری ئەمین بەگ خۆیان گەیاندووەتەوە سلێمانی.

لەگەڵ (مانگا)دا لە هەمان بۆنەدا شانۆگەرییەكی تر بەناوی (جوامێری كافر) پێشكەش كراوە كە هونەرمەند عومەر عەلی ئەمین لە چیرۆكێكی جەبران خەلیل جەبران بە نێوی (خلیل الكافر)ەوە ئامادەیكردووە، هەر خۆیشی دەرهێنەری بووە، شانۆگەرییەكە بووەتە مایەی سەرنجی ئامادەبووان.

بەرێز عومەر عەلی ئەمین سەبارەت جوامێری كافر دەڵێت:

-باسی لە خەباتی جوتیاران دەكرد دژ بە دەرەبەگ، بەر لەوەی بڕۆینە پێنجوێن بۆ ماوەی ١٠ رۆژ پرۆڤەمان لە سەری لە قوتابخانەی (فەیسەڵیە) كرد، هەر لە سلێمانی جل و بەرگ و ئێكسوارمان ئامادەكردبوو، لەوێش شانۆمان بەهۆی ستوون و دارو قوماشەوە دروستكرد، لەوانەی لەو دەمەدا بەشداریی شانۆگەرییەكەیان كرد بریتی بوو لە بەڕێزان (ئەحمەدی شێخ حەسەن، ئەكرەم عەبدولقادر یامولكی، كەمال جەلال غەریب)، بەنیاز بووین بۆ جەماوەری پێنجوێنیش سەرلەنوێ پێشكەشی بكەینەوە بەڵام بڵاوكردنەوەی بەیاننامەیەك دژ بە دەستەڵاتی پاشایەتی بووە رێگرمان.

شانۆگەریی (جوامێری كافر) لە یەك پەردەدا بووەو بینەرە عەرەبەكان بە چەپڵەڕێزانەوە پێشوازییان كردوە، چونكە بێجگە لە دیالۆگ، جوڵانەوەش كراوە بە ئامرازێك بۆ گەیاندنی بیرۆكەكە.

هەر لەدوای گەڕانەوەی بەشدارەكان بە دوو رۆژ، بوومەلەرزە بەر پێنجوێن كەوتووەو كارەسات قەوماوە.

## تێکۆشانی ڕەنجبەران

ڕۆژی ١٩٤٨/٥/٥ لە شاری سلێمانی شانۆگەریی (تێکۆشانی ڕەنجبەران) پێشکەش کراوەو بۆ ماوەی (١٥) ڕۆژ بەردەوام بووەو هەر ڕۆژە دوو جار نیشاندراوە.

شانۆگەرییەکە لە چیرۆکی (کەرەلۆتی مەنۆچەر)ی مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمەد)ەوە ئامادەکراوە کە ئەو کاتە لە گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاوکراوەتەوە، ئامادەکەرانیشی بریتی بوون لە مامۆستایان ئەحمەد غەفور و ڕەووف یەحیا.

شانۆگەرییەکە بابەتێکی شۆڕشگێڕانە بووە، باسی لە خەباتی ژمارەیەك لە مرۆڤە ڕەنجدەرەکان کردووە دژ بە پاشایەتی کۆنەپەرست.

هونەرمەند ڕەووف یەحیا دەرهێنەری شانۆگەرییەکە بووەو هەر خۆیشی نەخشەکێشی ڕوناکی و دیکۆر بووەو ئارایشتی ئەکتەرەکانی کردووەو هەر خۆیشی دەوری (مەنۆچەر)ی پاڵەوانی شانۆگەرییەکەی دیوە، بینەران سەرسام بوون بە ئەکتەرەکان و بۆ یەکەمین جاریش دیکۆری موجەسەم خراوەتە سەر شانۆ.

کاك ڕەووف سەبارەت کاریگەریی شانۆگەرییەکە گێڕایەوەو وتی:

—لە پانزەهەمین ڕۆژماندا، داروودەستەی ڕژێمی ئەو دەمە دایان بەسەر هۆڵەکەداو کارەکەیان ڕاگرت و شانۆکەیان داخست، ئێمەش هەڵاتین و خۆمان شاردەوە، ژمارەیەك لە بەشداران دەستگیر کران کە من یەکێکیان بووم و بۆ یەکەمین جار لە پێناوی شانۆدا هونەرمەندی کورد ئازاری بەندیخانەی بینی.

بێجگە لە کاك ڕەووف یەحیا، ژمارەیەك لە لاوانی ئەو دەمە بەشداریی نواندن بوون، ئەوانیش دارا تۆفیق، عەبدوڵڵا سالار، حەسەن تۆفیق، بەکر ڕاسال، شەوکەت غەفور بابان و فایەق چالاك بوون.

# کڵۆڵان

ساڵی ١٩٥٢، یەکێك لە شاکارەکانی ئەدیبی گەورەی جیهانی (ڤیکتۆر هۆگۆ) لە شاری سلێمانی نمایشکراوە کە ئەویش چیرۆکی (کڵۆڵان) بووە، ئەم بەرهەمە لەلایەن شاعیری کورد کامەران موکرییەوە ئامادەکراوەو هەر خۆیشی دەرهێنەری بووە بۆ سەر شانۆ.

ژمارەیەکی زۆر لە بینەران بەم شاکارە شادبوون و جێی سەرنجە ئەمڕۆش لە تونادا نییە لەو جۆرە بەرهەمەی ئەدەبیات بخرێتە سەرشانۆ.

شانۆگەرییەکە لە هەشت دیمەندا بووەو لەسەر شانۆی هۆڵی سانەویی سلێمانی لەگەڵ شانۆگەرییەکی تردا نیشاندراون بەناوی (سەری گڵۆڵەکە) کە لە شانۆگەرییەکی هونەرمەندی عێراقی (یوسف العانی)یەوە ئامادەکراوە.

شانۆگەرییەکە مانگێکی تەواو مەشقی لە سەر کراوەو بۆ ماوەی (٨) ڕۆژ پێشکەش کراوە.



کامەران موکری لە زینداندا

مامۆستا کامەران موکری هەر خۆی دەوری (ژان ڤاڵ ژان)ی پاڵەوانی شانۆگەرییەکەی دیوەو ئەکتەرەکانی تریش بریتی بوون لە بەڕێزان: محەمەد سدیق مەحمود، سمکۆ عەزیز، نەجات عەبدە، کەمال شێخ غەریب، حاتەم سەعید و کامیل ژیرو چەند ئەکتەرێکی تر.

کامەران موکری شاعیر باسی (کڵۆڵان)ی بۆ کردین و وتی:

-ژان ڤالّ ژان پاش ئەوەی ١٩ ساڵی رەبەق لە زینداندا دەباتە سەر، ئازاد دەکرێ، بەڵام لانەیەك شك نابات تیایدا بحەوێتەوە، پاش ماوەیەك قەشەیەك دەیگرێتە خۆی، بەڵام ژان ناپاکی لەگەڵدا دەکات و گوڵدانێکی بەنرخی لێ دەدزێ و هەڵدێ، دوای ئەوەی پۆلیس دەستگیری دەکەن دەیبەنەوە بەردەم قەشەی دزیلێکراو، بەڵام ئەو لێی دەبوورێ و رایدەگەیێنێ کە خۆی گوڵدانەکەی پێداوە.. پاشان ئامۆژگاری دەکات کە جارێکی تر دزی نەکات و رێگای هەڵە نەگرێتەبەر.

رۆژانی نمایش بەسەر بینەرانی پیاوان و ژناندا دابەشکراوەو نرخی بلیتی چوونە ژوورەوە ١٠٠ و ١٥٠ فلس بووە، لەگەڵ بلیتی تایبەتی. لە دوای کۆتایی هاتنی شانۆگەرییەکەو تێپەڕبوونی ماوەیەك، هەرچەندە منداڵانی سلێمانی لە کوچەو شەقامەکاندا بە "کامەران" گەیشتبوون هاواریان لێ کردووە (دز.. پیاوکوژ.. تاوانبار)!

لەبەر سەرکەوتوویی شانۆگەرییەکە، خاوەنی سینەمای رەشید لەو دەمەدا فیلمی (کلۆلان)ی بە ئینگلیزی نیشانداوە.

## جەنابی موفەتیش

لـە سـاڵەکانی پـەنجادا، ئـەو دەمـەی گۆڤـاری (هیـوا) پێـشبڕکێیەکی بـۆ دەقـی شانۆگەریی وەرگێڕدراو سازکردووە، مامۆستا ئەمین میرزا کەریم (١٩٣٥-١٩٨٤) بە شانۆگەریی (جەنابی موفەتیش)ی نووسـەری رووسـی (گۆگۆڵ) بەشداریی ئەو پێشبڕکێیەی کردوەو ئەنجام خەڵاتی یەکەمینی پێ بەخشراوە.

ئـەم شـانۆگەرییەو بەرهـەمێکی تـری کـوردی بـەناوی (بروسـکەو شـیرین)ەوە بـە کۆشـشی بەشـداران و بەسەرپەرشـتی هونەرمەنـد رەووف یـەحیا دەرهێنـراون و بەرهەمەکانیش (جەنابی موفەتیش و بروسکەو شیرین) بە هەوڵی لیژنەیەکی نواندن بە ئەنجام گەیێنراون کە ئەو لیژنەیە بەرپرسیار بووە لە چالاکیی شانۆیی قوتابخانەکە.

هـەردوو شـانۆگەریی نـاوبراو پێکـەوە لـە سـەرەتای مـانگی نیـسانی سـاڵی ١٩٥٤دا لەلایەن قوتابیانی سانەویی شەوەوە لەسەر شانۆی سانەویی سلێمانی پێشکەشکراون. رۆژنامەی (ژیـن) هـەواڵی پێشکەشکردنی شـانۆگەریی (جـەنابی موفەتیش) و ئەوی تری بڵاوکردوەتەوە.

جـەنابی موفـەتیش بابـەتێکی کۆمەڵایـەتی و نیـشتمانپەروەرییە لـە شـێوەی کۆمیدیادا، هەڵبژاردنی لەلایەن قوتابیانی ئەو دەمەوە لە روانگەی بیروناکییـەوە بـووەو رەوتـە بـەهێزەکانی ئەوکاتـەی بزوتنـەوەی نیـشتمانی و پێشکەوتنخوازی دەوریان هەبووە لە دەست نیشانکردنی چۆنێتی تێکستە شانۆگەرییەکاندا.

ئەم چیرۆکە باس لە کابرایەکی دەستبڕ دەکات کە خۆی دەکاتە موفەتیش و لە قەزایەکدا دەکەوێتە راوو رووت و گیرفان پڕکردن، خەڵکە سادەو نەفامەکەش هەر لە لێپرسراوەوە تا دەگات بە دانیشتووان بۆی هەڵدەخەڵەتێن و خزمەتی دەکەن.

پاش ئەوەی جەنابی موفەتیش بە مەبەستی خۆی دەگات بۆی دەردەچێ و جێیان دێڵێ، لەو کاتەدا بروسکەیەك دەگاتە قەزاو هەواڵی هاتنی موفەتیشی تیادایە، ئینجا راستی مەسەلەکە ئاشکرا دەبێ و خەڵکی کاڵەك بە ئەژنۆی خۆیان ئەشکێنن.

کاتی خۆی ئەم شانۆگەرییە بە وەرگێڕدراوی و کورت کراوەیی نمایشکراوە، بەڵام کە بۆ جاری دووەم لەلایەن کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردییەوە لە سەرەتای حەفتاکانداو لە دەرهێنانی هونەرمەند ئەحمەد سالار نمایشکراوە، دەقێکی درێژی بە کوردی کراوبووە.

ئەکتەرەکانی جەنابی موفەتیش کە لە ساڵی (٥٤) دا قوتابی بوون بریتی بوون لە بەڕێزان:



عەبدوڵلا میدیا- لە دەوری موفەتیشدا، سمکۆ عەزیز- سەرۆکی پۆستە، خالید کەریم- مودیری شار، محەمەد حەمە ئەمین (حەمە کاکە)- حاکم، عەبدوڵلا جەلال- مودیری مەکتەب، عەبدولعەزیز محەمەد مەڵکەندی- سەرۆکی تەندروستی، جەلال بەدەوی- بۆی، جەمال فەتاح توتنچی- ئۆسیب، جەزا میرزا حسێن- دوەشنکی.

# بروسکەو شیرین

ساڵی ١٩٥٤، شانۆگەرییەکی کوردی بەناوی (بروسکەو شیرین)ەوە لەگەڵ شانۆگەریی (جەنابی موفەتیش)ی گۆگۆڵ پێکەوە پێشکەش بە بینەرانی شاری سلێمانی کراون، ئەو دوو شانۆگەرییە لەلایەن قوتابیانی سانەویی شەوەوەو بەهۆی لیژنەیەکی تایبەتی نواندنی ئەو قوتابخانەیەوە بەرهەم هێنراون[1].

شانۆگەریی بروسکەو شیرین کە شانۆگەرییەکی کۆمەڵایەتیی کۆمیدی بووە مامۆستای نەمر ئەمینی میرزا کەریم نووسیویەو دەرهێنانیشی بە سەرپەرشتی هونەرمەند رەووف یەحیا بووە.



ئەمینی میرزا کەریم

دەربارەی ئەم شانۆگەرییە کە سوودی دەستکەوتەکەی دراوە بە قوتابییە هەژارەکانی سانەویی شەو تا قیستی ساڵانەی خوێندنیانی پێ بدەن، رۆژنامەی (ژین)ی ئەو کاتە دەربارەی نووسیویەو هەواڵی پێشکەش کردنەکەی بەم شێوەیە بڵاوکردووەتەوە:

(بروسکەو شیرین، کە بەشێك لە ژیانی لادێی خۆمان نیشان ئەدات، بە پیاو خراپو زۆردارو دەرەبەگ و هەژارو رووت و برسی و جوتیاریەوەو گشت کارەساتی ئەو دەرەبەگەی باوکی ((شیرین)) نیشان ئەدات کەوا بەرامبەر ((بروسکە))ی جوتیار ئەیکات، لەسەر ئەوەی لەگەڵ شیرینی کچیدا ئارەزووی پێکەوەنانی خێزانێکی راست ئەکەن، لەسەر ئەوەی بروسکەی جوتیار دەرەبەگ باش ئەناسێ و پەردە

لەسەر کرداری ناپەسەندیان هەڵئەماڵێ.. ئامانج لە پێکهێنانی ئەم تەمسیلە خزمەتی دانیشتووانی شارەکەیە[٢].



**ئەکتەرەکانی شانۆگەرییەکە بریتی بوون لەم بەڕێزانە:**

**فوئاد مەجید فەرەج- بروسکە، جەمال ساڵح ئاشتی- شیرین، نوری عەباس- مەحمود بەگ/ باوکی شیرین، رەزا محەمەد جوان- بەگ، ئەحمەد ساڵح - بەگ، جەمال فەتاح توتنچی- رەشە کوێر (خزمەتچی مەحمود بەگ)، حسەین ئەحمەد شەشۆیی- ئافرەت، ئاشتی مەحمود دەلاك- منداڵ، ئەکرەمی مەحمود ساڵح رەشە- ئافرەت، لەگەڵ عەزیزی مەحمود بەگ و مەهدی دانساز**

بە دوای پێشکەشکردنی شانۆگەرییەکاندا، وتارێك دەربارەیان بڵاوکراوەتەوە، تیایدا سەبارەت بە بروسکەو شیرین نووسراوە:

لە چاو ئەو تەمسیلانەدا کە تا ئێستا لە سلێمانی کراون ئەڵێین زۆر باش بوون، ئیخراجی تەمسیلەکەو جل و بەرگ و ماکیاجی مومەسیلەکان زۆر باش

بـوون و لەگـەڵ چـیرۆکەکەدا ئـەگونجا، چـیرۆکی بروسـکەو شـیرین بـەتامتر بـوو، قازانجێکی زۆری هەبوو[٣].

کاتی خۆی یەکێك لە بینـەرانی هـەردوو شـانۆگەریی نـاوبراوی مـانگی نیـسانی ١٩٥٤ شــاعیر حەسـیب قــەرەداغی بــووە، هەســتی خــۆی بەرامبــەر بــە لیژنــەی تەمسیلی قوتابخانەکـەیان و شـانۆگەرییەکان بـەم شـیعرە دەربڕیـوە، کـە پـێم وایـە سەرەتای شیعر نووسینی بووە:

سلاوێ لیژنەی تەمسیل سلاوێ
سلاوی گەرمی بێ نان و ئاوێ
سلاوی رووتی بێ ئیش و کارێ
لانە شێواوێ، لاتێ، هەژارێ
سلاوم پێشکەش ئەو گەنجە بێ وا
دەوری موفەتیش بەڕێوە ئەبا.. هتد.[٤]

## پەراوێزو سەرچاوەکان:

١-ئەندامـەکانی ئـەو لیژنەیـە بریتـی بـون لـە بەڕێزان: عـەلی سـام ئاغـا، عەبـدولی سوران، عومـەری عـەلی سـەعید، عەبـدوڵلا میـدیا، ئەحمـەد سـالح، هـۆگر گـۆران و مەسیح مەرقۆس و چەند کەسێکی تر.
٢-رۆژنامەی ژین، ژمارە ١٩٩٠، ١١ی مارتی ١٩٥٤.
٣-رۆژنامەی ژین، ژمارە ١٩١٤، ٨ی نیسانی ١٩٥٤.
٤-هەر ئەو سەرچاوەیە.

## پیسکەی تەڕپیر

ساڵی ١٩٥٦، کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان لە سلێمانی، لە وەرگێڕان و ئامادەکردنی مامۆستایان رەفیق چالاك و نوری وەشتی شانۆگەریی بەنێوبانگی (پیسکە)ی نووسەری فەڕەنسی (مۆلێر)یان نمایشکردوە.

شانۆگەرییەکە ئاشنابووە بە هەست و نەست و تێگەیشتنی بینەران و هونەرمەند رەفیق چالاك ئەرکی دەرهێنان و نواندنی دەوری سەرەکیی شانۆگەرییەکەی لە ئەستۆ گرتووە..

ئەکتەرە بەشدارەکانیش بریتی بوون لە بەڕێزان نوری وەشتی، یاسین خەلیل، مستەفا عەبدوڵڵا، جیهان عومەر، شێرکۆ بێکەس، تەها خەلیل و سەلاح محەمەد جەمیل..و چەند کەسێکیتر.



پیسکەی تەڕپیر ساڵی ١٩٥٦ لە ئەکتەرەکان (تەها خەلیل، سەلاح محەمەد جەمیل، فوئاد عومەر) لەژووری ماکیاژ لەگەڵ هونەرمەندان ئازاد شەوقی و خالید سەعید

پیسکەی تەڕپیر لە سەر شانۆی هۆڵی سانەویی سلێمانی نمایشکراوەو نرخی بلیتی چوونە ژوورەوەش ٥٠، ١٥٠، ٢٥٠ فلس بووە.

ساڵی ١٩٦٠ بۆ دووەمین جارو بەشێوەیەکی هونەریی تر ئەم شانۆگەرییە هەر لە سلێمانی و لە باخچەکەی بەرامبەر مزگەوتی گەورە کە دواتر بووەتە بەڕێوەبەرێتی پەروەردەو (فەرمانگەی کاری شارستانی و رەگەزنامە) پێشکەش کراوەتەوەو دیسانەوە رەفیق چالاك دەرهێنەری بووەو لە ئەکتەرەکانیش بریتی بوون لە بەڕێزان نوری وەشتی، سکۆ عەزیز، بورهان مەسرەف، عەزیز ساڵح..



پیسکەی تەڕپیر / ١٩٦٠

لە نمایشەکەی پەنجا و شەشدا شتێکی خۆش روویداوە، یەکەمین رۆژ بۆ پیاوە ناسراوو ماقوڵەکانی شار بووە، ئەوان دیارە بانگێشت کراون، هەندێکیان پارەیان پێشکەش بە بەرهەمەکە کردووە، رێکەوت پیاوێکی دەوڵەمەند برە پارەیەکی کەمی بەخشیوە، چالاکی هونەرمەندیش بەر لە شانۆگەرییەکە ناوو دیاریەکانیانی ئاشکرا کردووە، لە سەرەی رەزیلەکەیاندا بە

دەنگی بەرز وتویەتی (حاجی بەڕێز.. تەنیا دوو سەدو پەنجا فلسی پێشکەش کردووە)، ئەوەش بووەتە خولقێنەری پێکەنینی بینەران..!

هەر ئەم شانۆگەرییەی (پیسکەی تەڕپیر)، ساڵی ١٩٧٢ لەلایەن کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردییەوە



پیسکەی تەڕپیر / ١٩٧٢

لە دەرهێنانی هونەرمەندی ناسراو ئەحمەد سالار، بەشێوەیەکی پێشکەوتووترو لە هەلومەرجێکی لەبارترو هونەری تردا لە سەر شانۆو تەلەفزیۆن، نمایش کراوەتەوە.

## عوتەیل..

لە ژمارە ١٢٧٥ی رۆژنامەی (ژین)ی ساڵی ١٩٥٦دا، ئەم ئاگادارییە دەخوێنینەوە:



ئەنوەر توفی

(چاوەڕوان بن، مژدە بێت لە گشت لایەك، ئەوا چیرۆکی "عطیل" نووسینی نووسەری بەناوبانگ ولیم شکسپیر بە تمثیل لەسەر شانۆی قوتابخانەی سانەوی رۆژ بەم زووانە ئەکرێت لەگەڵ بەشێکی کۆمەڵایەتی پڕ لە پێکەنین)..

بەهاری ساڵی ١٩٥٦ لەسەر شانۆی سانەویی سلێمانی و لەلایەن تیپی نواندنی سانەویی سلێمانی ئێوارانەوە بۆ ماوەی (١٠) رۆژ شانۆگەریی (عوتەیل) بۆ قازانجی قوتابیيە هەژارەکانی هەمان خوێندنگەوە پێشکەش کراوە..

ئەم شانۆگەرییە کە لە نووسینی ولیەم شەکسپیرە لە وەرگێڕانی نوری وەشتی و دەرهێنانی مامۆستا ئەنوەر توڤی بووە، لەکاتی پرۆڤە کردنیشدا رەفیق چالاك سەرنجی داوەتە ئەکتەرەکان.

رۆژنامەی ژین، لە هەمان ساڵدا سەبارەت بە شانۆگەریی باسکراو وتارێکی بە قەڵەمی (س) کە بەڕێز سەعید شەفیق بەگ بووە بە ناونیشانی (بەسەرهاتی عوتەیل) تیا نووسراوەو تیایدا وتراوە: (لە شارێکی وەکو سلێمانیدا بێ ئەوەی قوتابخانەیەکی تایبەتی تەمسیل هەبێ، بێ ئەوەی مامۆستای شارەزای تەمسیلی تیابێ، بێئەوەی هیچمان شتێك لە فەننی تەمسیل هەڵکرێنین، هەفتەی پێشوو رۆڵەکانی قوتابخانەی سانەوی رۆژو شەو توانییان لە تەمسیلی شانۆدا بگەنە ئەو پلەیەی کە دیمان، بەراستی ئەمەیە شایانی شانازی و سوپاس و ئەمەیە سەرەتای دەرکەوتنی تیشکی روناکی شانۆ لە وڵاتەکەماندا..)*.



دیمەنێك لە عوتەیل

نووسەر باسی لە گونجاندنی دەقی بێگانە کردووە لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتی خۆماندا، چونکە یەك لە ئامانجەکانی شانۆ چارەسەری نەخۆشییەکانی کۆمەڵە، نەك تەنیا گەڕانەوە بۆ رابردوو بەبێ ئامانج.

دیسانەوە نووسەری وتار سەرسامیی خۆی بەرامبەر نواندنی ژمارەیەك لە ئەكتەرەكان نیشانداوە..

ئەكتەرەكانی عوتەیل بریتی بوون لە:

نوری وەشتی– عوتەیل، تەها خەلیل– یاگۆ، عەزیز ئەمین ئاغا موختار– دێزدەمونە، یاسین خەلیل– كاسیۆ، سەلاح محەمەد جەمیل– بنیكا، كەمالەدین حاجی تۆفیق– رۆدریكۆ، خولەشەل– كرایتانۆ، شەوكەت مەلا سمایل– منتانیۆ

كەمال رەشید موختار– ئیملیا، ئیسماعیل بەرزنجی– برابانتیۆ، لەگەڵ سمكۆ عەزیز، فەرەیدون عارف نەجیب و حەسەن تەنیا.

ئەكتەرەكان دەورەكانیان بە باشی دیوەو تا ئەمڕۆ لەوانەی كارەكەیان دیوە باسی نواندنی نوری وەشتی و تەها خەلیل دەكەن.

بەر لە نمایشەكەش بە چەند رۆژێكی كەم بەهۆی گرتنی (كامیل ژیر)ەوە دەورەكەی بە تەها خەلیل سپێردراوە.

ئەم شانۆگەرییە بۆ سالی پەنجاكان زۆر گرنگ بووە، بەشدارانی بەوپەڕی راستگۆیی كاریان تێدا كردووە، لە پرۆڤەدا وەك مامۆستا وەشتی دەڵێ یاسین خەلیل بە شمشێرەكەی دەستی سنگی فەرەیدون عارفی بریندار كردوەو خوێنێكی زۆری لێڕۆیشتووە. هەر لەم بەرهەمەدا چەند هونەرمەندێكی تر بەشدارییان كردوە، ئازاد شەوقی ماكیاژو ئەنوەر توفی و قادر كوردی و عوسمان خاڵ– دیكۆریان كردوە، دەنگ و روناكیش لەلایەن (كلیمان)ی كارمەندی كارگێری خۆجێیەتی جێبەجێ كراوەو مۆسیقای وێنەییش سەمفۆنییێی شەهرزادی مۆسیقاری سۆڤیەتی (رەمسكی كۆرساكۆف) بووە.

شانۆگەرییەكە بە تەواوی پێشكەشكراوە، بێجگە لە دیمەنێ كە بەهۆی لاوازیی توانای هونەرییەوە لابرابوو.

*رۆژنامەی (ژین)، ژمارە (١٢٩٠)، ١٩٥٦/٣/٢٩

# بازرگانی ڤینیسیا

شـانۆگەریی (بازرگـانی ڤینیـسیا) یەکێکـە لـە شـاکارەکانی شەکـسپیر، لـە کوردسـتاندا گـەلێك جـار ئـەو دەقـە خراوەتـە سـەر شـانۆ، بـۆ یەکـەمین جـار ئـەم شانۆگەرییە ساڵی ١٩٤١ نمایشکراوەو (پێشتر لێی دواین).



ع.ع. شەونم

بۆ جاری دووەم لە ساڵی ١٩٥٦دا بازرگـانی ڤینیـسیا رونـاکیی دیـوە، ئەویش لە شاری هەڵەبجەی دێرین و مەڵبەنـدی ئەدەبیاتـدا بـووە، کاتـێ مامۆسـتای شـاعیر ع. ع. شـەونم لـەو سـاڵەدا لـە هەڵەبجـە مامۆسـتا بـووە بـەهاوکاری مامۆسـتا محەمـەد لاو محەمـەد عـەلی بـەرزنجی دەقـی شـانۆگەریی ناوبراویـان کـردووە بـە کوردی و ئامادەیان کردوە بۆ شانۆ (بە کورتکردنەوەوە لەبەر دەستکورتی هونەریی)، دواتر لـە سـەرەتای بـەهاری ئـەو ساڵەدا شـانۆگەرییەکەیان لەسـەر شـانۆی ناوەنـدیی هەڵەبجـەی کـوڕان بـۆ مـاوەی حەوت رۆژ نمایش کردووە.

مامۆستا شەونم لە باسی بازرگانی ڤینیسیادا وتی:

-گەر شانۆگەرییەکەمان ئامادە نەکردایە ئەوا توانای خستنە سـەر شانۆیمان نـەبوو، هـەروەها بینـەرانیش پێـی وەڕس دەبوون، شـانۆگەرییەکە جوانترین کـاری

ئەو ساڵانە بوو، بینەران لایان پەسەند بوو و ستایشی بەشدارەکانیان دەکرد..
سیان لە بەشدارانی نواندن بریتی بوون لە هونەرمەندان:

ئازاد مەلا ئەحمەد– ئەنتۆنیۆ

جەمال مەلا قادر– شایلۆك

سەباح عەبدولڕەحمان– پۆرشیا

ماکیاژ لەلایەن مامۆستا حەمەلاو و دیکۆر لەلایەن
مامۆستایان فوئاد عیزەت و ع. ع. شەونم ئەنجامدراوە.

هۆڵەکە جێگای ٢٥٠ کورسی تێدا بووەتەوە، بەڵام وەك مامۆستا شەونم دەڵێ بینەران زۆر لەو ژمارەیە زیاتر بوون، بۆیە بە ناچاری بەپێوە وەستاون و هەندێکیان لە پەنجەرەی هۆڵەوە روانیویانەتە شانۆگەرییەکەو کۆی بینەرانی نزیکەی (٣) هەزار کەسێك بوون.

نرخی بلیت ٢٥٠ فلس بووەو داهاتەکەی بەسەر قوتابیانی قوتابخانەی هەڵەبجەی سەرەتاییدا دابەشکراوە، ساڵی ١٩٧٢ هەر مامۆستا شەونم دووبارە دەقەکەی وەرگێڕاوەتەوەو لەلایەن تیپی نواندنی پەروەردەی سلێمانییەوە لە دەرهێنانی هونەرمەند ئەنوەر توفی پێشکەش کراوە. دیارە ئەم نمایشە لەوانەی پێشوو هونەرییترو سەرکەوتووتر بووە.

## دەستی ماندوو لەسەر سکی تێرە

ساڵی ١٩٥٦ لە شاری سلێمانی و لەلایەن دواناوەندی سلێمانییەوە میهرەجانێکی هونەریی سازکراوەو هۆڵەکانی خوێندنگەکە تەرخانکراون بۆ پێشانگای شێوەکاری و بەرهەمی ئیشی دەستی خوێندکاران، هەر بۆ میهرەجانەکە خوێندکاران لە گۆڕەپانی دواناوەندیدا شانۆیەکی هاوینەیان دروستکردووەو لە رۆژانی میهرەجاندا شانۆگەرییەکیان بەناوی (دەستی ماندوو لەسەر سکی تێرە) لەگەڵ شانۆگەرییەکی تردا بەناوی (عەلە ورگەی شووتی دن)ەوە پێشکەشکردوە.



دەستی ماندوو لەسەر سکی تێرە

ئەو شانۆگەرییە (دەستی ماندوو..) لە ئامادەکردنی کاک نوری وەشتی و دەرهێنانی مامۆستا فەرەیدون عەلی ئەمین بووە، هەریەک لە هونەرمەندان رەفیق چالاک و رەووف یەحیا، لەکاتی پرۆڤەکردندا سەرنجی خۆیان دەربارەی دەرهێنان و نواندن بە بەشداران راگەیاندوە.

بیرۆکـەی شـانۆگەرییەکە لـەوە دواوە کـە ململانێـی مـرۆڤ لـە پێنـاوی بنیـاتی ژیانێکی نوێی ئەوتۆدایـە کـە برسـێتی تێدا نەبێ، ژیانێك بێت مرۆڤ بە تێری و سەربەرزییەوە تیایدا بژی..

کاك ئیسماعیل بەرزنجی یەکێك بووە لە بەشدارە چالاکەکانی ئەو شانۆگەرییە کە دەربارەی وتی:

سەرپەرشتیاری گشتی میهرەجانەکەو شانۆگەرییەکان مامۆستا تاهیر بابان بوو، بەشداران هەموو توانێیـەکی خۆیـان خستبووە گەڕ، خۆشەویستی لە نێوان هەمووواندا بوو، ئەنجام ڕێزی بینەرانمان پێ بڕاو دیارییـەکانیان مێیـەی دڵخۆشـی و هاندانمان بوو..

ئەکتەرەکانیش بریتی بوون لە:

ئیسماعیل بەرزنجی ـ بایزەفەندی

تەها خەلیل ـ دایك

مەحمود محەمەد ئەمین ـ کوڕ

لەگەڵ محەمەد سەعیدو فەتاح کاوە.

هـەر لـەم فیـستیڤاڵەدا هونەرمەنـدی گـەورە حەسـەن زیـرەك بـە چـەپکێ لـە گۆرانییە بەسۆزەکانی بەشداریی کردووە.

## عەلە ورگەی شووتی دز

لە رۆژی ١٩٥٦/٥/٢٢ تا پێنج رۆژ، بە بۆنەی سازکردنی فیستیڤاڵی هونەریی قوتابیانی سانەویی سلێمانی، شانۆگەریی (عەلە ورگەی شووتی دز) لە نووسین و دەرهێنانی هونەرمەندی ناسراو رەووف یەحیا نمایشکراوە.

شانۆگەرییەکە کۆمیدی بووەو لە خانەی شانۆی میللیدا بووە، هەر بۆیە بینەران چێژیان لە بینینی دیوە.



دوا دیمەن لە (عەلەورگەی شووتی دز)

نووسەر رووداوی شانۆگەرییەکەی لە بەسەرهاتە میللییەکانەوە وەرگرتووە، باسی لە کابرایەک کردووە کە برسێتی وای لێکردوە پەنا بەرێتە بەر دزی و بەهۆی شووتی دزینەوە گیراوەو خراوەتە بەندیخانەوە، پاش ماوەیەک بەهۆی پیاوچاکێکەوە رزگاری دەبێت و هاوڕێکانیشی بەزمی شادی دەگێڕن.

بەشدارانی شانۆگەرییەکە بریتی بوون لە بەڕێزان: رەووف یەحیا، سمکۆ عەزیز، تەها خەلیل، مەحمود محەمەد ئەمین، ئیسماعیل بەرزنجی، محەمەد سەعید مەلا ئەحمەد، سەلاح قادرو فەتاح کاوە.

دوای ئەم شانۆگەرییە گۆرانیبێژی لاوی ئەو سەردەمە (عومەر رەزا) بە (هاتم هاتم)و چەند گۆرانییەکی خۆشی تر بەشداریی کردووە.

## دوو شانۆگەری ساڵی ١٩٥٧

قۆناغی دووەمی شانۆی کوردیی، کە ساڵانی نێوان پەنجاکان تا حەفتاکانە، قۆناغی زەمینە خۆش کردن و بەرەو پێشەوەچوونی بزوتنەوە شانۆییەکەمانە، چونکە لەم ماوەیەدا شانۆ دروست کراوەو هونەرمەندی بەتوانای هەڵکەوتوو دەرکەوتوون و گەلێك شانۆگەریی کوردی و وەرگێڕراو بەشێوەیەکی هونەریی رێك و پێك پێشکەشکراون، لە هەمان کاتدا لە ماوەی ساڵانی پەنجا بەدوواوە جەماوەر بەشێوەیەکی بەردەوام چوونەتە سەیری شانۆگەرییەکان و هانی ئەکتەرەکانیان داوەو بە چاوی پڕ لە رێزەوە تێیان روانیون.

لەو بەرهەمە بەپێزانەی لەو کاتەدا پێشکەشکراون و بینەران لایان پەسەند بووە، دوو شانۆگەریی بوون کە لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٧دا لەلایەن قوتابیانی سانەویی سلێمانییەوە پێشکەش کراون، ئەو دوو شانۆگەرییەش (پیسکەی تەڕپیر و گڵکۆی تازەی لەیل) بوون، لەم باسەماندا لە گەلێك لایەنی ئەو دوو بەرهەمە ئەدوێین...

## پیسکەی تەڕپیر

ئەم شانۆگەرییە لە نووسینی نووسەری بەناوبانگی فەڕەنسیی (مۆلێر)ەوە هونەرمەندان رەفیق چالاك و نوری وەشتی بە دەستکارییەوە کردوویانە بە کوردی و لەلایەن رەفیق چالاکەوە دەرهێنراوەو قوتابیان و یارمەتیدەرانیان و لیژنەکانی هونەریی سانەویی سلێمانی کوڕان بۆ باربوو دەستگیرۆیی قوتابیانی هەژاری سانەوی پێشکەشیان کردووە.

ئەم شانۆگەرییە کە لە پێنج پەردەدا بووە بە جۆرێك ئامادەکراوە کە لەگەڵ واقیعی ژیانی کوردەواری خۆمانەوە نزیك بووەو بینەران چێژو سودێکی باشیان

لێوەرگرتووە. ئەم شانۆگەرییە کە لەگەڵ شانۆگەریی (گڵکۆی تازەی لەیل)دا پێکەوە نیشاندراون، لە سەرشانۆی سانەویی سلێمانی کوڕان پێشکەشکراون و ئەکتەرەکانی بریتی بوون لەم بەڕێزانە:



پیسکەی تەڕپیر / ١٩٥٧

ڕەفیق چالاک- دەوری میرزا مەحمود

نوری وەشتی- سالار

سەلاح محەمەد جەمیل- پرشنگ

کەمال ڕەشید موختار- گەلاوێژ

تەها خەلیل- باجی ئایشێ

یاسین خەلیل- دڵشاد

شێرکۆ فایەق بێکەس- سەدیق بەگ

جیهان عومەر- ئەلەکە

مەجید محەمەد- وەلەکە

**عەبدوڵڵا محەمەد- مچە**

**بورهان کەریم مەسرەف- نەبەرد**

**ئەمینی حاجی عارف- معاونی پۆلیس**

**کەمال حەمید- باجی مەنیج**

چیرۆکەکەش، باسی کابرایەکی پیرەمێردی پیسکەی چاوچنۆك ئەکات کە ژیانی خۆی و خێزانەکەی بە پارە پەرستی تێکداوە، کوڕەکەی دڵی ئەچێت بە کچێکدا، کەچی لە هەمان کاتدا پیسکە ئەیەوێت بۆ خۆی بیهێنێت! هەروەها ئەیەوێت کچەکەشی بداتە کوڕێکی دەوڵەمەند.. گیروگرفتەکان لە ئاڵۆزبووندان تا لە کۆتاییدا سنووقی لیرەکانی لێ ئەدزن، کابرا شێت و هار ئەبێت، کە ئەیدەنەوە کەمێ دڵی نەرم ئەبێت و خواستی کوڕو کچەکەی دێنێتە دی.



بەشدارانی شانۆگەرییەکە

ئەم چیرۆکە بەشێوەیەکی کۆمیدی پێشکەش کراوەو نواندنەکەی رەفیق چالاکی خوالێخۆشبوو لەوکاتەدا دەنگی داوەتەوە[١].

ئەم شانۆگەرییە کە نرخی بلیتی بینینی ٥٠، ١٥٠، ٢٥٠ فلس بووە، دیکۆرەکەی لەلایەن هونەرمەندان خالید سەعیدو ئازاد شەوقییەوە بە یارمەتیی قوتابیانی قوتابخانەی پیشەسازیی کراوەو دەنگ و مۆسیقاش لەلایەن (کلیمان)ەوە جێبەجێ کراوە.

کاتی خۆی، مامۆستا ئەحمەد زرنگ وتارێکی دەربارەی پیسکەو شانۆگەریی گڵکۆ لە "ژین"دا بڵاوکردووەتەوە تیایدا ئەڵێت:

(بە راستی تەمسیلی پیسکەی تەڕپیر تا بڵێی رێك و پێك بوو، تەمسیلکەرەکان هەموویان و بەتایبەت میرزا مەحمود (رەفیق چالاك) و باجی ئایشێ (تەها خەلیل) یەك لەیەك باشترو بالآتر دەوری خۆیان وا دەرئەخست کە لە بیرت ئەچووەوە کە گوێت لە چیرۆکێ گرتبێ یا سەیری تەمسیلێ بکەی.. هەروا هونەرو نەخشەو نیگارو پەردەو دیکۆرو دەرهێنان و رازاندنەوەی شانۆو ئەلکتریك و مۆسیقا سەراپا خوار هەمووی باش و رێك و پێك و سوود بەخش بوون)[٢].

## گڵکۆی تازەی لەیل

ئەم شانۆگەرییە، لەگەڵ پیسکەی تەڕپیردا بۆ ماوەی هەفتەیەك لەلایەن هەمان دەستەی ناوبراوەوە پێشکەش کراوە. ئەم شانۆگەرییە کاتی خۆی وا راگەێنراوە لەو شیعرە بە ناوبانگەی ئەحمەد بەگی کۆماسییەوە ئامادەکراوە کە پیرەمێردی نەمر گۆڕیویەتە سەر لەهجەی سلێمانی، ئەحمەد بەگیش کاراکتەری سەرەکی تێکستەکە بووە. بەڵام پیرەمێرد خۆی لە یەکێك لە ژمارەکانی رۆژنامەی (ژین)دا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە گڵکۆی تازە لەیل هیی حەمە ئاغای دەربەند فەقەرەیە نەك کۆماسی[٣].



دیمەنێك لەگڵکۆی تازەی لەیل

ئەم شانۆگەرییە لەلایەن هونەرمەند رەفیق چالاکەوە ئامادە کراوەو هەرخۆشی دەرهێنەری بووە.

چیرۆکە شانۆگەرییەکە باسی ئەحمەد بەگی کۆماسیی شاعیر ئەکات کە شەیدای (لەیل) ئەبێت، لەیلی شۆخ و شەنگیش بە هەمان شێوە دڵ ئەدات بەو، رۆژێکیان ئەحمەد بە مەبەستی چوونە راو و شکار گوندەکەیان جێ دێڵێ و دوور ئەکەوێتەوە، وا رێ ئەکەوێ لەو ماوەیەدا کە ئەحمەد لەوێ نابێت (میر)ێکی دەست رۆیشتوو دێتە خوازبێنی لەیل و مام سلێمانی باوکی لەیلیش رازی ئەبێ و ئەیداتێ.. بەڵام لەیل ئەم شووە ناکات و بۆ رزگارکردنی خۆی لەو میرەو لە پێناوی پاراستنی پەیمانی دڵدارییەکەی خۆیدا پەنا ئەباتە بەر مەرگ و خۆی ئەکوژێت.

کە ئەحمەد بەگ لە راو ئەگەڕێتەوە بەم رووداوە دڵتەزێنە ئەزانێت، ئارامی نامێنێ و بەدەم کوڵی گریانەوە ئەچێتە سەر گۆڕەکەی لەیل و شیوەن و

لاواندنەوەی بۆ ئەکات.. ئەحمەد لەسەر گڵکۆی لەیل ئەو شیعرە بەناوبانگە ئەڵێت کە سەرەتاکەی بەمە دەست پێ ئەکات:

گڵکۆی تازە لەیل، گڵکۆی تازە لەیل

ئەمرٍ چوومە سەیر گڵکۆی تازە لەیل

جوابێکم نەبیست بۆ دڵەی مەحزوون

ئەنجا بڵێسەم گەیشتە گەردوون

لە کۆتاییدا، لە زمان لەیلەوە شیعرەکە ئەڵێت:

ئەمەندە خاکم لە جەستەبارە

نە جێگەی جواب نە رێی گوفتارە

هەرچەند بگەڕێیت بێ باک یا خەمناک

زۆرت نەماوە، تۆش دێیتە ژێر خاک

ئەم شانۆگەرییە، کە (بووکێکی ناکام)یشی پێ وتراوە، لە چەند پەردەیەکدا بووەو ئەکتەرەکانی بریتی بوون لەم هونەرمەندانە:

رەفیق چالاک- دەوری کوڕ واتە ئەحمەد بەگی کۆماسی، ئەنوەر ئەحمەد- لەیل، نوری وەشتی- مام سلێمان، ، لەتیف حەمدی- میر، تەها خەلیل- پیاوماقوولی میر، قادری نوری بەگ- پیاوماقووڵ، فوئاد عومەر- پیاوماقووڵ[٤].

لە شانۆگەرییەکەدا رەفیق چالاک بە دەنگی بە جۆشی خۆی چەند شیعرێکی مەولەوی وتووە، هەروەها لەدوا دیمەندا بە جۆرێك لاواندویەتەوەو شیعرەکەی گڵکۆی تازە لەیلی هێندە بە سۆزەوە وتووە بینەران بە دڵ لەگەڵ هەڵوێستەکەیدا بوون و فرمێسك لە چاویان باریوە.

لەم شانۆگەرییەدا دیکۆرێکی موجەسەمی قەشەنگ لەلایەن هونەرمەندان ئازاد شەوقی و خالید سەعیدەوە دروست کراوەو هەر ئەمانیش ئارایشتی ئەکتەرەکانیان کردووە و کاك بەهزاد سائیبیش راپەڕێنەری تیشك بووە.

لە نووسینەکەی (ئەحمەد زرنگ)دا باسی شانۆگەریی (گڵکۆی تازە لەیل) بە مجۆرە کراوە:

(نیشاندانی رەوشت و خووی بەرزی رابوردوومان، دڵداری پاکی کوردەواری، گێڕانەوەی سەرگوزشتەی کۆنی پڕ بەهامان، دەرخستنی ئەدەبی بەرزو شیعری بالآمان..

ئەوەی ئەمجارە چووبێو ئەم تەمسیلەی دیبێ بڕوا ئەکات کە بەڕاستی شانۆ قوتابخانەی گەلە.. بەمەداو بە هەموو تەمسیلەکانی ساڵانی رابوردووشمانەوە بۆمان دەرئەکەوێ کە ئێمە ئامادەین، خاوەن تواناین، ئەم جۆرە هونەرو ئیشە پڕ سوودانەمان لە باردایە، هونەرمەندی بەرزو بە دەسەڵاتمان تیایە، هەروا ش دانیشتووانی شار بەوەدا کە بە رۆژی بەفرو شەوی سەرما ئەچوون و ستایشیان ئەکرد، ئەمە وا ئەگەیێنێ ئەم هەستە بەرزە لە هەموواندایە.. بەڵام ئاخ!! خۆزگە بەم زووانە شانۆیەکی دامەزراوی رێك و پێکمان ئەبوو، هەروەها فرقەیەکی تەمسیلی هەمیشە ئامادەو بێ کەم و کوڕیشمان بۆ رێك ئەخرا)[٥].

## پەراوێزەکان:

١-دەربارەی ئەم شانۆگەرییەو رەفیق چالاك بڕوانە: رۆژنامەی العراق، العدد ١٣٢٣، ١٩٨٠/٦/٣٠، البخیل، یاسین قادر البرزنجي.

٢-رۆژنامەی "ژین"، ژمارە ١٣٣٣، ١٩٥٧/٢/١٤.

٣-گۆڤاری بەیان، ژمارە ١٠١-١٠٢، ١٩٨٤، گڵکۆی تازەی لەیل و لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی، نووسینی مەحمود زامدار.

٤-ئەو ناوانەی لە لاپەڕە ٦٥ی کتێبی (شانۆو شانۆی کوردەواری)ی کاك حەسەن تەنیادا نووسراون هەڵەن و ئەکتەرەکانی ئەم شانۆگەرییە تەنیا ئەمانە بوون کە ناومان بردوون.

٥-رۆژنامەی ژین، ژمارە ١٣٣٣ی ١٩٥٧.

## تاوانی چی بوو

ساڵی ١٩٥٨، بەر لە شۆڕشی چواردەی تەمووز بە مانگێک، تیپی مەولەوی شانۆگەرییەکی کۆمەڵایەتی بەناوی (تاوانی چی بوو)ی پێشکەش بە جەماوەری سلێمانی کردووە. ئەم شانۆگەرییە کە سوودەکەی بۆ قوتابییە بێ باوکەکانی قوتابخانەی مەیتەمی ئیسلامی بووە لە نووسینی چیرۆکنووس مامۆستا مستەفا ساڵح کەریم و دەرهێنانی هونەرمەندی ناسراو قادر دیلان بووە.



نەرمین ناکام و نەجاتی عەبدە لە شانۆگەرییەکەدا

ڕۆژنامەی (ژین) لە مانگی مایسدا هەواڵی ئەم شانۆگەرییەی بەم شێوەیە بڵاوکردووەتەوە:

(لە مانگی داهاتوودا تیپی مۆسیقای مەولەوی چەند شتێکی تازەو جوان پێشکەش ئەکات لەسەر شانۆی مەکتەبەی گشتیی تازە، چیرۆکی تاوانی چی بوو کە دەردێکی

گرنگی کۆمەڵایەتیمان تیمار ئەکات، تەمسیل لەلایەن ئەندامانی تیپی مەولەوی-یەوەیە.. هەر لە ئێستاوە خۆت ئامادەکە کە ئەم ئاهەنگەت لە دەست نەچێ، لە بیرت نەچێ: لەگەڵ ئەوەشدا کە ئاهەنگ ئەبینیت یارمەتیی قوتابیانی مەیتەم ئەدەیت[1].

ئەم شانۆگەرییە لە هۆڵی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی پێشکەشکراوە کە ئەو کاتە بەرامبەر مزگەوتی گەورە بوەو پرۆگرامەکەشی بە فرۆکەی کشتوکاڵ بەسەر شاردا بڵاوکراوەتەوە.

## کورتەیەکی شانۆگەرییەکە

"هەڵۆ" لاوێکی خوێن گەرمە، یەکێکە لە قوتابییە تێکۆشەرەکانی ئەو سەردەمە، لە قوتابخانە دەرئەکرێ و ئەیکەن بە سەرباز لە تەك هاوڕێکانیدا.

هەڵۆ گیروگرفتێکی تریشی هەیە، دوای مردنی باوکی، دایکی شووی کردۆتەوە بە کابرایەك کە چاوی بڕیوەتە پارەو خانووبەرەکەیان، هەموو شەوێ ماڵیان پڕە لەو هاوڕێیانەی خۆی کە بەدەم خواردنەوەوە مێزی قومار ئەڕازێننەوە، ژیان لە هەڵۆ تاریك ئەکەن.

هەڵۆو شەوبۆ خۆشەویستی یەکن، بەڵام کەس بە تەنیا بە خۆشەویستی ناژی، لەبەر ئەوە بێ هیوایە، تروسکایی لە دواڕۆژیاندا نییە.. کە ئەکرێت بە سەرباز، بە ناچاری برا بچکۆلەکەی لە قوتابخانەی (مەیتەم) ناونووس ئەکات و ئەچێ بەلای کاری خۆیەوەو خۆشەویستییەکەی لە دوو توێی دڵیا ئەپێچێتەوە.

دوای رۆیشتنی هەڵۆ، شەوبۆی خۆشەویستی شوو بە ئەفسەرێك ئەکات.. ئەفسەرەکەش لە هێزێکە لەو ناوچەیەی هەڵۆی تیایە، بە رێکەوت هەڵۆو شەوبۆ یەکتری ئەبینن. ئەکەونە رازو گلەیی لیەککردن، لە چاوپێکەوتنێکیاندا مێردەکەی ئەیانبینێ، بەبێ لێکۆڵینەوە، دەمار ئەیگرێ و تاو ئەداتە دەمانچەو ژنەکەی ئەکوژێ!!

## ئەکتەرەکان:

ئەکتەرەکانی ئەم شانۆگەرییە بریتی بوون لەم بەڕێزانە:

نەجاتی عەبدە، لە دەوری هەڵۆدا، نەرمین ناکام، لە دەوری شەوبۆدا، سمکۆ ناکام، منداڵ- برای هەڵۆ، نوری بەدەوی، باوك- میرزا حسەین، تەها خەلیل، دایك- رەعنا خان، رەئوف یەحیا، باوە پیارەی هەڵۆ- رۆستەم ئەفەندی، عەباس تۆفیق گورجی- ئەفسەر.

ئەوکاتە، دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (شەفەق) هاتوونەتە بینینی (شانۆگەریی تاوانی چی بوو)، پاشان بە وتارێك سەرنجی خۆیان دەربارەی دەربڕیوە، لەو وتارەدا نووسراوە:

(شاری بێ شانۆ گۆڕستانە، هونەروەریش مامۆستای گەلە، کەواتە ئەی گەلی کورد، هونەر سەرچاوەی بووژاندنەوەی راستیتە، پشتی بگرەو بەهەموو تواناتەوە بەچاوێکی یەکجار بەرز تەماشای هونەروەرە دڵسۆزەکانت بکە..) پاشان، دەربارەی شانۆگەرییەکە نووسراوە:

(بە شێوەیەکی گشتی، چیرۆك و نواندن و دیکۆرو دەنگ و روناکی و ئاواز لە جێی خۆیدا بوو. وە هیوامان وایە کە لەمەو دووا زیاتر ئیهتیمام بە اخراج و ماکیاج بدرێ، پڕ بە دڵیش سوپاسی خوشکە نەرمین سعید ناکامیش ئەکەین بۆ هاتنە سەر شانۆی و گیانی بەرزی هونەروەریی..)(٢).

بێگومان ئەم شانۆگەرییە لە هەندێ رووەوە بە بەرهەمێکی باشی ئەو کاتە دائەنرێت، چونکە دەستەیەك هونەرمەندی بەتوانا بەشدارییان تیا کردووەو هەروەها ئافرەتیش دەوری تیا بینیوە(٣).

هونەرییەکانی ئەم شانۆگەرییە بریتی بوون لەم بەڕێزانە:

-دیکۆرکێش و جێبەجێکردنی: جەمال بەختیارو خالید سەعیدو مەحمود زێوەر

-روناکی و ماکیاج: ڕەووف یەحیا

-مۆسیقای تەسویری: ولیەم یوحەننا

پاش پێشکەشکردنی شانۆگەرییەکە، لە ڕۆژنامەی (ژین)دا بە قەڵەمی (ئەلف) وتارێك دەربارەی نووسراوە، تیایدا وتویەتی:

(بێگومان ئەوی چیرۆکەکەی دیبێ بۆی دەرکەوتووە کە کاك مستەفا ساڵح کەریم توانایەکی تەواوی لە چیرۆکنووسیندا پیشان داوەو بە ڕاستی چیرۆکەکەی گەلێك بەهێز بوو ڕۆستەم ئەفەندیش (مەبەستی لە کاك ڕەووف یەحیایە-ی. ق. بەرزنجی) هەر خۆی ڕۆستەم ئەفەندی بوو، هەموو جوڵانەوەیەکی لە شوێنی خۆیدا بوو، وای لەدانیشتووان کردبوو کە چاوی لێ نەتروکێنن و بیریان بەلای کەموکوڕییەکانی تردا نەچێت.. خۆ هەڵۆ (کاك نەجات عەبدە) ئەگەر نەختێ لە پاڕانەوەکانی کەم بکردایەتەوە ئەوەندەی تر تەمسیل کردنەکەی جوانتر ئەبوو.. پێویستە سوپاسێکی گەرمیش پێشکەشی کاك جەمال بەختیار بکرێت بۆ ئەو هونەرمەندییەی لە دیکۆردا دەریخست)[٤].

ئەم شانۆگەرییە بۆ ماوەی یەك هەفتە پێشکەش کراوەو نرخی بلیتیش ١٥٠ فلس بووە، لەگەڵیا ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقا پێشکەش کراوەو یەك لە گۆرانیبێژەکان کاك عومەر ڕەزا بووە کە بۆ یەکەم جار گۆرانی (لە یارەوە)ی لەو ئاهەنگەدا وتووە.

# پەراوێزەکان

١-رۆژنامەی ژین، ژمارە ١٣٩٥، ١٩٥٨/٥/٢٩.
٢-گۆڤاری شەفەق، ژمارە ٧، تەمموزی ١٩٥٨، ل ٢٣.
٣-لەکتێبی (شانۆو شانۆی کوردەواری)دا کاك حەسەن تەنیا، لە لاپەڕە ٦٥-٦٦دا خاتوو نەرمین ناکامی ئەکتەری ئەم شانۆگەرییەی بە یەکەم کچ داناوە کە چووەتە سەر شانۆ، کەچی نووسەر هەر خۆی لە باسی شانۆگەرییەکی پێشتردا (مەم و زینی ١٩٥٨) خوشکە گوڵزار عومەر تۆفیقی بە یەکەم کچە ئەکتەر داناوە! هەروەها دەرهێنەری ئەم شانۆگەریی تاوانی چی بووەی بە هونەرمەند ڕەووف یەحیا زانیوە! ئەمانە جگە لەوەی کە ناوی نووسەری شانۆگەرییەکەشی نەبردووە!!
٤-رۆژنامەی ژین، ژمارە ١٤٠٠، ١٩٥٨/٧/١٧، ئەم وتارە پێش چواردەی تەمموز نووسراوە، بڵاوکردنەوەی کەوتۆتە دوای شۆڕش، پێموابێ لە نووسینی مامۆستای خوالێخۆشبوو ئەنوەر ئەدهەمە.

## مەم و زین لەسەر شانۆی کوردی

شانۆگەریی "مەم و زین" گەلێك جارو لەسەر زۆر شانۆی جێگاو شارەکانی کوردستان پێشکەش کراوە. بە گوێرەی زانیاریی ئێمە، وەك لەپێشتردا لێی دواین ئەم شانۆگەرییە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ٩٣٥دا لە سەردەمی کۆمەڵی زانستیدا لە شاری سلێمانی پێشکەش کراوەو تێکستەکەشیان لە چیرۆکە شانۆییەکەی پیرەمێردەوە ئامادە کردووە کە ساڵی ١٩٣٤ لە چاپیکردوە.

لە کتێبی "شانۆی کوردەواری"شدا ئەوە باسکراوە کە ئەم شانۆگەرییە لە ساڵی ١٩٤٤دا لە داستانەکەی ئەحمەدی خانییەوە ئامادە کراوەو لە هەمان ساڵدا لە سلێمانی پێشکەش کراوە[١].

هەروەها، ١٩٤٨یش مەم و زین لە چەمچەماڵ بە هەوڵ و کۆششی مامۆستا شاکیر فەتاحی قایمقامی ئەوسای چەمچەماڵ پیشکەش کراوە[٢].

پاش ساڵی ١٩٥١یش، لە "ئاکرێ" هەمان شانۆگەریی پێشکەش کراوەتەوە[٣].. ساڵی ١٩٥٧یش، هەروەك مامۆستا ع. ع. شەونم وتی[٥]، ئەم شانۆگەرییە لە هەڵەبجە پێشکەش کراوەو لە ساڵی ١٩٥٨دا بە چەشنێکی گونجاوترو هونەرییانە تر لەوانەی پێش خۆی، شانۆگەریی مەم و زین لە شاری سلێمانی پێشکەش کراوە، "لەم باسەماندا بە درێژیی لەم شانۆگەرییەی ساڵی پەنجاو هەشت ئەدوێین"..

لە شاری هەولێریش، لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٩٧٦دا شانۆگەریی مەم و زین لە ئامادەکردنی مامۆستای هونەرمەند تەلعەت سامان، لەلایەن تیپی هونەری نوێی کوردییەوە پێشکەش کراوە.

دوا جاریش، شانۆگەریی مەم و زین، لە ئامادەکردن و دەرهێنانی هونەرمەندی لاو سەعید مەجید زەنگنە "کرمانج" و لەلایەن تیپی شانۆی مەڵبەندی لاوانی دهۆکەوە لە

میهرەجانی مەڵبەندەکانی لاوانی کوردستاندا رۆژی ١٢-٩-١٩٨٢ بە شێوەیەکی جوان لە شاری دهۆك پێشکەش کراو خەڵاتی یەکەمینی ئەو میهرەجانەی پێ بەخشرا.

## ( مەم و زین )ی ساڵی ١٩٥٨ لە سلێمانی




بەشدارانی شانۆگەریی مەم و زین

لە پەنجاکاندا، یەکێك لەو قوتابخانانەی بەرهەمی شانۆیی نایابی پێشکەش کردووە، قوتابخانەی ناوەندی شەو بووە. لە ساڵی ١٩٥٨دا، مامۆستای خوالێخۆشبوو ئەمینی میرزا کەریم قوتابی بووە لە ناوەندیی شەوی سلێمانی، لەو ساڵەدا دەستی داوەتە ئامادەکردنی مەم و زینی خانی بۆ شانۆ، سەرچاوەکەشی چاپی عەرەبی چیرۆکەکە بووە کە لەلایەن محەمەد سەعید رەمەزان بۆتییەوە ساڵی ١٩٥٧ کراوە بە عەرەبی و لە شام چاپکراوە. کاك ئەمین شانۆگەرییەکەی بە یارمەتی هونەرمەند قادر دیلان ئامادەکردووەو،

هەر هەمان ساڵ لەلایەن هونەرمەند ئەنوەر توفیقییەوە دەرهێنراوەو لە ڕۆژانی ٢٣-٢ تا ٥-٣-١٩٥٨ واتە بۆ ماوەی (دە) ڕۆژ پێشکەش کراوە.

شایانی باسیشە، کاك ئەمینی نەمر لەم شانۆگەرییەوە بە توانایەکی هونەرمەندانەوە هاتووەتە ناو جیهانی شانۆوەو سەرەتایەکی ڕاستەقینەی بووە لە نووسینی تێکستی شانۆگەرییدا.

ئەوکاتە، لە ناوەندی شەودا لیژنەیەك لە قوتابیان دروستکراوە بۆ کاروباری هونەری و شانۆگەریی پێشکەشکردن و کاك ئەمین ئەندامی ئەو لیژنەیە بووە، بە مەبەستی پێشکەشکردنی شانۆگەرییەك بۆ قوتابییە هەژارەکان و پاشانیش بەخشینی قازانجی بەرهەمەکە پێیان، ئەو لیژنەیە "مەم و زین"ی هەڵبژاردووە[٦].

ئەم شانۆگەرییە، لەسەر شانۆی قوتابخانەی سانەوی سلێمانی نیشاندراوەو لە گەڵیدا ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقاش پێشکەش کراوە. شانۆگەرییەکە لە هەشت پەردەدا بووەو ئەکتەرە سەرەکییەکانی بریتی بوون لەم بەڕێزانە:

-قادر دیلان لە دەوری "کاکە مەم"دا.
-گوڵزار عومەر تۆفیق لە دەوری "خاتو زین"دا.
-ڕەووف یەحیا لە دەوری "تاژدین"دا.
-عەزیزی مەحمود بەگ "خاڵە" لە دەوری "بەکر مەرگەوەڕ"دا.
-فایەق محەمەد "فایەقە ڕەش" لە دەوری "ستێ"دا.
-بەکری حاجی قادر "ڕاساڵ" لە دەوری "ئەحمەدی خانی- حیکایەتخوان"دا.
-کەمالەدینی حاجی تۆفیق لە دەوری "باوکی زین"دا.
-حەسەن تەنیا "پیرێژن" و، ئەکرەمی فەقێ مەحمود "کارەکەر" و، حسەین عەلی "مەلا"و لەگەڵ چەند ئەکتەرێکی تردا.

لە وانەی لە بینینی دەورەکانیاندا زۆر سەرکەوتوو بوون، هونەرمەندان قادر دیلان و گوڵزار عومەرو رەووف یەحیاو عەزیزی مەحموود بەگ بوون. تەنانەت (خاڵە عەزین) ئەوەندە جوان چووەتە دەورەکەیەوە، خەڵکی رقیان لێی بووەتەوەو رۆژێك قسەی ناخۆشیان پێ وتووە ئەویش تۆراوەو ئەو ئێوارەیە دەوری نەبینییوە، ناچار ئەنوەر توفیی دەرهێنەر دەورەکەی بینیوە!.

لایەنە هونەرییەکانی ئەم شانۆگەرییە بە شێوەیەکی جوان و لەبار راپەڕێنراوەو چەند هونەرمەندێکی بەهرەدار بەشداربوون تیایدا، لەوانەش: جەمال بەختیار "دیکۆرکێش"، رەووف یەحیا "ئارایشت"، گۆرگێن "روناکی"، ولیەم یۆحەننا "مۆسیقا تەسویری". زۆربەی دیکۆرەکان "مجسم" بووەو جل و بەرگ لە دهۆکەوە هێنراوە تا رەنگ و بۆی رووداوە ئەسڵییەکەی هەبێ.


خاتوو گوڵزار عومەر تۆفیق

خاتوو گوڵزار عومەر کە دەوری "زین"ی بە باشی بینیوە، گرنگی دەور بینینەکەی ئەو لەوەشدا بووە لەو کاتەدا بەشداریی کردنی ئافرەت لە شانۆدا کارێکی یەکجار زەحمەت بووە، ئەویش بە هاوکاری کردنی و بەنواندنی سەرکەتووی سیمایەکی جوانی داوەتە شانۆگەرییەکەیان. تەنانەت، بەر لە دەست پێکردنی شانۆگەرییەکە، هەموو رۆژێ هەر خۆی وتارێکی خوێندووەتەوە تیایدا باسی ئافرەت و شانۆی کردووەو ئەو وتارەش لەلایەن ئەمینی میرزا کەریمەوە نووسراوە.

ئەم خوشکە، بە یارمەتی و هاندانی براکەی "مامۆستا جیهان عومەری چیرۆکنووس" بەشداریی ئەو شانۆگەرییەی کردووە، خەڵکی بیرڕوناك بەرێزەوە

تەماشایان کردووە، تەنانەت چەندین دیاریو خەڵاتی پێ دراوەو لەوانەش بازنێکی ئاڵتوونە کە لە دوا ئێوارەی شانۆگەرییەکەدا پێشکەشی کراوەو ناوی "مەم و زین"ی لەسەر هەڵکەنراوە[٧].

ئەم شانۆگەرییە کاتی خۆی دەنگدانەوەیەکی باشی هەبووەو جەماوەرێکی زۆری بینەران چوونەتە سەیری و نرخی بلیتیش ١٥٠ فلس و ٢٥٠ فلس بووە. کاتی خۆی مامۆستا ئەمینی میرزا کەریم وتارێکی دەربارەی ئەم شانۆگەرییە نووسیوەو تیایدا ئەڵێ: چیرۆکی مەم و زین جگە لەوەی کە لەسەر بەرزترین پلەی مێژووی وێژەی کورددا دانراوەو وێژەی کوردی پێ رازاوەتەوە.. بە نواندنی چیرۆکی مەم و زین دوو نیشانی سەرەکی بە تیرێك شکاو دوو هەنگاوی گەورە بوو بەرەو پێشەوە، هەنگاوی یەکەم ژیانەوەی میراتی نەتەوایەتیمانە، ئەو میراتە وێژەییە بەنرخەی کە بوێژی نەمری کورد "ئەحمەدی خانی" بۆی بەجێ هێشتووین. هەنگاوی دووەم، بەشداریی ئافرەتی کورد لە هونەردا.. خوشکە گوڵزار عومەر تۆفیق بوو بە پێشەنگ بۆ هەموو ئافرەتانی کورد..[٨].

## پەراوێز

١-بۆ ئەمەی کاك حەسەن تەنیا باسی کردووە، هیچ زانیارییەکی وام چنگ نەکەوت کە راستی قسەکەی ئەو بسلەمێنێ و باسی مەم و زینی ئەو ساڵە ساغ بکاتەوە.. هەروەها نووسەر ناوی ئەوەی بردووە کە حاجی باقی لە چل و چواردا نازناوی "بەنگینە"ی بەسەردا بڕاوە، لە راستیدا ئەمە هەڵەیەو حاجی باقی نانەوا لە مەم و زینی "١٩٣٥"ەوە کە دەوری "بەنگینە"ی دیوە ئەو ناوەی دەرکردووە، خۆشی لەو کاتەوە شیعری بە نازناوی بەنگینە لە -ژیان-دا بڵاوکردووەتەوە.

# شەوی کۆتـایی

تیپـی لاوانـی سـلێمانی، لـە ڕۆژی ١٩٥٩/٧/١٤دا یەکـەم نمایـشی شـانۆگەریی (شەوی کۆتایی) لە سەر شانۆی ئەو هۆڵەی کەوتبووە بەرامبەر مزگەوتی گـەورەی سلێمانی پێشکەش کردوەو پێنج ڕۆژ بەردەوام بووە.



بەشدارانی شەوی کۆتایی

شانۆگەریی شەوی کۆتایی لە نووسینی مامۆستا سـەعید ناکام و دەرهێنـانی مامۆسـتا ئـەمینی مـیرزا کـەریم بـووەو باسـی لـە شۆڕشـی ١٤ی تـەمموزی سـاڵی ١٩٥٨ کردووەو تیشکی خستووەتە سەر پیرۆزیی شۆڕشەکەو ئامانجە ڕەواکانی.

لـە درێـژەی شـانۆگەرییەکەدا گـەورە بەرپرسـانی دەسـەڵاتی پاشایەتی بۆگـەن بینـراون کـە بـە ڕابـواردنی خۆیـان شـەو بەسـەربردن، دوور لـە غـەم و ئـازاری خەڵکییەوە خەریك بوون، بێ ئاگابوون لەوەی ڕۆڵەکانی گەل لەودیو دیوارەکانەوە خەریکی بەرپاکردنی شۆڕش و ڕوخاندنی ڕژێمە گەندەڵەکەیان بوون..

ئیدی لە غەفڵەتی سەرانی ڕژێمەکەدا، ئەفسەرە ئازادیخوازەکان شۆڕش دەکەن و بەرووخانی ئەوان لاپەڕەیەکی پرشنگدار لە مێژووی گەلەکەمان هەڵدەدرێتەوە..

بەشدارانی شانۆگەرییەکە بریتی بوون لە" کەمال ڕەشید موختار- وەسی، عەبدولڕەحمان حەکیم- مەلیل فەیسەڵ، عەبدوڵڵا مەجید -بەهجەت عەتییە، موشیر ساڵح کۆیی- بەردەست، عەلی عەبدوڵڵا محەمەدو کاوە ئەحمەد میرزاو تەها خەلیل و عەزیز ئەمین ئاغای موختار- ئەفسەرە ئازادەکان، لەگەڵ کاک ڕەووفی عەلی ماستاو.

دیکۆر و ماکیاژیش لەلایەن هونەرمەند جەمال بەختیار-ەوە رایی کراوە. کاک عەبدولڕەحمان حەکیم بیرەوەریی خۆی سەبارەت (شەوی کۆتایی) گێڕایەوەو وتی:

-یادگاری شیرینمان هەیە لەگەڵ ئەو کارەدا، لەکاتی کۆشتنی مەلیکدا (کە من دەورەکەیم دەدی)، تەها خەلیل هەر بە ڕاستی لێی دەدام، کە پەردە دادرایەوە هاوارم لێکرد، چییە تەها بۆ وا دەکەی، ئەی من نەمردووم؟!

هەروەها بۆ ماکیاژ کردن پێویستمان بە وێنەیەکی مەلیك فەیسەڵ بوو، لە ترسی جەماوەر بە دزییەوە وێنەکەمان گەیاندە هۆڵەکە.

# كاوەی ئاسنگەر

كاوەی ئاسنگەر، رەمزی قارەمانێتی و ئازادی و بەردەوامیی، ئەو داستانە نەمرە بۆ یەكەمین جار لە ساڵی ١٩٥٩دا لە شاری سلێمانی خراوەتە سەر شانۆ.. شانۆگەرییەك بووە لە نۆ دیمەنداو لە نووسین و دەرهێنانی مامۆستا كامەران موكری بووە.

شانۆگەرییەكە كارێكی هونەریی جوان بووەو بە سەلیقەی هونەرمەندانەوە مامەڵە لەگەڵ (كاوەی ئاسنگەر)دا كراوە.

بە كورتی، ئەو شانۆگەرییە باسی لە زوڵم و زۆری ئەژدەهاك كردوە، پاشانیش راپەرینی گەل بەسەركردایەتی "كاوە" و لەناوبردنی تەخت و تاراجی پاشای خوێنمژ..

ئەكتەرەكانی كاوەی ئاسنگەر بریتی بوون لە بەڕێزان:

كامەران موكری– كاوە، كەمالەدین حاجی تۆفیق– ئەژدەهاك، مەحمود عەزیز– وەزیر، گەلاوێژ سابیر كۆیی– ژنی كاوە، سوعاد سەعیدو پەروین عەزیز– كەنیزەك، جەلال وەستا ئەمین– هاوڕێی كاوە لەگەڵ تاهیر سالح سەعید.

شانۆگەرییەكە بۆ ماوەی (٩) رۆژ لە سەر شانۆی سانەویی سلێمانی پێشكەش كراوەو بینەرێكی زۆر بە دیتنی شادبوون و قازانجەكەشی بەسەر قوتابییە هەژارەكاندا دابەشكراوە.

كارە هونەرییەكانی وەك دیكۆرو ماكیاژ و دەنگ بە باشی جێبەجێ كرابوون.

مامۆستا كامەران موكریی شاعیر گێڕایەوەو وتی:

–لە شەوێكی نمایشەكەدا، كاتێ كاوە پەلاماری ئەژدەهاك دەدات، لە هۆڵەكەوە دایكی ئەژدەهاك (كاك كەمالەدین) هاواری كرد:

نەكەی دەستت شكێ.. منیش هەندێ شپرزە بووم، بەڵام خۆمم بەئاگا هێنایەوەو دەورەكەم بە باشی تەواو كرد.

## بووکی ژێر دەواری ڕەش

کۆمەڵی هونەرە جوانەکان لە سلێمانی لە ماوەی کارکردن و بەرهەم پێشکەش کردنیدا لە ساڵانی نێوان ١٩٥٧-١٩٦٣ خزمەتێکی باشی جوڵانەوەی هونەری کوردیی کردووە. ئەو شانۆگەرییانەی کۆمەڵ پێشکەشی کردوون هەنگاوی گەورە بوون لە مێژووی شانۆماندا، چونکە ئەندامی چالاك و هونەرمەندی بە سەلیقە بەرهەمهێنەری شانۆگەرییەکانیان بوون.



رەفیق چالاك و ژمارەیەك لە ئەکتەرەکانی بووکی ژێر دەواری رەش

یەکێك لە بەرهەمە هەرە دیارەکانی کۆمەڵی هونەرە جوانەکان، شانۆگەریی (بووکی ژێر دەواری رەش) بووە کە ساڵی ١٩٦١ لەگەڵ دیمەنێکی کۆمیدیدا بەناوی "خەسووە یان ئەژدیها"ەوە لە شاری سلێمانی پێشکەش کراوە.

ئەم شانۆگەرییە لە چیرۆکێکەوە ئامادەکراوە کە لە نووسینی مامۆستا ئەبو بەکری شێخ جەلال- أ. ب. هەورییە (١٩١٥-١٩٧٨)و هەر بە ناوی (بووکی ژێر

دەواری رەش)ەوەیـە. کـاتی خـۆی هونەرمەنـدان رەفیـق چـالاك و نـوری وەشـتی بـە یارمەتیی نووسەر خۆی ئامادەیان کردووە بۆ شانۆو لە هۆڵی کتێبخانەی گشتی (کە ئـەو کاتـە بەرامبـەر بـە مزگـەوتی کـاك ئەحمـەدی شـێخ بـووە) بـۆ مـاوەی نـۆ رۆژ، لـە ١٩٦١/٣/٢ تا ١٩٦١/٣/١٠ پێشکەش کراوەو دەرهێنەرەکەشی رەفیق چالاك بووە.

نووسـەر بـەدوای پێـشکەشکردنی شـانۆگەرێکەیدا چیرۆکەکەشـی لـە چـاپداوە[١].

بیری سەرەکیی شانۆگەرییەکە لە فۆلکلۆرو بەسەرهاتە کوردییەکانەوە وەرگیراوە.

بەر لە پێشکەشکردنی شانۆگەرییەکە، گۆڤاری (رۆژی نـوێ) بـەم شـێوەیە هـەواڵی شانۆگەرییەکەی راگەیاندووە:

(بـەم زووانـە بـووکی ژێـر دەواری رەش، ئـەو چـیرۆکەیە کـە لـەناو جەرگـەی گـەلی کـوردەوە سـەری دەرهێنـاوە، چیرۆکی جـوان مـیری و ئازایـەتی و قارەمـانی لاوە چـاو نەترساوەکانی گەلی کورد، باسی دڵدارییەکی پـاك و خـاوێنی کیـژو کوڕەکـانی نـەوەی کوردی دلێرە.. هیوادارم لە هەموو رۆڵەیەکی کوردی قارەمان کە لـە رێـی پێشخستنی هونەری گەلەکەیدا پشتگیریمان بکات)[٢].

ئەم چیرۆکەی مامۆستا هەوری یەکێکە لـە شاکارەکانی شانۆی کوردیمـان، کـاتی خۆشـی بـە شـێوەیەکی ئـەوتۆ ئامـادەی شـانۆ کـراوە کـە تـا ئێـستا وا لەبـەر چـاوی بینەرانی و لەبیری شانۆ دۆستاندا ماوە، هۆکەشی لە دوو خاڵی سەرەکیدایە: یەکـەم، هونەرمەنـدانی بـەتوانا ئامادەکـەرو دەرهێنـەرو ئەکتـەری بـوون. دووەم، بەسـەرهات و رووداوی شـانۆگەرییەکە بـە گیـانی بینـەران و ژیانیـان ئاشـناو نزیـك بـووە، ئـەوەتا نووسـەر خـۆی بڕوای وایـە: (ئـەبێ چـیرۆکێك بنووسـین کـە بگونجێـت و وێنـەی ئـەو چیرۆکە روو بدات و بوونی ئەو جۆرە کەسانەی کە لـە چیرۆکەکەدا هـەن دوور نەبێت لە جەرگەی کۆمەڵایەتییەوە)[٣].

چیرۆکەکە بـاس لـە لالـە سـەرحەدی پیـاو مـاقووڵ و بـە جـەرگی ئاواییـەك ئـەکات کـە کـوڕێکی هەیـە بـەناوی "سـەیاڵ"یـەوە، دڵـی ئەچـێت بـە "شـانازی لالـە مـوراد"دا، سـەیاڵ

بەگزادەیەو شانازیش کچە هەژارە، لالە سەرحەد کە لە تیرەی "روخزایی"یەو ئاگای لەم کەین و بەینەیە، بەلام مەراقێکی گەورەی هەیە، چونکە لەوە ئاگادارە کە تیرەی "تەرخانی"ی بن ئامۆزایان بەناوی سەندنی خوێنی کۆنەوە بە یاریدەی بێگانە ئەیانەوێ هێرش بکەنە سەریان و زیانیان پێ بگەێنن!

هەر بۆیە لالە سەرحەد بیر لەوە ئەکاتەوە جارێ چۆن چۆنی بەرەنگاری لەشکری دوژمن بێتەوەو گەر سەکەوتن ئەوا ئەوسا شاناز بۆ سەیالی بێنێت، پاش ئەوەی لالە لەگەڵ دەمڕاست و مەلاو پیاوانی گونددا کۆئەبێتەوە، ئەوپەڕی ئازایەتی لە بڕیاردا دەرئەبڕێت، پێیان ئەڵێت: (سەرحەدو چنارەکەی بەرمالان بە یەکەوە رەو ئەکەن و پشت ئەکەنە دوژمن، لەسەر بستێك زەوی مەڵبەندی روخزایی ئەبێت خوێنی سەرحەد بڕژێت بە سەر وێنجەو سێپەڕەی ئەم بەهارەدا.. من و راکردن و نیشتمان دۆڕاندن ئاسمان و رێسمانین.)..

هەموو بڕیار ئەدەن لەشکر کۆبکەنەوەو ئامادەی شەڕ بن، لەم کاتەدا "مەوالی"ی کوڕە گەورەی سەرحەد پێیان ئەڵێت: (مادام ئێمە شەڕ بۆ پاراستنی سەرو ماڵ و نیشتمان و ناموسمان ئەکەین بێگومان سەر ئەکەوین).

لە رێگەی ئاشیش سەیالی و شاناز پێك ئەگەن، دوای ئەوەی رازی دڵ و دەروونیان بۆ یەك هەڵ ئەڕێژن، دوا خواحافیزی لە یەك ئەکەن.. شەڕ ئەقەومێ، لاشەی چەند کوژراوێك دێتەوە ئاوایی، سەرحەدی پیری بەجەرگ بەناو لاشەکاندا دێت و ئەچێت، کە ئەبینێ کوڕەکانی خۆی تیایاندا نین بە ژنەکەی ئەڵێت: (کچێ ئابڕوومان چوو، لەناو هەموو روخزاییدا بووین بە پەنگ، کوڕە ترسنۆکەکانی من و تۆ لە کەندەلاندا خۆیان شاردۆتەوە، ئەی ئەگەر وا نییە کوا؟ بۆچی لاشەی یەکێکیانیان بۆ نەهانیوەتەوە؟!).

پاش تاوێك لاشەی "سەیالی" دێتەوە، ژنەکەی سەرحەد شین ئەکات، بەلام سەرحەد ورەی بەرزەو بە ژنەکەی ئەڵێت: (بڕۆ بزانە لە کوێوە پێکراوە، چونکە بەو خوایەی گیانی سەرحەدی بە دەستە ئەگەر لە پشتەوە پێکرابێت نایەمە سەر لاشەکەی)..

کە ئەزانێت لە پێشەوە سنگی پێکراوە خۆشحاڵ ئەبێت، چونکەلای روون ئەبێتەوە لەکاتی هەڵمەت و هێرشدا پێکراوە.

شاناز کۆستی ئەکەوێ، لێوی بەخوێنی دەزگیرانەکەی ئاڵ ئەکات، خەنەی شاییەکەی خوێن و زامی لاوان و تارای بووکێنیی دەواری رەش بووە. دواجار بە هۆرەی سەرکەوتنی روخزاییەکان کۆتایی بەو شەڕو شۆڕە خوێناوییە دێت و ئاوایی رزگاری ئەبێ و بزەی شادمانی ئەچێتە سەر لێوی رۆڵەکانی.

ئەکتەرەکانی ئەم شانۆگەرییە بریتی بوون لە بەڕێزان: رفیق چالاك "لالە سەرحەد"، نەجاتی مەحوی "شاناز"، رەووف ماستاو، عەزیز ساڵح، ئیسماعیل بەرزنجی، فارووق مەحوی و عومەر محەمەد ساڵح.

## خەسووە یان ئەژدیها

ئەو پەردە کورتەی تریش کە بە ناوی (خەسووە یان ئەژدیها)وە بووەو لەگەڵ شانۆگەرییەکەدا پێشکەش کراوە لە نووسین و دەرهێنانی هونەرمەند رەفیق چالاك بووەو خۆی دەوری "کوڕ"ی هەبووەو ئەکتەرەکانی تریش بریتی بوون لە هونەرمەندان:

تەها خەلیل "خەسوو"، نوری وەشتی "خەزوور"، نەجات مەحوی "بووك".

شایانی باسە، لەو ماوەیەدا کە ئەو دوو شانۆگەرییەی تیا پێشکەش کراوە. بانگ کردنی بینەران بە گوێرەی خشتەیەکی تایبەتییەوە بووەو خەڵکی لە یەکتر جیاکراونەتەوە، ئەم دوو شانۆگەرییەش هەر رۆژە بۆ ژمارەیەك بینەرانی دیاریکراو بووە بەم شێوەیە:

قوتابیە سەرەتاییەکانی کوڕان، قوتابییە سەرەتاییەکانی کچان، قوتابی پیشەسازی و سانەوی و دار المعلمین، قوتابی سانەویی کچان، پیاوانی ئەهالی، ئافرەتانی ئەهالی، بلیتی تایبەتی پیاوان، بلیتی تایبەتی ئافرەتان[٤].

دوای پێشکەشکردنی شانۆگەرییە ناوبراوەکان، لەلایەن کۆمەڵی هونەرە جوانەکانەوە ئەم ئاگادارییە بڵاوکراوەتەوە:

بەپێی حسابی دەزگای بەڕێوەبەری کۆمەڵ ٣٢٦/٤٠٠ دینار کۆکراوەتەوە ٦٥/٢٨٠ دینار بەشی شارەوانی سلێمانییەو ٢٢/٥٩٠ دیناری دراوە بە باربووی زستانەو ٢٣٨/٥٣٠ دیناری ماوەتەوەبۆ کۆمەڵ و لەم پارەیە ١٠٠/٤٩٨ دیناری خەرج کراوە بۆ کڕینی شتومەکی پێویست بۆ ئاهەنگەکان.

دەزگای بەڕێوەبەری کۆمەڵ سوپاسی کاربەدەستانی لیواو هەموو دانیشتووان ئەکات بۆ پشتگیری کردنی، بەتایبەتی ئەو زاتانەی کە لە دەرەوەی شاری سلێمانییەوە هاتن بۆ بینینی ئاهەنگەکان. هەروەها سوپاسی مامۆستا شێخ محەمەدی مەحوی و ئەو بنەماڵانە ئەکات کە ماوەیان دا کچ و خوشکەکانیان بەشداری تەمسیلەکان بن و هیوامان زۆرە لە مەودوا کچانمان شان بە شانی براکانیان لە هەموو گۆشەیەکی ژیان و خزمەتی نەتەوەکەماندا بەشداربن.. سوپاسێکی زۆرو بێ پایانیش بۆ مامۆستا ئەبوبەکری شێخ جەلال کە چیرۆکی "بووکی ژێر دەواری رەش"ی پێشکەش بە کۆمەڵ کردو هیوامان وایە نووسەران کۆمەڵەکەمان بێبەش نەکەن لە بەرهەمی شانۆییان(٥).

## پەراوێزەکان:

١-أ. ب. هەوری، بووکی ژێر دەواری رەش، بەغدا، چاپخانەی نجاح، ١٩٦١.

٢-گۆڤاری رۆژی نوێ، ژمارە ١١، شوباتی ١٩٦١، ل ١١١.

٣-بووکی ژێر دەواری رەش، ل٢.

٤-بڕوانە رۆژنامەی بڕوا، ژ ٢٧، ١٩٦١/٣/٤.

٥-هەر ئەو رۆژنامەیە، ژ ٣٠، ١٩٦١/٤/١.

# چەند شانۆگەرییەکی تر
# کە لە سلێمانی نمایشکراون

١. **یۆلیۆس قەیسەر**/ ساڵی ١٩٢٧، لەلایەن قوتابیانی زانستیەوە، لە ئەکتەرە بەشدارەکان: شاکر سەید حەکیم، رەمزی قەزاز، رەشید کەریم.

٢. **شۆڕشی فەرەنسە**/ لە ساڵی خوێندنی ١٩٢٧=١٩٢٨دا، لەلایەن قوتابیانی زانستیەوە، ئەکتەرەکان: کەریم زانستی، أ. ب. هەوری، خەسرەو حاجی ئاغا، فایەق بێکەس.

٣. **سەلاحەدین**/ ساڵی ١٩٣٥، بەرهەمی قوتابیانی زانستی، بە سەرپەرشتی مامۆستایان فوئاد رەشید بەکرو کەریم زانستی، نواندنی: کەریم زانستی، حاجی باقی بەنگینە، فوئاد رەشید بەکر.

٤. **مەحمود ئاغای شیوەکەڵ**/ ساڵی ١٩٣٦، لەلایەن قوتابیانی زانستیەوە، ئەکتەرەکان: حاجی باقی بەنگینە، عومەری قالە بانەیی، نوری شێخ جەلال، حاجی عەلی ماستاو.

٥. **ئافاتی ئاعوون لەناو حەیواناتا**/ ساڵی ١٩٣٨، نووسینی شێخ سەلامی شاعیر، لە ئەکتەرەکانی: فوئاد رەشید بەکر، تۆفیق حەسەن دەوڵەت.

٦. **هاملێت**/ ساڵی ١٩٥٠، لە سینەمای رەشید، نووسینی شەکسپیر، وەرگێڕانی قادر دیلان، دەرهێنانی مامۆستا عەلی موزەفەر، نواندنی: قادر دیلان، رۆبین، ئەمین شەوکەت، حەسیب قەرەداغی، دارا تۆفیق، عەزیز ساڵح رەشە.

٧. **بوونە خەلیفە بە خەیاڵ**/ ساڵی ١٩٥٢، قوتابخانەی ئامادەیی شەو، لە ئەکتەرەکانی: مامۆستا عەبدوڵڵا میدیا.

٨. **ئافرەت و نووشتە**/ ساڵی ١٩٥٦، نووسینی کامیل ژیر، نواندنی: عەزیز مەحمود بەگ "خاڵە"، حەسەن تەنیا، عەزیز ساڵح زەریفی.

٩. **تاوان و تۆڵە**/ ساڵی ١٩٥٧.

١٠. **خۆم بە خۆم کرد**/ ساڵی ١٩٥٧.

١١. **سەری گلۆڵەکە**/ ساڵی ١٩٥٩، نووسینی یوسف العانی، وەرگێڕانی ئەمین میرزا کەریم.

١٢. **کچە نەغەدە**/ ساڵی١٩٥٩.

**١٣. بێئیشی/ ساڵێ ١٩٥٩، نووسینی یوسف العانی. وەرگێڕان و دەرهێنانی ئەمینی میرزا کەریم، لە ئەکتەرەکانی: تەها خەلیل، کاوە ئەحمەد میرزا، وەهاب ساڵح کۆیی، عەبدولڕەحمان حەکیم و عومەر نەمەڵی.**



بەشدارانی شانۆگەری بێئیشی

**١٤. لە رێی نیشتمان/ ساڵی ١٩٥٩، نووسینی فرانسوا کۆبیە، ئامادەکردن و دەرهێنانی رەفیق چالاك، ئەکتەرەکان: تەها خەلیل، کاوە ئەحمەد میرزا، مەکی عەبدوڵڵا، درەخشان عارف، عەبدوڵڵا مەجید، کەمال رەشید موختار، رەووف ماستاو، هێرۆ گۆران و مەلیحە رەشید.**



لەڕێی نیشتمان

١٥. **شـاکر مـن دایکـتم**/ ساڵی ١٩٥٩، بەرهـەمی تیپی یـەکێتی قوتابیانی گشتیی عێراق، نووسـینی یوسـف العـانی، وەرگێڕانـی ئـەمین مـیرزا کـەریم، نوانـدنی ڕەوف ماسـتاو، فایـەق محەممەد عەبدوڵڵا.



شاکر من دایکتم

١٦. **تاوانێك لە ئاسمانـدا**/ ساڵی ١٩٦٠، ئامادەکردن و دەرهێنـانی تـەها بابان، ئەکتـەرەکان: تەها بابان، عـەزیز ئەمین موختار، کەمال ڕەشید موختار، کاوە ئەحمـەد میرزا، تـەها خـەلیل.. بەرهەمی تیپی نواندنی شۆڕش.

١٧. **شـەش پـەنجایی**/ ساڵی ١٩٦٠، نووسـینی یوسـف العـانی، وەرگێڕانـی تـەها خـەلیل، نوانـدنی: عەبـدوڵڵا مەجید، تـەها خـەلیل، فـەتاح کـاوە، کـاوە ئەحمـەد مـیرزا.. بەرهـەمی تیپـی نواندنی شۆڕش.

١٨. **شەوی کۆتایی**/ ساڵی ١٩٦٠، باسی لەدوا شەوی هەر چوار ئەفسەرە قارەمانەکە کردوە، نوانـدنی: کـەمال قـەرەداغی، ئـەنوەر ئەحمـەد، نـەژاد ڕەووف، عەبـدولڕەحمان سـەڕاج، گـەزیزە فایەق بێکەس، بەرهەمی تیپی نواندنی خەبات.

١٩. **ئەمرەکـــەی بـــەگم/ سـاڵێ ١٩٦٠**، نووسـينی يوسـف العـانی، وەرگێڕانـی ئـەمين مـيرزا کـەريم.. نواندنی: نـەرمين ناکـام، تـەها خـەليل، ڕەووف ماسـتاو، عومـەر نەمـەڵی، عـەزيز ئـەمين موختار، بەرهەمی تيپی يەکێتی قوتابيانی گشتی.



بەشدارانی ئەمرەکەی بەگم

٢٠. **زێڕين/ ساڵی ١٩٦٠**، نووسينی ئەمين ميرزا کەريم، نواندنی عەزيز ئەمين موختار، تەها خەليل، عوسمان عارف، ئەژی گۆران.

٢١. **خەسووە يان ئەژدیها/ ساڵی ١٩٦١**.

**سەرنج:**

لە زانياريی پەيداکردن لەسەر ئەم شانۆگەريانە سوودم لـە باسێکی مامۆسـتا کـاوە ئەحمـەد مـيرزا وەرگرتـووە کـە لـە بڵاوکـراوەی (شـانۆ)ی نەقابەی هونەرمەندانی سلێمانيدا خراوەتە بەرچاو.

## بەشی دووەم

# چەند باسێك
# دەربارەی شانۆی کوردی

# پەیڤێك

نووسینی: دانا ڕەووف

ڕەوتی شانۆی کوردی بەبەراود لەگەڵ گەلانی دنیادا زۆر نوێیە، یەکەم تەقەلاکانی ئەم هونەرە لای ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ بیستەکانی دوا سەدەی هەزارەی رابردوو.

شانۆی کوردی لەناو قوتابخانەکاندا لەدایکبووە، لەقۆناغە جیاوازەکانی خەباتی گەلەکەماندا گەورەبووە، هەمیشە بەشێوەیەکی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ هەڵگری مانا سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان بووە پێش گرنگیدان بەلایەنە هونەرییەکانی، بەهەمان شێوە رۆڵی لەرۆشنبیرکردن و وریاکردنەوەی خەڵکیدا هەبووە، هەر لە بڵاوکردنەوەی خوێندەواری تادەگاتە دەستنیشانکردنی رۆڵی ئافرەتان و رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ داگیرکەران و دەرەبەگو چەوسێنەرانی ناو کۆمەڵگەی کوردی خۆی.

گەورەبوونی شانۆی کوردی لەناو ئەم قۆناغە جیاوازانەدا دروستبووە، واتا لە چالاکییەکی سادەی ناو قوتابخانەو گەڕەك و جەژنەکانەوە گەیشتۆتە دامەزراندنی تیپی شانۆیی؛ دواترکردنەوەی پەیمانگای هونەری شانۆیی و پێشکەشکردنی شانۆنامە ناسراوە هونەرییەکانی دنیا.

لەپەنجاکانی سەدەی رابردوودا ئەم چالاکییە ساکارە هونەرمەندەکان کۆدەکاتەوەو لەشەستەکانیشدا تیپ و گروپی شانۆیی دروستدەبێت. بەڵام لەحەفتاکاندا دوای ئەوەی هەندێك لەگەنجەکان خوێندنی شانۆ لەپەیمانگای

هونەرەجوانەکان لەبەغدا تەواودەکەنو دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان؛ شانۆ پێدەنێتە قۆناغێکی ترەوە.

لەحەفتاکانەوە شانۆی کوردی گۆڕو تینێکی تری تێدەکەوێتو تەقەلاکەش شێوازێکی زیاتر ئەکادیمی لەخۆدەگرێت.

لەهەشتاکانیشدا شانۆی کوردی دەبێتە خاوەنی چەندین رەنگی جیاوازن تیپی نواندنی سلێمانیو پێشڕەوی شانۆی کوردی، شانۆی سالار، کۆمەڵی هونەرە جوانەکانی کوردو شانۆی ئەزمونگەری، لەپاڵ تیپو شانۆی تری کوردستاندا هەنگاوی گەورە دەنێن.

بەدرێژایی ئەو مێژووە کورتەی شانۆی کوردی، نەبوونی پیەسی خۆماڵی یەکێك بووە لەگرفتە گەورەکانی بەرەو پێشەوەچوونو دامەزراندنی شانۆی کوردی. هونەرمەندانی شانۆش لەگەڵ هەڵکشانی قۆناغەکاندا بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە روویان کردۆتە وەرگێڕانو ئامادەکردنی پیەسەکانی شانۆی جیهانی.

بەڵام نابێت ئەوەمان لەیادبچێت، کە کۆمەڵێ نووسەری کورد هەر لە سەرەتاوەو بەپێی توانا هەوڵی نووسینی پیەسی کوردییان داوە.

مێژووی یەکەم پیەسی شانۆی کوردیش دەگەڕێتەوە بۆ (مەمو زین)ی پیرەمێردی نەمر کەلەساڵی ١٩٣٤دا بڵاویکردۆتەوە.

ئەم پیسەو زۆربەی پیەسەکانی تر کەلەسەردەمو قۆناغی جیاوازدا نووسراون، سامانێکی گرنگی لەسەر نووسینو لێکۆڵینەوەی شانۆی کوردین.

هونەرمەندو رۆژنامەنووس کاك یاسین قادر بەرزنجی لەمێژە لەبواری شانۆی کوردیدا کاردەکاتو ئاگادارییەکی وردی لەبواری شانۆی کوردیدا هەیە. بەتایبەتیش قۆناغی حەفتاکانو هەشتاکان. هەروەها زۆر دەمێکە خۆی تەرخانکردووە بۆ لێکۆڵینەوەو رێکخستنی ئەرشیفی شانۆی کوردیو لەم بوارەشدا جێگا پەنجەی دیارەو

جگـه لـەکاك کـاوەی ئەحمـەد مـیرزا هـیچ کەسـێکی تـر هێنـدەی کـاك یاسـین خـۆی بەساغکردنەوەی ئەرشیفی شانۆی کوردییەوە خەریك نەکردووە.

ئەم کتێبەش بـەر ئـەنجامێکی تـری گرنگیی بەئەرشیفکردنی شـانۆی کوردییـە، لـەم بەرهەمـەدا کـاك یاسین هـەوڵێکی ئێجگار گرنگیـداوە بـۆ ڕێکخستن و زیندووکردنـەوەی هەموو ئەو پییەسە شانۆییانەی تائێستا نووسراون و لەچاپدراون.

بەدڵنیاییـەوە هەرکەسـێك لەئاینـدەدا بیـەوێت لێکۆڵینـەوە لەسـەر شـانۆو پیەسـی شانۆی کوردی بکات، بەبێ ماندووبوون دەتوانێت بگەڕێتـەوە سـەر ئـەم سەرچاوەیەو سوودی لێوەربگرێت.

کاك یاسین لەم کتێبەدا بیبلیۆگرافیایەکی وردی بۆ پیەسە کوردییە لەچاپدراوەکان نووسـیوە، سـاڵ بەسـاڵ نـاوی شـانۆنامە، نووسـەرو نـاوەرۆکی پیەسەکەشـی ڕوونکردۆتـەوە. ئەمـەش تەقەلایـەکی ئێجگار گەورەیـە، نـەك هـەر بۆ ئەرشـیفی شـانۆی کوردی، بەڵکو بۆ نووسینی مێژووی شانۆی کوردیش.

هەروەها کاك یاسین تیشکی سـەرنجی خستۆتە سەربەشێکی گرنگی بزووتنـەوەی شانۆی کوردی، بۆ نموونە ئاماژەی بەرۆڵی نووسـەرێکی بەسـەلیقەی وەك سمکۆ ناکام کـردووە، بەرهەمـە سـەرکەوتووەکانی شـانۆو تەلـەفزیۆنی بەسـەرکردۆتەوەو هـەروەها یادگاری هەندێ لەو بەرهەمە سـەرکەوتووانەشمان بۆ دەگێڕێتـەوە، کـە لـەدوای نسکۆی سـاڵی حەفتاوپێنجـدا ڕۆڵێکـی گـەورەیان گێـڕاوە لەدڵدانـەوەو ورە بەرزکردنـەوەی جـەماوەری کوردسـتاندا، بەتایبـەتیش شـانۆنامەی (ڕەجـەب و پیـاوخۆران)ی تیپـی پێشڕەوی شانۆی کوردی.

ئەم کتێبە لەبەرچاوەو لەئایندەدا بەهایەکی تایبەتی خۆی دەبێت.

**ستۆکهۆڵم**

**٢٠٠٥/٩/١٤**



شانۆگەریی رەجەب و پیاوخۆران
سلێمانی/ ١٩٧٥

## بینەر لە شانۆی کوردیدا

لە (پاشکۆ) مانگانەکەی (العراق)دا شتێکمان لەسەر بینەر وت و بە گوێرەی بۆچوونی خۆمان قۆناغەکانی کۆکردنەوەی تەماشاکەرانی شانۆی کوردمان کردە سێ بەشەوە[1]. هەر لەبەر گرنگیی ئەم باسەو ناونەبردنی لەلایەن نووسەرو هونەرمەندانەوە، بەش بە حاڵی خۆمان چەند شتێکی نوێمان خستە سەر ئەو قۆناغانەو لە کۆڕێکی هونەریدا لە سلێمانی پێشکەشکرا[2]. وا لێرەدا شتە نوێیەکانی ئەو نووسینە دەخەینە بەرچاو، بەو هیوایەی توانیبێتمان خزمەتێکی هونەرو رۆشنبیریی گەلەکەمان پێکردبێت.

### سەرەتاو بەسەرکردنەوەیەکی قۆناغەکان

لە عیراقدا، کۆنترین شانۆگەری و یەکەمین بەرهەم لە ساڵی ١٨٨٠داو لە شاری (موسڵ) پێشکەشکراوە، کە شانۆگەریی (الشماس)ی (حەننا حەبەش)ە[3].

شانۆگەریی کوردییش، وەك سەرەتاو یەکەم بەرهەمی تەمسیلی لەناو دوو مێژووی دیاریکراودا گیریخواردووەو تا ئێستا لە نێوان دوو بۆچووندا ماوەتەوە.

یەکەمیان: لەو رایەوەیە کە سەرەتاکە دەباتەوە بۆ سەیرانەکانی سەرچناری ساڵی (١٩١٢)، کە لە شێوەی تەمسیلێکدا جۆرە حوکمڕانییەکیان خوڵقاندووە و

---

(1) پاشکۆی عیراق، ژمارە(٧)، ١٩٧٨، بینەر لە شانۆی کوردیماندا/ئەکتەرێکی کورد

(2) ئەم نووسینە بەشێکە لە باسێکی فراوان کە لە کۆڕێکی (بەڕێوەبەرێتیی رۆشنبیریی جەماوەری سلێمانی) داو لە رۆژی (١١/٥/١٩٨٠) دا لە لایەن نووسەرەوە بە بۆنەی ئاهەنگەکانی رۆژی شانۆی جیهانییەوە پێشکەشکرا

(3) المسرح العراقی الیوم، المؤسسه العامه للسینما والمسرح، بغداد، ١٩٧٨، ص٣.

فــەرمانڕەوا ســزای گوناهبارانیــان داوەو بڕیــاری خــستنە نــاو بەحرەکــەی سەرچناریانی دەرکردووە[1].

دووەمیـان: سـاڵانی ١٩٢٥-١٩٢٦ دەکەنـە دەسـتپێکی شـانۆی کـوردەواری و شــانۆگەریی (عــیلم و جــەهل) کــە لــە (لــولا المحــامی)یــەوە ئامــادەکراوەو بەسەرپەرشتیی هونەرمەندی پێشڕەو (فوئاد رەشید بەکر)دا پێشکەشکراوە، ئەوە دەکەنە سەرەتاو یەکەم شانۆگەریی کوردی و مەڵبەندی سەرهەڵدانەکەش شاری سلێمانی یە.. لێرەدا ئێمە پشتگیریی راوبۆچوونی یەکەمیان دەکەین، چونکە سەرەتاو لەدایکبوونی شانۆی هەر نەتەوەیەك لە ئەنجامی چەند کردەوەیەکی نواندن و چەند تابلۆیەکی شانۆییەوە بووە.

هەر لە نووسینەکەی زووماندا، بە درێژی دەوری بینەرانی سێ قۆناغەکەمان شیکردەوە، وا لێرەدا دەگەڕێینەوە سەریان و هەندێك شتی تریان دەخەینە سەر. بینەرانی قۆناغی یەکەم، کە لە سییەکان بۆ پەنجاکانن، ساکارانە روانیویانەتە شانۆگەرییەکان، زۆربەی ئەوانەی دەهاتنە سەیر بۆ خۆدەرخستن و مونافەسەی پیاوە ماقوولەکان بووە، هی وا هەبووە لە ماڵەوە یان لەسەر ئیشەکەی هەندێك پارەی خستووەتە باخەڵییەوەو لە شانۆکە پێشکەشی تەمسیلچییەکانی کردووە.. تا بەو کارە گەورەیی و بەخشندەیی و پیاوەتیی خۆی دەربخات، کەواتە مەبەستی زۆربەی بینەران کات کوشتن و رابواردن بووە زیاتر لەوەی شتێك لەسەر زانیارییەکانیان زیاد بکەن.

لێرەدا پێویستە دیوێکی بینەرانی ئەو ماوە دیاریکراوە بخەینەڕوو، تاوەکو ناسیاویمان زیاتر بێت لەگەڵ شانۆگەری و رادەی بینەرانی ئەوکاتە، (ئەمەش لە زمانی مامۆستا فوئاد رەشید) دەگێڕینەوە:

---

[1] حەسەن تەنیا، مێژووی شانۆی کوردەواری، ل١٠، کتێبێکی دەستنووسە کە ئامادەیە بۆ چاپ.

کات: هاوینی ساڵی (١٩٢٦)ـه.

شوێن: سـەر سـەکۆکەی مـاڵی (بـەهیٚ خـانی شـێخ مـەحمود)ـە کـە کراوەتـە مەکتەب و ناوی (مەکتەبی ئەوەڵ)ـه.

ناوی شانۆگەرییەکە: (عیلم و جەهل)ـه کە لە شانۆگەریی (لولا المحامی) یەوە کراوە بە کوردی و ئامادەکراوە.

بەشداران: کەریمی سەعید بەگ (کەریم زانستی)، فوئاد رەشید بەکر، یەحیا ئەفەندی (وێنەگر).

(پەردە لادەدرێت و شانۆگەرییەکە دەستپێدەکات.. یەکێك لەوانەی هاتوونەتە سەیرکردن جوولەکەیەکی چەتەوڵی عەبابەشانە، بۆ ئەوەی هەموو خەڵکەکە بزانن (جوولەکەکە) لەوێیە، دەست دەکات بە هاتوچۆ بە بەردەم خەڵکەکەدا، ئەوەندە دێت و دەچێت ئاگای لە خۆی نابێت و دەکەوێتە حەوزی ئاوی بەردەم شانۆکەوە. بـە پەلـە فریـای دەکـەون و دەریدەهێننـەوە.. بـەم رووداوەش پێکـەنینێکی زۆر دروست دەبێت.. بەهەرحاڵ، دوای ئەوەی شانۆگەرییەکە کۆتایی پێدێت، فوئاد ئەفەنی لە کابرایەکی کاسبکاری بینەر دەپرسێت: خاڵە بەرهەمەکەمانت لا چۆن بوو..؟ کابرا دەمودەست دەداتە قاقای پێکەنین و دەڵێت: بەخوا عەنتیکەبوو.. بەتایبەت ئەو حەلەی تەمسیلچییەکان کابرای جوولەکە دەخەنە ئاوەکەوە..). ئەمە رادەی بینـەرێکی ئـەو مـاوە کۆنـە بـووە، بـەڵام بینـەرانی قۆنـاغی دووەم (کـە لـە پەنجاکانـەوە تـا سـەرەتای حـەفتا) دەگرنـەوە، بـەش بـە حـاڵی خۆیـان خزمـەتی شـانۆکەیان کـردووە. دیـارترین هونەرمەنـدی ئـەم ماوەیـە، رەفیـق چـالاکی کۆچکردووە، کە توانیویەتی خەڵکێکی زۆر لە شانۆییەکانی کۆبکاتەوە.. تەنانەت پەنای بردووەتە بەر کردەوەی ئەوتۆ کە ئەوەندەی تر شانۆی لای جەماوەرەکە خۆشەویست کردووەو یـەکێك لەوانـەو لـەو بەرهەمانـەی (چـالاك) شـانۆگەریی

(لە ڕێی نیشتماندا)یە کە باربۆکەی پێشکەش بە لێقەوماوانی بوومەلەرزەکەی پێنجوێنی ساڵی ١٩٤٦ کراوە.

هەروەها لەم ماوەی دووهەمەدا، لایەنێکی گرنگی شانۆ بەرەو پێشەوە چووە، ئەویش بەشداریکردنی ئافرەتی بە تواناو کارامە بووە لەم بوارەدا، کە ئەوەندەی تر شانۆگەرییەکانیان پڕ لە ڕووناکی کردووەو بوونەتە هۆی سەرنجڕاکێشانی بینەران. با لێرەدا بە ڕێزەوە، وەك یادکردنەوەیەکی ئەو ئافرەتە هونەرمەندانە، ناوی هەندێکیان بێنین، لەوانەی زۆر دەوریان کاریگەربووە: (گوڵزاری عومەر تۆفیق، نەجاتی شێخ محەمەدی مەحوی، نەرمینی سەعید ناکام) بوون.

لە قۆناغی سێیەمدا، کە لە حەفتاکانەوەو بەرەو ئەمڕۆیە، گۆڕانێکی چاك بەسەر ڕاددەی هۆشیاریی بینەران و ڕۆشنبیرییە گشتییەکەیاندا هاتووە. هەندێك لەو بینەرانە بوونەتە دۆستی هەمیشەیی شانۆکەیان و بە سەرنجی وردەوە لە تواناو کاری پیرۆزی سەر بە میللەت و هونەرمەندە ڕاستگۆکان دەڕوانن، بەڵام وەك ژمارە، هەر کەمن، هێشتا نەبوونەتە ئەو بینەرەی کە تەواوکەری شانۆن، هەڵبەت لەگەڵ بەرەو پێشچوونی بەرهەمەکان و زۆربوونی سەرچاوە ڕۆشنبیرییە هونەرییەکاندا، ئەمانیش لە جیهانێکی نوێدا خۆیان دەبیننەوە.

## بانگکردنی بینەران بۆ بینینی شانۆگەریی

لە پەنجاکاندا، ڕۆژانی پێشکەشکردنی بەرهەم دەکرا بە چەند ڕۆژێکی جیا جیاوەو بۆ خەڵکی لە یەك جیاواز، بۆ نموونە:

شەممە: بۆ خاصەو پیاوماقووڵان و ئەعیان

یەك شەممە: بۆ ژنان و منداڵەکانیان

دووشەممە: بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشان

سێ شەممە: بۆ تەلەبەو ئەو جۆرانە

لە یەکێك لەو بەڵگەنامانەی دەستمان کەوتوون، دیسان جۆری دابەشکردنی بینەران لە سالآنی (١٩٥٧–١٩٥٨)دا دەردەخات، کە تیپی نواندنی شۆڕش و کۆمەڵی هونەرە جوانەکان، بەم جۆرە خەڵکیان بانگکردووە بۆ بینینی شانۆگەرییەکانیان:

"١"ی مانگ: ئەشراف

"٢"ی مانگ: فەرمانبەران

"٣"ی مانگ: ژنان

"٤"ی مانگ: ئەهالی

"٥"ی مانگ: قوتابیان

"هەندێك جاریش (سەربازان) رۆژێکیان دراوەتی"[(١)].

ئەم جۆرە دابەشکردنە تا دوای ساڵەکانی حەفتا بەردەوامبوو، بەڵام لە دوای سالآنی حەفتاوە ئەم دابەشکردنە هەڵەیە پێشێلکراو خەڵکەکە تێکەڵکران، بێ ئەوەی گوێبدرێتە جیاوازیی ژن و پیاوو ئینتیمای چینایەتییان. لێرەدا یادەوری (تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی)ی سلێمانی لە یاد نەکەین، کە یەکەم جار دەستپێشکەریی خۆیان کردو لە شانۆگەریی (چەخماخە)ی ساڵی (١٩٧٣)یاندا، بێ جیاوازی خەڵکیان لە هۆڵەکەدا داناو هەر ئەم تیپەش رۆژی (تایبەتیی) لە پرۆگرامی پێشکەشکردنیدا نەهێشت و لەگەڵ کۆمەڵ و تیپە نوێیەکانی تردا بارو شێوەیەکی ماقووڵیان بۆ شانۆگەرییەکانیان رەخساند.

---

[(1)] لە پەیداکردنی ئەو بەڵگەنامانەدا سوودم لە مامۆستا کاوە ئەحمەد میرزا وەرگرتووە

## بینەر وەك ژمارە

ئەگەر بێین و بە چاوی سەرنجدانەوە ئاوڕێك لە مێژووی بزوتنەوە شانۆییەکانی کوردستان بدەینەوەو سەرنجدانەکەشمان لە سلێمانیدا کۆبکەینەوە، بۆمان دەردەکەوێت بینەران بە رادەی جیاواز روویان کردووەتە شانۆکان.

وا لە خوارەوە چەند بەرهەمێکی دە ساڵ هەڵدەبژێرین، کە ئاشکرا جیاوازیی لە ژمارەی بینەراندا دەبینرێت و هەر بە شێوەی هێڵێکی بەیانی لە بەرزبوون و نزمبوونەوەدایە.

*شانۆگەریی (سەرینی باداری) ئەحمەد دەنگ گەورە لە ساڵی (١٩٦٩)دا (١٠) رۆژ بەردەوامبووەو هۆڵەکەی سانەویی سلێمانییش جێگای ژمارەیەکی زۆر کورسیی تێدا بووەتەوە.

*(شێتخانە)کەی بورهان مەسرەف لە حەفتادا گەیشتووەتە (١٤) رۆژ پێشکەشکردن.

*(ئابلووقە)ی غازی بامەڕنی لە (١٩٧٦)دا گەیشتووەتە (١٨) رۆژ، (کووپە)ی فازیل قەساب لە (١٩٧٨)دا (٦) رۆژ دەوامیکردو هۆڵەکەش کورسیی چۆڵی تێدابوو.

*(رەجەب و پیاوخۆران)ی ئەحمەد سالار لە (١٩٧٥)دا (٢١) رۆژی خایاندووەو (دووڕەگ)ی فازیل جاف لە ساڵی (١٩٧٩)دا (٧) رۆژ پیشاندراوە..! ئەمانەو نموونەی تریش.

دەتوانین هۆی ئەم جیاوازییەی ژمارەی بینەران، لە چەند خاڵێکدا کۆبکەینەوە:

١-کات و رۆژگاری پێشکەشکردنی بەرهەمەکان، حوکمی کەموزۆریی بینەران دەدات.



شانۆگەریی بڕیارو ئەنجام / سلێمانی ١٩٦٨

٢-جۆرو زمانی دەقەکەو ناوەرۆکی بابەتەکە لە هاتنی خەڵکیدا دەورێکی گرنگ دەبینێت، بێگومان دەقی خۆماڵی، زیاتر لە دەقی بێگانە خەڵکی لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە، ئەمە بێجگە لە بنەماو بنچینە فیکرییەکان کە دەقەکەیان لەسەر دامەزراوە.

٣-ئەو کەسەی بەرهەمەکە دەردەهێنێت سەنگی لە لای خەڵکی چۆنە..

٤-ئەکتەرەکان و ئەو تیپەی بەرهەمەکە نیشاندەدات کام تیپەیە.. چونکە رابردوو و بەرهەمە کۆنەکانی هەر تیپێك و بەشدارەکانی، لە لای خەڵکی و بینەران ناسراوەو شایەتیی بۆ دەدەن.

٥-نەبوونی قوتابی و ئافرەت لە هەموو بەرهەمێکدا کۆسپێکی گەورەیە، قوتابی بە هۆی دەرس و کۆششی قوتابخانەیەوە، ئافرەتیش بە هۆی ئەو کۆتەی کە بارە کۆمەلایەتییەکە لە مەچەکی ناوە.

٦-شێوەی راگەیاندن و جۆری پۆستەرو گەیاندنی هەواڵی بەرهەمەکە لەلایەن ئێستگەو تەلەفزیۆنەوە.

٧-ئەو هەواڵ و ریپۆرتاژانەی رۆژنامەنووس و نووسەران بەر لە پێشکەشکردنی شانۆگەرییەکە لەسەر لاپەڕەی گۆڤارو رۆژنامەکان بلاویدەکەنەوە.

## گرنگیی بینەری شانۆ

پێویستە ئەو راستییە بزانین، کە بە بیٚ بوونی بینەری بابەتە هونەرییەکان، هیچ ئەنجامێك دەستگیر نابێت و پێویستیی بە بوون و بەردەوامی جوولانەوە شانۆییەکەش ناکات. (نەبیل بەدران)ی نووسەر لەبارەی دەوری بینەری شانۆو بایەخی ئەو بینەرانەوە لە هۆڵی شانۆکەدا دەڵێت:

(ئایا دەتوانین شانۆیەکی بیٚ بینەر دابنێین بە شانۆی تەواو.. بێگومان نەخێر، چونکە شتێکی سروشتییە شانۆ خۆی لە خۆیدا هونەرێکی جەماوەرییەو بوونی لەگەڵ بوونی خەڵکەکەدا دەسەپێنێت، بە کزبوون و نەمانی بینەران، شانۆ بەرەو کزی و سستی و نەمان و لەبیرچوونەوە دەڕوات.. مەرامی شانۆ پارە پەیداکردن و سوودە ماددییەکە نییە، بەڵکو لە پێناوی ئامانجێکی مەعنەویدایە، شانۆ هەوڵی تێگەیاندن و جوانکردنی میزاجی خەڵکەکە دەدات، دەیەوێت بەشدارێکی کاریگەربێت لە دروستکردنی جیهانێکی باشتردا کە هەموو خواستەکانی ئادەمیزاد بهێنێتە دی و خەونە سەوزەکانی مرۆڤایەتیی مەزن بگەیەنێتە واقعێکی قەشەنگ و بە نرخ و رازاوە).[١]

ئەو نووسەرە زیاتر لە دەوری بینەران دەکۆڵێتەوەو لە ئەنجامی بەراوردکردنیاندا لەگەڵ بینەرانی فیلمە سینەماییەکاندا دەڵێت: " ئەگەر لە یەکێك لە هۆڵەکانی سینەمادا، بینەرانی فیلمێك تەنها پێنج کەس بن، ئەوا هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت و فیلمەکە وەك خۆی بە چاکی دەڕوات و هیچ کارێك و رەنگدانەوەیەکیش لە ئەکتەرە سەرەکییەکانی ئەو فیلمەدا نابینرێتەوە، بەڵام ئەگەر تەنها پێنج کەس میوانی شانۆییەك بن، بێگومان ئەکتەرەکان هەست بە چۆڵیی هۆڵەکە دەکەن و ئەنجامی ئەو هەستپێکردنەشیان لە دەورەکانیاندا

---

(1) مجله آفاق عربیه، العدد ٨، السنه الخامسه، نیسان-١٩٨٠، ص ١٢٦.

دەبینرێتـەوەو مـاف هـیچ جـۆرە گلەییەکیـشمان بـە سـەریانەوە نابێـت، چـونکە ئەکتەری شانۆ بەرامبەر بە کۆمەڵێك کورسیی چۆڵ توانای داهێنان و سەرکەوتن و نواندنی چاکی نامێنێت، ئەو بوونی خۆی لەگەڵ بوونی بینەراندا دەبینێتەوە[٢].

ئـەمڕۆش، کـە ڕێبـازو شـێوەی کارکردنی بەرهەمـە شـانۆییەکان لـە قۆنـاغێکی نوێـدا خـۆی دەبینێتـەوە، دەبێـت ئاگـاداری ئـەو راسـتییە بـین کـە دەڵێـت: "شـانۆ وتووێژێکە لەگەڵ خەڵکیدا"، ئەوەش فەرامۆش نەکرێت کە گەلێك دەرهێنانی نوێ ڕێ بە بینـەران دەدات ئەگـەر لـە جێگایەکدا دامـان، یـان پرسـیارێك خـۆی سـەپاند بەسـەریاندا، لـە ئەکتـەرەکان بپرسـن و ئاسـاییە موناقەشـەی گـەرموگوڕیش لـە نێوانیاندا دروست ببێت. دیسانەوە بۆ ئەکتەرێکیش هـەر هـەمان شێوەیە، ئەگـەر شـتێك پێویـستیی بـە پرسـیارکردن کـرد، ئـەوا دەتوانێـت دەرگـای موناقەشـە لـە بینەران بخاتە سەر پشت و لە گەڵیاندا بدوێت.

بـەڵام ئـەوەی یـەکجار جێـی بایەخپێدانـە، ئەوەیـە کـە بینـەری ئاسـایی لەگـەڵ بینەری راستەقینەدا تێکەڵ نەکرێن، چونکە ئەگەر تەنها مەبەست لـە سـەیرکردن و کات کوشتن بێت، ئـەوا لـە نرخـی شـانۆو بایـەخی بینـەران کەمدەبێتـەوە، بەڵام بە بـوونی بینــەری هۆشــیارو کارامــە، بەرهــەمی چــاك و ســەرکەوتوو لــە کــارە هونەرییەکەدا دێتەدی.

یەکخـستنی بیرکردنـەوەو نزیکبوونـەوەی شـانۆکارەکانی کـورد لەگـەڵ ئـەو جـۆرەی بینـەرە هۆشیارەکان، مـژدەی دانـانی پرۆگرامێکـی گەشـبین و روونـاك و جوان دەدەن بە مێژوو و کاروانە پڕ لە هیواکەی گەلی کورد..

---

(2) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص١٢٧.

## داوای ئەمڕۆ لە هونەرمەندەکانی شانۆ

ئەو کاتەی کۆمەڵێك دەیانەوێت بەرهەمێکی شانۆیی پێشکەش بکەن، گەلێك پێویستە ئەو ڕاستییە بزانن کە دەڵێت: هونەر تەنها دەربڕینی ژیان نییە، بەڵکو لێ زیادکردن و پێشخستنیشێتی [(١)].

د. محەمەد مەندور لە کتێبەکەیدا دەڵێت: ئیشی گرنگی ئەدیب و هونەرمەند تەنها ئەوە نییە کێشەو گیروگرفتەکانی سەردەمەکەی خۆی بە هەموو ژانەکانییەوە هەست پێ بکات و بۆ خەڵکیی دەربڕێت، بەڵکو دەبێت لەسەر قەناعەت و ڕای خۆی پێدابگرێت و بینینەوەی جیهان لە چاوی خۆیەوە بۆ خەڵکەکە شیبکاتەوەو لێپرسراویش بێت بەرامبەر بەو ڕایانەی دەریان دەبڕێت، ئەگەر لەسەر قەناعەت و ڕاکەی تووشی گێچەڵ و مەینەتیش بێت[(٢)].



نرخی ئازادی / ١٩٧١

---

(1) عبدالعزیز حموده، علم الجمال والنقد الحدیث، ص١٧.

(2) الدکتور محمد مندور، في الأدب والنقد، ص١١.

ئەرکی یەکەمی سەرشانی هونەرمەندیش، چاندنی عەشقێکی پیرۆزە بەرامبەر بە خاك و گەل و هونەرەکەی، خۆ پەرستی و خۆ بە گەورە زانین و فەرزی هەڵوێستی چەوت، مەرامی شەخسی و خوار رۆیین، لە نرخی بەرهەمی دادەبڕێت و بەرەو نەمانی دەبات، لێرەدا با لەگەڵ وتە بەناوبانگەکەی (ستانسلافسکی)دا دەنگمان یەکبخەین کە دەڵێت: "خۆتان لە هونەرەکەتاندا خۆش نەوێت، بەڵکو هونەرەکەتان لە خۆتاندا خۆش بوێت".

لە پاش حەفتاکانەوە، هەر وەك زووتریش وتمان، خەڵکەکە دوای بانگەوازی هونەرمەندەکان کەوتوون، ئەمڕۆش کە رۆشنبیریی هونەری لەناو خەڵکیدا بەرفراوانترەو ئەو سەرچاوانەی کە هونەرمەند ئیشی تێیان دەکەوێت، بە ئاسانی چنگی بینەریش دەکەون، لەبەر ئەوە ئەمیش خواستی خۆی هەیە، کاتێك بەرهەمێك پێشاندەدرێت هەر یەکێك لە بینەران رای خۆی دەردەبڕێت، دوورو نزیکیی ئەو بەرهەمە لە واقعی کوردەواریی خۆمانەوە دەپێوێت، لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەکانیش گەلێك جار دەبینیت رای ئەوتۆ دەربڕراوە کە مایەی گەشبینی و خۆشحاڵین. ئەوەتا لە ساڵی ١٩٧١دا (ع.ع.م) ناوێك لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) دا بەوپەڕی رێزەوە لە "جەنابی موفەتیش" دەدوێت و دەڵێت: "مامۆستا رەئووف حەسەن" شانۆییەکی جوان و گونجاوی هەڵبژاردووە کە بۆ ئەم رۆژگارە پێویست بوو[1].

بە گوێرەی بەرەو پێشەوە چوونی بەرهەمەکانیش، تەماشاکاران گۆڕانیان بەسەر خۆیاندا هێناوەو چەند بۆچوونێکی ماقووڵ هاتووەتە کۆڕی نووسین و موناقەشەوە. دیسانەوە لە هاوکاریدا رۆژنامەنووس "فەهمی قەرەداغی" سەبارەت بە شانۆگەریی "رەجەب و پیاوخۆران" نووسیویەتی و دەڵێت: لە رەجەب و پیاوخۆراندا، پیاوخۆرەکان کە رەجەب دەکوژن، ترسی گەورەیان لە (مەهدی)یە، چونکە شان و مل رووتە، کرێکارە،

[1] رۆژنامەی (هاوکاری)، ژمارە ٢٩، ساڵی ١٩٧١.

کوڕی ڕەجەبە، بیر ڕووناکەو کتێب دەخوێنێتەوە.. ئەگەرچی لەوێدا شانۆگەرییەکە تەواودەبێت، بەڵام لە ڕاستیدا لەوێوە دەستپێدەکات[1].

هەموو مرۆڤێکی دڵسۆز بە گەل، حەز بە پەرەسەندن و جوانکردنی هونەرەکەی دەکات، حەز بە بەرەو ڕەسەنیی بردنی شانۆکەی دەکات، ئەرکی یەکەمینی هونەرمەندانی شانۆشمان لە بە بەرداکردنی بەرگێکی کوردیی ڕازاوەدایە بۆ بەرهەمەکانیان، شانۆی هەر نەتەوەیەك ئەگەر مادەی خۆی نەبنە بناغە، ئەوا شتێکی حەتمییە بەرەو لاوازی و گیانەڵا دەچێت، ئەمرۆ پێویستمان بە دەقی کوردییە، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە بە تەواوی واز لە هەموو ئەدەبیاتی بێگانە بهێنین، چونکە سەدان شاکارو درامای ئەوتۆیان تێدایە، کە پێشکەش کردنیان بۆ زۆربەی گەلان پێویست و ڕەوایە.



هەر لەم بارەیەوە مامۆستا "ئەحمەد سالار" لە وەڵامی پرسیارێکدا دەڵێت: "نووسەرە شانۆییەکانمان بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، هەرچەندە سوپایەك نووسەرمان هەیە، ئەوەندەش هەیە نزیکترین ئەدەب و هونەر بۆ ژیان شانۆیە، چونکە ڕاستەوخۆ بە جەرگەی واقعەوە نووساوە، ئەگەر بمانەوێت دەنگمان بە خەڵکی وڵات بگات.[1]

(*)پێشتر ئەم بابەتە لە گۆڤاری نووسەری کورد، ژمارە ٨، ساڵی ١٩٨٢ دا بڵاوکراوەتەوە.

---

[1] ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژمارە ٢٨٠، ساڵی ١٩٧٥.

[1] ڕۆژنامەی (برایەتی)، ژمارە ٧٨، ساڵی ١٩٧٣.

# شانۆگەری و
# تێکستی شانۆگەریی کوردی

شانۆ، هەر لە بەرەبەیانی ژیانەوە لە شێوەی ساکاردا بووەتە بەرهەمی رەنگین و بەشێك لە چالاکیی مرۆڤ. (دراما یاخود شانۆگەری لە جەژن و ئاهەنگە دیۆنیزییەکاندا لە دایکبووە، ئەو دەمەی کە گەلی یۆنان شیعرو گۆرانییان وتووەو سەمایان بۆ خواوەندو پیاوانی دەوڵەت کردووە، ئەو جێگایەی تایبەت بووە بە ئاهەنگەکان شانۆی ناوبووەو ئەو کەسانەش بەزم و ئاهەنگەکانیان گێڕاوە بە "ئەکتەر" ناسراون)[١]

بێگومان ئەم سەرەتایە تەنیا چەند جووڵانەوەیەکی ساکاربووەو ژیانو پێداویستیی مرۆڤ دروستیکردووە، مرۆڤیش بە رێکەوت ئەم نواندنو سەمایانەی نەکردووە، چونکە (سەما، کە بە سەرەتای نواندنو شانۆ دادەنرێت، خەڵکێك کردوویانە لە سەردەمە دێرینەکاندا کە پێویستییەکی رۆژانە یان خواردنێکیان چنگ کەوتبێت بە سەما گوزارشتیان لەخۆشی و هەست و نەستی خۆیان کردووە، بەڵام سەرەتاو کاتی سەرهەڵدانی سەما تا ئێستا نەزانراوە..)[٢]

ئەمە وەك سەرەتای بزوتنەوەی شانۆ لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا، بەڵام ئەم سەرەتایە بەردەوام گەشەی سەندووەو بەرەو پێشەوە چووەو ئەم شانۆیەی

---

[1] محمد اديب سلاوي، الاحتفالية في المسرح المغربي الحديث، سلسلة الموسوعة الصغيرة ١٣٤، بغداد، دار الحرية، ١٩٨٤،ص٤.

[٢] شلدون تشيني، تأريخ المسرح في ثلاثة آلاف سنة، ترجمة: دريني خشبة، القاهرة، وزارة الثقافة والارشاد القومي، ١٩٦٣، ص١١.

ئەمڕۆی لێ دروستبووە. لەم گۆڕانانەدا ئەکتەر دەوری سەرەکیی بینیوە، چونکە لە دێرینەوە هەوڵی گۆڕینی داوەو بە گوێرەی پێشکەوتنی هونەرەکە روو لە قۆناغ و شێوازی نوێ بووە، (ئەکتەر لە کۆندا هەوڵیداوە بە سەماکردنەوە نەوەستێت، هەر بۆیە ئەو کاتەی کە ویستوویەتی خۆشییەکی ژیانی دەربڕێت، لە پاڵ جووڵانەوەی ئیقاعیدا پەنای بردووەتە بەر نواندن و لاساییکردنەوە، چی لە خەیاڵیدا بووە کردوویەتی و شەخسییەتی خۆی بەستووەتەوە بە کاتێکی ترەوەو نیشانی خەڵکەکەی داوە، یان ویستوویەتی لاسایی کەسێك یان ئاژەڵێك یاخود خواوەندێك بکاتەوە. مرۆڤ رۆژ لە دوای رۆژ نواندنەکەی بەرەو پێشەوە چووەو گەیشتووەتە پلەیەکی ئەوتۆ کە بکرێتە یەکەم پێداویستیی شانۆگەری، بێگومان ئەمەش بە هۆی "کردار–Action"ەوە بە ئەنجام گەیەنراوە.)[1]. دراما لە وشەی کردار یان "فعل"ی عەرەبی پێکهاتووە کە وشەیەکی یۆنانییەو مانای کارێکی ئەنجامدراو یان "الشئ المفعول" دەگەیەنێت.

## بایەخی شانۆ

ئەمڕۆ شانۆ بە یەکێك لە هەرە مەزنترینی هونەرەکان دادەنرێت، شانۆ کە قوتابخانەی هەموو گەل بێت، کە مینبەر بێت بۆ راستی وتن، کە رابردوو و ئەمڕۆو پاشەڕۆژ بە یەکەوە ببەستێت، کە دەنگی قارەمانیی گەل و نەمریی میللەتان دەربڕێت، کە دامەزراوێکی کۆمەڵایەتیی مەزنە، کە لەم چەرخە نوێیەدا یەکێکە لەو چەکانەی رووبەڕووی ئیمپریالیزم و داگیرکەرو کۆنەپەرستی بەکاردێت.. ئەمڕۆ گرنگییەکی زۆری پێدەدرێت و لە پایەو مەقامێکدایە کە ناوی نراوە "کۆی هونەرەکان".. لەسەرانسەری جیهاندا سەدان پسپۆری شارەزا دەبنە

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص١٤

خــەمخۆری و هــەزاران لێکۆڵینــەوە دەربــارەی دەنووســرێت.. لــە وڵاتــانی پێشکەوتوودا هونەرمەندی شانۆ ڕێزێکی ئەوتۆی لێ دەگیرێت مەگەر هەر لەو مەزنە مرۆڤانە گیرابێت کە لە بەرەو ئاسوودە بردنی نیشتمانەکانیاندا خوێنی خۆیان بەختکردووە.



هاملێت/سلێمانی ١٩٨٤

بایەخی شانۆ لەوەدایە کە هەر لە کۆنەوە وەك هونەرێکی باڵای سەر بە جەماوەر لە کارو کۆششدا بووە، لە زۆربەی وڵاتانی کۆن و نوێدا هاوبەشیی کێشەو گیروگرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی نێو کۆمەڵی کردووە.. شانۆ لە جێگایەکدا بینراوە کە کۆمەڵێك ململانێ و زۆرانبازیی تێدا بووبێت.. لای گشت گەلێك هونەری دراما کاتێك لە دایك دەبێت کە کۆمەڵێك کێشمەکێش و ململانێ بێنە زەمینەی ژیانەوەو لە کۆمەڵەکەدا ڕەنگ بدەنەوە، گرنگترینی ئەو ململانێیانەش کە شانۆگەرییان خوڵقاندووە ئەمانەن:

١-ململانێی ستوونی: کە لە نێوان مرۆڤ و فەرمانڕەوایی خواوەنددایە.

٢–ململانێـی ئاسـۆیی: کـەوا لـە مـرۆڤ دەکـات بـەرەو رژێمێکـی کۆمەڵایـەتیی بوەستێتەوە، لەم کاتەدا دەکەوێتە زۆرانبازیی لەگەڵ کۆمـەڵێك ئادەمیزاددا کە لە ناویاندا دەژی، نموونەی ئەمەش شانۆگەریی (ئەنتیگۆنا)یە.

٣–ململانێیـەك کـە دەتـوانین نـاوی بنـێین ململانێـی نەوەسـتاو، تیایـدا مـرۆڤ رووبـەڕووی مێـژوو و قـەزاو قـەدەر دەوەسـتێتەوە، باشـترین نموونـەش بـۆ ئەمـە "فارسەکان"ی ئەسخیلۆسە.

٤–ململانێی مرۆڤ لەگەڵ خودی خۆیدا، وەك (ئۆدیب)[1].

پاش ئەوەی کورتەیەك لە گرنگیی شانۆ دواین، بە پێویستی دەزانین جارێکی تـری بڵێینـەوە: شـانۆ هونـەرێکی مەزنـەو مەزنییەکەشـی لەوەدایـە کـە هونـەری جـەماوەرەو بـە جەرگـەی واقعـەوە نووسـاوە. ئێمـەی کوردیش پێویستە شانۆ لە ریزی پێشەوەی هونەرە جوانەکان دابنێین، کە لە خزمەتماندان و لە پێشەوەبردنی کەشـتیی سـەرفرازیی گەلەکەمانـدا بـەرەو رۆخـەکانی دڵنیـایی دەورێکـی بـاش دەبینێت.

## شانۆگەریی سەرکەوتوو

هـەرگیز ناتوانین خۆمـان لـەو راسـتییە گێلبکـەین کـە شـانۆ دەبێـت هـەڵقوڵاوی بیرو زادەی مێشکی مـرۆڤ و جـەماوەر بێـت و لـە خزمـەتی جەماوەرەکەشدا بێـت. دەبێـت گوزارشـت لـە خـەون و ئـازارو ئـاواتی جەماوەرەکـە بکـات و لـە خزمـەتی بیروبـاوەڕی خـەڵکی رەنجـدەر بێـت. (ئـادەمیزاد لـە توانایـدا هەیـە قسە لەسـەر تازەترین شانۆگەری بکات، بە مەرجێك توخنی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکەی نەکەوێت، ئـەوەی شـانۆی بـۆرژوا پێویـستییەتی، سـازکردنی ئاهـەنگی شـەوانەیە، ئـەو

[1] الإحتفالية في المسرح المغربي الحديث، ص١٢.

**تازەکردنەوەیەش دەبێتە هۆی دەرخستن و ئاشکرابوونی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکەی شانۆو شان بەشانی دامەزراوەکانی فێرکردن و هاندانی خەڵکی کاردەکاتە سەر بیرو هەڵوێستی جەماوەر، مەسەلەیەکە لە سایەی رژێمی سەرمایەداریدا ناشێت و بگرە تاوانیشە قسەی لەسەر بکرێت).[1]**

**شانۆگەریی لە رووی داڕشتن و نووسینەوە کۆمەڵێك بنەماو هەلومەرجی خۆی هەیە، کە نەبوونی بنەمایەك کەلەبەر دەخاتە سەرجەمی کارەکەوە، زمان تایبەتییەتیی خۆی هەیەو دیالۆژ تیایدا لە خزمەتی کاراکتەرو دیمەندایە، رووداو بڕبڕە پشتەو ململانێ سەرنجی بینەر رادەکێشێت و بە هۆیەوە وای لێدەکات بە پەرۆشەوە چاوەڕێی لوتکە (ذروة)و ئەنجام بکات.**

**بێگومان هەموو بابەتێکی ئەدەبی لەسەر کاغەز دەنووسرێت و خوێندەوار بە هۆی خوێندنەوەیەوە سوودی لێ دەبینێت، بەڵام شانۆگەریی ئەو کاتە بەهای خۆی وەردەگرێت کە بخرێتە سەر تەختەی شانۆ. (شانۆگەریی راستەقینە لەسەر سێ مەودای "هونەری نواندن و ئەکتەر" دادەمەزرێت و هەروەها بە سێ لا بە ئەنجام دەگەیەنرێت، کە نووسەرو دەرهێنەرو ئەکتەرەکانیەتی. لە شانۆگەریدا خەیاڵی نووسەر دێتە سەر تەختەی شانۆو لەو خەیاڵە دیمەن و دەنگ و کردار پێشاندەدرێت)[2].**

**کاراکتەر (الشخـصية) یان پاڵەوان و قارەمان، چۆنیەتیی سەرکەوتوویی شانۆگەریی دەستنیشان دەکەن، دەتوانین بۆ مەسەلەی هەڵبژاردنی کاراکتەرو دەرخستنی هەر سێ مەودا دەروونی و کۆمەڵایەتی و سروشتییەکەیان بڵێین: کە**

---

[1] کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی/ مەڵبەندی گشتی، پێنج وتاری شانۆیی، وەرگێڕانی پێنج نووسەر، بەغدا، چاپخانەی الحوادپ، ١٩٨٠، ل٣٦.

[2] مارچوری بولتن، تشريح المسرحية، ترجمة: دريني خشبة، القاهرة، مكتبة الانجلو المصرية، ١٩٦٢، ص١٠.

هۆیەکی سەرەکییە بۆ ئاشناکردنی بەرهەمی نووسەرانی شانۆگەریی بە گیان و زەوق و ویستی بینەران. هەر لە سەر ئەمە زۆر وتراوەو بۆ نموونە بڕگەیەك لە وتەکانی "مارچۆری بۆڵتن"ی نووسەر هەڵدەبژێرین کە دەڵێت: "دەبێت ئەوەمان لە یاد نەچێت کە شانۆگەریی بریتی نییە لە ژیان، هەر چەندە شانۆگەریی لە نێو گشت نووسین و هونەرەکانی تردا زیاتر بە ژیانەوە نووساوە، مەرجی سەرەکی بۆ سەرکەوتوویی شانۆگەری ئەوەیە کە وێنەکردن و داڕشتنی کاراکتەرەکان دەبێت روون و ئاشکرابن، تەمومژ لە بەهای کاراکتەر دادەبڕێت، هەروەها زۆر کاراکتەر بە جۆرێك دەخرێنە بەرچاو لە یەك کاتدا دەیان شیکردنەوەو بۆچوون لە لای بینەرانی دروست دەکات، نموونەی ئەو جۆرە کاراکتەرانەش: هاملێت و کیلۆپاترەو ئەنتیگۆناو ئۆدیبی پاشایە).(1)



قەرەج/ سلێمانی ١٩٨٦

---

(1) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص١٤٤.

**کە شانۆ قوتابخانە بێت ئەوا بێگومان جەماوەرێکی هۆشیار لە نێو بینەراندا دەبنە قوتابی و دۆست و میوانی هەموو بەرهەمێکی. کەواتە مەرجە شانۆکە لە پێناوی بوون و بیرکردنەوەی ئەواندا لە کاردا بێت و شان بە شانی ئەوان لە هەوڵ و تێکۆشاندا بێت، بۆ وەدەستخستنی ئارەزوو و خواستە رەواکان.**

**لۆرکای شاعیرو نووسەری ئیسپانیا دەڵێت (شانۆ بە لای منەوە یەکێکە لە بەهێزترین ئامرازەکانی دەربڕین و لە هەمووشیان لەبار ترە بۆ رۆشنبیرکردنی میللەت، بگرە ئەو بارۆمەترەیە کە مەزنیی یان کزی و لەناوچوونی نەتەوەیەك نیشان دەدات.. شانۆی ئاراستەکراو دەتوانێت لە ماوەی چەند ساڵێکدا راددەی هەستکردنی نەتەوە بگۆڕێت، بەڵام ئەو شانۆ داڕووخاوانەی باڵی بڵندی ئاسمان دەگۆڕنەوە بە سمی وڵاخ، ئەوە گومانی تێدا نییە نەتەوەیەك بەرەو نشێوی دەبەن و هەستی بە جارێك شەل و ئیفلیج دەکەن)[1].**

**شانۆگەریی سەرکەوتوو روو لەو مەسەلانە دەکات کە تەواو کێشەکانی ژیانیان تێدابێت، باشترین رێگاش یان با بڵێین سەرکەوتووترین قوتابخانەش کە ئاشنای ژیان و رۆژگارو ئازارەکانی مرۆڤ بێت ریالیزمە، هەر بۆیە زۆر لە کەڵە نووسەرانی دنیا بە بەرهەمی ریالیزمانە شانۆکانیان رووناك کردووەتەوە.**

**شانۆی ریالیزمیش (ئەو شانۆیەیە کە مەسەلە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە ناو جەرگەی واقعەوە هەڵدەهێنجێت و بە هیچ جۆرێك توخنی دیاردە میتافیزیکییەکان ناکەوێت و لێیان دوورە پەرێزە، کە نووسەرێکی ریالیزمی چەند مەسەلەیەك هەڵدەبژێرێت، دێت بە هۆی چەند کاراکتەرێکەوە کە هەر یەکەیان شوناسنامەیان دیارو رۆشنەو لە چوارچێوەی ئادەمیزادێکی ناسراودا دەریان دەخات، نامۆش نییە کە لەم جیهانەدا هەزاران دژایەتی و ململانێ هەبێت و هەر**

---

[1] **گۆڤاری بەیان، ژمارە ٨٠، حوزەیرانی ١٩٨٢، ل٢١.**

هـەموو ئەوانـەش "یـان بەشـێك لەوانـە" لـە شـانۆگەریی ریالیزمیـدا رەنگیـان پـێ بدرێتەوە)[1].

هەرچۆن شانۆگەریی لەگەڵ رەوتی کاروانە خێرخواکەی هونەردا رۆژ لە دوای رۆژ نوێبوونـەوەی بـە خـۆوە دیـوە، بـە هـەمان شـێوەش بینـەران لەگـەڵ بـەرەو پێشەوەچوونی رۆشنبیری و فراوانبوونی ئاسۆی بیرکردنەوەیاندا بەرەو قۆناغی نـوێی چـێژ وەرگـرتن و تێگەیـشتنی لایەنـە جوانکـاری و بابەتییـەکان هـەنگاویان نـاوە.. بـە تایبـەت ئـەمڕۆو ژیـانی ئـەم سـەردەمە، لـە پـاڵ ئاشـنابوونی مـرۆڤ بـە بیروبـاوەڕی پێـشکەوتنخوازانە، بڕیـاری سـەرکەوتن یـان نەکـەوتنی گـشت بەرهـەمێکی هونـەری و ئـەدەبی بـە دەسـتی خەڵکـە رۆشـنبیرەکەیە، هـەر بۆیـە کـە شانۆگەرییەکی ناماقووڵ یاخود بێهودە دێتە خزمەت تەماشاکەران، ئەوا بێ سێ و دوو کردن جەماوەرەکە بڕیاری خۆیانی لەسەر دەدەن، چونکە دەمێکە خوێنـەرو بینەر لەو راستییە گەیشتوون کە داڕشتنی (شێوە) بە هـەر تـەکنیکێك بێـت ئەگەر بە بیرو ناوەرۆك نامۆبن، ئەوا

شـێوەکەش ناتوانێـت قەناعـەت بـە بینـەرەکان بکـات، (شـانۆ قوتابخانەیـەکی فرمێسك و زەردەخەنەیە، مینبەرێکی ئازادە کە خەڵکی دەتوانێت تیایـدا پـەردە لـە رووی رەوشـتی کـۆن هـەڵماڵێت و لـە روخـسارێکی زینـدوو و درەوشـاوەدا چـەند نموونەیەکی نەمریی لە دڵی ئادەمیزادو هەستی پێشکەش بکەن..

جەماوەرێك کـە یارمـەتیی شـانۆ نـادات، جـەماوەرێکی مـردووە، هـەروەها ئـەو شانۆیەش لە دوو توێیدا بزووتنەوەی کۆمەڵ نیشان نەدات، لێدانی دڵـی مێـژوو و کارەسـاتی نەتەوەکـەی دەرنـەبڕێت و بـە راسـتی نیگـاری خـاك و خـۆڵ و گیـانی

---

[1] – د.فائق مصطفى أحمد، أثر التراث الشعبي في الأدب المسرحي النثري في مصر–بغداد، دار الرشيد للنشر، ١٩٨٠، ل١٠٢.

نەدات بە دەستەوە، لە پێکەنین و گریانیداو لە فرمێسك و زەردەخەنەیدا، هەرگیز ئەوە ناهێنێت ناوی بنرێت شانۆ، بەڵکو دەبێتە شوێنێك بۆ رابواردن و گاڵتەبازیی، یان بۆ ئەو جموجۆڵە ترسناکەی پێی دەوترێت "وەخت کوشتن")[1].


دارتووەکەی گەزیزە / ١٩٨٧

ئەمانە چەند خاڵێکی سەرەکی بوون یان کورتەی ئەو خاڵانە بوون کە بنەماو بنەچەن بۆ خوڵقاندنی شانۆگەری و تێکستی دیارو سەرکەوتوو، ئەم مەسەلەیەش، واتە مەسەلەی شانۆو شانۆگەری و نووسینی تێکستی درامی بۆ شانۆ زۆری لەسەر نووسراوەو وتراوە، بەڵام با ئەوەندە بەسبێت بۆ ئەم باسەو رووکردنە لێکۆڵینەوەی شانۆگەریی کوردی و نووسەرانی تێکستە شانۆییەکانمان زیاتر لەو مەبەستەمان نزیك دەکاتەوە کە لە سەرەتای ئەم لێکۆڵینەوەیەدا رامانگەیاند.

---

1- گۆڤاری بەیان، ژمارە ٨٠، ل٢٢.

## شانۆگەریی کوردی

ئەمڕۆ، هەر کاتێك قسە لەسەر بەشەکانی هونەری کوردی بکرێت، ئەوا ڕاستەوخۆ شانۆ دەبێتە کرۆکی باس، چونکە شانۆ هونەرێکە ڕەگی خۆی بە ناخی زەمینەی واقعی میللەتدا داکوتاوەو بەردەوام لە گەورەبوون و گەشەسەندندایە.. شانۆگەریی کوردی یەکێکە لەو هونەرانەی بە گوێرەی قۆناغەکانی نوێبوونەوەو بەرەو پێشەوەچوونی کۆمەڵگای کوردەواریی جەماوەری لە دەوری خۆی کۆکردووەتەوە، ئەم هونەرە لای ئێمە ڕەسەن نییە، بەڵکو هاتووەتە نێو هونەرەکەمانەوە، واتە (دخیل)ە.

ئەگەر بە چاوی سەرنجەوە لە مێژووی سەرهەڵدانی هونەری شانۆ وردبینەوە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی شانۆی عیراقیی هێندە لەوەی خۆمان کۆنتر نییە، لێکۆڵەرەوەکانی ئەم بوارە بە بەڵگەی سەلمێندراوەوە ڕایانگەیاندووە: (کە کۆنترین شانۆیی عەرەبی لە عیراقدا "الشماس"ی "حنا حبش"ەو لە ساڵی (١٨٨٠) لە شاری موسڵ پێشکەشکراوە)[1].

لای ئێمەش (سەرەتای بزوتنەوە شانۆییەکەمان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩١٢) کە لە سەیرانەکانی ئەو دەمەی سەرچناردا جۆرەها تەمسیل پێشکەشکراوە، پاشانیش ئەم هونەرە زیاتر گەشەی سەندو ئەوەبوو بە سەرپەرشتیی هونەرمەندی پێشڕەو "فوئاد ڕەشید بەکر" لە ساڵی (١٩٢٦)دا شانۆگەریی "عیلمو جەهل" بە سەرکەوتوویی پێشکەشکراوە)[2].

ئەمانەو جگە لەچەند بەڵگەیەك کە گەواهیی ئەوە دەدەن لە هەولێرو ڕەواندزو گەلێك شوێنی تردا شانۆگەریی کوردی لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا

---

1- المؤسسة العامة للسينما والمسرح، المسرح العراقي اليوم-بغداد، ١٩٧٨، ص٣.

2 -گۆڤاری نووسەری کورد، ژمارە ٨، خولی دووەم، ١٩٨٢، ل ١٨٢.

پێشکەشکراوە، شانۆگەریی کوردیی بە درێژایی ئەو ماوەیە لە گەشەسەندندا بووەو ئەوەتا بەری رەنجی پێشڕەوانی ئەم هونەرە، ئەمڕۆ دروێنە دەکرێت و دەبینین دەیان بەرهەمی بەپیت و بەهێز خۆیان دەگەیەننە سەر تەختەی شانۆکانی کوردستان، بە گوێرەی قۆناغەکانی گۆڕان و بەرەو پێشەوە چوونی بزوتنەوە شانۆییەکە کەم تازۆر بینەرانی بەلای هۆڵەکاندا راکێشاوەو زیاد لە چل شانۆگەریی کوردییش بە چاپ گەیەندراوەو زیاتریش لەو ژمارەیە لەسەر شانۆکانی کوردستان پێشکەشکراوە.

شانۆگەریی کوردی بە گوێرەی گۆڕانی بارە سیاسی و ئابوورییەکە بەرەو پێشەوە چووە، نموونەش بۆ سەلماندنی رایەکەمان، ئەو شانۆگەرییە کوردییانەن کە لە سەرەتای جموجۆڵە شانۆییەکەدا سەبارەت بە کێشە کۆمەڵایەتییەکان دواون و پاشانیش هەندێکیان شانبەشانی خەباتی رۆڵەکانی گەل بۆ لەقکردن و روخاندنی رژێمی پاشایەتیی گومڕا لە تێکۆشاندا بوون. بەشێکی تریان وەك سروودی قارەمانی و نەبەزین بانگ هەڵدەدەن و بوونەتە گۆرانی بۆ شۆڕشی کۆماریی ساڵی (١٩٥٨).. چەند تێکستێکی تریان مێژوو و کەلەپوور دەهێننە گۆڕێو دەیانکەنە بەڵگە بۆ زیندوێتیی و نەمریی میللەت.

## تێکستی شانۆگەریی کوردی

دەمێکە ئەم سەرناوە بووەتە کەرەستەی دەیان نووسین و لێکۆڵینەوە، سەدان گفتوگۆو رادەربڕین، (هەر لە چلەکانەوە لە گەرموگوڕبوونی بزوتنەوە شانۆییەکەوەو لەو کاتەوەی کە هونەری کوردی بە چاکی خۆی بە خەڵکەکە ناساندووە، لە زۆربەی موناسەبەو غەیری موناسەبەدا بانگەوازی شانۆگەریی نووسین لە لایەن نووسەرو هونەرمەندانی کوردەوە زۆرجار راگەیەندراوە، ئەوەتا بە نووسین و بە رادەربڕین گەلێك جار وتراوە:

-بناغەی شانۆگەریمان دەبێت بە تێکستی کوردی دابڕێژرێت.
-شانۆی رەسەن بە دەقی نەتەوەیی و خۆماڵی دەخولقێت.
-تێکستی خۆماڵی مژدەی دروستبوونی شانۆی پێشکەوتوومان دەداتێ.
-شانۆ لە نووسەرەوە دەستپێدەکات.)[1].



کاتێ هەڵۆ بەرز ئەفرێ/ سلێمانی ١٩٨٦

بەلام ئەوەی جێگای داخە، ئەو داوایانە تا ئێستا هەر خۆزگەن و حاڵی شانۆشمان لە رووی تێکستی کوردییەوە گۆڕانێکی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەبینیوە. نووسەری شانۆگەری، یەکەمین کەسە کە بابەت و پاڵەوان هەڵدەبژێرێت بۆ ئەوەی بە هۆی کرداری شانۆییەوەو بە هۆی ئەکتەرەوە وەك پردێك بیانگەیەنێتە جەماوەر. رۆشنبیری و کارامەیی نووسەری شانۆگەریی مژدەی سەرکەوتنی بەرهەمەکە رادەگەیەنێت، (درێنی خەشەبە) لەم بارەیەوە دەڵێت: (رۆشنبیریی

[1] – نەقابەی هونەرمەندان/ لقی سلێمانی، بڵاوکراوەی شانۆ، حوزەیرانی ١٩٨٣، ژمارە١، ل٣٢، شانۆگەری و دەقی شانۆگەریی خۆماڵی کوردی، یاسین قادر بەرزنجی.

فراوانـی شـانۆیی، هونـەری مـەزنی شـانۆ دەخوڵقێنێـت. بێگومـان نووسـەری شانۆگەریی لە هەموو کەسێك زیاتر نزیکە بە شانۆو رۆشنبیریی شانۆیی و گشت هونەرەکانی شانۆ، نووسەرێك کە بیەوێت شانۆگەرییەکی سەرکەوتوو بنووسێت، دەبێت هەموو ئەو مەرجانەی تێدابێت، ئەگەر تەماشای مێژووی دوورو درێژی ئەم هونـەرە بکـەین دەبیـنین نووسـەرانی شانۆگەریی یەکـەم کەسـن کـە لـە نـاو بۆتـەی هونەرەکەدا قاڵبوون و کارگـەری مانـدووی کاروانەکـەن. ئـەوان لـە ئامێزی شانۆدا پـەروەردەو گـەورەبوون، کەنووسـیویانە چۆنیەتیی بـارودۆخی شـانۆکانی خۆیـان لەبەرچاو بووە، هەموو حسابێکی وردو درشتی کاری پراکتیکییانەیان زانیوە، کـە پێنووسـیان گرتـووە بـە دەسـتەوە ئـەو خاڵانـەیان لا بووەتـە سـەرەتاو نەخـشەو جێبەجێکردن)[1].

ئێمـە کـە خـاوەنی ژمارەیـەکی زۆریـن لـە نووسـەران، زۆر کـەممان رووی لـە نووسینی ئەم ئەدەبە زیندووەیە ، هۆکەشی لەم دوو خاڵەدایە:

١-ساوایی شانۆگەریی کوردیی و تازە پەیدابوونی لە ناوماندا.

٢-گرانکاری و زەحمەتی نووسینی شانۆگەریی.

لە ساڵانی پاش حەفتاوە چەند نووسەرێکی کەم هاتنە کۆڕی نووسینی ئەم هونەرەوەو لە ئەنجامی خوێندنەوەو بینینی بەرهەمی شانۆیی عەرەبی و جیهانیدا توانیویانە چوارچێوەیەك بۆ کاراکتەرەکانیان بکێشن، بابەتـەکانیان کوردی بوون، بـەڵام توانـای خـۆ دەربازکردنیـان نـەبوو لـە شـانۆی ئـەوان و شـێوازی نووسـینی بێگانەکان، ژمارەیەکی یەکجار کەم کە لـە پەنجـەی دەست تێناپـەڕن، هەوڵیانداوە تایبەتمەنـدیی لـە بەرهەمەکانیانـدا بیـت، ویـستوویانە ئاوڕبدەنـەوە لـە رابـردوو، هەوڵیانـداوە لـە مێـژوو هـەڵێنجن و مـشتێك لـە خـەرواری کەلـەپوورو حیکایـەتی

[1] - تأريخ المسرح في ثلاثة آلاف سنة، ص هـ.

میللیمان دەرخەن، کە ئەمەیان بناغەیەکی یەکجار بەپیت و بەرەکەتە بۆ بەرەو رەسەنیی بردنی شانۆکەمان.

هەر لەم بارەیەوە مامۆستا (حەمەکەریم هەورامی) نووسەری (شەوێك لە ژیانی خانزادو خاتوو کلاوزەڕ) دەڵێت: (من دەمەوێت ئەدەبی شانۆگەریی بنووسمەوە، ئەو ئەدەبەی کە خوێندنەوەو نواندنی "هەرچەندە یەك شتن" دوو رووی رووناکی هەیە، خوێندنەوەو نواندن، واتە ئەوەی دەیخوێنیتەوە دەکەوێتە ناو جیهانێکی فراوانەوە، هەر وشەیەك تیشکێکە، هەر رستەیەك قەڵا رۆژنێکە، هەر دیالۆگێك دەروازەیەکە بۆ چوونە ناو مێژووی حەشاردراوی دێرینمان.. نواندنیشی دەبێتە هۆی زیندوو بوونەوەی ئەو پاڵەوانە مێژووییانە کە هەندێکیان بە دەموچاوێکی تەڵخ و ترشەوە ناویان هەیە، هەندێکی تریان نێونیگایان وەك ئەستێرەی کاروان کوژە ورشەدارەو کەچی لەناو هەوری تاریکی رۆژگاری رەشدا بزربوون و وائێستا لەسەر شانۆ زیندوو بوونەتەوەو دەستەو یەخەی ناهەمواری راوەستاون و مۆری نامەردی بە تەوێڵی بەدخوو و خۆفرۆشاندا دەنێن و سەر لە نوێ ئەستێرەی شارراوەی خۆیان دەدرەوشێننەوە.)[1].

ئەم قسەیەی هەورامی ئەوە دەردەخات کە هونەری رەسەن هونەری نەتەوایەتییە، کوردیش وەك هەموو میللەتانی زیندوو دەبێت هونەری نەتەوەیی خۆی هەبێت، بەڵام کە وتمان هونەر، پێویستە وەك ئاڵا دیارو شەکاوە بێت لە نێو میللەتدا، دەبێت ئاگامان لەوە بێت چی پێشکەش دەکەین، دەبێت نەتەوایەتیی هونەرەکەمان لە بازنەیەکی تەسکدا نەبێت و روو و ناوەرۆکی مرۆڤایەتی بزر نەکات..

هەر لە نەبوون و ئەزمەی تێکستی کوردیدا چەند شانۆییەکی خوێنگەرم بە تواناو بەهرەی خۆیانەوە ویستوویانە خواستی شانۆی سەردەم و حەقیقەتی

[1] –حەمەکەریم هەورامی، شانۆگەریی خاتوو کلاوزەڕ–بەغداد، چاپخانەی الحوادث، ١٩٨٢،ل٤.

دەرهێنان و نواندن "وەك زانست" بگەیەننە شانۆکانی کوردستان، لای ئەمانیش دووبارە نەبوونی تێکستی کوردی و بابەتی نەتەوەیی خۆمانە کۆسپی گەورە بووە، هەر بۆیە بە هۆی ئەزموونیان و بە هۆی مامەڵەیان لەگەڵ شانۆی جیهانیدا وای لێکردن رووبکەنە وەرگێڕان و ئامادەکردن. لەم بارەیەوە هونەرمەند ئەحمەد سالار دەڵێت: (جەماوەری کورد دەیەوێت شانۆییەکانی بە گیانی نزیك بێت و خۆی تێدا بدۆزێتەوەو خۆی تێدا بناسێتەوە، هەر لەبەر ئەم هۆیەش بووە زۆرجار شانۆی بێگانە روویەکی کوردیی دراوەتێ، ئەوەندەش هەیە کە هەموو میللەتێك ئاوڕی لە شانۆی بێگانە داوەتەوە.. بەڵگەش بۆ ئەمە چەند نووسەرێکە کە بوونەتە خەڵکی هەموو وڵاتێك، وەك: شەکسپیر، مۆلێر، چێخەف، گۆرکی)[1].



عوسمان چێوارو ئەما باراوی/ شانۆگەریی مۆڵەت ١٩٧٦

لێرەدا پرسیارێك خۆی قوتدەکاتەوە: ئایا شانۆی بێگانە دەتوانێت ببێتە جێگرو (بدیل)ـی تێکستی کوردی.. یاخود، کەبووە بەدیل ئایا تاکوێ و چەند سوود بە شانۆکەمان دەگەیەنێت..؟ بێگومان وەڵام روون و ئاشکرایە، تێکستی

[1] – رۆژنامەی برایەتی، ژمارە ٧٨، ساڵی ١٩٧٣.

کوردەواری ڕەنگرێژی شانۆی ڕەسەنی کوردەوارییە (دەقی خۆماڵی پاڵ بە دەرهێنەرەوە دەنێت بۆ داهێنان، هەر وەك چۆن هانی هونەری و ئەکتەرەکانیش دەدات، چونکە ئەم تەرەفانە ناچارن لەگەڵ بەرهەمی نوێدا مامەڵەی نوێ بکەن، ئەم حاڵەش تەواو پێچەوانە دەبێتەوە ئەگەر دەقێکی بیانی پێشکەش بکرێت، چونکە ئەو حەلە نەدەرهێنەرو نە ئەکتەرو هونەرییەکان بیر لە داهێنان ناکەنەوە، چاو دەبڕنە شێوەی نواندن و دەرهێنانی بەرهەمەکە، وەك چۆن پێشتر پێشکەشکراوە، دیارە گواستنەوەی دەرهێنانیش هەرگیز بە دەرهێنان ناژمێردرێت و لێرەدا بە دەستی خۆیان ڕۆحی داهێنان دەکوژن)[1].

هەر لە بواری مامەڵەکردندا لەگەڵ بەرهەمی نووسەرانی بێگانەو غەیرە کورددا مەسەلەیەکی گرنگی تریش هەیە، زۆر جار بەرهەمی نووسەرانی بێگانە دوای ئامادەکردن و گۆڕینی ناوی کاراکتەرەکان بۆ کوردی، دەبێتە دەقێکی بە زمان کوردیی، بەڵام ناوەڕۆك و هێڵی فیکریی شانۆگەرییەکە هەر وەك خۆیەتی، ئەمەش بێگومان کارێکی هەڵەو ناپەسەندە، چونکە بەرهەمەکە ڕەنگدانەوەی بیری نووسەرە بێگانەکە دەبێت، بەڵگەش بۆ نموونە دەیان بەرهەمی شانۆگەری و تەلەفزیۆنییە کە لەلایەن تیپەکانەوە پێشکەشکراوە، لە هەندێکیاندا دەبینیت نووسەرێکی سەر بە فیکری بۆرژوا خۆی بە نووسینێکی واقعییەوە دەردەخات، کە وەرگێڕی لەمەڕ خۆمان هاتووە ناوی مستەر فلانی کردووەتە لالە حەمە یان میرزا و هیچی لە مەسەلەکە نەگۆڕیوەوبەرهەمەکە خۆی لە خۆیدا نامۆیە بە حاڵی لالە حەمەو شانۆگەرییەکە لە خزمەتی بیری نووسەرە بێگانەکەدا ماوەتەوە.

یان کەسێکی تر دێت و بە ناوی ئامادەکردنەوە سەروگوێی دەقێکی تر دەکوتێتەوەو شەل و کوێرم ناپارێزم دەکەوێتە گیانی هەموو ڕستەیەکی و بە

---

[1] – بڵاوکراوەی شانۆ، ژ/١، ل٩–١٠.

یەکجاری ماڵئاوایی لە بابەت و بیرو خاسیەتەکانی ئەو بەرهەمە کردووەو ناویشی ناوە ئامادەکردن "إعداد"..!! سەبارەت ئەم دیاردەیە، مامۆستا شێرکۆ بێکەسی شاعیر وتوویەتی:

(لەم ساڵانەی دواییدا بزوتنەوەی وەرگێڕان و ئامادەکردن بۆ شانۆ وەك دەبینین لەبرەودایە، ئەمە خۆی لە خۆیدا هەنگاوێکە بۆ پێشەوە، بەڵام دەبێت ئاگامان لەوە بێت کە وەرگێڕان وەك شیری دوودەم وایە، ئەگەر نەزانین چۆنی بەکاردەهێنین شانۆکەشمان زامدار دەکات)[1].


سەلەی ئانگەر/سلێمانی ١٩٨٣

زۆرجار لای ئێمە هەڵبژاردنی تێکستی بێگانەکانیش گیروگرفتە، لە شوێنی خۆیاندا نین، ئەوەتا وەك دەبینین هەندێك جار هونەرمەندێك لە نەزانینەوە تێکستی نووسەرێك هەڵدەبژێرێت کە تەواو دوورە لەگەڵ واقع و ژیانی ئەمڕۆماندا، دێت بە ناوی رووکردنە ناوەرۆکی نوێوە بەرهەمێکی نامۆ

[1]-بڵاوکراوەی شانۆ، ژ/١، ل٦.

پێشکەشدەکات و بەمەش کارێکی نەشیاوو نەگونجاو دروستدەکات و بەم کارەشی هیچی ئەوتۆ ناخاتە سەر بەرهەمەکانی پێشووی و بگرە کارێکی سەلبیشیان دەکاتەسەر.

برتۆڵد برێخت دەڵێت: (نارەوایە کەسێك بە چاوی سووکەوە بڕوانێتە شێوەو دان بە شێوەدا نەنێت و بە هۆیەکی سەرەکیی گۆڕانی ئەدەبیی دانەنێت، چونکە هەرگیز ئەدەب ناتوانێت بە بێ شێوەی نوێ بابەتی نوێ و باری سەرنجی نوێ و بۆچوونی نوێ بگەیەنێتە خەڵکی نوێ. ئێمە بە جۆرێك بەرهەمەکانمان دادەڕێژین کە تەواو جیاوازە لە داڕشتنەکانی سەردەمی ئەلیزابیسی، شانۆکەمان جۆرێکی نوێیە.. ئەگەر بمانەوێت لەسەر ڕێبازەی شەکسپیر بڕۆین، ئەوا پێویستە "بۆ نموونە" هۆکانی هەڵگیرساندنی جەنگی یەکەمی جیهان بهێنینەوە یادمان و شێوەی قەیسەر بهێنینەوە یادی خۆمان، شتێکی روونیشە دەبێت بەرامبەر هەموو نوێیەکی درۆزن بوەستینەوە، چونکە ئەمرۆ مرۆڤایەتی بەر لە هەموو شتێك پێویستە بەرچاوی لەو تەپوتۆزە پاکبکاتەوە کە خەریکە کوێری دەکات.. دووبارە ئاشکراشە کە ناتوانین بچینەوە سەر بابەتە کۆنەکان، بەڵکو دەبێت بەرەو نوێیە راستەقینەکان هەنگاو بنێین، بەڵام دەبێت ئاگاداری ئەوەبین کە چۆن و چ جۆرە نوێیەك هەڵدەبژێرین)[1].

هەر بەهۆی کزی و نەبوونیی تێکستی کوردییەوە دەبینین زۆرجار نووسەرو هونەرمەندانی کورد بە تەنیا خۆیان بە وەرگێڕانەوە نەبەستووەتەوە، بەڵکو پەنایان بردووەتە بەر ئامادەکردن "إعداد" یان لێ وەرگرتن "إقتباس" یان بە کوردیکردن "تکرید"، لە بەکوردیکردنەکە دواین، بەڵام بۆ وەرگێڕان دەڵێین: هەڵبژاردنی دەقێکی دیاریکراو بە نیازی وەرگێڕان و پێشکەشکردن، چارەنووسی سەرکەوتن یان نەکەوتنی

---

[1]– آرنست فیشر، الإشتراکیة والفن، ترجمة أسعد حلیم، بیروت، دار القلم، ط٢،١٩٨٠، ص١٨٤.

بەرهەمەکە دەستنیشان دەکات. ئەمە بێجگە لەو زمانەی کە نووسەری لەمەڕ خۆمان لە داڕشتنەوەی وەرگێڕانەکەیدا بەکاری دەهێنێت. خۆ هەرچی مەسەلەی ئامادەکردنیشە ئەوا دوورخستنەوەی بینەرە لە حاڵیبوون و بینینی جۆری ژیان و بەخششی گەلانی تر. بەڕای ئێمە هێشتنەوەی بەرهەمی بێگانە وەك خۆی و پێشکەشکردنی بە زمانێکی ئەوتۆ "کە لە خزمەتی زمانە یەکگرتووە کوردییەکەدا" بێت ئەوا ئەنجامێکی باشتری بە نسیب دەبێت و خزمەتی لەبارتری جەماوەری بینەرانی شانۆشمان دەکات.

بۆ سەلماندنی ئەم رایەش، ئەوەتا دەیان نموونەی ئەو جۆرە وەرگێڕانە سەرکەوتووانە بە تەواوی لە بیرو یادی بینەراندا تۆمارن، زۆربەی هەرە زۆرمان چێژی تەواومان لە چەند بەرهەمێکی وەرگێڕدراوی وەك (ئابڵووقە، لانەوازان، تریێ و ریێوی، چڵپاو، مانگی ئاوابوو) بینیوە.

هەندێك جاریش ئەدیبانمان توانیویانە بەرهەمێکی بێگانە بە گیانێکی کوردی و بابەتی کوردەوارییەوە بە ئامادەکراوییەوە بگەیەننە جەماوەر، نموونەی ئەمانەش "مۆڵەت"ی محێدین زەنگەنە و "گورگی بێشەو هەرد"ی سمکۆ ناکام و "سەلەی نانکەر"ی فوئاد مەجید میسرییە.



ئاوایی بێکەسە / سلێمانی ١٩٩٥

## نووسەرانی شانۆگەریی کوردیی

لای ئێمەی کورد، چەند نووسەرێکی کەم ویستوویانە لە هونەری شانۆ نزیک ببنەوەو شانۆگەریی بنووسن. بەرهەمی پێشکەشکراو یان چاپکراوەکانیان راددەی سەرکەوتنیان یاخود سەرنەکەوتنیان دەسەلمێنێت.. پێویستیشە هەر خوێندەوارێك یان هونەرمەندێك ئەگەر بیەوێت بە چاوی سەرنجەوەو بە مەبەستی هەڵسەنگاندن سەرنجی شانۆگەرییەکی کوردی بدات، دەبێت شتێك لە بنەماکانی نووسینی شانۆگەریی بزانێت، تا پەی بە جیهانی ئەم هونەرەو بەرهەمی نووسەرەکە بەرێت.. دەبێت دەربارەی هەلومەرجەکانی شانۆگەریی سەرکەوتوو شارەزابێت، ئەو هەلومەرجانەی کە "ئەمین سەلامە" ئاوا لێیان دواوە: (هەموو شانۆگەرییەك، کۆمێدی بێت یان تراژیدی، لە چەند مەرج و دیاردەیەکدا هاوبەشن و یەکدەگرنەوە، بێگومان هەموویان رووداوێك دەگێڕنەوە، بە هەر شێوەیەك بێت سادە یان ئاڵۆز، روون بێت یان تەمومژاوی، هەر نووسەرێکیش بیەوێت شانۆگەرییەکی بەهێزو پتەو پێشکەش بکات، پێویستە لە سەرەتاوە نەخشەیەك بۆ بەرهەمەکەی بکێشێت و پەردەو بینراوو رووداوو هەڵوێستیان دەستنیشان بکات و بە شێوەیەکی کاریگەر ریزیان بکات کە بینەر بەشدارانی شانۆگەرییەکە بناسن و لە گەڵیاندا هاوبەشیی بەسەرهات و رووداوەکانیان بکەن، کەواتە پێویستە هەموو شانۆگەرییەك چیرۆك و نەخشەو ئەنجام "مەبەست"ی تێدابێت)[1].

شانۆگەری نووسین لای ئێمە، لە کوردستانی عیراقدا دوا بەدوای نووسینی چیرۆکی هونەری نووسراوەو گەلێك بەرهەمی جێماومان بۆ بووەتە مێژووی

[1]-پێنج وتاری شانۆیی، ل١٥.

سەرەتای ئەم هونەرە لەناوماندا. کە لە شانۆگەرییە سەرەتاییەکان ورد دەبینەوە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی هەندێك لە نووسەرەکانیان زیاتر چیرۆکنووس بوون، بە هەمان شێوەش زۆر چیرۆکی کۆنمان هەن چەند بنەماو ڕێسایەکی هونەریی شانۆگەرییان تێدایە..

ئەگەر بە چاوی سەرنج و پشکنینەوە بگەڕێینەوە بۆ دواوەو سەرنجەکەمان ئاراستەی مێژووی شانۆمان بکەین، گەلێك جار ناوی وامان بەرچاودەکەوێت کە هەمیشە لە کارو خزمەتدا بوون بۆ پێشخستنی شانۆکەمان، لە سەرووی ئەم ناوانەشەوە بێگومان نووسەرانی شانۆگەریی کوردین.

لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە تایبەتە بە "شانۆگەریی چاپکراوی کوردی" گەیشتوومەتە ئەو ئەنجامەی کە تەنیا لە کوردستانی خوارووەدا زیاد لە (٤٠) شانۆگەریی کوردی چاپکراوە، لە لێکۆڵینەوەی ناوبراودا بە کورتی لە هەریەك لەو شانۆگەرییانە دواوم، ئەوەی لێرەدا شایانی ناو هێنانە، نووسەرانی ئەو شانۆگەرییانەن، پاشانیش بە ڕێبواری لای هەندێکیان سەرێك لاردەکەینەوەو شتێکی کورتیان لەگەڵدا دەڵێین. ئەوانەی شانۆگەرییان نووسیوەو بابەت و زمان و کاراکتەرو بیرکردنەوەو مەسەلەکانی ژیانی ئەم نیشتمانەیان داڕشتووە، دیارترینیان ئەم زاتانەن:

أ.ب.هەوری، ڕەفیق چالاك، فەتاح کەریم کاوە، مستەفا نەریمان، فوئاد عیززەت، مستەفا قەرەداغی "سالار"، کامیل ژیر، حەسەنی قزڵجی، ئەوڕەحمانی زەبیحی، عەبدولڕەزاق بیمار، ئەمینی میرزا کەریم، کەمال ڕەئووف محەمەد، محەمەد ئەمین عوسمان، حەمەکەریم ڕەمەزان هەورامی، عومەر عەبدولڕەحیم، محەمەد تۆفیق وردی، زەکی ئەحمەد هەناری، فەرەیدون عەلی ئەمین، جەمال بابان، شێرکۆ بێکەس، مەهدی ئومێد، فوئاد مەجید میسری، ئەحمەد سالار،

ئیبراهیم سەلمان، محەمەد عەبدولڕەحمان زەنگنە، سادق بەهائەدین، د.نافیع ئاکرەیی، فەهمی کاکەیی، حسەین عارف، تەلعەت سامان و سمکۆ ناکام، ئەم دوو نووسەرەی دواوە، واتە (تەلعەت و سمکۆ) شانۆگەریی چاپکراویان نییە، بەڵام بە چۆنێتیی نووسینیان و بایەخی شانۆگەرییەکانیان، لێرەداو لە گشت بوارێکی ناوهێنانی شانۆگەریی کوردیدا جێگای دیاری خۆیان دەکەنەوە.

لە نێو ئەم ژمارە نووسەرەدا هەندێك هەن کە تەواو قاڵبووی نێو هونەرەکەن و هەوڵی چاکیان بۆ بەرەو پێشەوەچوونی شانۆکەیان "بە نووسین" داوە، لێرەدا بە پێویستی دەزانین ئاوڕێك لەو هەندە بدەینەوە، با ئاوڕەکە کەمخایەنیش بێت:

-مامۆستای کۆچکردوو ئەبوبەکری شێخ جەلال "أ.ب.هەوری" چەند بابەتێکی مێژوویی و دڵداریی کوردیی بە زمانی شیعریی ناسك بۆ بەجێهێشتووین.

-فەتاح کاوەی هونەرمەند گەلێك کێشەی کۆمەڵایەتیی خستووەتە نێو چوارچێوەی هونەری شانۆوەو لە هەندێکیاندا بەهاو جەوهەری هونەری دەربڕیوە.

-بیماری شاعیر بە بەسەرهات و باس و خواسی کوردانە رووی لە شانۆ کردووە.

-ئەمینی میرزا کەریمی نووسەر بە کارامەیی و هونەرمەندێتیی خۆیەوە پاش ئەوەی دۆستایەتیی گەرم و گوڕی لەگەڵ شانۆگەریی عیراقی و شانۆی (یوسف العانی) پەیداکردووە، بووە بە دیارترین نووسەری پەنجاکانی ئەم بوارەو قەڵەمە ئاشناکەی بەم میللەتە لە خزمەتدا بووە.

-(تەلعەت سامان) وەك دەنگێکی بڵند لە هەولێرەوە توانیی خۆی بگەیەنێتە خەڵکی و کەلەپوورو بەسەرهاتە میللییەکانی بە گیانی نوێ و هاوسەردەمەوە گەیاندە شانۆی کوردی.

-(حەمە کەریم هەورامی)، بە هەمان شێوەی (تەلعەت) توانیی بەرهەمی پڕ لە شکۆی مێژوویی بکاتە دیاریی ئەمڕۆ بۆ شانۆ.

-(فوئاد مەجید میسری)، زیرەکانە هاتە کۆڕی شانۆگەری نووسینەوەو توانیویە کەمێك لە قەیرانی شانۆکە کەم بکاتەوە.

-(شێرکۆ بێکەس) هەر چۆن بە دیارترین شاعیری ئەمڕۆی شیعری کوردی ناسراوە، ویستوویەتی بە سەلیقەوە بەرهەم بۆ شانۆ بنووسێت، لە "کاوە"دا ویستوویەتی مامەڵە لەگەڵ کەلەپووردا بکات و بە "ئاسك"یش دنیایەکی نوێی بۆ شانۆگەریی نووسینی خۆی خوڵقاندووە.

-(سمکۆ ناکام)یش هونەرمەندێکی بەتوانایە، بە بابەتی میللی میزاجی بینەرانی کردەوەو چەند شانۆگەرییەکی رەسەنی هەیەو نموونەش: (رەجەب و چەخماخە) کەیەتی.

دووبارە لە کۆتایی باسی تێکستی شانۆگەریی کوردیدا دەیڵێینەوە: دەبێت تێکستەکانمان کوردی بن، کوردی بە رووداوو زمان و بابەت و کاراکتەرو هونەرەوە..ئەگەر ئەمە هاتەدی، ئەوا بەردی بناغەی هونەری شانۆی رەسەنی کوردی دادەنرێت..

(*)ئەم بابەتە پێشتر لە گۆڤاری (رۆژی کوردستان)، ژمارە ٦٥، ساڵی (١٩٨٤) بڵاوکراوەتەوە.

# نواندنی شانۆیی و ئەکتەری کورد

## هونەری نواندن و ئەکتەر

مرۆڤ هەستدارترین گیانەوەری ئەم بوونەیە، بە هۆی مێشك و ئەندامە چالاکەکانییەوە هەر لە خۆرهەڵاتی ژیان و لە بەرەبەیانی دەرکەوتنی تیشکی مرۆڤایەتییەوەو لە هەڵکردنی چرای هەڵسوکەوتی هۆشیارانەوە بووەتە نزیکترین دۆستی ئەم سروشتە فراوان و بەربڵاوە. سروشتیش خۆی لە خۆیدا قوتابخانەیەو چاوگی هەموو جوانییەکەو سەرچاوەی گشت هونەرێکە. چۆمەر لە "بەسەرهاتی پزیشکێکدا" دەڵێت: (سروشت بە توانا مەزنەکەیەوە گەورەترین داهێنان و ئەفراندنی هێناوەتە گۆڕێ، هەر وەك ئەوەی پێمان بڵێت: بڕواننە منی سروشت بزانن چۆن توانیومە شت بخوڵقێنم و کەی ویستبێتم وێنەی جوان جوانم بۆ کێشاون، جا ئیتر کێ لە باریدایە بابێت سوودم لێوەربگرێت و لاساییم بکاتەوە)[1].

مرۆڤ رەنگکێشی چارەنووسی سەردەمە جۆراوجۆرەکانەو بە چاکی هۆگری ژیان و بەرهەم و چالاکییەکانی بووەو مەزنترین دەوری لە مێژوودا بینیوە، ئەم هۆگربوونە وای لە مرۆڤ کردووە کە گەلێك لایەنی ژیانی خۆی جوان و پڕ لە شەوق بکات، هەر بە هۆی کارتێکردن و دەوری سروشت لە سەری و بە هۆی هەڵکەوتنی دەوروبەرەکەیەوە کارێك و بەرهەمێکی ئەوتۆی وەدەستهێناوە کە هەر لە توانای ئەودایە. ئادەمیزاد ئەو کاتەی

---

[1]-مارچوری بولتن، تشريح المسرحية، ترجمة دريني خشبة، قاهرة، مكتبة الانجلو المصرية، ١٩٦٢، ص١٤٣.

نێچیریان راوکردوه چۆنیەتیی کارەکەیان چەشنە جموجوولێك بووه لە هەڵسوکەوتی رۆژانـەیان جیـاوازبووه. هـەر بۆیـە ناچـاربوون چـەند شـێوازێکی لـە نوانـدن چـوو لـە دەموچاوو دەنگ و جووڵانەوەیاندا بکەن، یان بەکارهێنانی ئاگر لای مرۆڤی سـەرەتایی دیسانەوه کرداری وەکو "نواندنی" هێناوەتـە ئاراوه.. نوانـدن هـەر لـە سـەرەتای ژیـانی مرۆڤـەوه هـەبووەو مـرۆڤ بـە گـوێرەی پێـشکەوتنی هەسـت و بـیری گـۆڕانی بەسـەردا هێناوەو تا ئەمڕۆش بـەردەوام لـە نـاوەرۆك و شێوازی ئـەم هونـەرەدا گـۆڕان هـەر هەیـە.. ئێستا هونەری نواندن بووەتـە هونـەرێکی سـەرەکی و بڵاو لـە گشت شـوێنێکی دنیـاداو وەك یـەکێك لـە هونـەرە مـەزن و سوودبەخـشەکان بـەهای لـە شـانۆداو پاشـانیش لـە سـینەماو رادیـۆو تـەلـەفزیۆندا دەرکـەوتووه. ژان لـوی بـارۆ وتوویـەتی: بۆیـە پیـشەی ئەکتەریم هەڵبژاردووه تا هۆو رێگای گەیشتن بە برا مرۆڤەکانم ببینمەوه[1].

نواندن لە ژێر تیشکی سەلیقەی مرۆڤدایە ، تەنیا مرۆڤی بەهرەدارە دەتوانێت خـۆی بنوێنێت "واتـە تەمسیل بکـات"، ئەگـەر بـەهرە لـە مرۆڤـدا نـەبێت ئـەوا ئـەو مرۆڤـە بـێ بەهرەیەو نابێتە ئەکتـەر، خـۆ ئەکتـەر ئەگـەر لـە پـاڵ بەهرەکەیـدا رۆشـنبیریی فراوانـی لـە میانەی هونەردا هەبێت ئەوا دەبێتە رابەرو هونەرمەندو پێشەوای هونەرەکەی.

ستانسلافسکی بڕوای وایە ئەکتەری بێ تواناو بێ بەهرە دەبێت شانۆ چۆڵ بکـەن و ئاژاوە نەنێنەوه.. هەروەها ئەکتـەری بـە توانـاو بـەهرەداری هونەرمەنـدو رۆشـنبیر نرخـی هونەرەکەی دەزانێت و دەبێت بە چاکی لە بەهای نوانـدن و شـانۆو هونەرەکـەی بگـات، دەبێــت بــە چــاکی لــەو راســتییە تێبگــات کــە (ئــەمڕۆ هونــەر تــەواو لــە تەوژمــە کۆمەڵایەتییەکانەوه نزیکە، بەڵکو بووەتە بەشێك لە تـەوژمی شـەپۆلە کۆمەڵایەتییـەکان، هونەر تایبـەت نییـە بـە ژمارەیـەك کەسـانی دیـاریکراو، بـەڵکو بووەتـە مـوڵکی زۆرتـرینی

---

[1]–ئەحمەد سالار، کۆمیدیا، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، ١٩٨١، ل٢٢.

خەڵکی، بۆیە هونەر وەك جۆرە "ئەفراندنێك-إبداع" لە ژیاندا چەند فەرمانێکی وا لەسەر شان و جێبەجێکردنیان وا لەسەر شانی کارگەرانی هونەرەکە..)[1].

ئەمڕۆ شانۆ بووەتە هەڵوێست و یەکێك لەو هونەرانەی بەرگری لە چینێکی دیاریکراوو بیرکردنەوەی ئەو چینە دەکات، هەر بۆیە پێویستە نواندن لە بارێکدا بێت کە جەماوەر بە لای خۆیدا رابکێشێت و پێویستە کرداری نواندن لە شانۆدا ناوەرۆکی مرۆڤانەو بابەتی پێشکەوتوو لە لای تەماشاکاران خۆشەویست و شیرین بکات، دەبێت ئەکتەر ئەو هۆیە یان ئەو کارتێکردنە بێت کە جەماوەر بهێنێتە سەر ڕێبازو دەبێت لە خزمەتی ئەو بیرۆکەیەدا بێت کە لە بەردەمی جەماوەرە بینەرەکەدا دەریدەبڕێت. برتۆڵد برێخت دەربارەی هونەرمەندێتیی ئەکتەر وتوویەتی: (هەر گەلۆرێك بچێتە سەر شانۆ، لە توانایدا هەیە بینەر بخاتە گریان، یان پێکەنین، بەڵام گرنگ ئەوەیە بتوانێت بینەر بکاتە خاوەنی هەڵوێست)[٢].

تەنانەت لە وڵاتی ئینگلیزدا ئەو کاتەی شانۆی ئەلیزابیسی لە گەڕدا بووە، نواندن بە جۆرێك کاری لە خەڵکی کردووە کە کەسێکی وەك ولیەم شەکسپیر لەسەر زمانی "هاملێت"ـەوە دەربارەی "نواندن" بڵێت: (جاران و ئەمڕۆش مەبەستی نمایشکردنی شانۆیی ئاوێنە دانان بووە لەبەردەم سروشتدا، هەر چۆن چاکەو پاکێتیی نیشاندەدات، هەر بەو جۆرەش خراپەو چەوتێتیی خستووەتە بەرچاوو شێوەی سەردەمی دەستنیشان کردووەو جێ پەنجەی کۆمەڵیش چۆن بووە، دیسان نیشانی داوەتەوە..)[٣].

ئەکتەر بە هۆی نواندنەوە کاراکتەر "الشخصية"بە خەڵکی ئاشنادەکات و ئامرازی گەیاندنی شانۆگەرییە، ئەمڕۆ هونەری ئەکتەر جێگای بایەخی تەواوەو لەبەر ئەوەی بە

---

[1] -مجلة الثقافة، العدد ١١-١٢ت٢، ك١، بغداد، ١٩٨٠، ص٤١.

(٢) فوئاد مەجید میسری، خەج و سیامەند، بەغدا چاپخانەی علاء، ١٩٧٩، ل٤.

(٣) ولیم شکسبیر، هاملت، ترجمه خلیل مطران، ص٧٣.

بڕبڕە پشتی نواندن و شانۆگەریی دانراوە، دەیان کتێبی دەربارە دەنووسرێت و هەزاران لێکۆڵینەوەی لەمەڕ دەخرێتەڕوو.



لاوۆ فانیا / سلێمانی ١٩٨٠

ئەلیکساندەر تایرۆف زۆری لەسەر هونەری نواندن وتووەو تەنانەت هەر چۆن ستانسلاڤسکی بەرابەری ئەو ڕێبازە دادەنرا، کە دەیووت شانۆ هینی نووسەرەو مایرهۆڵدیش بانگی شانۆی دەرهێنەری دا، بەڵام تایرۆف بە سەرکردەی ئەو بزووتنەوە بچووکە شانۆییە ناسرا کە دەیوت شانۆ شانۆی ئەکتەرە. تایرۆف بایەخێکی تەواوی بە نواندن داوەو ئەکتەریش دەکاتە خاوەنی، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتریش قسەیەکی خۆی دەکەینە نموونە، تایرۆف لە پێناسەی ئەکتەرو نواندندا وتوویەتی: (ئەگەر یەکێك لێم بپرسێت گرانترین بەشی هونەر کامەیە پێی دەڵێم نواندن، خۆ ئەگەر پرسیارێکی تر سەبارەت بە ئاسانترین بەشی هونەرکرا ئەوا دووبارە هەر دەڵێم نواندن)[1].

---

[1] گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ٩٥، ساڵی ١٩٨٢، قوتابخانە شانۆییەکەی ئەلیکساندەر تایرۆف، وەرگێڕانی یاسین قادر بەرزنجی، ل٥٥.

ئەکتەر بەو پردە ناسراوە کە بیری نووسەر بەسەریدا دەپەڕێتەوەو دەگاتە جەماوەری سەیرکەرو گوێگر، دەستمایەی یەکەمی ئەکتەر "هەر وەك پێشتریش وتمان" بەهرەیە، (ئەکتەر هونەرمەندێکە کەرەستە خاوەکەی بریتییە لە لەش و دەستەکانی و هەردوو قۆڵی و سەرو قاچەکانی و چاوی و دەنگ و دەموودووی، ئامراز بۆ بەئەنجام گەیاندنی کارەکەی مێشك و ماسوولکەکانێتی، بۆ بە ئاکام گەیشتنی پەنا دەباتە بەر کاراکتەرێکی دیاریکراوو بە هۆی چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی ئەو کاراکتەرەوەو بە گوێرەی پەیوەندیی بە کاراکتەرەکانی ترەوە ئەو کەسەمان پێ دەناسێنێت)[1].

ئەکتەر بە پێچەوانەی گشت هونەرمەندێکی ترەوەیە، چونکە کەرەستەکانی دەربڕینی لە دەرەوەی خودی خۆیدا ناهێنێت، بەڵکو لە ناو خۆیدایەتی، ناوەوەی ئەکتەر جیهانێکی تەواوە (بە جووڵانەوە وێنە دەکێشێت و بە دەنگ ئاواز لێدەدات و بە بێ دەنگی دەنووسێت..)، لەم گۆشەیەوە دەبینین فرمانی ئەکتەر لە شانۆدا لە فەرمانی نووسەر یان دەرهێنەر یان بینەر کەمتر نییە، بەڵام هەڵسوکەوتی ئەکتەر لە شانۆیەك بۆ شانۆیەکی تر و لە زەمانێك بۆ یەکێکی تر جیاوازە، بۆ نموونە: (ئەکتەر لە شانۆی ئەرستۆییدا تەنیا خودی کەسێك لە شوێن و کاتێك و دەوروبەرێکی دیاریکراودا دەگەیەنێت. ئەکتەری شانۆی مەلحەمیش شایەتێکەو ئاگاداری هەموو شتەکانە، ئەو شت دەگێڕێتەوەو بێلایەنە، قسەی خۆی ناکات، دەشزانێت باسی چی دەکات، لەم شانۆیەدا ئەکتەر وەك هەر یەکێك لە هۆکانی راگەیاندنی لێدێت و "بیر" لە رێگای ئامرازەکانی گوێگرتن و بینینەوە دەگەیەنێت، بەڵام ئەکتەری شانۆی ئاهەنگسازیی "الإحتفالي" تەواو پێچەوانەی ئەکتەرانی شانۆیی درامیی کۆن و مەلحەمییە، چونکە تێکەڵە لە هەردوو

[1] -هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦.

جیهانەکەی واقع و خەیاڵ، وەهم و راستی، لەم شانۆییەدا ئەکتەر یارییەك دەکات، جیاوازە لە گشت یارییەکیش کە بە زۆر بهێنرێتە گۆڕەپانەوە..)[١].

یەکێك لەو مەرجانەی کە ئەکتەر هونەرەکەی پێ رازاوەو جوان دەکات، راستگۆییە لە نواندندا، ئەگەر بینەر ببینێت ئەکتەرەکەی سەر شانۆ راستگۆیەو بە بێ زۆر لە خۆکردن و دەنگ گۆڕینی درۆزنانەو هەڵچوون و داچوونی بێ سەروشوێن دەورەکەی دەبینێت، ئەوا بە باشی گوێ لە گشت رستەو دیالۆژی دراماکە دەگرێت و بە سەرنجەوە لە بابەت و جووڵانەوەکان ورد دەبێتەوەو ئەنجامی ئەم کارەش بە سوود وەرگرتنی هەردوولا دەشکێتەوە، واتە سوودی ئەکتەرو بینەر. "شچیپکن" لە نامەیەکیدا بۆ "شەمسکی"ی قوتابیی نووسیویە: (تۆ دەورەکەت باش بینی و لە هەمان کاتدا خراپ بینیت، گرنگ ئەوەیە لە نواندنی دەورەکەتدا راستگۆ بوویت)[٢].

بە هەمان شێوە لای ستانسلافسکی راستگۆیی لە نواندندا رەگەزی سەرەکییە لە ئاوێتەبوونی توانای دەرکەوتن و خستنەڕووی ئەکتەرو بەهرەی نواندنەکەی. ئەو "بەهرە" دەکاتە یەکەم هۆی سەرکەوتن و لە هەمان کاتیشدا رستەی (بڕواو هەستپێکردن و راستگۆیی)[٣] دەکاتە تابلۆیەك و بەسەر دیواری هۆڵی قوتابخانەکەیدا هەڵیدەواسێت.

لە وڵاتێکی وەك پۆڵۆنیادا شانۆیەك بە ناوی "هەژار"ەوە دروستبوو، دامەزرێنەری ئەم شانۆیە گرۆتۆفسکییەو ئەو ئەکتەری بە یەکەمین و تاکە

---

[1] – محمد أديب سلاوي، الإحتفالية في المسرح المغربي الحديث، سلسلة الموسوعة الصغيرة/١٣٤، بغداد، دار الرشيد، ١٩٨٣، ص١١٧.

[٢] قسطنتين ستانسلافسكي، إعداد الممثل، ترجمة محمد زكي العشماوي، القاهرة، دار نهضة مصر، ص٣٣.

[٣] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص١٧٢.

**هونەرمەندی شانۆ دەزانی، لای گرۆتۆفسکی وابوو کە ئەکتەر بە تەنیا لە باریدایە هەموو شتێك بە ئەنجام بگەیەنێت.. ئەوەتا سەبارەت بە شانۆو نواندن و ئەکتەر دەڵێت: (گرنگترین رەگەز لە هونەری شانۆدا ئەکتەرە، موڵك و خاوەنی کاراکتەر ئەکتەری بە توانایە، دەتوانرێت بیٚ ئارایشت و جلوبەرگ و دیکۆر شانۆ بخرێتە بەرچاو، تەنانەت تەختەی شانۆی تایبەتییش، تیشك و کارتێکردنە دەنگییەکانیش گرنگ نییە، ئەوەی مەسەلەکەی پیٚ رادەپەڕێت، تەنیا ئەکتەرەو ئەکتەر)[1].**

## ئەکتەری کورد

**ئەکتەری کورد وەك هەر هونەرمەندێکی تری ئەم نەتەوەیە جێگای دیاری خۆی لە زەمینەی خزمەتکردندا هەیە. ئاشکرایە کە ئەکتەری بە هرەدار بزوێنەری شانۆو هۆی سەرەکییە لە سەرخستنی شانۆگەریدا. ئەکتەرانی خاوەن بەهرە لە هاملێتەکەی شەکسپیردا ئاوا ناوبراون: (باشترین خزمەت دەبێت بۆ ئەکتەرەکان بێت، چونکە ئەوان کرۆکی ژیانی سەردەم و کورتەی مێژووەکەین)[2].**

**شانۆ کە کۆی گشت هونەرێك بێت، ئەوا پێویستە ئەکتەرانی بە توانا ببنە پێشڕەوی کارکردنی، هونەرمەندی شانۆش بەو کەسە دەوترێت کە قاڵبووی هونەرەکەی بێت، کەسێك بێت تا رادەیەکی باش چووبێتە کرۆکی بیرو رواڵەتە جـوانکراوەکان، هونەرمەندی هۆشیار دروستکەری شانۆگەریی سەرکەوتووە. زۆرهونەرمەند هەن رەوڕەوەی مێژوو بە لایاندا وەرچەرخاوەو ماوەیەك لایان**

---

[1] هاوکاری، ژمارە ٦٩٢-١٦/٦/١٩٨٣، گرۆتۆفسکی و شانۆی هەژار، نووسینی د. عەونی کەرومی، وەرگێڕانی یاسین قادر بەرزنجی.

[2] ولیم شکسبیر، هاملت، ص٦٩.

ئارامیگرتووەو دواجار ناویانی لەسەر سنگی تۆمارکردووە. ولیەم شەکسپیر دوای مەرگی خۆی لە پایەو مەقامێکدا سەیردەکرا کە پێی بوترێت "گەورەترین کەسە لە دوای خوا"، تەنانەت لە وەسفی هونەرمەندی راستەقینەدا وتراوە "ئەو کاتەی هەژارێك یان هونەرمەندێك دەمرێت، ئەستێرەیەکی ئاسمان دەکوژێتەوە"..

هەر بۆیە هونەرمەندی گەورە، شایەتیی ئەو سەردەمەیە کە تیایدا دەژی. لۆرکا دەربارەی شانۆو دەوری هونەرمەندان وتوویەتی: (شانۆ بەر لە هەموو شتێك هونەرەو بەرزترین جۆری هونەریشە، ئێوەش ئەی ئەندامانی تیپەکان، بەر لە هەموو شتێك هونەرمەندن، هونەرمەندن لە تەوقی سەرتانەوە تا قولەپێتان، چونکە لە رێی ئەڤین و لە رێی نیشتماندا و لە رێی پیشەکاری هاتوونەتە جیهانی شانۆگەرییەوە، ئەو جیهانەی پڕە لە خەیاڵ و پڕیشە لە هیواو ئاوات، ئێوە هونەرمەندن بە هیواو حەزی خۆتان)[1].



میوانی ئەم ئێوارەیە / سلێمانی ٢٠٠٥

---

[1]–گۆڤاری بەیان، ژمارە ٨٠ ساڵی ١٩٨٢، ل٢٢.

ئەکتەری کوردیش وەك هونەرمەندی دڵسۆزی ئەم گەلە بەشێکی دیارن و ئەستێرەیەکی پرشنگدارن لە ئاسمانی هونەری کوردیدا، ئەکتەری کورد لەو کاتەوەی شانۆگەریی کوردی وەك دیاردەیەکی تەمسیلیی ساکارو وەك چالاکییەکی کۆمەڵایەتیی نێو قوتابخانەکان و نێو دەستەی لاوانی کورد دەرکەوتووەو وردە وردە لەگەڵ رەوتی بەرەوپێشەوە چوونی تێکستی شانۆگەری و لەگەڵ هاتنە پێشەوەی ئافرەتەوە بۆ بواری نواندن و دەرکەوتنی چەند دەرهێنەرێکی لێهاتووتر لەوانەی پێش خۆیان و پاش ئەوەی جەماوەری کوردستان بە پەرۆشترو لە روانگەیەکی تازەترەوە روانیویانەتە شانۆگەرییە کوردییەکان، ئەوا ئەکتەری کوردیش هەنگاوەکانی خێراترو جێگیرتر کردووە. خۆ دەرچوونی دەستەیەك قوتابیی خوێن گەرم لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان ئەوا کارێکی چاك و بە سوودی هەبووە لەسەر بەرهەمی شەستەکان و بەرەو دوا.

بە هەمان شێوە، کە ساڵانی حەفتا بارێکی نوێ و گونجاوو پێگەیشتووتر بۆ نەتەوەکەمان خوڵقاوە، ئەوا بەهرەی هەڵکەوتوو تر لەوانەی پێش خۆیان لە ریزی ئەکتەراندا بینراوەتەوە. هەر لەم قۆناغەدا، واتە دوای حەفتا، هاتنە پێشەوەی چەند هونەرمەندێکی بە توانای دەرچووی ئەکادیمیاو پەیمانگای هونەر، زیاتر نواندن و دەرهێنانیان بەرەو زانست و هونەرکاری بردووەو دیارترینی ئەو هونەرمەندانەش، "ئەحمەد سالارو غازی بامەڕنی و بەدیعە دارتاش و تەلعەت سامان و سەعدون یونس و نەوزاد مەجید"ن. ئێستاش لە پاڵ خزمەتکردنی بەردەوامی هونەرمەندانی خاوەن بەهرەی کورددا، "کە بەردی بناغەی بزوتنەوەی شانۆی کوردین" ئەکتەری تێگەیشتوو و بیر رووناکی بە توانا لە ریزی قوتابیانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی "کە کردنەوەی ئەم پەیمانگایە خەونی دێرینی بیر رووناك و هونەرمەندانی کورد بووە" روو لە بەرهەم و شانۆگەریی

سەرکەوتووترن لەوانەی پێشوو، هیواش زۆرە ئەم لاوە دڵسۆزانە بە روویەکی گەشەوە دەربکەون و لە خەباتی رۆشنبیریی ئەم گەلەدا دەوری شیاوی خۆیان بە لێوەشاوەییەوە ببینن.

شانۆگەریی کوردی، لە هەرسێ قۆناغەکەی گەشەسەندن و بەرەو پێشەوە چوونیدا، واتە:

أ-قۆناغی سەرەتایی شانۆی کوردی لە بیستەکان تا پەنجاکان.

ب-قۆناغی پەنجاکان بۆ حەفتاکان.

ج-قۆناغی حەفتاکان تا ئەمڕۆ.

ئەکتەری کورد بە درێژایی ئەو سێ قۆناغە کەم تا زۆر خزمەتی بەرەوپێشەوە بردنی هونەری نواندنیان کردووەو ئەمەش خۆی لە خۆیدا خزمەتێکی گەورەی بزوتنەوە شانۆییەکەیە. لە هەر قۆناغەدا چەند ئەکتەرێك دەرکەوتوون و

بوونەتە خۆشەویستی تەماشاکەرانیان و بوون بە دیارترین هونەرمەندی ئەو چەند ساڵەی بەرهەمیان تێدا پێشکەش کردووە. بۆ نموونە لە قۆناغی یەکەمدا مامۆستا فوئاد رەشید بەکر ئەکتەرێکی دیارو ناسراو بووەو خەڵکی بە چاوی رێزەوە تێیان روانیوە. لە قۆناغی دووەمیشدا چەند ئەکتەرێکی وەك رەفیق چالاك و رەئووف یەحیاو نوری وەشتی و تەها خەلیل بە چاکی خۆیان بە بینەران ناساندووەو باشترین ئەکتەری پەنجاکانی سلێمانی بوون. تەنانەت هونەرمەندێکی وەك رەفیق چالاك رای ماقووڵ و جوانی لەسەر نواندن و ئەکتەر هەبووە، ئەوەتا خۆی دەڵێت:

(لە ساڵی ١٩٥٠-١٩٥٨)دا، مامۆستا "حەقی شبلی"م ناسی کە لە بەشی عەرەبی کاریدەکرد (دیارە بەشی عەرەبیی ئێستگەی بەغدایە/ ی. ق. بەرزنجی) وەك مامۆستایەکی شارەزای هونەر سوودی چاکم لێ وەرگرت، فێری دۆزینەوەی

نوێنــەری بــاش بــووم بــۆ دەورەکانیــان. ڕێگــای بــەکارهێنانی مــایکرۆفۆن و دوورکەوتنــەوەو نزیکبوونــەوە لێی، باش بەکارهێنانی قوڕگ و دەم بۆ دەربڕینی وشەکان و قسەکان، تەرکیز لەسەر چیرۆکەکەو بیر نەڕۆیشتن بە هیچ لایەکدا، باش گەیـشتن لـە چیرۆکەکە خـۆی و ناوەرۆکەکـەی لەگـەڵ بـاش بـەکارهێنانی ئـاوازی گونجاوی موزیك و کارتێکەرەکان–"المؤثرات")[1].

هــەر لــەم قۆناغــەدا لــە پەنجاکانــدا ژمارەیــەك ئــافرەتی بــەهرەدارو دڵــسۆزو چـاونەترس چـوونەتە سـەر شـانۆکانی کوردسـتان و هونـەری کـوردی بـە چـاوی ئەمــەك و ڕێــزەوە لــەو ئافرەتــە خزمەتگوزارانــە دەڕوانێــت، دیــارترینی ئــەو هونەرمەندانـەش "نـەجات مـەحوی و گـوڵزاری عومـەر تۆفیـق و نـەرمین ناکـام"ـن. هەرچی ئەکتەرانی دوای ساڵانی حەفتاشە ئەوا ڕوو لە دنیایەکی نوێتری هونەری نواندنەکەیانن، هەروەها بەرەو پێشەوە چوونی شانۆکەمان بە گشتی و بینینەوەی تێکستی شـانۆگەریی سـەرکەوتوو بوونەتـە هـۆی پاڵپێوەنـانی ئەکتـەر تـا چاکتر سۆراخی هەر سێ مەوداکەی نواندن "سروشتیو سایکۆلۆژی و کۆمەڵایـەتی" کە خـاڵی دەسـتپێکردنی ئەکتـەرن بـۆ بـەرەو ئەفرانـدن چـوون و خزمـەتکردن بـەو دەورانـەی پێیـان دەسـپێردرێت، بۆیـە دەڵـێین: ئەمڕۆکـە زیـاتر بینـەرانی هونـەری کوردی بوونەتە خاوەنی ڕۆشنبیریی گشتی و تاڕادەیەك ڕۆشنبیریی هونەرییش، دەزانن کام ئەکتەرە بە توانایەو کامەش کاڵ و کرچ و مایە بەتاڵە..!

خۆ هەر چی مەسەلەی یەکەمی و دەرکـەوتوویی و ناسـراویی ئەکتەریـشە ئـەوا ئێمە بە مەسەلەیەکی نیسبیی دەزانین و ئەکتـەری کورد تواناو بـەهرەی خـۆی لـە بەرهەمێك بۆ یەکێکی تر جیاوازن، هۆکانی ئەمەش زووتر لێیان دواوین و ئەوەی لێرەدا پێویستە تۆماری بکەین، ڕایەکی هونەرمەند تەها بابانە کە تەواو نزیکە لەم

---

[1]–ڕەفیق چالاك، دەستنووسی یاداشتەکانی، ل٦٥.



تەها بابان

مەبەستەمان، مامۆستا تەها بابان دەڵێت: (ئەو قسەیە هەڵەیە کە دەربارەی ئەکتەر دەکرێت و هەندێك ناو دەنێن "یەکەمین ئەکتەر"، بە رای من ئەکتەری باش و ئەکتەری خراپ هەیە، واتە بە تواناو بێ توانا، باشترین ئەکتەریش هەیە بۆ بینینی دەورێکی دیاریکراو کە هۆی ئەمەش لە گونجاندنی توانای ئەو کەسەدایە لەگەڵ چۆنێتی و هەڵکەوتنی سروشتی کاراکتەرەکەدا. باشترین بەڵگەش بۆ سەلماندنی راکەی ئێمە خەڵاتەکانی ئۆسکارە کە هەر ساڵەو دەدرێت بە ئەکتەرێك، ئێمە ئەکتەری کوردمان هەیە لە دەورێکی دیاریکراودا سەرکەوتووەو لە هی تردا دواکەوتووە، بۆ نموونە "کەمال سابیر" لە "حاجی ئەبوبەکر"ەکەی چەخماخەدا سەرکەوتووەو لە "قازی"ی "خانمی مەکرباز"دا بە پێچەوانەوەیە. "مستەفا ئەحمەد"یش لە "وەستا عەلی"ی لانەوازاندا گەیشتووەتە لوتکەی داهێنان، بەڵام لە "ترێ و رێوی" دا وانییە..!)[1].

ئێمە ئەمرۆ پێویستمان بەو ئەکتەرە هۆشیارە بەهرەدارانەیە کە بە رەوشت بن، بە وێنەی ئەو ئەکتەرانەی ستانسلافسکیی مامۆستای گەورەی شانۆ مەبەستین، ئەو رەوشتی ئەکتەر لەم سێ جێگایەدا داوا دەکات:

1-تەها بابان، چاوپێکەوتنی تایبەتی، رۆژی ١٩٨٤/٢/١١.

(١-رەوشتى ئەكتەر لە شانۆدا. ٢-رەوشتى ئەكتەر لە دەرەوەی شانۆدا. ٣-رەوشتی ئەكتەر لە پەیوەندیی نێوان لایەنە هونەری و ئیدارییەكانی شانۆدا.)[1].

هەروەها ئەو دژ بە ناو دەركردنی ئەكتەرە بە (ئەستێرەی سەردەم و پاڵەوانی هونەرو دەركەوتووی تیپ..)[2].

ئێمە بڕوای تەواومان بە ڕۆشنبیریی ئەكتەری شانۆیەو بەهای خۆ فێركردنیش دەمێكە لە لای زۆربەی خەڵكەكە ناسراوە، هەر چەندە تا ئێستا سەرچاوەی لێدوان و شیكردنەوەی قوتابخانەكانی نواندن نەگەیشتووە تە نێو كتێبی كوردی و بەرچاو، بەڵام پێویستە هەوڵی زیاتر بدەین لەگەڵ ئەو مەسەلەیەو بەجێهێنانی، پێویستە ئێمەی ئەكتەر بە پلەی یەكەم، پشت بەو سەرچاوە تیۆرییانە ببەستین كە دەمێك ساڵە بوونەتە پێڕەوو ڕێباز بۆ تێگەیشتن و كاری پراكتیكیی هونەرمەندانی وڵاتەكانی هەندەران و لە هەمان كاتدا سوود لەو چەند ڕەخنەو بۆچوون و سەرنجە بەجێ و ماقووڵانە وەربگرین كە هێندەی قەوارەی بزوتنەوە شانۆییەكە نووسراوەو هەندێكیان وەك ڕەخنەن و هەندەكەی تریان وەك باری سەرنجیان لێكۆڵینەوەن.

ئەكتەری وریا پەیامبەری شانۆیە بۆ هیواو ئاكامەكان، پێویستە نوێبوونەوەو گرنگیپێدان لە كاری ئەكتەردا هەردەم ببنە نیشانەی نەوەستان و بەرەو پێشەوە چوونی ئەكتەرو شانۆگەری.

لویچی پیراندیللۆ دەڵێت: (كاری ئەكتەر ڕەنگدانەوەی بەرهەمی نووسەرە، ئەو سەر لە نوێ دەیگۆڕێتە سەر زمانی ژیان و بزواندن، كە پێشتر نووسەر نەیتوانیوە ئەو بزواندنەی بداتێ.. ئەو شێوەو داڕشتنە نوێیەی ئەكتەر دەیكات بە بەریدا، جۆرێكی نوێ وەردەگرێت لەگەڵ تواناو بەهرەو هەستی ئەو ئەكتەرەدا گونجاوەو بە هۆی لەشی

---

1-قسطنتين ستانسلافسكي، فن المسرح، ترجمة لويس بقطر، قاهرة، دار الكتاب العربي، ١٩٦٨، ص٣١٥.

2-هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص٣١٦.

و دەنگیەوە دەریدەبڕێت و داهێنانێکی نوێ دەرەخسێنێت، کە جیاوازە لە داهێنانی نووسەرە شانۆییەکەدا)[1].

کاتی خۆی چەند کێشەیەکی زیندووی نواندن و ئەکتەری کوردمان بە گوێرەی بۆچوونی خۆمان لە وتارێکدا بلاوکردەوە[2]. هەر لەو باسەدا وتمان: ئێمە دەیان ئەکتەرمان هەیە کە سەرەتای کارکردنیان مایەی دلخۆشی بووەو ئومێدی ئەوەیان لێکراوە کە ببنە ئەکتەری هەلکەوتووی خاوەن ئەزموونی دەولەمەند.. ئەوان (زۆربەی نواندنەکانیان پاك و سەرکەوتوو بووە، بێگومان بە گوێرەی توانای ئەو دەمەی خۆیان، بەلام دواکەوتنیان لە کاروانی رۆشنبیری و خۆ فێرنەکردن و مەشق نەکردن بووەتە هۆی دواکەوتنی بەهرەکەیان و لە هەمان کاتدا سەرەتاو دەرکەوتنی ئەکتەری لاوی رۆشنبیرو مەشقکەر بوونەتە هۆی کوژاندنەوەی چرای توانای ئەوان و وەستانی ئەو ئەکتەرانەی پێشوو)[3].

ئەکتەری ئەم چەرخە تیژڕەوی کە زانیاریی تیشکی خۆی بە گشت لادا پەخش و بلاوکردووەتەوە، پێویستە زیاتر لە جاران ئاگادارترو بیر فراوانتر بن، پێویستە مەشقی بەردەوام لە دەنگ و لەشدا ببێتە پرۆگرامی ژیانی هونەرییان، بۆ ئە وەی (وەك ئەو شلەیە وابن کە دەیکەنە نێو شووشەی جیاجیای تاقیگەوە هەموو جارێك باری تایبەتیی خۆیان وەردەگرن)، پێویستە ئەکتەری کورد ئاگاداری بەرهەمە رابردووەکان بێت و لە تێگەیشتنی مێژووی هونەرەکەی دوورەپەرێز نەبێت و هەرگیز خۆی لەو

---

[1]–هەندێك مەسەلەی شانۆیی، زنجیرەی ژمارە "٢" بلاوکراوەی کۆمەلی هونەرو وێژەی کوردی، مەلبەندی گشتیی سلێمانی، بەغدا، چاپخانەی ألحوادث، (لە نێوان نووسەری شانۆگەری و ئەکتەردا، وەرگێڕانی محەمەد فەریق حەسەن، ل٤٩).

[2]–پاشکۆی شۆڕشی کشتوکالی، ژمارە ١٠ سالی ١٩٨١، ئەکتەر لە بزوتنەوەی شانۆی کوردیدا، یاسین قادر بەرزنجی.

٣–هەمان سەرچاوەی پێشوو.

هەڵسەنگاندنە بە دوور نەگرێت کە ئەرکی سەرشانی هونەرمەندانی هۆشیارە.. دەبێت ئەکتەرێك بێت لە ئەنجامی هەموو چالاکی و بەرهەم و دەرکەوتنێکدا مەزنی و پیرۆزیی شوێنی کارکردنەکەی کە شانۆیە لەیاد بێت، دەبێت هەردەم ئاگای لەوە بێت کە شانۆ، شیللەر وتەنی: "دامەزراوێکی رەوشت بەخشە" و لە چاوی چیخەفەوە بڕوانێتە شانۆ، کە لەسەر زاری یەکێك لە پاڵەوانەکانییەوە وتوویەتی: (ئەوە چییە..؟ لەسەر شانۆ فیکە لێدەم..؟! .. بۆ تۆ دەتوانیت لە کڵێسە فیکە لێدەیت..؟! ئەی بۆ.. شانۆ وەك کڵێسە نییە..؟!)[1].

هونەر بە گشتی دەبێت ئازادبێت بۆ ئەوەی پەردە لە رووی گشت دواکەوتنێکی کۆمەڵ و گشت کێشە ئاڵۆزەکانی ئەم ژیانە لابدات، هونەری سەربەرزو راست هونەرمەندی راستگۆو دلێرو سەربەرزی ئەوێ، دەبێت ئەکتەری ئێمە بە باشی لەوە بگات کە هونەرمەندێك بووە داردەستی نیازی تایبەتیی دەستگایەك، ئەوا بەهای هونەرەکەی نامێنێت و تواناکەی بەرەو کزبوون دەچێت و لە جەماوەریش دادەبڕێت. لۆرکا لەم بارەیەوە دەڵێت: (تا ئەکتەرەکان ژێردەستەی ئەم دەستگا بازرگانییانە بن کە هیچ شتێك جڵەویان ناگرێت، نە چاودێرییەکی ئەدەبی یان سەرپەرشتییەکی میری لێیان دەپرسێتەوە، بگرە هەموویان بەردەستەی دەستگای وان کە فریان بە رۆشنبیری و هونەرەوە نییە، جا بۆیە وەك سەرئەنجام هونەرمەندو خاوەن بەرهەمەکان شانۆو خۆیان لە نزمبوونەوەیەکی بەردەوامدا دەبیننەوە، رۆژ لە دوای رۆژ دێنە دواوە بێ ئەوەی هیچ هیوایەکی رزگاربوونیان هەبێت)[2].

(*)ئەم بابەتە ساڵی ١٩٨٤ لە ژمارە (٢٣)ی گۆڤاری (کاروان)دا بلاوبووەتەوە.

---

[1] -الفنان في عصر العلم ومقالات اخرى، ترجمة فؤاد دوارة، ص١٢٣.

[2] -گۆڤاری بەیان، ژمارە ٨٠، ساڵی ١٩٨٢.

# شانۆگەرییە کوردییە چاپکراوەکان
## ١٩٣٤-١٩٨٥

کتێبخانەی کوردی، سەرچاوەی بەپیت و یەکەمینی خوێندەوارو بیر رووناکانی کوردە، تێیدا ئەو کتێبانەی تایبەتن بە هونەرو ئەدەبی شانۆگەری، بوونەتە مایەو هۆی خولقاندنی ئاشنایەتیی و پەیوەندییەکی باشی نێوان خوێنەرو هونەرمەندان، لەگەڵ هونەری شانۆ بە گشتی و شانۆی کوردی بە تایبەتی.

بزوتنەوەی شانۆی ئێمە لە یەکەم چارەکی سەدەی بیستەوە سەریهەڵداوە، هەر لەو سەرەتایەشەوە بزوتنەوەکە وای لە نووسەرانی کورد کردووە کە دەقی (تێکستی) شانۆگەری بنووسن و لەسەر شانۆکان پێشکەشی بکەن و هەندێکیشیان لە دوو توێی کتێبدا چاپ بکەن.

ئەدەبی شانۆگەریی نووسراوی کوردی بریتییە لە:
١-ئەو شانۆگەرییانەی لە کتێبی تایبەتدا لە چاپدراون لە (١٩٣٤)ەوە.
٢-ئەوانەی لە گۆڤارە کوردییەکاندا بڵاوکراونەتەوە.
٣-ئەوانەی خراونەتە سەر شانۆو پێشکەش کراون.
٤-ئەوانەی لای نووسەرەکان خۆیان ماونەتەوەو نەگەیەنراون بە خوێنەران و بینەران.

ئێمە لەم باسەماندا دەمانەوێت تەنیا لەو تێکستە شانۆگەرییانە بدوێین کە لە عیراقدا لە شێوەی کتێبدا چاپکراون.

## ١- مەم و زین:



کۆنترین شانۆگەریی چاپکراومان، شانۆگەریی (مەم و زین)ـی ئەدیبی نەمر حاجی تۆفیقی پیرەمێرد (١٨٦٧-١٩٥٠)ە، ئەم نامیلکەیە ساڵی (١٩٣٤) لە چاپخانەی "ژین"ـی سلێمانی لە چاپدراوەو ژمارەی لاپەڕەکانیشی (٢٢) لاپەڕەیە.

ساڵی (١٩٦٨) بۆ جاری دووەم ئەم نامیلکەیە لە لایەن کتێبخانەی پیرەمێردەوە لە چاپخانەی "ژین"ـی سلێمانی لە چاپدراوەتەوە.

پیرەمێردی مەزن بۆ سەرەتای ئەم چیرۆکەی کە لە مەم و زینی (ئەحمەدی خانی) وەریگرتووە، نووسیویەتی: (دڵدارییەکی پاك و خاوێنی گیانی بە گیانی، سەوداییێکی پڕ لە عەشقی پیرۆزی یەزدانیی، لە کوردستاندا روویداوە).

ئەم شانۆگەرییە لە شەش پەردەدایەو بە کورتی بەسەرهاتەکانی چیرۆکی مەم و زین دەگێڕێتەوەو نووسەر بە مەبەستی جوانکردنی دیمەنەکان و زیاتر گەیاندنی واتەکانی هەندێك شیعری بەکارهێناوە.

چاپی یەکەمی نامیلکەکە بە (٢٠فلس) بووەو قەوارەکەشی (٢٠×١٧)سم و چاپەکەی دووەمیشی لە (٣١) لاپەڕەدایە، قەوارەکەی (٢٢×١٥)سم و نرخەکەی (٧٥فلس) بووە. ئەم شانۆگەرییە لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی (١٩٣٥)دا لە لایەن کۆمەڵی زانستی کوردانەوە لە شاری سلێمانی پێشکەشکراوە.

## ٢- مەحمود ئاغای شێوەکەڵ:

ئەم شانۆگەرییە کە بابەتێکی مێژوویی و کەلەپووریی کوردییە لە نووسینی پیرەمێردە، ساڵی ١٩٤٢ لە چاپدراوە، نووسەر لەتەك ناونیشانی شانۆگەرییەکەیدا

نووسیویەتی: "پیەسی تەمسیلێکی راستیی تەئریخییە کە لە ولاتی خۆماندا روویداوە".

شانۆگەرییەکە لە چوار پەردەدایە و کارەسات و رووداوەکان هی ماوەی حوکمڕانیی عوسمانییەکانەو باس لە مەحمود ئاغا دەکات کە کابرایەکی ئازاو دادپەروەر بووە، خەڵکی ناوچەکەی خۆشیانویستووەو گیانی خۆیان بۆ بەختکردووە، ئەم ئاغایە خوێندەواربووەو عەشقی "پەری" ناوێك لە کەللەی داوەو دەیهێنێت. کاتێك دەیەوێت دەسەلاتی خۆی لە ناوچەکەدا زیاد بکات و وێنەی فەرمانڕەوایی بابانەکان بکاتە سەروەریی خەڵکی، حکومەت بە پیلانێك لەناوی دەبات و لە کیس نەتەوەکەی و پەریی دەدەن.

ساڵی ١٩٨٥ ئەم شانۆگەرییە لە کتێبێکی (٤٤) لاپەڕەیی قەوارە (٢٠×١٤)سم یدا لە چاپخانەی کاکەی فەللاح لە سلێمانی چاپکراوەتەوە. لە سەرەتای ئەم کتێبەدا مامۆستا کاکەی فەللاحی چاپکەرەوەو پێشەکی نووسی (مەحمود ئاغای شیوەکەڵ) دەڵێت: (ئەوەی بە بۆنەی بلاوکردنەوەی ئەم کتێبەوە دەمەوێت بیڵێم، ئەوەیە کە ئەم چیرۆکە ئاوێنەیەکی رووناك و بێگەردی ئەو شاعیرو فەیلەسووفە مەزنەیە دەربارەی دادپەروەری و گیانی نەتەوایەتیی راستەقینەو ستەم و زۆرداریی ئاغایان و سۆزی بەرامبەر مسکێنی رەش و رووت و نرخ و بایەخی زۆری خوێندەواری و سەربەستیی بەشوودانی کچ و چۆنێتیی پێکەوە نانی ماڵ.. ئاژاوەی نەتەوەو ریسواکردنی گیانی رەگەزپەرستی و جیاوازی و هەڵوێستی پیرەمێرد بەرامبەر بە دەوڵەت).

ئەم شانۆگەرییە ساڵی (١٩٣٦) لە لایەن قوتابخانەی کۆمەڵی زانستییەوە لە سلێمانی پێشکەشی بینەران کراوە.

## ٣- دڵداری و پەیمان پەروەریی:

شانۆگەرییەکی دڵدارییە لە نووسینی مامۆستای کۆچکردوو (ئەبوبەکری شێخ جەلال-أ.ب.هەوری/١٩١٥-١٩٧٨)، ساڵی (١٩٤٣) لە چاپخانەی مەعاریفی بەغدایی لە چاپدراوە.

نووسەر لە سەرەتایەکی کورتدا نووسیویەتی: (ئەم چیرۆکە بچکۆلەیە هەرچەندە خەیاڵ و زادی بیری منە، بەڵام بە زۆری لە سەرچاوەی رەوشت و خووی هاوخوێنەکانم هەڵمهێنجاوە، پێشکەشی دەکەم بەو کچ و کوڕانەی بە چاوێکی دووربین و بە بیرێکی پیرۆزو بەرز دەڕواننە

دڵداری و مەبەستیان پێکەوەنانی خێزانێکی داوین پاکە بۆ بەرزکردنەوەی نیشتمانە هەژارەکەیان).

ئەم چیرۆکە کە لە حەوت پەردەدایەو شیعری زۆری نووسەر خۆی و مەولەوی و شێخ سەلامی تێدا بەکارهێنراوە، باس لە مەسەلەی دڵداری و وەفاداری و قوربانیدان دەکات بۆ رازاندنەوەی گوڵزاری ژیان، پاڵەوانە سەرەکییەکانی دوو دڵدارن بە ناوی شێرۆو نازەنینەوە، ئامادەن گیانی خۆیان ببەخشنە یەکتر، کاتێک شێرۆ دوژمنی باوەکوشتەی خۆی لەناودەبات، میر فەرمانی خنکاندنی دەدات، بەڵام ئەو کاتەی میر بە وەفاو پەیمانی دڵدارییەکەی دەزانێت، لێی خۆشدەبێت و بە دەستگیرانە نازدارەکەی دەگات.

ئەم نامیلکەیە لە (٢٠) لاپەڕەدایەو قەوارەکەشی (٢١×١٤سم)ە، ساڵی (١٩٧١) بۆ جاری دووەم لە لایەن خوالێخۆشبوو (کاک مەحمود خاکی)یەوە لە چاپخانەی کامەرانی لە دوو تویێی کتێبێکی (٤٥) لاپەڕەیی قەوارە (١٧×٢٠) سم دا چاپکراوەتەوە. ئەم شانۆگەرییە هەر لە سلێمانی ساڵی (١٩٣٣) و ساڵی (١٩٥٥) پێشکەشکراوە.

## ٤- کارکردنی بە کەڵك:



ئەم شانۆگەرییە هونەرمەند (رەفیق چالاك/١٩٢٣-١٩٧٣) نووسیویەو ساڵی (١٩٥٢) لەسەر ئەرکی ئەندازیار (بەکر دلێر) لە چاپخانەی مەعاریفی بەغدا لە چاپدراوە، ئەم کتێبە کە نرخەکەی (٣٠) فلس بووە لە (٢٥) لاپەڕەی قەوارە (٢٠×١٣سم)دایە، نووسەر لە پێشەکیی ئەم شانۆگەرییەدا وتەیەکی نووسیوەو تێیدا دەڵێت: (لە ساڵی "١٩٤٣"وە خەریکی خوێندنەوەم و تا دەمرم دەستی لیٚ هەڵناگرم، پاش ئەم ساڵە پڕو چڕانە بۆم دەرکەوت کە دەبێت ئامانجی خوێندەواری سوود گەیاندن و کەڵك بێت، زۆربەی زۆریش بە چاکی لە تەمسیل و چیرۆك دەگەن). واتە ئەم چیرۆکەی بۆیە بە شانۆگەری نووسیوە، چونکە خەڵکی باشترو زووتر لە شانۆ دەگەن.

ئەم شانۆگەرییە بریتییە لە چوار بەش و دوابەشیان لە گشت بەشەکانی تر درێژترە. کورتەی شانۆگەرییەکە باسی بەسەرهاتی گوندێك دەکات کە دواکەوتوویی و نەهامەتی باڵی رەشی بە سەردا کێشاوە، لەم گوندەدا نەخۆشی زۆرەو یەکێك لەوانەی نەخۆش دەکەون (قالەی شەریف) ناوێکە و دەشیانەوێت ژنی بۆ بخوازن، بەڵام ئەو نەخۆشییە دوای دەخات، دوایی بە هۆی برینپێچی گوندەکەوە چاکدەبێتەوەو بە مەرامی دڵی خۆی دەگات، دوای ئەم رووداوانە مامۆستایەکی دڵسۆز دەنێردرێتە گوندەکەو گشت منداڵەکان بە خۆشحاڵییەوە بەرەو قوتابخانەو فێربوون دەچن.

لـە کۆتاییـدا هـەموو خـەڵکی گونـد سـوپاس و ستایـشی هـەردوو مرۆڤـی دڵـسۆز (برینپێچ و مامۆستا) دەکەن و هەموو لایەکیان پێکەوە ئاسوودەو سەرفراز دەژین.

ئەوەی لەم شانۆگەرییەدا مایەی سەرنجپێدانە، ئەو زمانە رەوانەیە کە نووسـەر چیرۆکەکەی پـێ نووسیوە، ئەو بە زمانی خەڵکی لادێ دواوە، بۆ نموونـەش ئەم چەند دیالۆژە دەخەینە بەرچاو:

فەتاح: ئەرێ شەریف

شەریف: یەژی چە فەتاح..؟

فەتاح: ئەوە چی لێك ئەدەیۆ.. یەژی دوور لە سەری قالە کۆستت کەوتگە.. گەوجە بۆ ناخەنی..؟!

شەریف: بە چی بخەنم فەتاح..؟ بەو کابەیەی حاجی هەسەن دەستی پێوە گرتگە خوێن لە دڵم ئەتکێ..

## ٥- کچ و قوتابخانە:

ئەم شانۆگەرییە لە نووسینی مامۆستا (فەتاح کەریم کاوە)یەو ساڵی (١٩٥٦) لە چاپخانەی ژین لە سلێمانی چاپکراوە. نووسەر لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەی نووسـیوە: "نەخوێنـدن دەردێکـە لـە دەردەکـانی کۆمـەڵ، کـە کۆمـەڵ بـە نـەزانی دەهێڵێتـەوەو لـە کاروانی گەلـە خوێنـدەوارەکان دوایـدەخات، قوتابخانـە هێلانـەی زانیارییە، لە ناو هەر گەلێکدا بێت، مایەی شانازی و بەختیارییە".

کاك فەتاح ئەم شانۆگەرییەی پێشکەشکردووە بە: ئەو ئافرەتانەی بەستراوی زنجیرو کۆتی خەرافیاتن، ئەو ئافرەتانەی لە قەفەزی بیروباوەڕی چەوتی کۆندا گیرماون، بۆ ئەو برا نووسەرانەی لە رێی ئەم جۆرە دەردانەدا دەنووسن و تا دوا هەناسەی ژیانیان کۆڵنادەن.

شانۆگەرییەکە لە سێ پەردەدایەو بە هۆی شەش کاراکتەرەوە دەربڕراون، کورتەی چیرۆکەکە بریتییە لە بەسەرهاتی گەلاوێژ ناوێك کە حەز بە خوێندن دەکات، بەڵام دواکەوتوویی کۆمەڵ ڕێی لێ دەگرێت..! پیرۆزی دایکی دەیەوێت بیدات بە شوو، بەڵام برا ڕۆشنبیرەکەی نایەڵێت، ئاژاوە دەکەوێتە ماڵەکەیان و دواجار کوڕە بیر ڕووناکەکەیان بۆیان دەسەلمێنێت کە ئافرەت چ لە شووکردن، یان لە خوێندندا سەربەستە، بۆیە بڕیاردەدەنە دەست کچەکە خۆی و ئەویش خوێندن دەخاتە پێش شووکردن.

پێویستە ئەوەش بڵێین کە فەتاح کاوەی نووسەر، یەکێکە لەو هونەر پەروەرانەی سەرەڕای ئەوەی بە نووسینەکانی خزمەتێکی باشی شانۆی کوردیی کردووە، گەلێك شانۆگەریی تری (کە تا ئێستا چاپ نەکراون) نووسیوەو لە کۆتایی شەستەکاندا لە لایەن تیپی نواندنی سلێمانییەوە پێشکەشکراون.

کتێبی "کچ و قوتابخانە" لە ١٤ لاپەڕەدایەو قەوارەکەشی (٢٢×١٥سم)ە.

## ٦- ئافرەت و نووشتە:

ئەم شانۆگەرییە (کامیل ژیر)ی شاعیر نووسیویەتی و ساڵی (١٩٥٦) لە لایەن کتێبخانەی گەلاوێژەوە لە چاپخانەی مەعاریفی بەغدا لە چاپدراوە. کاراکتەرەکانی ئەم چیرۆکە شانۆگەرییە واقعی و کۆمێدییە بریتین لە سێ کەس: گێلاس بڕوای بە نووشتەو فاڵگرتنەوەیە، فاڵچی دەستی دەبڕێت و چی زێڕی هەیە لێی دەدزێت و بۆی دەردەچێت، مێردەکەی گێلاس کە لە ئەنجامی ئەمانەداو دوای ئەوەی لە ژنەکەی تووڕەدەبێت دەستی لێ هەڵدەگرێت.

ئەم شانۆگەرییە لە دوو پەردەدایەو ژمارەی لاپەڕەکانیشی بیست لاپەڕەیەو قەوارەکەشی (٢١×١٤سم)ە.

شایانی باسە وەك بەرهەمێکی کۆمێدیای کوردی لە مارتی ساڵی (١٩٥٦)دا لەسەر شانۆی قوتابخانەی سانەویی سلێمانی پێشکەشکراوەو چەند لاوێکی ئەو سەردەمە دەوریان تێدا بینیوە.

## ٧- عەلیٚ فەنی:

ساڵی (١٩٥٨) کتێبێك دەرچووە بە ناوی (عەلیٚ فەنی)یەوەو نووسەرەکەی مامۆستا (مستەفا نەریمان)ە، ئەم کتێبە شانۆگەرییەکی پێنج پەردەییەو نووسەر ویستوویەتی باسی مەسەلەی هاوڕێیەتی و خۆشەویستی و گونجان لە نێوان هاوڕیٚ راستەقینەکاندا بخاتەڕوو. هەروەها پێماندەڵێت: چاکەکردن و پیاوەتی کردەوەی مرۆڤی دڵسۆزن.

ڕووداوەکانی ئەم شانۆگەرییە لە دەوری عەلیٚ فەنی ناوێك کۆکراونەتەوە، کە ئەویش پاڵەوانێکی دەستکردی نامۆ نییە، بەڵکو هەڵقوڵاوی ناوجەرگەی کۆمەڵەو بە هۆی ئەوەوە چەند دیاردەو مەسەلەیەکی ژیان نیشاندراوە.

مامۆستا نەریمان لە سەرەتای شانۆگەرییەکەیدا دەڵێت: "نەبوونی هاوڕیٚ لە هاوڕێی خراپ چاکترە، بەڵکو هاوڕێیەتی بریتییە لە لەیەکتر تێگەیشتن و خۆبەختکردن لە پێناوی یەکتردا".

ئەم شانۆگەرییە بریتییە لە (٤٢) لاپەڕەو قەوارەی (١٨×١٤سم)ەو لە چاپخانەی "شمال"ی کەرکوك لە چاپدراوە.

شایانی باسیشە مامۆستا نەریمان لە زۆر بواری بەخشش و نووسیندا قەڵەمی لە کاردا بووەو لە کاردایەو لە زووەوە خزمەتی خۆی سەلماندووەو بەرهەمی نایابی پێشکەشی کتێبخانەی کوردیی کردووە.

## ٨- زۆرداری تاوانبار:

"زۆرداری تاوانبار" شانۆگەرییەکە لە نووسینی مامۆستا (فوئاد عیززەت) و لە ساڵی (١٩٥٨) لە چاپخانەی (کامەران)ـی سلێمانی لە چاپدراوە. نووسەر بەرهەمەکەی پێشکەشکردووە بە: ئەو قارەمانانەی لە بەرەبەیانی (١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ )دا بەرەو قەڵای زۆرداران هێرشیان بردو رووخاندیان بەسەر دوژمنانی گەلداو بە خوێنی گەشی سنگیان لە لاپەڕەی مێژوودا نووسییان: "ئەو گەلەی کە لە خەباتا قوربانی بدات هەر سەرئەکەوێ".

ئەم دەقە بریتییە لە بەسەرهاتی پاشاییێکی زۆردار کە میللەت بە دەستییەوە گیریخواردووە، پاشا گێچەڵ بە دارتاشێکی بەستەزمان دەگێڕێت، بەر لە کوشتنی دارتاشەکە لە لایەن پاشاوە، هەواڵی سەرکەوتنی شۆڕشی (١٤ی تەمووز) رادەگەیەنرێتو پاشا خۆی و تاج و تەختی لەناودەبرێت.

هەرچەندە نووسەر هیچ ئاماژەیێکی بۆ سەرچاوەو هەوێنی چیرۆکەکەی نەکردووە، بەڵام دیارە کە سوودێکی باشی لە حەکایەتی (سوڵتان مەحمودی غەزنەوی و حەبیبی نەجار) وەرگرتووە.

ئەم نامیلکەیە بریتییە لە (١٨) لاپەڕەی قەبارە (٢٠×١٣سم)، شایانی وتنیشە نووسەری ئەم شانۆگەرییە بەرهەمی نووسین و وەرگێڕانی تری هەیە، بە تایبەت لە بواری کتێبەکانی خوێندن و قوتابخانەدا.

## ٩- ئاوات:

ئەم کتێبە کە بریتییە لە شانۆگەرییەکی (٧٠) لاپەڕەیی، بەڕێز (مستەفا قەرەداغی"سالار") نووسیویەو ساڵی (١٩٥٨) لە چاپخانەی مەعاریفی بەغدا لە چاپدراوە، شانۆگەریی (ئاوات) بریتییە لە دوو بەش و یەکەمیان بە ناوی "رەوشت" و دووەمیان بە ناوی "خێزان"ـەوەیە.

نووسەر لە چیرۆکەکەیدا سەبارەت بە چەند مەسەلەیەکی گشتی دەدوێت و باسی ئەو شتانەی کردووە کە لە ژیانی مرۆڤدا نرخی گەورەیان هەیەو داوای ڕەوشتبەرزی و کردەوەی جوان و ڕێزگرتن لە ئافرەت و پێکەوەنانی خێزانی بەختەوەر دەکات، دیسانەوە دژی پارە پەرستییەو باوەڕی بەو ڕاستییە هەیە کە پەرستنی میللەت لە پێش هەموو شتێکی ترەوەیە.

مایەی سەرنجدانە ئەم نووسەرەمان بابەتێکی دیاریکراوی سەرکەوتووی ئەوتۆی هەڵنەبژاردووە تا ئەم مەسەلانەی سەرەوەی تێدا جێگا بکاتەوە، هەروەها دیالۆژی دوورودرێژی بۆ کاراکتەرەکانی هەڵبژاردووە، بۆ نموونە لە شوێنێکدا دیالۆژی تەنیا ئەکتەرێکی پێنج لاپەڕەی تەواوی گرتووەتەوە..!

قەوارەی کتێبەکە (٢١,٥×١٤سم)ە.

## ١٠- بیری ئازادی ڕێگای ڕزگارییە:

ئەم شانۆگەرییە لە نووسینی مامۆستای خوالێخۆشبوو (أ.ب.هەوری)یە و ساڵی (١٩٥٩) لە چاپخانەی (الوفاء) لە بەغدا بە شێوەی نامیلکەیەکی (١٨) لاپەڕەیی لە چاپیداوە. ئەم چیرۆکە کە لە پێنج پەردەدایە، باس لە ژیانی خێزانێك دەکات کە بە هۆی نەزانینی دایکەکەیانەوە تووشی گەلێك تەنگانە هاتوون، باوکەکە نیشتمانپەروەرەو کوڕەکەشی وا گۆشکردووە کە نرخی مرۆڤ و نیشتمان بخاتە پێش هەموو شتێکی ترەوە، کوڕە دوای مردنی باوکی بە فەرمانبەر دادەمەزرێت و وەك لاوێکی هۆشیاری دڵسۆز بۆ نەتەوەکەی ژیان دەباتە سەرو خێزانەکەشی دەبات بەڕێوە، دواجاریش کە شۆڕشی کۆماری بە ئامانج دەگات هەموو خێزانەکە دەیکەنە بەزم و شادی.

شایانی باسە ئەم شانۆگەرییەی هەوری لە گرەوەکەی ساڵی (١٩٥٨) ی گۆڤاری "هیوا"دا کە بۆ باشترین شانۆگەریی کوردیی سازیکردووە خەڵاتی دووەمی پێ بەخشراوە.

## ١١- ئاشتیخوازیی لادێیی و پەیمانی دوولایی:

ئەم کتێبە کە هەردوو نمایشی شیعریی لە شانۆگەریی چووی (ئاشتیخوازیی لادێیی) مامۆستا (زەبیحی) و (پەیمانی دوولایی)ی ئەدیبی نەمر (حەسەنی قزڵجی)ی (١٩١٣-١٩٨٤) گرتووەتە خۆ لە (٣٨) لاپەڕەدایەو ساڵی (١٩٥٩) لە بەغدا لە چاپخانەی "النجاح" لە چاپدراوە.

شانۆگەریی یەکەمیان پێشکەشکراوە بە هەموو ئەو کەسانەی لە پێناوی ئاشتی و ئاسایش و بەختەوەریی نەتەوەکانی دنیادا تێدەکۆشن و پێشەکییەکیشی لە لایەن مامۆستا (محەمەد تۆفیق وردی)یەوە بۆ نووسراوەو تێیدا دەڵێت:

(نووسەر ئەم نامیلکە بچووکەی لە ساڵی "١٩٥٤"دا نووسیوە، من کە خوێندمەوە زۆرم لا جوان بوو، چونکە لەسەر زمانی لادێیی و کرمانج وتراوە، بەڵێ هەموو کەس تێیدەگات، ئێمە لەم رۆژەداو لەم قۆناغەدا پێویستیی زۆرمان بە هەڵبەست و چیرۆکی وا هەیە).

چیرۆکەکە سەبارەت بەو پیلانە ئاژاوەگێڕانەی ئیستیعمارە، کاتی خۆی لە نیشتمانەکەماندا دەیانکرد، ئەوەش دەرخراوە کە لادێیی مرۆڤی پاك و دڵسۆزن و رقیان لە ئاژاوەو شەڕخوازەکانەو ئامانجیان ئاشتی و ئاسوودەییە. نووسەر بە شیعری جوان و رەوانی ئاوێتەکراو بە چەند دێڕە فۆلکلۆرێك بە باشی مەبەستی خۆی گەیاندووەتە خوێنەر.

شانۆگەریی دووەم کە (پەیمانی دوولایی)ە باس لە ماوەی دەسەڵاتداریێتیی ئینگلیزەکان دەکات لە عیراقداو پەیمانی دوولایی نێوان ئەوان و ئەمریکا، پاشان لەناوچوونی (حیلفی بەغدا) بە هۆی شۆڕشی گەلاوێژی (١٩٥٨)ەوە و جێگیربوونی رژێمی کۆماری، نووسەر ئەم رووداوانە هەموویان لەسەر زمانی هەردوو کاراکتەرە سەرەکییەکەوە (باییز و سایر) بە شیعر دەگێڕێتەوە.

جێـــی ســـەرنجە زیـــاتر ئـــەم دوو چـــیرۆکە شـــیعرییە تـــەنیا بـــە دیـــالۆژ وەرچەرخێنراوەتە سەر شێوەی شانۆگەری و بنەماکانی تری هونەری شانۆگەری نووسین تێیاندا لاوازن، قەوارەی ئەم کتێبە (١٦,٥×١٢سم)ە.

## ١٢- رووخا:

رووخا شانۆگەرییەکی چوارپەردەییە، مامۆستا نەریمان نووسیویەو ساڵی (١٩٥٩) لە چاپخانەی "الشمال"ـی کەرکوک بە چاپی گەیاندووە، سەرەتا بە پێشەکییەکی کورت دەستپێدەکات، کە مامۆستا نەریمان خۆی نووسیویەتی و تێیدا دەربارەی بابەتی شانۆگەرییەکەی دەدوێت و ئەو هۆیانە دەردەخات کە کاری تێکردوون بۆ نووسینی چیرۆکەکەی.

شانۆگەرییەکە چەند دیمەنێك دەردەخات لە ژیانی پڕ لە برسێتی و کوێرەوەریی وڵاتەکەمان لە ماوەی حوکمڕانیی پاشایەتیدا. کاراکتەرەکان کە بریتین لە قوتابیی حقووق، قوتابیی کۆلێژی پزیشکی، مامۆستا، کرێکاری نەوت، دایك، ژن و منداڵ، لادێیی، شاگردی چایچی، هەر هەموویان بە دەست ئەو رژێمەوە گیریان خواردووەو دەناڵێنن و ناڕازین بەو واقعەی تێیدان، بەڵام لە دوا پەردەدا شۆڕشی کۆماری بەرپادەبێت و بە ئامانج دەگات و ئەمانیش هەموو بە خۆشی و سەرفرازییەوە گۆرانی بەسەر شۆڕش و بەختیارییدا هەڵدەدەن. ئەم کتێبە لە (٥٠) لاپەڕەی قەوارە (١٧×١٣,٥سم) دایە.

## ١٣- دوارۆژی دەئاکی زۆردار:

ئەم شانۆگەرییە ساڵی (١٩٦٠) لە کتێبێکی (١١٢) لاپەڕەییدا لە چاپخانەی مەعاریفی بەغدا لەسەر ئەرکی نەقابەی مامۆستایانی هەولێر لە چاپدراوە. ئەم چیرۆکە شانۆگەرییە لە هەشت پەردەدایەو نووسەرەکەی مامۆستا (زەکی ئەحمەد هەناری)یە (١٩١٠-١٩٦٧)، پێشەکیی کتێبەکە بە قەڵەمی مامۆستای نەمر

(عەلائەدین سەجادی) بە ناوونیشانی "پەسەند"ەوە نووسراوەو تێیدا گرنگیی نووسینەوەی بەسەرهاتە مێژوویییەکانمان دەرخراوەو بە کورتی جەورو ستەمی ئەژدەهاك و خەباتی پڕ لە قوربانیی کوردەکان بۆ ڕەواندنەوەی ئەو زۆرو ستەمەو لەناوبردنی ئەو پاشا خوێنمژە باسکراوە.

شانۆگەرییەکەی مامۆستا هەناری تەرخانە بۆ پێشاندانی بەسەرهاتی ئەژدەهاك و شۆڕشەکەی کاوەی ئاسنگەر، نووسەر بە شیعر کە تا ڕاددەیەکی چاك تێیدا سەرکەوتووە، ئەو داستانە پڕ لە قارەمانییە بۆ نەوەکانی داهاتووی کورد تۆماردەکات، شایانی ئاماژە بۆ کردنیشە ئەم شانۆگەرییە بەر لەوەی بە زمانی کوردی لە چاپبدرێت، لە لایەن (د.فەخری دەباغ)ەوە کراوە بە عەرەبی و بە ناوی "نهاية الطاغية"ەوە لە یەکێك لە ژمارەکانی ساڵی (١٩٥٩)ی ڕۆژنامەی "الحضارة" دا بڵاوکراوەتەوە. ئەم کتێبە لە قەوارەیەکی (٢١×١٤سم)دایە.

## ١٤- شۆڕشی هونەر:

ئەم شانۆگەرییە لە لایەن مامۆستا (فەتاح کەریم کاوە)وە نووسراوەو ساڵی ١٩٦٠ لە چاپخانەی کامەرانیی سلێمانی لە چاپدراوە. نووسەر بەرهەمەکەی پێشکەشکردووە بەو هونەرمەندانەی لەسەر شانۆی ڕاستەقینەی ژیانی کۆمەڵەکەمان دەوری پاڵەوانی خەبات دەنوێنن بۆ نیشتمان و میللەتەکەیان و هەرگیز پەردە لەسەر ڕوویان داناداڕێتەوە.

بەسەرهاتی شانۆگەرییەکە باس لە قوتابییەکی عاشقی هونەرو نیگارکێشان دەکات بە ناوی "بەختیار"ەوە کە لە لایەن حاجی حەسەنی باوکییەوە بەرهەڵستیی ئەو خولیای هونەرەی لێدەکرێت، بەڵام ئەو کۆڵنادات، دەچێتە بەغداو لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان دەخوێنێت، ئەو دەمە فەرمانڕەوایەتیی پاشایەتیی کۆنەپەرست بووەو ئەمیش لەو ژیانی غەریبایەتییەدا دەبێتە هاوڕێی

"نـەریمان" ناوێـك کـە لاوێکـی چیرۆکنووسـی کوردپـەروەر بـووە، پـاش سـاڵێك دەگیرێن..

ئـەم شـانۆگەرییە نموونەیـەکی بـەرزی ئـەو جـۆرە ئەدەبەیـە کـە تێکۆشـان و هونـەرو راسـتی دەبنـە هـەوێنی نووسـینیان، تیایـدا بـە جـوانی جلوبـەرگ و ئێکسسوار دەستنیشانکراوە.

ئەم کتێبە ژمارەی لاپەڕەکانی (٣٢) لاپەڕەیەو قەوارەکەشی (٢١×١٤سم)ـە.

## ١٥- شانۆی کوردستان:



ئـەم کتێبـە کـە سـاڵی (١٩٦١)چـاپکراوە بریتییـە لـە شـانۆگەرییەك و (٣) ئۆپـەرێت، لـە لایـەن شـاعیرو نووسـەری ناسـراوەوە (عەبـدولڕەزاق بیمـار)ەوە نووسـراون. شانۆگەرییەکە بە ناوی (ئاواتی ئۆمـەر)ەوەیەو ئۆپەرێتەکانیش بریتین لە (خەونەکانی گەنجۆ)، (شـەڤ و شـیرین)، (سـەرکەوتنی بـەهار "بـۆ منـداڵان")، ئـەوەی زیـاتر مەبەسـتی ئێمەیـە، لێدوان لـە شـانۆگەرییەکەیانە کـە (٤٠) لاپـەڕەی کتێبەکەی گرتووەتە خۆ.

نووسـەر لـە سـەرەتای شـانۆگەرییەکەدا وتوویـەتی: ئـەم ئـاواتی ئۆمـەرە چـیرۆکێکی هۆنراوەیی شانۆیی گۆرانی ئامێزە. واتە لە بابەتی "مـسرحيات غنائيـة" یە. رووداوەکانی ئـەم شـانۆگەرییە شـیعرییە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵەکانی سـەرەتای هەڵگیرسـاندنی ئـاگری شـەڕی یەکـەمی جیهـان کـە بـە شـەڕی "سـەفەر بـەر" ناسـراوە، جێگـای رووداوەکـانیش گوندێکی بنار چیایەکی کوردستانە.. لەو دەمەدا کە خاکی شیرینی کوردستان دەکەوێتە

بەر پێخوستی پێ چڵکنەکانی عوسمانی و برسێتی و گرانی وەك شەپۆلی دەریایەکی هەڵچوو رووی کردووەتە گوندو شارۆچکەکانی نیشتمانەکەمان، شاڵاوی دەردی رشانەوە وای لێکردوون کە زۆر لە خەڵکی گوندەکان شارو دێهاتەکانیان جێبهێڵن. یەکێك لەوانەش "ئۆمەر"ی دڵداری "ئەسمەر"ە، کە لە تورکەکان یاخی دەبێت و قایل نابێت رەوانەی شەڕ بکرێت، بۆیە چەك دەکاتە شانی و روو لە چیا بەرزو ئازادەکان دەنێت، رۆژ لە دوای رۆژ چرۆی عەشقە بێگەردەکەی بۆ ئەسمەری دلارامی لە گەشبووندایەو گەورەتر دەبێت و هەموو ساتێکیش دڵی لای دایکی و خەڵکی گوندەکەیانەو پەرۆشە بۆیان، لە سەردانێکی نهێنیدا بۆ گوندەکەیان جەندرمەکان بریندراری دەکەن و دەیگرن و دەیبەن، ئاوایی و ئەسمەر شپرزە دەبن بۆی، بە تایبەت ئەسمەر کە نەخۆش و لاواز دەکەوێت، دواجار ئۆمەر خۆی لە چنگی دوژمنەکان رزگاردەکات و بەرەو ئاوایی دەگەڕێتەوە، ئەسمەر بەمە خورپە لە دڵی دەدات و دەمرێت و بەو ئاکامە تراژیدییە کۆتایی بە شانۆگەرییەکە دێت، ئەم چیرۆکە بە زمانێکی پاك و وشەی جوان و شیعری رەوان داڕێژراوە، بۆ نموونە.. ئەسمەر دەڵێت:

نازانم بۆچی ئۆمەر گیان<br>
لە ناو گەنجی دێیەکەمان<br>
تەنها تۆ دەروون پڕئەکەی لە مانگەشەو<br>
تۆ ئەبینم لە پیاوەتیی سوارچاکان<br>
لە رەنجدانی جووتیارەکان<br>
تۆ ئەبینم لە گرمەی پڵنگ، لە چوستیی کەو<br>
چۆن دڵت پڕکردم لە روونیی مانگەشەو<br>
چۆن رێی کانی و ناو وەردەکان<br>
گشت رێگاوبان<br>
پڕ لە بۆنی تۆبوون ئەی ئۆمەر گیان

سەرجەمی لاپەڕەکانی ئەم کتێبەی مامۆستا بیمار کە لە چاپخانەی "صلاح الدین"ی بەغدا لە چاپدراوە، (١٠٤) لاپەڕەیەو قەوارەکەشی (٢١×١٤سم)ە.

## ١٦- زێڕین:

ئەم کتێبە کە بریتییە لە دوو شانۆگەریی، لە نووسینی مامۆستای خوا لێخۆشبوو (ئەمینی میرزا کەریم)ە (١٩٣٥-١٩٨٤) و ساڵی (١٩٦٠) لە چاپخانەی کامەرانیی سلێمانی لە چاپدراوە. دوو شانۆگەرییەکەش (زێڕین و ئۆتۆمبیلچی)ن.

"زێڕین" (٢١) لاپەڕەی گرتووەتەوەو لە چوار پەردەدایە، ڕووداوەکانی ئەم شانۆگەریە لە گوندێکدایە کە ئاغا باڵی ڕەشی پڕ لە زوڵم و زۆرداریی بە سەردا کێشاوە، لەم گوندەدا خێزانێك هەن کە پیاوەکەیان ناوی (مام هۆمەر)ەو کچێکی هەیە بە ناوی زێڕینەوە، ئاغا لە دوو سەرەوە هۆمەری بە گیر هێناوە، یەکەمیان داوای زێڕین دەکات بۆ (مام باییز)ی پیرە پیاو ماقووڵی، دووەمیشیان فەرمانی پێکردووە کە "شێرزاد"ی مامۆستای بیر ڕووناکی گوندەکەی بۆ بکوژێت، لەم کێشەیەدا زێڕینی جوانی دەروون پاك کە دڵی داوەتە "شاسوار"ی کوڕە لاوی گوند، ڕازی نابێت شوو بە مام باییز بکات، لەو شەوەدا کە هۆمەر بە ناچارییەوە دەیەوێت فەرمانەکەی ئاغا جێبەجێ بکات و دەستی خۆی بە خوێنی شێرزاد سوور بکات، زێڕین بە دزییەوە دەچێتە لای شێرزادو لەو کەین و بەینەی ئاگادار دەکات، کە دێتەوە باوکی گومانی لێدەکات و وا دەزانێت لە داوێن پیسی بووە، بۆیە دەیداتە بەر خەنجەرو هەر وەك پەرییەکی بێ گوناهی مردوو دەیخات.

نووسەر ئەم شانۆگەرییەی کە بەر لە چارەکە سەدەیەك زیاتر نووسیوە، زیرەکانە ڕووداوەکانی بە یەکەوە گرێداوە، بەڵام زمان هەر چۆن خۆیشی لە

پێشەکیی کتێبەکەیدا ئاماژەی بۆ کردووە، زمانی خەڵکی گوندنشین نییە، ئەم چیرۆکە ساڵی (١٩٦٠) لە سلێمانی پێشکەشکراوە.

شانۆگەریی دووەمیان کە "ئۆتۆمبیلچی"یە شانۆگەرییەکی یەك پەردەیی کۆمەڵایەتیی کۆمێدییەو لە (١٠) لاپەڕەدایە، باسی بەگێکی دەوڵەمەند دەکات خاوەنی ئۆتۆمبیلێکەو ئۆتۆمبیلچییەکی زۆرزانی قۆشمەچی دەبێتە شۆفێری. ئەم شانۆگەرییەیان لە ئەیلوولی (١٩٧٠)دا لە لایەن کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردییەوە لە سلێمانی پێشکەشکراوە، ژمارەی لاپەڕەکانی کتێبەکە (٤٠) لاپەڕەی قەوارە (٢١×١٤سم)ە.

## ١٧- بووکی پەردە:

بووکی پەردە یەکەمین کتێبە لە زنجیرەی "شانۆی رەنگین" و نووسەرەکەی مامۆستا (عەبدولرەزاق بیمار)ە، ئەم کتێبە کە بریتییە لە شانۆگەرییەکی سێ پەردەیی گاڵتەجاڕ، ساڵی (١٩٦٠) لە چاپخانەی (شەفیق) لە بەغدا چاپکراوە.

نووسەر لە پێشەکیی کتێبەکەیدا پێ لەو راستییە دەنێت کە شانۆ لای ئێمە کۆرپە بووەو بەرزبوونەوەی ئاستی بزووتنەوە شانۆییەکەش لە نووسینی تێکستی شانۆگەریی سەرکەوتوودا دەبینێت.

رووداوەکانی ئەم شانۆگەرییە لە گوندێکی ناوچەی کۆیەدایەو کاتیش دەوروبەری دامەزراندنی حکومەتی عیراقییە لە سەرەتای بیستەکاندا. بەسەرهاتەکان هەموو لە دیمەنی ژیانێکی ساکاردان. دیمەنی ژیانی پیاوانی ساویلکە بە جووتیارو گەنج و ئافرەت و پۆلیس و باشچاوەشەوە، ژیان و هەست و سۆزی کۆمەڵە مرۆڤێك کە گەلێك پێویستی و ژیان و چارەنووس لە یەکیان نزیك دەکاتەوە.

ئەم شانۆگەرییە، چ ناوەرۆکی و چ شێوەو چنین و کاراکتەرەکانی سەلیقەو دەسەڵاتی "بیمار" ی شاعیرمان بۆ دەسەلمێنێت لە نووسینی ئەم جۆرە ئەدەبەدا، کتێبەکە (٦٤) لاپەڕەی (٢٢×١٥سم)ـە.

## ١٨- ببوورە:

ئەم شانۆگەرییە کە نووسەر (کەمال ڕەئووف محەمەد) نووسیویە ساڵی (١٩٦١) لە کتێبێکی (١٤٤) لاپەڕەی قەوارە (٢١×١٤سم)دا لە چاپخانەی "کامەران"ی سلێمانی چاپکراوە. نووسەر لە پێشەکیی بەرهەمەکەیدا کەپێشکەشی "ئەو کیژە لەخۆباییەی کردووە کە دڵی شکاندووە" رایدەگەیەنێت کە بەرهەمەکەی بەرهەمی خوێندەوارانە، چونکە خۆی بەوان و ئەوانیش بە خۆی دەزانێت.

ئەم شانۆگەرییە باسی "گێلاس" ناوێکی جوان و چاوشینی نۆزدە ساڵان دەکات کە دایکێکی ساویکەو باوکێکی تووڕەو کەمێك خوێندەواری هەیە، گێلاس بە هۆی جوانییەکەیەوە لە خۆی بایی بووە. لە باتیی کوڕێك دووانی هەڵبژاردووە، یەکێکیان "نزار"ی ناوە کە ڕەزا قورس و ڕەوشت نزم و قومارچییە، بە هۆی سەروەت و سامانەوە یاریی بە عاتیفەی دەیان کچ دەکات، کە گێلاس یەکێکیانە. کوڕی دووەمیش "بەختیار" ناوێکە کە لاوێکی وریاو ڕەوشت بەرزو خوێندەوارەو لە دڵەوە گێلاسی خۆشدەوێت. بە درێژایی شانۆگەرییەکە هەوڵدەدات گێلاس بگۆڕێت و هۆشیاری بکات، بەڵام ئەو نوقمی دەریای هەڵەو نەفامییە، بە کۆششی بەختیار، گێلاس دێتە سەر ڕێگای ڕاست و دواجار دەیخوازێت و وەك دوو ژن و مێردی گیانی بە گیانی دەرگا لەسەر ژیان دەکەنەوەو لەوێوە دەڕواننە ڕۆژگاری نوێ و ئاسوودەیی و سەرفرازی. ئەم شانۆگەرییە لە سێ بەشدایە، پێشەکییەکەشی لە (٨) لاپەڕەدایە.

## ١٩- نان و ژیان:

ئەم کتێبە لە دانانی "سەیدا محەمەد ئەمین ئۆسمان"ـەو بریتییە لە سێ شانۆگەریی، یەکەمیان کە لە دووانەکەی تریان درێژترەو لە (١٩) لاپەڕەدایە بە ناوی (فال ڤەکەر)ەوەیە و دووەمیان (تەسلیمامارا)یەو شانۆگەریی سێیەمیش (تفرابچنین)ە.

لەگەڵ ئەم شانۆگەرییانەدا کە بە شێوەی کرمانجیی ژووروو نووسراون، نووسەر دوو دیالۆژی شیعریی خستووەتە کتێبەکەیەوە کە ئەوانیش (داوەتا لەزگین) و (ژیان و ئێقبال)ن.

ئەم کتێبەی مامۆستا محەمەد ئەمین ئۆسمان بریتییە لە (٧١) لاپەڕەو قەوارەکەشی (٢١×١٢,٥سم)ـەو ساڵی (١٩٧٠) لە چاپخانەی "أسعد"ی بەغدایی لە چاپدراوە.



## ٢٠- کاوەی ئاسنگەر:

شانۆگەرییەکی شیعرییە لە نۆ دیمەن (تابلۆ)دا، ساڵی (١٩٧١) لە چاپخانەی "راپەڕین"ـی سلێمانی چاپکراوە. نووسەر (شاعیری ناسراو شێرکۆ بێکەس) (*) شانۆگەرییەکەی پێشکەشکردووە بە شاگردانی شۆڕشگێڕی نەوەی کاوەی قارەمان.

---

(*)کاتێک ئەم باسە نێردرا بۆ بڵاوکردنەوە، ناوی نووسەری ئەم شانۆگەرییەو شانۆگەریی (ئاسک)، واتە مامۆستا شێرکۆ بێکەس لابرابوو.

"دكتۆر ئیحسان فوئاد"لە پێشەكییەكی (٤٢) لاپەڕەییدا رای خۆی بەرامبەر نووسەر دەربڕیوەو كورتەیەكی لەمەڕ مێژووی درامانووسین نووسیوەو ئینجا هاتووەتە سەر باسی شانۆگەرییەكەو هەندێك كەموكوڕییشی خستووەتە پێش چاو.

ئەم داستانە شیعرییە بەسەرهاتی مێژوویی شۆڕشەكەی كاوەی ئاسنگەر دەخاتە سەر شانۆ، بەلاّم بە گوێرەی بۆچوون و بیركردنەوەی كاتی نووسینی بەرهەمەكە لە لایەن نووسەرەوە. شیعر بوونەتە هۆو گەیاندنی لە باری دیالۆژ و مەبەستەكان، ئەم شانۆگەرییە نموونەیەكی باش و زیندووە لە شانۆگەرییە شیعرییە كوردییەكاندا.

ئەم كتێبە لە (٣٣٠) لاپەڕەی قەوارە (٢١×١٤,٥سم)دایەو ساڵی (١٩٧٣) ئەم كاوەی ئاسنگەرە لە لایەن تیپی نواندنی نەقابەی مامۆستایانەوە لە سلێمانی پێشكەشكراوەو ساڵی (١٩٧٦)یش بۆ جاری دووەم لە لایەن كۆمەڵی هونەرو وێژەی كوردییەوە لە هەولێر پێشكەشكراوەتەوە.

## ٢١- داسەكەی شاسوار:

ئەم كتێبە كە بریتییە لە چوار شانۆگەریی، لە نووسینی "ئەمینی میرزا كەریم"ـەو ساڵی (١٩٧١) لە چاپخانەی "كامەرانی"ـی سلێمانی لە چاپدراوەو (١١٥) لاپەڕەی گرتووەتەوەو قەوارەكەشی (٢٢×١٤,٥سم)ـە.

شانۆگەریی یەكەمیان "داسەكەی شاسوار"ەو لەم چیرۆكەدا باس لەو ماوەیە كراوە كە دەرەبەگ دەسەڵاتداری گەورەی نێو گوندەكانی كوردستان بوون، بەگێكی زۆردار بۆ ژیانی جووتیارەكان بووەتە سەرچاوەی چەوساندنەوە، بەگ دژ بە خوێندن و پێشەوەچوونە، دەیەوێت خەڵكەكە هەموو گێل و نەفام و ملكەچی فەرمانەكانی بن، بەلاّم ئەم ئازارو چەوساندنەوەیە تا سەر بەردەوام



نابێت و جام کە پڕبوو لێی دەڕژێت، هەر بۆیە دوای پەیدابوونی هۆش و بیرکردنەوەی بەشێك لە جووتیارە خوێن گەرم و جوامێرەکان، دەیانەوێت راددەیەك بۆ ئەو زوڵموزۆرە دابنێن، بەلام بەگ لە پێناوی مانەوەو بەرژەوەندیی خۆیدا خوێن دەڕێژێت و قوربانییەکی خوێن گەش "شاسواری خاڵۆ سەمین" دەبێت، لە ئەنجامی ئەوەشدا "خونچە"ی ژنی شاسوار کە ئافرەتێکی ئازاو سەربەرزو بە وەفایە دێتە شارو فرسەت دەهێنێت و شێرزادی کوڕی بەگ دەکوژێتەوە. ئەم شانۆگەرییە لە سەرەتای حەفتاکاندا لە سلێمانی پێشکەشی بینەران کراوە.

زمانی شانۆگەرییەکە زمانی خەڵکی لادێیە، بیرە سەرەکییەکەشی دەربارەی سەردەمێکی دوورو درێژی ژیانی میللەتەکەمانە.

شانۆگەریی دووەمیان (بڕیارو ئەنجام)ـە باسی خێزانێك دەکات کە بە هۆی کوڕێکی بەدمەستیانەوە تووشی دەیان گیروگرفتی گەورە دێن، ئە م شانۆگەرییە لە کۆتایی شەستەکاندا لە لایەن تیپی خانەی مامۆستایانی سلێمانییەوە لەسەر شانۆ پێشکەشکراوەو لە سەرەتای حەفتاکانیشدا لە لایەن تیپی نواندنی کارگەی جگەرەوە بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوك تۆمارکراوە.

سێیەمین شانۆگەریی بە ناوی (نەورۆز) ەوەیەو بە سێ بەش و بە کورتی داستانەکەی کاوەی ئاسنگەری بەرجەستە کردووە بۆ شانۆ. دوا شانۆگەرییش لەم کتێبەی کاك ئەمینی نەمردا شانۆگەریی (چۆن بووم بە هونەرمەند)ە کە تیایدا

باس لە هونەرو بەهای هونەرمەند کراوە لە کۆمەڵدا. ئەم شانۆگەرییە کاتی خۆی خەڵاتی یەکەمینی گرەوێکی گۆڤاری "هیوا"ی پێ بەخشراوە.

## ٢٢- فاڵچی:

ئەم شانۆگەرییە لە نووسینی مامۆستا (حەمە کەریم رەمەزان هەورامی)یەو ساڵی (١٩٧٢) بە یاریدەی وەزارەتی کاروباری ژوورو (بەڕێوەبەرێتیی گشتیی خوێندنی کوردیی) لە چاپخانەی "کامەرانی" لە شاری سلێمانی لە چاپدراوە، ئەم شانۆگەرییە ساڵی (١٩٧١) لە لایەن یەکێتیی نووسەرانی کوردەوە خەڵاتکراوە.

نووسەر لە پێشەکییەکی (١٨) لاپەڕەیی کتێبەکەیدا باس لە سەرەتاو دە رکەوتنی بەرهەمە نۆبەرەکانی شانۆی کوردیی دەکات و ئاماژە بۆ ئەو شانۆگەرییانە دەکات کە تا ساڵی (١٩٧٠) پێشکەشکراون، ئێنجا دێتە سەر (فاڵچی)یەکەی لەمەڕ خۆی و دەڵێت: (فاڵچی دەیەوێت پەڕەیەك هەڵبداتەوە، خەڵك بگەڕێنێتەوە سەر باری راستیی خۆیان و ئەو نەخۆشییانە یەکاڵا دەکاتەوە کە چەندەها کەس تووشیبوون و کۆمەڵە ساویلکەکەی ئێمە لە جیاتیی ئەوەی زاراوەی پڕ بە پێست بۆ نەخۆشییەکان دابڕێژێت، کەچی نەخۆشییەکان دەکات بە دەرمانی دەردی نەفامیی خۆی..).

بە کورتی، ئەم شانۆگەرییە لە کابرایەك دەدوێت کە بە ناوی ئایین و نوشتەو فاڵچێتییەوە خەڵکی دەڕووتێنێتەوە، دیارە ئەو خەڵکە نەفامەی کە باجی نەزانین و بێهۆشیی خۆیانی پێ دەدەن، بەڵام دواجار بە هەوڵ و بیری نوێی چەند لاوێك ئەم خەوش و دیاردە خراپەی ناو کۆمەڵ لە ناو دەبرێت.

ئەم کتێبە لە (١٧٨) لاپەڕەدایەو قەوارەکەشی (٢٢×١٤سم)ە. شانۆگەریی "فاڵچی" لە سەرەتای حەفتاکاندا لە لایەن تیپی هونەری هەولێرەوە بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوك تۆمارکرا.

## ٢٣- شانۆگەریی منداڵ:

ئەو ناوونیشانە هی کتێبێکی مامۆستا "عومەر عەبدولڕەحیم"ـەو ساڵی (١٩٧٢) لە چاپخانەی "کامەرانی"ی سلێمانی چاپکراوە، ئەم کتێبە بریتییە لە حەوت شانۆگەریی منداڵان. کە ئەوانیش:



□-جوو جوو جوو
٢-کفر ئەحمەد
٣-شێخەولا
٤-حەمە نەخۆش
٥-پیری دەروون بەرز
٦-کۆمەڵی کەڕان
٧-بەزمی ئاوێنە

نووسەرمان بە سەلیقەیەکی باشەوە رووی لە جیهانە بەرفراوان و پاك و بێگەردەکەی ساوایان و منداڵان ناوەو بەرهەم و بەخششی لە خزمەتی منداڵانی کورددایە.

ئەوەی لەم بەرهەمەدا رەچاودەکرێت ئەو زمانە سادەو بێ گرێیەیە کە نووسەر شانۆگەرییەکانی پێ نووسیوە، بێجگە لەمەش هەڵبژاردنی لە باری کەرەستەو بابەتەکانی کە نزیك و ئاشنان بە چێژوەرگرتن و سوود وەرگرتن و تێگەیشتنی منداڵ.

ئەوەی کە زیاتر ئەم شانۆگەرییەمان لە لا شیرین دەکات ئەوەیە بۆ منداڵانی تەمەن نێوان (٤-٦) ساڵان نووسراون و کاتی خۆی زۆربەیان لە لایەن باخچەکانی ساوایانەوە لەسەر شانۆ پێشکەشکراون. ئەم کتێبە (٦١) لاپەڕەیەو قەوارەشی (١٤,٥×١٢,٥سم)ـە.

## ٢٤- چیرۆك بۆ شانۆ:

نووسەری ئەم كتێبە كە بریتییە لە پێنج شانۆگەریی مامۆستا (محەمەد تۆفیق وردی)یە. ئەم كتێبە ساڵی (١٩٧٣) لە چاپخانەی "العربي" نەجەف چاپكراوە.

یەكەمین شانۆگەرییان كە یەك پەردەییە بە ناوی (كۆڕی بوێژانی ئاشتی)یەوەیە، بۆ شەش كاراكتەر رێكخراوەو باسی دەوری شیعرو شاعیرێتیی دەكات لە جوانكردنی ژیاندا، ئەوەشی لە یاد نەچووە كە هەموو شیعر بێژێك نابێتە شاعیری راستەقینەو بۆ جێگیركردنی مەبەستەكەشی پەنای بردووەتە بەر فەرموودەكەی شێخ رەزا:

چونكە شاعیر زۆربووە لەم عەسرەدا

بۆتە حەشری نێرەكەر لەم حوجرەدا

دووەمین شانۆگەریی كتێبەكە (شەوارە)یە كە ئەمیش لە یەك پەردەدایە، بابەتی شانۆگەرییەكە سادەو ساكارە، باسی كۆبوونەوەو شەوارە سازكردنی دەستەیەك هاوڕێیە بە مەبەستی ناونانی منداڵی یەكێكیانەوە.

سێیەم شانۆگەرییان (ئەو كچە مارەیی هاتووە) لە چوار پەردەدایە و بە هۆی پێنج كاراكتەرەوە مەسەلەی بە شوودانی كچێك دەردەخرێت كە لە كۆمەڵێكی دواكەوتوودا لەسەر رێوشوێنی دەرەبەگایەتیی ئەو كارە بە ئەنجام دەگەیەنرێت.

شانۆگەریی چوارەمیش (باوكی پوول پەرستە)، كە دەربارەی مرۆڤی چاوچنۆك و پارەپەرستە، ئەوانەی پارە لە سەرووی نیشتمان و ویژدان و ئابڕووەوە دادەنێن، دوا شانۆگەریی كتێبەكەش بە ناوی (ئەحەی ناسر)ەوەیەو باسی ماوەیەك لە ژیان و سەربوردەی دەنگخۆشی خوالێخۆشبوو ئەحەی ناسرە.

ژمارەی لاپەڕەكانی ئەم كتێبە (٨٠) لاپەڕەی قەوارە (٢٢×١٥سم)ە.

## ٢٥- لە پێناوی ئەویندا:

ئەم شانۆگەرییە کە مامۆستای کۆچکردوو (زەکی ئەحمەد هەناری/١٩١٠-١٩٦٧) مایسی (١٩٦٥) لە بەندیخانەی هەولێر نووسیویەتی ساڵی (١٩٧٤) لە چاپخانەی "راپەرین"ی سلێمانی چاپکراوە. رووداوی تراژیدیی ئەم شانۆگەرییە شەش پەردەییە لە هەرێمی برادۆستی ساڵی (١٨٣٣) دایەو باسی بنەماڵەی سلێمان بەگی برادۆستی دەکات کە لە باکووری رۆژئاوای هەرێمی رەواندزدا فەرمانڕەوابووە، سلێمان بەگ ئەو کاتەی لەلوتکەی دەسەڵاتداریتییدا دەبێت مەرگ ئێخەی پێدەگرێت و دەیکوژێت، دوای خۆی دوو کوڕ بەجێدەهێڵێت، گەورەکەیان دەبێتە جێگرەوەی باوکی، کەئەمیش دەمرێت محەمەدی کوڕی لەپاش جێدەمێنێت، بەڵام محەمەد فەرمانڕەوا نابێت، بەڵکو بێکەس و سەرگەردان دەژی، مامەکەی دەیگرێتە خۆی. بەڵێنی پێدەدات سێوەخانی کچی بداتێ، هەر بۆیە حەوت ساڵی تەواو رەنجبەریی پێدەکات، ئەویش لە پێناوی ئەوینی سێوەخان دا دان بە خۆیدا دەگرێت، ئاکامیش بە هۆی چەند کەسێکی نالەباری دەوروبەرەکەیانەوە بەر لە بەیەکگەیشتن و شادبوونی محەمەدو سێویێ بە یەکتر، بە مەرگێکی ناکاو دەگەن و داستانی ئەوینەکەیان کۆتایی دێت.

نووسەر بۆ بەئەنجام گەیاندنی مەبەستی خۆی سوودێکی زۆر باشی لە حیکایەتی کوردەواری و بەسەرهاتە مێژووییەکانمان وەرگرتووە، بەڵام لە رووی هونەرییەوە (وەك زۆربەی شانۆگەرییە کۆنەکانمان) لاوازو ناکاملە، ئەم کتێبە لە (٥٢) لاپەڕەی قەوارە (٢١×١٤سم)دایە.

## ٢٦- شەوێك لە ژیانی خانزاد:

ئەم تێکستەیان مامۆستا (حەمە کەریم رەمەزان هەورامی) نووسیویەو ساڵی (١٩٧٧) لە لایەن دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردییەوە لە چاپخانەی (دار الحرية)ی بەغداد لەچاپدراوە.

نووسـەر لـە پێـشەکییەکی شـەش لاپەڕەییـدا بـە کـورتی باسـی بەرهەمـە دێرینـەکانی نەتەوەکـەمانی کـردووەو لـە پێویـستیی سـوود وەرگرتنیـان دواوە بـۆ هـەوێنی بەرهـەمی شانۆگەریی، ئەوەتا دەڵێت: (کردنی داستانە کۆنەکانی باووباپیران بە کەرەستەو رایەڵی ئەو داڕشتنە لەبەر دوو هۆی گەورەیە، یەکەم زیندووکردنەوەی کەلەپوورو پاراستنی لە دەست رزین و ئاوارە نەبوونی لەچاو نەوە تازەکانی خەڵکی ئەم سەردەمە، دووەم بۆ چەسپاندن و سەلماندنی بیروڕای تازە بابەت و خستنەڕووی ئەو بیرە فەلسەفییانەیە کە هەتا هەتایە لە زاووزێ ناکەون).

ئەم شانۆگەرییە لە یەکێك لە ئافرەتە قارەمان و هەڵکەوتووەکانی کورد دەدوێت کە لە هەرێمێکی کوردستاندا هەر بە وێنەی میرە ئازاو نەبەردەکان فەرمانڕەوایی گرتووەتە دەست، نووسـەر لـە یـەك شـەوی ژیـانی ئـەو ئافرەتـەدا "واتـە خـانزاد" دەوروبەرەکـەی بـە بـاش و خراپیانەوە نیشاندەدات و کرۆکی مەبەستی خۆی دەگەیەنێت.

ئەم کتێبە کە ژمارەی لاپەڕەکانی (١١٨) لاپەڕەیە قەوارەکەی (٢٤×١٧سم)ە.

شایانی باسیشە ئەم چیرۆکە شانۆگەرییە ئامادەکراوە بۆ تەلەفزیۆن و ساڵی ١٩٨٣ لە لایەن تیپی یەکێتیی نەقابەکانی کرێکارانی سلێمانییەوە تۆمارکراوە.

## ٢٧- ئاسك:

شانۆگەرییەکی شیعرییە لە نووسینی مامۆستا (شێرکۆ بێکەس)ـە لە پێنج تابلۆداو ساڵی (١٩٧٨) کۆڕی زانیاریی کوردلە چاپخانەکەی خۆی لـە بەغدا

چاپیکردووە. ئەم شانۆگەرییە دووەم ئەزموونی نووسەرە دوای "کاوەی ئاسنگەر" لە بواری شانۆگەریی شیعریدا.

نووسـەر بـۆ بـەجێهێنانی مەبەسـتەکەی سـوودی لـە دوو کەرەسـتەی نووسـینی گـرنگ وەرگرتووە، یەکەمیان پەنای بردووەتە بەر کەلەپووری کوردی و لە کڵاوڕۆژنەی ئەو سامانە بەپیتەوە تیشکی وەرگرتووە، دووەمیشیان بەکارهێنانی شێوازی نوێ لە تەکنیکی داڕشتن و چنیندا.

سەرەتا دەرهێنەری هێناوەتە سەر شانۆکەو ئەمیش کلیلی کردنەوەی دەرگای باس و خواسەکان دەداتە دەستی حیکایەتخوان، ئەویش بەسەرهاتەکە دەگێڕێتەوە، بەسەرهاتی عەشقی پاك و بێگەردی "پیرۆت"ی شوانی گوند لەگەڵ "خاوەر"ی کچی ئاغا. لەو گوندەدا ئاسکە موبارەکێك هەیەو خەڵکەکە هەموو پیرۆزی و خێرو بەرەکەت و خۆشییەکیان لەو ئاسکەدا دەبینن، ئاسك لەسەر لوتکەی شاخێکی سەخت و بەرز گیردەخوات و بۆ داگرتن و هێنانەوەی چاونەترسترین و لە خۆبوردووترین لاوی گوندی دەوێت، ئەو کەسەش پیرۆت دەبێت، پیرۆت پێ دەنێت بە جەرگی خۆیداو لە پێناوی چاوانی خاوەرو هەموو خەڵکی گونددا روودەکاتە ئەو لوتکە عاسییە، چوونەکەی پڕ لە مەترسییەو ڕێگایەکی هات و نەهاتی گرتووەتە بەر، بەڵام نووسەر ئەنجام نادات بەدەستەوەو شانۆگەرییەکە کۆتایی دێت و مەسەلەکەی ئاسکە موبارەك و پیرۆتیش بۆ بڕیاری بینەران دەهێڵێتەوە.

شاعیر بە بابەتێکی نزیك بە گیانی خوێنەران و بەو شیعرو زمانە بێ گرێیەی خۆی بەرهەمەکەی داڕشتووە، ئەم کتێبە (٩٠) لاپەڕەی قەوارە (٢٤×١٧سم)ـە. شایانی وتنیشە ئەم شانۆگەرییە ساڵی (١٩٨٢) لە سلێمانی و بەغدا پێشکەشکراوە.

## ٢٨- مرۆڤ و چاخ و بیر:

ئەم کتێبە بریتییە لە شانۆگەرییەکی هونەرمەند (مەهدی ئومێد) ساڵی (١٩٧٨) دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە چاپیداوە.

ئەم چیرۆکە باس لە مرۆڤ و ژیان و دەوروبەرو مێژوو و بوون دەکات و بە شێوەیەکی رەمزی نووسراوە. لە پێشەکییدا نووسەری جوانەمەرگ (لەتیف حامید) بە کورتی رای خۆی دەربارەی شانۆگەرییەکە دەربڕیوە، لە پاشبەندی کتێبەکەشدا هونەرمەند ئەحمەد سالار و شاعیر لەتیف هەڵمەت باری سەرنج و تێبینیی خۆیان بۆ نووسەر نووسیوە.

## ٢٩- وانەی رەشبەڵەك:

ئەم شانۆگەرییە لە نووسینی مامۆستا (ئەحمەد سالار)ەو ساڵی (١٩٧٨) لە چاپخانەی (راپەڕین)ـی سلێمانی چاپکراوە. نووسەر بەرهەمەکەی پێشکەشکردووە بەو

(کەسانەی دەڕەنجێن بۆ ئاسوودەیی ئادەمیزاد. بەوانەی پتەوتر دەبن بەرامبەر رقی چەوساندنەوە).

ئەم وانەیە، بۆ دەربڕینی مەبەستی خۆی چەند کەسێکی جیاواز لە یەکی کۆکردووەتەوە، لەوانە دوو گاڵتەگێڕ، خێزانێک، مامۆستایەک، چەند قوتابییەک، شاعیرو فەیلەسووف و سەرلەشکرێک، دیسانەوە بە هەر هەموویان زۆرانبازیی مرۆڤ و کێشە ئاڵۆزەکانی ژیان دەردەخەن، بۆ پتەوبوونی رووداوەکان و بابەتەکەشی سوودی لە گالیلۆگالیلی وەرگرتووە، وەك نموونەی زانست و خەبات و کۆڵنەدان.

ئەم کتێبە لە (٥٢) لاپەڕەی قەوارە (١٩,٥×١٤سم) دایەو ساڵی (١٩٧٦) لە لایەن تیپی نواندنی زانکۆی سلێمانییەوە لە شاری سلێمانی پێشکەشکراوەو نووسەر هەر خۆیشی دەرهێنەری بوو.

## ٣٠- بووکی بەفر:



شانۆگەرییەکی مەهدی ئومێدی هونەرمەندە، ساڵی (١٩٧٩) لە چاپخانەی "راپەڕین"ی سلێمانی لە چاپدراوە.

نووسەر بەسەرهاتی شاعیری میللیی کورد (عەلی بەردەشانی) لە شێوازێکی نوێدا داڕشتووەتەوەو بە گوێرەی شێوازو ویستی شانۆگەریی نووسینی خۆی سوودی لە بەردەشانی بینیوە.

هەروەها بۆ رەنگین کردن و گەیاندنی واتەی تەواوی چیرۆکەکەی، پەنای بردووەتە بەر چەند بەیتێك لە شیعرەکانی شاعیرە، ئەم کتێبە (٩٠) لاپەڕەی قەوارە (١٩×١٤,٥سم)ـە.

## ٣١- خەج و سیامەند:

ساڵی ١٩٧٧ کاك فوئاد مەجید میسری بەیتی خەج و سیامەندی کردە هەوێنی شانۆگەرییەك و هەر بە ناوی (خەج و سیامەند)ەوە ساڵی (١٩٧٩) لە چاپخانەی "علاء"ی بەغدایی لە چاپیدا. ئەم شانۆگەرییە کە هونەرمەند عوسمان چێوار پێیدا چووەتەوە، بە هەنگاوێکی زۆرباشی نووسەر دادەنرێت کە لە بواری نووسینی شانۆگەری و سوودوەرگرتن لە کەلەپووری دەوڵەمەندی میللەتەکەماندا ناویەتی.



نمایشی خەج و سیامەند/ سلێمانی ١٩٧٨

هونەرمەند ئەحمەد سالار پێشەکییەکی (١٣) لاپەڕەیی بۆ ئەم کتێبە نووسیوەو تێیدا وتوویەتی: (لە کاتێکدا دەستی پیرۆزباییم خستە ناو دەستی نووسەری شانۆیی "خەج و سیامەند"ەوە، ئەو کاتە دەمبینی خۆشەویستی و سۆزو عاتیفەم لەسەر ئەم زەوییە فراوانتر بووە، خەج و سیامەندم بینیوەبریسك و

هوڕی خۆری نەورۆزی ئەمساڵەو بەشادەمارەکانی خوێنمدا تیشك بازییان دەکرد، لە چارەڕەشی و کڵۆڵیی ئەو دوو دڵدارەدا هیواو نوقڵانەی لە دایکبوونی نوێم بینییەوە، کاتێك خەج و سیامەندم بە سنگەوە نووساند، گوێچکەم بە لاوکی ئەو دڵبەرە دەزرنگایەوە کە تا ئێستاش چاوی لە ڕێی دڵداریی راستەقینەیە..).

ئەم تێکستە بە زمانێکی کوردیی پاراو نووسراوەو کاراکتەرەکانی وەك خەج و سیامەند و کەسانی تری ناو بەیتەکە بە شێوە زمانی موکریان دەدوێن، بەڵام ئەوانەی تر کە نموونەی خەڵکی ئەم رۆژگارەن وەك حیکایەتخوان و دانیشتووانی چایخانەکە بە زمانێکی سادەی خەڵکی دەدوێن. شایانی باسە کەکاك فوئاد ئەم بەرهەمەی پێشکەش کردووە بە گیانی نەمردووی نووسەرو هونەرمەندی مەزن برتۆڵد برێخت. کتێبەکە لە (٨٠) لاپەڕەی قەوارە (٢٣,٥×١٧سم)دایە، ئەم شانۆگەرییە لە کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٧٨)دا لە لایەن تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردییەوە لە سلێمانی خراوەتە سەر شانۆ.

## ٣٢- دڵدارانی باران:

دووەم تێکستی مامۆستا (ئەحمەد سالار)ە، بریتییە لە شانۆگەرییەکی شیعری و ساڵی (١٩٧٩) لەسەر ئەرکی کاك (فوئاد محەمەد ئەمین سەڕاج) لە چاپخانەی راپەڕین لە چاپدراوە.

چیرۆکە شانۆگەرییەکە بە گشتی لە مەسەلە سەرەکی و جەوهەرییەکانی ژیانی مرۆڤ دەدوێت و نووسەر بە هۆی قوتابی و مامۆستاو کۆرسەوە بیروڕای خۆی دەربارەی ئەو مەسەلانە و خەباتی مرۆڤ لە پێناوی ژیاندا دەربڕیوە، هەر لە پاڵ ئەمەدا نووسەر دوو دڵداری هێناوە، (سوارەو خازێ) کە نموونەی عەشق و خۆشەویستییەکی راستەقینەن، ئەم دوو دڵدارە دەیانەوێت روو بە رووی تەنگ و

چـەڵەمەکانی ژیـان بوەسـتن و زاڵـبن بـە سـەریاندا، دەیانـەوێت ئاسـوودەیی و سەرفرازی بە باڵای رۆژگارو تەمەنیان ببڕن.

نووسـەر بـە زمـانێکی پوخـت و بـێ گـرێ و بـە شـیعری ناسـك بابەتەکـەی داڕشتووە، بۆ نموونەش ئەم دیالۆژەی گۆرانیبێژی حیکایەتخوان دەهێنمەوە:

خۆشەویستی تا سەر ئێسقان
بوو بوو بە ئاو بوو بوو بە نان
خۆشەویستی هەناسە بوو
کاتێ ژوان ملوانکەی خۆری دەنەخشان
وردە وردە تا گەورە بوو
خۆشەویستی بوو بە سوپەر
بووبە قەڵغان
بوو بە بە هێزترین سەنگەر..

ئەم کتێبە لە (٣٧) لاپەڕەی قەوارە (١٩,٥×١٤سم) دایە.

## ٣٣- ژان:

ئـەم شـانۆگەرییە کـە نووسـەر کـاك (فـەهمی کاکـەیی) لـە شـوباتی (١٩٧٨)دا نووسـیویەتی، سـاڵی (١٩٧٩) لــە چـاپخانەی "راپــەڕین"ــی سـلێمانی بــە چاپگەیەنراوە، شـانۆگەریی (ژان) لـە ژیـانی خێزانێـك دەدوێـت کـە تـاڵاوو دەردی سەریی رۆژگار بێ بەزەیی هێرشیان بۆ دەهێنێت و ماندوو دەبن و کات و شوێنێك پـەی پـێ نابـەن ئۆقرەی تێدابگرن، ئـەم خێزانـە لـە گـەڕەکێکی جـەنجاڵی شـارێکی قەرەباڵغدا ژیانێکی سەختی پڕ لە گیروگرفت دەبەنەسەر، بەڵام بۆ کۆتاییهاتن بەو ژیانـە پـڕ لـە کێـشەیەیان بڕیـاردەدەن شـار بـەجێبهێڵن و روو بکەنـە گونـدی "نەورۆز"، کە دەچنە ئەوێ غەم و ئازارەکانیان دەڕەوێتەوەو هێدی هێدی کۆتایی

بە ژانەكانیان دێت و لە نێوان سروشتی بێگەردو خەڵكی پاكی لادێدا ئاسوودەو سەرفراز دەژین.

نووسەر، لەم بابەتە تراژیدیایەدا ویستوویەتی گیانی كۆمێدیا بە رووداوەكان ئاوێتە بكات و تا رادەیەكی باشیش ئەو مەبەستەی پێكاوە.

كاكەیی ئەم شانۆگەرییەی كە دیاریی دەستیەتی بۆ شانۆی كوردیی لە كتێبێكی (٧٩) لاپەڕەیی قەوارە (١٩×١٤,٥سم) دا لە چاپدراوە.

## ٣٤- لێبووك داستانا مەم و زینا دگوهۆڕیت:

ئەم شانۆگەرییە لە لایەن (سەیدا ئیبراهیم سەلمان)ـەوە نووسراوەو ساڵی (١٩٧٩)بە یارمەتیی ئەمینداریێتیی گشتیی رۆشنبیری و لاوان لە چاپخانەی "نەبیل"ی بەغدایی چاپكراوە.

نووسەر بۆ شانۆگەرییەكەی كە بە شێوەی كرمانجیی ژووروو نووسراوە سوودی لە داستانە مەزنەكەی "مەم و زین"ی ئەحمەدی خانی وەرگرتووە، بەڵام بە گوێرەی بیروڕای خۆی و تەكنیكێكی نوێ مامەڵەی لەگەڵدا كردووە. ژمارەی لاپەڕەكانی (١٣٤) لاپەڕەیەو قەوارەكەشی (١٩,٥×١٤,٥سم)ـە.

## ٣٥- شێخی سەنعان:

ئەم شانۆگەرییە (د. نافع ئاكرەیی) نووسیویەو ساڵی (١٩٨٠) لە لایەن ئەمینداریێتیی گشتیی رۆشنبیری و لاوانەوە بڵاوكراوەتەوە. نووسەر بۆ دارشتنی ئەم شانۆگەرییە مێژووییە سوودی لە تێكستێكی فۆلكلۆری و بەیتی شێخی سەنعانی فەقێی تەیران و عەتارنامەی (دكتۆر ئەحمەد ناجی قەیسی) وەرگرتووە، جێی سەرنجە كە زمانەكەی نووسەر ساغ نییەو هەڵەی زمانەوانیی زۆرەو شێوەی دەستپێكردنی تابلۆكانیش شێوەیەكی زۆر تەقلیدییە.

ئەم کتێبە کە لە چاپخانەی (علاء)ی بەغدا چاپکراوە لە (١٢٢) لاپەڕەی قەوارە (٢٤×١٧سم) دایە.

## ٣٦- مانگرتن:

یەکەمین شانۆگەریی کاك (محەمەد عەبدولڕەحمان زەنگنە)یەو ساڵی (١٩٨٠) لە چاپخانەی (السندباد)ی بەغدا بە چاپیگەیاندووە. نووسەر ئەم شانۆگەرییەی پێشکەش کردووە (بەو کرێکارانەی گیانی پاکیان لە پێناوی مافیاندا بە خاك سپاردووە).

ئەم شانۆگەرییە لە چوار پەردەدایە و بە کورتی باسی خەباتی کرێکارانی هۆشیارە دژ بە رژێمی پاشایەتیی گومڕا، بێگومان کرێکارانی ئەم نیشتمانە بە خەبات و قوربانیدان داکۆکییان لە مافە رەواکان و ژیان و چارەنووسیان کردوە. ئەم بە رهەمەی زەنگنە لە رووی زمان و بابەت و هەڵبژاردنی کاراکتەرەوە لە شانۆگەریی (وەلی دێوانەو شەم)ەکەی خۆی بە پێزترو سەرکەوتووترە.

ئەم کتێبی "مانگرتن"ـە لە (٦٠) لاپەڕەدایەو قەوارەکەشی (٢٣,٥×١٧سم)ـە، شانۆگەریی ناوبراو ساڵی (١٩٨٥) لە لایەن تیپی نواندنی هەڵەبجەوە خراوەتە سەر شانۆ.

## ٣٧- وەلی دێوانەو شەم:

ئەم شانۆگەرییە کە دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی ساڵی (١٩٨١) لە چاپیداوە، لە نووسینی کاك (محەمەد عەبدولڕەحمان زەنگنە)یە. نووسەر بۆ دارشتنی شانۆگەرییەکەی پشتی بە دوو کتێبی مامۆستایان (عوسمان هەورامی و محەمەد ئەمین هەورامانی) بەستووە، کە یەکەمیان بە ناوی (وەلی دێوانە)وەیەو دووەمیشیان (رۆشنبیریی وەلی دێوانە)یە.

ئەم شانۆگەرییە کە لە (١١٨) لاپەڕەی قەوارە (٢١,٥×١٥سم)دایەو (٣٠) لاپەڕەی بریتییە لە شیعرەکانی وەلی دێوانە، باسی ژیانی شاعیری مەزن وەلی

دێوانەو عەشقەکەیەتی بۆ "شەم". نووسەر بەو پەردە کورت کورتانە ویستوویەتی لە وەلی بدوێت. نەیتوانیوە کارێکی ئەوتۆ بە ئەنجام بگەیەنێت کە شایانی شیعرو ژیانی شاعیر بن و خوێنەری ئەمڕۆ چێژێکی وای لێ وەربگرێت، هەروەها بە هۆی سیناریۆوە هەندێك شتی نووسیوە کە زیاتر بۆ چیرۆك دەستدەدەن نەك بۆ شانۆگەریی.

## ٣٨- گوندەکەم:

ئەم شانۆگەرییە لە نووسینی ئەدیبی ناسراو (حەمە کەریم رەمەزان هەورامی) یەو ساڵی (١٩٨١) لە چاپخانەی (علاء) لە بەغدا چاپکراوە.

چیرۆکەکە لە شەش دیمەندایەو باس لە ژیانی پڕ لە ئازارو کوێرەوەریی دانیشتووانی گوندێك دەکات کە لە ناوچەیەکی کوردستاندا کاتی خۆی بەو ئازارانەوە گیریان خواردووە، دواجاریش لە پێناوی ئاسوودەیی خۆیاندا بەرەنگاریی ئاغاو دەسەڵاتدارەکانی ناوچەکە دەبنەوەو ئاکامیش لە بەرژەوەندیی رەشە خەڵکەکە دەبێت.

ئەم شانۆگەرییە کە لە (٨٢) لاپەڕەی قەوارە (٢٣×١٧سم) دایەو گەلێك جار خراوەتە سەر شانۆ، لەوانەش تیپی نواندنی مەڵبەندی جووتیارانی بەکرەجۆ لە مایسی (١٩٨٠)دا بە ناوی (جۆماڵ)ـەوە پێشکەشیان کردووە.

## ٣٩- سەرچاوەی ژانێکی خامۆش:

ئەم کتێبە یەکێکە لە چاپکراوە بەنرخەکانی مامۆستای نەمر (ئەمینی میرزا کەریم)، ساڵی (١٩٨٠) لە لایەن دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردییەوە لە چاپخانەی "دار الحرية" لە چاپدراوە.

کتێبەکە بریتییە لە دوو شانۆگەریی و چیرۆکێکی تەلەفزیۆنی، شانۆگەریی یەکەمیان کە لە (٣٤) لاپەڕەدایە بە ناوی (سەرچاوەی ژانێکی خامۆش)ـەوەیەو

باس لە نزار ناوێك دەکات کە نووسەری شانۆگەرییەو بە هۆی باری دواکەوتوویی کۆمەڵەوە تووشی گەلێك گیروگرفت دێت، پاش ئەوەی ژنەکەی جێی دەهێڵێت، دەبێتە خەمخۆری هەڤاڵی کوڕی، کە لە وەزیفەش دوور دەخرێتەوە بۆ دابینکردنی ژیانی خۆی و کوڕەکەی دەبێتە عەرزوحاڵ نووس.

شانۆگەریی دووەمیان ناوی (بۆیاخچی)یەو (٤٣)لاپەڕەی کتێبەکەی گرتووەتەوە، ئەم چیرۆکە (١٨) کاراکتەری تێدایەو بابەتێکی کۆمەڵایەتیی پڕ لە کێشەی ئاڵۆزی ماوەیەکی ژیانی میللەتەکەمانە، دەربڕینی کۆمیدیانەش ئاوێتەی شانۆگەرییەکەن. ئەم شانۆگەرییە ساڵی (١٩٨٧) لە مانگی نیساندا لە لایەن تیپی نواندنی ئەزمڕەوە لە سلێمانی پێشکەشکراوە.. سەرجەمی لاپەڕەکانی کتێبەکە (١٠١) لاپەڕەی قەوارە (٢٠×١٤سم)ە.

## ٤٠- خاتوو کلاوزەڕ:

کلاوزەڕ بەرهەمێکی تری مامۆستا (حەمەکەریم رەمەزان هەورامی)یەو ساڵی (١٩٨٢) لە کتێبێکی (٢٢٣) لاپەڕەییدا لە چاپخانەی (الحوادث)ی بەغدا لە چاپدراوە، ئەم شانۆگەرییە کە پێشکەشکراوە بە گیانی پاکی (خانای قوبادی و ئەحمەدی خانی)، بابەتێکی مێژوویی کوردەو باس لە ماوەی فەرمانڕەوایی (خان ئەحمەد خان) دەکات کە بە هۆی خاتوو کلاوزەڕەوە بووەتە دۆستی شا ئیسماعیلی سەفەوی و میرنشینی ئەردەڵانی بە مەرەی رووخاندن بردووە.

ئەم شانۆگەرییە بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەریی بە هێزەو نووسەرەکەشی یەکێکە لەو نووسەرە بە تواناو دانسقانەی مژدەی بوونی تێکستی شانۆگەریی کوردیی دەدەن بە خوێنەران.

نووسەر سەبارەت بە چۆنیەتیی سوودوەرگرتن لە مێژوو و کەلەپووری نەتەوایەتیمان لە پێشەکیی کتێبەکەیدا دەڵێت: (کە دەچووم بۆ ئەحمەد ئاواو

زەڵم، وامدەزانی یۆسۆ ئاسکەو دایکی دەستەو دامێنم دەبن و پەلەی ئەو کارەم لێ دەکەن.. هەر وشەیەك تیشکێکە، هەر رستەیەك قەڵاڕۆژنێکە، هەر دیالۆگێك دەروازەیەکە بۆ چوونە ناو مێژووی دێرینمان).

قەوارەی کتێبەکە (٢٣,٥×١٦,٥سم)ـە، ئەم شانۆگەرییە ئامادەکراوە بۆ تەلەفزیۆن و لە ساڵی (١٩٨٧)دا لە لایەن هونەرمەندانی هەولێرو سلێمانی یەوە تۆمارکراوە.

## ٤١- فەلەستین هەمیشە وڵاتی غەسان کەنەفانییە:

ئەم کتێبە یەکێکە لە چاپکراوەکانی شاعیری ناسراو (لەتیف هەڵمەت) و بریتییە لە دوو شانۆگەری، نووسەر بەرهەمەکەی پێشکەشکردووە بە (هەموو ئەو دەنگ و دەست و تفەنگانەی لە شەقامەکانی بەیرووت و سەرانسەری جیهاندا دژی هێرشی چەتە زایۆنییەکان راوەستان و بە هەموو جۆرێك قوربانییان دا).

شانۆگەریی یەکەمیان بە ناونیشانی (دانیشتنێك لە کۆشکی سپیی ئەمریکاییدا)یەو دەربارەی چەوساندنەوەی رەش پێستەکانە لە لایەن سپی پێستەکانی ئەمریکاوە، ئەم چیرۆکە لە دوو پەردەدایە.

شانۆگەریی دووەمیش کە لە شەش پەردەدایە بە ناوی (تاوانێك لە فەلەستین)ـەوەیەو باس لە چەوساندنەوەی فەلەستینییە مافخوراوەکان دەکات لە لایەن زایۆنییە داگیرکەرەکانەوە، بەڵام ئەو خۆڕاگرانە بەرامبەر دوژمنەکەیان هاواردەکەن:

ئەڕۆم دایە

زەویی سەوزو هەتاوی نوێ و

ئاسمانی شین

دەهێنمەوە بۆ منالآنی فەلەستین




هەزاران هەزار چەوساوەو

دیل و غەمگین

ئەڕۆم دایە ئەڕۆم دایە

ئازادی بۆ گەل دێنم و

گڕ بەردەدەم لە تاریکیی ئەم دونیایە..

ئەم کتێبە ساڵی (١٩٨٣) لە چاپخانەی (الحـوادث)ی بەغدا چاپکراوەو لاپەڕەکانی (١٨)یەو قەوارەکەشی (٢١×١٤سم)ە.

## ٤٢- سێ شانۆگەری:

ئەم کتێبە هونەرمەند (تەحسین شەعبان) نووسیویەو بریتییە لە سێ کورتە شانۆگەریی، ساڵی ١٩٨٤ لە لایەن دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردییەوە لە چاپخانەی "دار الحرية" لە چاپدراوە.

شانۆگەرییەکان بە ناونیشانی (دایکی شەهید، دایکێکی قارەمان، باپیرەمان)ـن، سێیەمیان تایبەتە بە منداڵان و نووسەر بە هۆی کاراکتەری باپیرەیەکی دنیادیدەو خۆشەویستەوە بەسەرهات دەگێڕێتەوەو

گوێگرەکانیش منداڵانی رۆح سووک و دڵپاکن و پاڵەوانەکانی بەسەرهات و رووداوەکانیش چەند گوڵێکی رەنگاوڕەنگی جوانن، نووسەر مەبەستی لەم شانۆگەرییە ئەوەیە بە منداڵان بڵێت: ئارام گرین، خێروخۆشیی یەکترتان بوێت، یەکێتی و خۆشەویستیی پێکتان ببەستێتەوە.

ئەم کتێبە لە (٥٣) لاپەڕەی قەوارە (٢١×١٤سم) دایە.

## ٤٣- مەرگی بەختەوەریی:

ئـەم بەرهەمـەیان بریتییـە لـە شـانۆگەرییەکی شـیعریی شـاعیر (عەبـدولقادر سەعید)و ساڵی (١٩٨٤) لـە چاپخانەی "سـەرکەوتن"ـی سلێمانی لـە چاپی داوە. (مـەرگی بەختـەوەریی) چیرۆکی ئـەو سـەنگ تاشانەیە لـە گۆشـەیەکی تاریکی ناو دڵی ئەم زەمینە گەورەیەدا حەوت مانگی رەبەق دوور لـە ماڵ و شاریان لـە چیای ئاسنگەران خەریکی ئەشکەوت دروستکردنن بۆ خاوەن شکۆ. لـەو لاشـەوە خـاوەن شکۆی مڕو مۆنی دڵ پڕ لە قین ئـازارو خـەم بەسـەر خەڵکیدا دابەشدەکات. کاتێك گیانی سەنگ تاشەکان لە ئازارو شـەکەتیدا وەك برینێکی بەسـوێی لێدێت داوا لـە خـاوەن شـکۆ دەکـەن بـۆ چـەند رۆژێـك مۆڵـەتی پـشوودانیان بـداتێ، بـەڵام ئـەو داواکەیان رەتدەکاتەوە..!

سەنگ تاشەکان بڕیاردەدەن قایل نـەبن و کارنەکـەن، خـاوەن شـکۆش کـە بەمـە دەزانێت فەرمانی کوشتنیان دەدات.. جامی زوڵـم و زۆری خـاوەن شـکۆ پڕەو لێـی دەڕژێت، هەر بۆیە سەنگ تاشـەکان و کەسـانی سـتەمدیدەی تـریش یـاخی دەبـن و بڕیـاری وەسـتان بەرامبـەر بـەو زوڵمـە دەدەن، تەنانـەت کەسـانی نزیـك لـە خـاوەن شـکۆش پـشتگیریی ئـەو بڕیـارە دەکـەن، خـاوەن شـکۆ بڕیـاری سـەرپەڕاندنی گەلێکیان دەدات، یەکێك لەوانە تاقە کوڕێکی پیرێژنێکە کە:

لە منداڵییەوە ئارەزووی
هەر لە بێدەنگی و تەنیایی بوو
بەڵام لەو دەمەو کاتەدا
هاوڕێی زۆربوون
وەك پوورە هەنگ تێك ئاڵابوون




(کە پیرێژن کوڕەکەی بە مردووی
دەناسێتەوە دەڵێت):
چاو دامەخە
کزەی جەرگم لە دووریتا
وا بووم بە مشتێ خۆڵەمێش
بڕوا ناکەم پشتم تێکەی
بڕواناکەم
لە مەرگیشا چاو دابخەی

دواجار قوربانییە بێگیانەکان هەڵدەستنەوەو دەدوێن، بەمەش خاوەن شکۆ دەتۆقێت، خەڵکەکە بەسەر لاشەی یەکتردا هەنگاو دەنێن و خاوەن شکۆو دەستەودایەرەکەی لە کۆشك دا ئابڵووقە دەدەن.

ئەم شانۆگەرییە نموونەیەکی بەرزی شانۆگەریی شیعریی کوردییەو هێنانە سەر شانۆی ئەوەندەی تر جێی بایەخپێدان دەبێت بۆی.

ئەم کتێبە لە (٧٠) لاپەڕەی قەوارە (٢٠×١٤,٥سم) دایە.

## ٤٤- دوو شانۆنامە لە مێژووی کوردەوە:

ئەم کتێبە کە لە لایەن (لەیلان-شەفیقە عەلی حسەین) لە ساڵی (١٩٨٥) لە چاپخانەی "سەرکەوتن"ی سلێمانی لە چاپدراوە، بریتییە لە هەردوو شانۆگەریی: شاجوانی دەربەند فەقەرەو، کەیغان. نووسەر ئەم کتێبەی پێشکەشکردووە بە شاعیری نەمر "حەمە ئاغای دەربەندفەقەرە"..

هونەرمەند ئەحمەد سالار پێشەکییەکی کورتی بۆ ئەم کتێبە نووسیوەو تێیدا دەڵێت: (شانۆی کورد، ناونیشانی خەرمانێ پرسیاری گەورەی هەڵداوەتەوە، شانۆکەمان لە چیدایە..؟ بەرەو کوێ دەچێت و چۆن چۆنی بە مەنزڵگای مەبەستی

شاد دەبێت، ئەم پرسیارە هێرشمان بۆ دێنێت، ئاکام سەرجەمی پرسیارەکان لە ڕۆخی بەربڵاوی پرسیاری شانۆی خۆماڵی، یان ڕەوانتر بێژین کوردییانە گشتیان یەکدەگرنەوە، بەڵێ شانۆنامەنووسی کورد دەبێتە بەرهەم و مایە، خاتوو لەیلان زۆر بە دڵنیاییەوە خۆی لە سیروانی ئەم ئەزموونە گەورەیە داوەو مێژووی لە گوڵدانی شانۆدا هێناوەتە گۆڕەوە).

شانۆگەریی یەکەمیان (شاجوانی دەربەند فەقەرە) ڕووداوێکی مێژوویی سەردەمی فەرمانڕەوایی (ئەوڕەحمان پاشای بابان) دەگێڕێتەوە کە لەو کاتەدا (حەمە ئاغای دەربەندفەقەرە)ی شاعیر ژیاوەو لەو دەمەدا شەیدای کچێك بووە بە ناوی (شاجوان)ـەوە، دوای گەلێك کۆسپی ڕێگایان بە یەك شادبوون.

شانۆگەریی دووەمیشیان (کەیغان) سەربوردەی (فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە)یە کە دوای ئەوەی لە لایەن بڵباسەکانەوە ئەشکەنجە دەدرێت، دەڕوات و پەنادەباتە بەر سوڵتانی عوسمانی، لەوێش کە شەڕی سوڵتان و فەڕەنگەکان بەرپادەبێت، فەقێ ئەحمەدی دارەشمانی بەشداریی ئەو شەڕە دژی فەڕەنگەکان دەکات، لە شەڕدا کچێك دەگرێت بە ناوی "کەیغان"ـەوە، ئەم ئافرەتە ئەرمەنەو لە پێناوی تۆڵەسەندنی ئەرمەنە سەربڕراوەکاندا دەجەنگێت، پاشان مارەی دەکات و دەیباتەوە دارەشمانە.

شایانی باسە، لە ناو نووسەرانی شانۆگەرییە کوردییەکاندا تەنیا نووسەری ئەم کتێبە ئافرەتە. ئەم کتێبە لە (٧٢) لاپەڕەی قەوارە (٢٣,٥×١٧سم)دایە.

## ٤٥- خەونەو خەون نییە :

ئەم شانۆگەرییە دوا بەرهەمی ئەدیبی بە توانا مامۆستا (حەمە کەریم ڕەمەزان هەورامی)یە، ئەم کتێبە ساڵی (١٩٨٥) لە چاپخانەی "دار الجاحظ" لە بەغدا چاپکراوە.

شانۆگەریی (خەونەو خەون نییە) بەسەرهاتی پڕ لە کێشەو گیروگرفتی (مارف) ناوێکە کە لەسەر زمانی (گوڵبەهار)ی حیکایەت بێژەوە بۆ خاتوونەکەی "قەدەم خێر" دەگێڕدرێتەوە، بەڵام حیکایەتەکە ئایا راستە یان نا، خەونە یان نا، ئەوا گوڵبەهار ئاشکرای ناکات.




نووسەر دەربارەی ئەم شانۆگەرییە لە پێشەکیدا دەڵێت: (پاڵەوانی ئەم شانۆگەرییە نەوەی ئەم سەدەیەن، زۆربەیان وەك قاقەزی سپی هاتوونەتە ناو جەرگەی رووداوەکانیانەوە، بەڵام بارودۆخی تایبەتیی لوولیداون، پاڵەوانی سەرەکیی "مارف"ـە، دەیەوێت خۆی نەدات بە دەست ئەو بارودۆخەوە، بەڵام بێ سوودەو توانای بەسەردا ناشکێت و ئیتر تووشی سەرگەردانی و سەوداسەرییەکی ئەوتۆ دێت، رووداوەکانی رۆژانەی لەگەڵ خەونەکانیدا لێك ئاڵۆز دەبن و نازانێت چۆنیان لێك جیا بکاتەوە..).

ئەم کتێبە لە (٩٦) لاپەڕەی قەوارە (٢٣×١٦,٥سم)دایە.

## ئه نجام

لـە ئاکـامی سـاغکردنەوەی بابەتەکەمانـدا کـە بابـەتێکی بیبلـۆگرافی و نیمـچە لێکۆڵینەوەیـە، ئـەوەمان بـۆ دەرکـەوت کـە شـانۆگەرییە چـاپکراوە کوردییـەکان لـە رووی بابەتەوەو، بە پێی ژمارە بەم شێوەیەن:

-شانۆگەریی کۆمەڵایەتی: ٢٢ کتێب.

-شانۆگەریی مێژوویی: ١٥ کتێب.

-شانۆگەریی سیاسی: ٨ کتێب.

هەروەها ئەو نووسەرانەی زیاتر لە یەك کتێبی شانۆگەریی چاپکراویان هەیە، ئەم بەڕێزانەن:

*حەمە کەریم رەمەزان هەورامی: ٥ کتێب.

*ئەمینی میرزا کەریم: ٣ کتێب.

*ئـەم نووسـەرانەش سـەرو دوو کتێبیـان هەیـە: پیرەمێـرد، أ.ب.هـەوری، فـەتاح کەریم کاوە، مستەفا نەریمان، زەکی ئەحمەد هەناری، عەبدولڕەزاق بیمار، شێرکۆ بێکەس، مەهدی ئومێد، ئەحمەد سالار، محەمەد عەبدولڕەحمان زەنگنە.

*پێشتر ئەم بابەتە لە گۆڤاری (رۆشنبیری نوێ)، ژمارە ١١٦ی ساڵی (١٩٨٧)دا بڵاوبووەتەوە.

# سمکۆ ناکام و
# پێشڕەو و شانۆی کوردی



سەرەتای حەفتاکان، شانۆی کوردی لە قۆناغێکی نوێدا خۆی دییەوەو شانۆکاری کورد بە سەلیقەو هۆشیارییەوە بەرهەمی هونەریی گەیاندە جەماوەری بینەران.

لەو قۆناغەدا، ژمارەیەك لە هونەرمەندانی کورد ویستیان شانۆیەکی هونەری و کوردیی بهێننە گۆڕێ، مەبەستیان بوو بەرهەمەکانیان تێپەڕاندن بێت لەوانەی پێش خۆیان، بە توانایەکی زۆرو ئاستێکی هونەری و ڕووناکبیریی باشەوە هاتنە مەیدان و بیریان لە دامەزراندنی تیپێکی شانۆیی ئەوتۆ کردەوە کە خەونەکانیان تیایدا بێتە دی و پرۆژەکانیان سەرەتایەك بێت بۆ شانۆیەکی پێشکەوتوو، ئەوەبوو ساڵی ١٩٧٣ تیپێکی نوێیان بە ناوی (پێشڕەوی شانۆی کوردی)یەوە دامەزراند، خاوەنی بیرۆکەو دامەزراندنی تیپەکەو پاشان ئەندامی دیارو دەرکەوتووی چەند هونەرمەندێکی خاوەن ئەزموون و بوون لە بواری شانۆدا، کە لەگەڵ دەرکەوتنی کارەکانی تیپەکەیاندا بۆ هەموو لایەك سەلما کە ئەوانە کوڕی دڵسۆزی شانۆو هونەرمەندی بەهرەداری هونەری کوردین.



دیـارترین هونەرمەنـدو نووسـەر لـە پێـشڕەودا بریتیبوون لە بەڕێزان (ئەحمەد سالار، سمکۆ ناکام، مستەفا ئەحمەد، کەمال سایر، ئازاد محەمەد بچکۆل، دلشاد مەریوانی، عوسمان چێوار، حیکمەت هیندی، تـەها بـاراوی، عومـەر کـەریم ئاغـا، حەمـە ڕەشـید هـەرەس، عەبـدوڵڵا سـاڵح، کامـەران ڕەووف و ئـازاد جـەلال و یاسـین قـادر بـەرزنجی، سـیروان جـەمال و ئیبراهیم چێوارو سروە عیزەت و سەمیعە ئەحمەد)و چـەند لاوێکـی دیکـە کـە لەبەرهەمـەکانی پێـشڕەودا دەرکـەوتن و ناسـران و دواتـر بوونـە هونەرمەنـدی خاوەن دەنگ و ڕەنگی خۆیان.

سمکۆ ناکام، هەرچەندە لەگەڵ هاوڕێکانیدا پێشتر ئەندامی کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی بوو، بەڵام لەگەڵ دامەزراندنی پێشڕەودا، بەرهەمی کەوتەڕوو، نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو بووە یەکێك لە نووسەرو وەرگێڕە دیارەکانی شانۆی کوردیی سەردەمی حەفتاکان و هەشتاکان و کادیرێکی سەرەکیی (پێشڕەوی شانۆی کوردی)ش بوو..

## چەخماخە..
## بەرهەمی کوردیی ئاشنا بە هەمووان

نۆبەرەی بەرهەمی (پێشڕەو) بۆ شانۆ، شانۆگەرییەکی کوردیی میللیی سمکۆ ناکام بوو بە ناوی (چەخماخە) کە ساڵی (١٩٧٣) نمایشکراو دواتریش لە تەلەفزیۆندا دەیان هەزار لە بینەران پێی ئاشنابوون.



سەرکەوتوویی ئەو بەرهەمەی ناکام لەوەدا بوو بە چەند جۆریك لای خودی بینەر لێکدەدرایەوەو شیدەکرایەوە. هەندێك دەیانبەستەوە بەڕەوشی بزاڤی نەتەوەیی ئاڵۆزو پڕ لە دژواریی ئەو سەردەمەوە.

هەندێکی دیکە لە جۆرە کەسانێکدا دەیاندییەوە کە هەلومەرجی ئەو سەردەمە دروستیکردبوون و بازرگانییان بە ژیان و گیانی خەڵکی هەژارو ستەمدیدەوە دەکرد.. هەندێکیش وەك پاڵەوانی نێو چەخماخە خۆی دەیانناسین، لەوانەی ڕۆژانە لە بازاڕو چاپخانەو گەڕەکەکاندا دەیانبینین.

چەخماخە یان وەك خەڵکی دەیانووت (خولە چەخماخە)، تایبەت بۆ شانۆی (چالاکیی قوتابخانەکان) نووسرابوو. دیکۆرێکی واقعیی چایخانەیەك و مامەڵەی چەند ئەکتەرێك لە نێو ئەو دیکۆرەدا، زمان زمانی خەڵکی بازاڕو نێو چایخانەکان بوو، کاراکتەرەکان ئەوانە بوون کە لە هەموو شوێنێك دەبینران، بابەت بابەتێکی ئاشنابوو بە خەڵکی و بە شێوەیەکی کۆمیدی خرابووەڕوو.

ئەکتەرەکانی چەخماخەش بەوپەڕی تواناوە دەرکەوتن و دوای ئەو هەموو ساڵە دوورو درێژەش، ئێستا کە چەخماخە لە تەلەفزیۆندا نمایش دەکرێت بینەری خۆی زۆرەو بەرهەمێکە ناسنامەی هونەریی خۆی هەیەو بە سەرەتایەکی باش و بەرهەمێکی جوانی سمکۆی هونەرمەند دادەنرێت.

## لانەوازان

زۆربەی بەرهەمە دراميیەکان کە بۆ تەلەفزیۆن لە سەرەتای حەفتاکاندا تۆماردەکران، هەمان بەرهەمی شانۆ بوون کە دەبرانە تەلەفزیۆن، واتە گواستنەوەی بابەتە شانۆییەکە بوون، بەڵام (لانەوازان) وەك درامایەکی چەند ئەڵقەیی بە تایبەت بۆ تەلەفزیۆن ئامادەکرابوو. کامێرا بە ئازادیی جووڵەی دەکردو گۆشەی گونجاوی وێنەگرتنی هەڵدەبژارد، دیکۆر بە پێی دیمەن و جێگاکان ئەنجام درابوو، تەنانەت نواندنی زۆربەی ئەکتەرەکان بۆ کامێرابوو، نەك وەك نواندنی شانۆیی.

سمکۆ ناکام وەرگێڕو ئامادەکاری ئەو بەرهەمە بوو کە نووسەرێکی لاوی پێشکەوتنخوازی عیراقی بە ناوی (ثامر مطر) نووسیبووی، ئامادەکار شێوازێکی کوردیی بە بەرهەمەکەی بەخشیبوو.. دووبارە (زمان)و ئاخافتنی خەڵکەکە هیی خۆیان بوو، مەوداکانی کەسایەتیی لە لانەوازاندا دیارو رۆشن بوون.

## رەجەب و پیاوخۆران و بەردەوامبوونەوەی شانۆ

دوای نسکۆی (٧٥)، بێ ئومێدیی باڵی رەشی بەسەر کۆمەڵگای کوردەواریدا کێشابوو، کارەساتەکە گەورەتربوو لە قسەو بەرهەمی ئەدیب و هونەرمەندان.. سمکۆ کە بە درێژایی ساڵێك لە نێو شۆڕشەکەدا بوو، چەند مانگێك دوای نسکۆ،

نسکۆی بەو بێدەنگییەی شانۆو هونەری کوردیی هێناو بە بەرهەمێکی (ناوازە)وە بە بینەرانی شادبووەوە، ئەویش (رەجەب و پیاوخۆران) بوو.



رەجەب رەمز بوو بۆ مەسەلەیەکی گەورە، یان بۆ ئامانجێك کە هەموو خەڵکی شوێنی کەوتبوون، پیاوێکی دڵ و دەروون خاوێن، سادەو ساکار، لەماڵەکەی خۆیدا (پیاوخۆرەکان) لێی نەدەگەڕان و بە هەموویان پەلاماریان داو ئازاریانداو دواجار کوشتیان.

دوای مردنی دەنگێکی حەق داکۆکیی لێ دەکات و بە پیاوخۆرەکان دەڵێت: "هەرگیز ئاسوودە نابن و لەم رەجەبەش رزگارتان بێت، بە هەمیشەیی رزگارتان نابێت".. کاراکتەرەکانی ئەم شانۆگەرییە زۆربەیان کاراکتەری کاریکاتێری بوون و بە زیاتر لە شێوە زمانێکی ناوچەکانی کوردستان دەدوان، ئەمەش بۆ (شمولیەت) دان بە رووداوی شانۆگەرییەکەو گەورەکردنی کێشەو ململانێ تیایدا.

وێڕای هونەرمەندێتیی ئەکتەرە بەشدارەکان، دەرهێنەریش (ئەحمەد سالار) بە وردی و سەلیقەی هونەرمەندانەوە وەك پرۆسەی دەرهێنان مامەڵەی لەگەڵ ئەو شانۆگەرییەدا کردبوو..

## پاڵتۆکەی گۆگۆڵ بە کوردی

یەکێك لە چیرۆکە بە پێزەکانی گەورە نووسەری رووسی گۆگۆڵ (پاڵتۆ)یە. کە بۆ سەر دەیان زمانی زیندووی دنیا وەرگێڕدراوەو لەوەوبەر لەلایەن مامۆستا (جەمال نەبەز)ەوە کراوە بە کوردی و چاپکراوە.



ساڵی (١٩٧٦) سمکۆ ناکام وەك درامایەکی تەلەفزیۆنی ئامادەیکردو پرۆسەی بە کوردی کردنی لەگەڵدا ئەنجامدابوو، کۆمەڵێك کاراکتەری کورد پاڵتۆکەی گۆگۆڵ و سمکۆیان نمایشکرد، من وەك یەکێك لە بەشدارانی لە یادمە کە لە تەلەفزیۆنی بەغدا تۆمارمان کرد، خودی دەرهێنەری تەلەفزیۆنی (جەمال محەمەد)و وێنەگران و کارمەندانی ستۆدیۆ بە بەرهەمێکی هونەرییان نرخاندو دەیانووت ئەم بەرهەمە لە زۆر بەرهەمی هونەرمەندە عیراقییەکان باڵاترە.

## هەشتاکان..

## "سمکۆ" هەر لەسەر شانۆی پێشڕەو بوو


عوسمان چیوار

هەرچەندە بوونی سمکۆ لە نزیک بەرهەمەکانی تیپی پێشڕەوەوە بۆ خۆی خاڵێکی ئیجابی بوو، ئەو وەك سکرتێری تیپەکەو وەك کادرێکی کارگێڕی و (زۆرجار هونەرییش) لە پرۆسەی مەشق و نمایشکردندا رۆڵی بەرچاوی هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا کاتێك ئەم نووسەرە بەرەو هەندەران، کوردستان و تیپەکەی جێهێشت، بەرهەمەکانی ئامادەبوونی خۆیان هەبووەو هونەرمەندانی پێشڕەو، بە تایبەت نەمران (چیوارو کەمال سابیر) خەمخۆری بە شانۆ شادکردنی کارەکانی بوون.

ساڵی (١٩٨٠) پێشڕەو بەرهەمێکی سمکۆ ناکامی خستە سەر شانۆی (سەلاحەدین) کە ئەویش (گوڵەمێخەك) بوو، بە داخەوە (وەك هەر لەو ساڵەدا لە وتارێکدا ئاماژەم بۆ کرد) ئەم بەرهەمە بە نووسینی سمکۆ درایە قەڵەم، کە لە راستیدا یەکێکە لە چیرۆکەکانی (أقاصيص من الحياة)ی نووسەری عیراقی (ئەدمۆن سەبری) و سمکۆ ئامادەی کردبوو، ئەم بەرهەمەش گەواهیی ئەوەی دەدا کە کانیی بەهرەی ناکام وشك نەبووەو لەگەڵ دابڕانێکی چەند ساڵیدا هێشتا هەر عاشقە سەرگەرمەکەی شانۆیەو هەرگیز لە پێشڕەوو شانۆی کوردی بە دوور نابێت.

ساڵێك دوای ئەویش پێشڕەو شاكارەكەی مەكسیم گۆركیی خستە سەر شانۆ كە ئەویش شانۆگەریی (زەلكاو)ی وەرگێڕدراو بوو لە لایەن ناكامی كوردی زان و زمان پاراوەوە.

ساڵی (١٩٨٣) شانۆی سمكۆ بە بەرهەمێكی دیكەو ئەزموونێكی نوێترەوە بە بینەرانی شادبووەوە، ئەویش ئامادەكردنی چەند چیرۆكێكی نووسەری بەناوبانگی تورك (عەزیز نەسین) بوو بە ناوی (مرۆڤ و شارەكەی)، ئەم بەرهەمە هەوڵێكی جددی بوو بۆ پڕكردنەوەی قەیرانی نەبوونی تێكستی شانۆیی كوردی و بەرهەمێكی پێگەیشتووی ئەو پرۆسە ئیبداعییە بوو كە زۆرجار نووسەرو هونەرمەندانی كورد پەنایان بردووەتە بەر، ئەویش پرۆسەی (ئامادەكردن)ـە، ئامادەكردنی دەقی نووسەرانی دیكەی غەیرە كورد بۆ شانۆمان، لەم هەوڵەدا وێڕای سمكۆ، نووسەرانی دیكەی وەك فوئاد مەجید میسری و كاوە ئەحمەد میرزاو هونەرمەند كامەران رەئووف جێدەستیان دیارە..

مرۆڤ و شارەكەی وەك پرۆسەی ئامادەكردنی جیابوو لە ئەزموونەكانی لەوەوبەری سمكۆ ناكام، ئەوانی دیكە (لانەوازان و گوڵەمێخەك) كاری بە كوردی كردنیان لەگەڵدا ئەنجامدرابوو، بەڵام ئەمیان گەیاندنی چیرۆكەكانی عەزیز نەسین و كەسایەتییەكان خۆیان بوون..

## گوڵعومەر..

## دوا شانۆگەریی ناكام لە بەرهەمەكانی پێشڕەودا

دوای (١٠) ساڵی رەبەق بێدەنگی، لە ساڵی (١٩٩٣)دا جارێكی دیكە كاك سمكۆ پێشڕەوو بینەرانی بەسەركردەوەو بە (گوڵعومەر)ەوە دەركەوتەوە..

گوڵعومەر كە لە دەرهێنانی مامۆستا (عوسمان چێوار) بوو، لەسەر شانۆ بچووكەكەی پێشڕەو نمایشكراو سەربوردەی مێژوویەكی دیاریكراوی گەلی كوردی دەگێڕایەوە..

تیایدا چەند کەسایەتییەکی مێژوویی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردی خرابوونە سەر شانۆ..

ئەم شانۆگەرییەش درێژەی شێوازی کارەکانی سمکۆ بوو، یەکێك بوو لە بەرهەمە باشەکانی دوای راپەڕین و هەوڵێکی دیکە بوو بۆ هێنانەوە کایەی بەرهەمی کوردیی لەسەر شانۆی کوردی.

ئێستاش لە دوورەوە، سمکۆ هەر نزیکە بە پێشڕەوو هاوڕێکانی.. بەڵگەش ئەوەیە دوو بەرهەمی دیکەی ئامادەیەو رەنگە چاوەڕوانی دەرفەت بن، ئەوانیش شانۆگەریی (مارشێکی ناسان)ە لە نووسینی خۆی و وەرگێڕانی (چاوەڕوانیی گۆدۆ)ی (سامۆئیل پیکیت)ـە.

## ناکام و شانۆی منداڵان

هەرچەندە لە شەستەکانی ئەم سەدەیەوە نووسەرو شاعیرانی کورد، ئەوانەی بەرهەمی ئەدەبییان بۆ منداڵانی کورد نووسیوە، بەشدارییان لە هونەری منداڵدا کردووە، بە نووسینی شانۆگەری و ئۆپەرێت و وەرگێڕانی ئەو بابەتانە بۆ سەر شانۆ..

بەهەمان شێوەش (چالاکیی قوتابخانەکان) رۆڵی بەرچاوی هەبووە بە سازکردنی فێستیڤاڵ بۆ بەرهەمی شانۆیی منداڵان، هەر لە قۆناغی باخچەکانی ساوایان تا دەگاتە قوتابخانەکانی سەرەتایی و ناوەندییەکان.

حەفتاکان دەیان بەرهەمی سەر بە شانۆی منداڵان، لە لایەن منداڵان خۆیانەوە بووبێت، یان لە لایەن ئەکتەری گەورەوە، یاخود بە تێکەڵیی هەردوولا، واتە منداڵ و گەورە، بە شانۆ شادبوون.

ترۆپکی شانۆی منداڵانی کورد لە ساڵانی (١٩٧٧-١٩٧٩)دابوو، ئەویش بەبەرهەمەکانی نووسەری داهێنەر (سمکۆ ناکام) و هاوکاریی دەرهێنەری

خـــاوەن بەخشـــشی وەك مامۆســـتا عوسمـــان چـــێوارو بـــە مۆســـیقاو ئـــاوازی هونەرمەنـدانی بـە توانـای وەك دلێـر ئیـبراهیم و سـەلاح رەئـووف، سـاڵی (١٩٧٧) بەرهـــەمێکی زۆر جـــوانـــی کـــاك سمکـــۆ نمایـــشکراو دواتـــر برایـــە فێـــستیڤاڵی شانۆیی قوتابخانەکانی عیراق و خەڵاتی یەکەمی پیێ رەوا بینرا، ئەویش (بەیتی رێزانکیێ) بوو.

فریشتە شەهیدەکانی هونەری کوردی، کارزان و هاوڕێکانی بەشداریی ئەو بەرهەمە بوون، ئەمیان لە نووسینی ناکام بوو.

دواتـریش، سـاڵی (١٩٧٨) (گـورگی بێـشەو هـەرد) هـەر لـە بەرهـەمی ناکـام و دەرهێنانی مامۆستا چێوار، نیشانەیەکی گەش و بە دیمەنی بەرهەمی هونەریی منداڵان بوو، ساڵی دوای ئەویش (داپیرەی دانا) لە ئامادەکرنی (سمکۆ ناکام) لە لایەن هەمان دەرهێنەرەوە خرایە سار شانۆکان و تیایدا بەهرەی خاوێنیی منداڵە چاوگەشەکان بە باشی (تەوزیف) کرابوو.

هیـوادارم لێکۆڵینـــەوەی ورد لەســـەر ئـەو بەرهەمانـەی سمکـۆ ناکـام لـە لایـەن خەمخۆرانی هونەریی منداڵانەوە بنووسرێت و دەکرێت جاری دیکە ئەو تێکستانە بخرێتەوە بەرچاوی منداڵانی ئەمڕۆمان..

## ئە نجام

دواجار دەمەوێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەم، کە سمکۆ ناکام وێڕای ئەو بەرهەمانە، ئەدیبێکی بە توانایەو بەرهەمی شاکاری وەك (ئەشرەف شەریفی) هەیەو لـە هـەمان کاتدا کاریکاتێریستێکی بەرهەم رەنگین بوو.

## ڕەجەب و پیاوخۆران
## یان شاکارێکی شانۆی کوردی

ساڵی (١٩٧٥)، ئەو کاتەی نسکۆ تۆوی بێ هیوایی لە ناخی زۆربەی زۆری کورددا چاندبوو، ئەو دەمەی پێشمەرگە بە تفەنگی سەربەرەوخوارو نووسەر بە قەڵەمی وشك و هونەرمەند بێ بڕواو لاوانی کورد بە ملی کەچەوە روو لە شارو شارۆچکەکان بوون و بە ڕەنگی زەردو ئەژنۆی شکاوەوە، هەموو پێکەوە دەگەڕانەوە ژێر چەتری ئەو دەسەڵاتەی کەسێك نەیدەزانی دواڕۆژ چۆن دەبێت و کورد چیی لێ بەسەر دێت و داخۆ هەر هەموویان رووەو کوێ هەنگاو دەنێن..؟!

ئا لەو کاتەدا، لەو شەوەزەنگەدا، تروسکەیەك، بەڵام دوورو یەکجار بچووك بەدی دەکرا، لای زۆربە ئەو تروسکەیە جێی ئاوات نەبوو، کەمینەیەکی خەڵکی نەبێت دەیانووت (ئا لەو تروسکەیەوە ئاگرێکی گەورە دەکەوێتەوە)..

ئەو سەردەمە هەر بە تەنیا نسکۆ بە شۆڕشەکەمان نەهێنرابوو، بەڵکو هونەرو داهێنان و جوانییش نسکۆی هێنابوو، بە تایبەت لە شانۆکانماندا بایەقووش دەیانخوێندو دەنگ و ڕەنگی ئەو هونەرمەندانە بزربوون کە هەمیشە سروودی



سەرفرازییان بۆ ئایینده دەچری..

چەند مانگێکی کەم دوای نسکۆ، لەبەر رۆشنایی ترووسکەدا، لەسەر زەمینی ئەو واقیعە دژوارەدا، تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی، کە بۆ سێ ساڵ دەچوو دامەزرابوو و لە نێو کۆمەڵدا بە چاوی حورمەتەوە دەڕوانرایە ئەندامان و بەرهەمەکانیان، ئا لەو قەیرانە سەختەو لەو سەردەمی ئەنگوستە چاوییەدا "پێشڕەو" بە شاکارێك هاتەوە خزمەت بینەران و بە بەرهەمێکی شانۆیی نسکۆی بە نسکۆی شانۆی کوردی هێناو، هەرچەندە ساڵ زیاتر بوو، بە هۆی بەشداریی زۆرینەی ئەندامەکانی لە شۆڕشدا، تیپ بەرهەمی نەبوو، بەڵام ئەو شانۆگەرییە کە (رەجەب و پیاوخۆران) بوو، بووە درێژەدەری بەرهەمە بەپێزەکانی تری پێشڕەو: چەخماخەو لانەوازان و پردی وڵات..

رەجەب و پیاوخۆران ساڵی (١٩٧٥) نمایشکراو چەند رۆژێك لەسەر شانۆکەی چالاکیی قوتابخانەکانی سلێمانی بەردەوامبوو. لە نووسینی نووسەری هەڵکەوتوو "سمکۆ ناکام" و دەرهێنانی هونەرمەندی گەورە "ئەحمەد سالار" و نواندنی ئەکتەرە ناسراوەکانی "پێشڕەو" بوو..

## کورتەیەکی شانۆگەرییەکە

رەجەب پیاوێکی هەژارەو لە ماڵەکەی خۆیدا دەستی بە کلاوەکەی سەرییەوە گرتووەو دەیەوێت بێ قرە ژین بەسەر بەرێت، "مەهدی"ی کوڕی بۆ کرێکاری لە دەرەوەی شار کاردەکات و لە باوکە بەدبەختەکەی دوورە. مەهدی رەنجدەرێکەو هەر کاتێك لە ماڵ بێت کتێبە گەورەو بەرگ سوورەکان دەخوێنێتەوە، ئەو بۆ رەجەب جێگای ئومێدو هیوایە، کە فەیسەڵی دراوسێیش یان پیاو خۆرەکانیش ئازاری بدەن دڵی بەوە خۆشە کە مەهدی حەقیان لێ دەکاتەوەو ناهێڵێت بەسەریانەوە بچێت..

فەیسەڵ ناهێڵێت ڕەجەب لە ماڵەکەی خۆیدا بە ئاسوودەیی دابنیشێت و دەرگای پێ دەگرێت، ڕەجەب هەڕەشە لە دراوسێی پەلاماردەر دەکات: "نەڵێیت پیربووەو توانای نەماوە، یان تەنیایەو کوڕەکەی لەوێ نییە، هەر هیچم پێ نەکرێت دەتوانم پانزەی وەك تۆ شلکوتی مەرگ بکەم..".

دراوسێیەکی تریان کە لەوە دەچێت کاریگەریی لەسەر هەردوو کەسی ناکۆك (فەیسەڵ و ڕەجەب) نەبێت دەکەوێتە بەینەوە: "کوڕە مام ڕەجەب تۆ لەگەڵ کێ دا قسە دەکەیت، تۆ ریشت سپییەو دنیا دیدەیت، نازانیت ئەوە کێیەو بابی چەندە، ئەوە دۆمە دۆم، قەرەجە..!". ڕەجەبیش بە سکاڵاوە دەڵێت: "جا کە دەزانن قەرەجەو ئاوا ناپیاوە، بۆ دەهێڵن بەزم بە من بگێڕێت..؟"، پاشان ڕەجەب سەر بوردەی ژیانی دێرینی خۆی و نیشتەجێبوونی لە گەڕەکدا دەگێڕێتەوەو باس لە هاتنی "فەیسەڵ" دەکات بۆ گەڕەکەکەیان: "ئەمە وەختێك هاتە ئەم گەڕەکە، نانی شێویان نەبوو بیخۆن، لەپڕ دامەزرا.. وا بەینێکە دووعانە بە خۆیەوە شك دەبات یەخەی ڕەجەبی گرتووەو بیانووی ژوورەکەی سەرپەڕی پێ دەگرێت و دەڵێت: عاید بە خانووەکەی ئەوەو لە خەریتەدا وا نووسراوە..".

دراوسێکەی مام ڕەجەب دەڵێت: "تێر بووە تێر، دۆم و قەرەج کە تێردەبن ئەوە پیشەیانە، ئەمڕۆ یەخەی تۆی گرتووە، سبەینێ یەخەی ئێمەش دەگرێت، هەرچی بێ شەرەف هەیە لە دنیادا بیانخەرە سەر یەك بە چارەکی ئەویان پێ ناکرێت"..

ڕەجەبیش بە حەسرەتەوە دەڵێت: "خۆ من ئەگەر کوڕەکە لێرە بووایە خەفەتم نەدەخوارد، باشە ئەو خەتەکەی هەیە، بەڵام وا لێرە نییەو بێکەس ماوم..".

لە لایەکی ترەوە، ئەندامانی (کۆمەڵەی یارمەتیدانی بێ دەرەتانان) بە ناوی یاریدەدانی ڕەجەب و رزگارکردنی لە مەینەتیی بە دەستی دراوسێی پەلاماردەرەوە، روو دەکەنە ماڵەکەی و بەرەو دوا، یاخود پێکەوە خۆیانی لێ نزیك دەکەنەوە، ڕەجەب سەرەتا رادەمێنێت و لەوە سەری سوڕدەمێنێت کە داخۆ چۆن

لەم کۆمەڵەدا کەسانی وا فریشتە ئاسا ماون، خەمی هەژارو بێ دەرەتان بخۆن..؟ بەڵام دواتر پێدەزانێت کە ئەوانە کێن و چییان مەبەستەو دەیانناسێت کە پیاوخۆرن..!

ئەوان بریتین لە:

-عیسمەت، خاوەن بەکالۆریۆسی حقوق لە زانکۆی ئۆکسفۆرد، پارێزەر.

-عەبدولخالق لیرەخز، یان وەك بانگی دەکەن (عەبدولخالق لیرە دز)، ئەندازیار.

-حاجی سەلیم ئاغا، بازرگانی خۆراك و رۆنی شاپەسەند.

-غەفوور شیلاووگ، کوڕی گەڕەك و چەقۆکێش.

-سیروان هەڵقرچاو، بە وەزیفە شاعیر..!

ئەوان بە ناوی چارەسەری کێشەی رەجەبەوە هەموو خۆیان نزیك دەکەنەوە، تەنانەت رەجەب بڕوایان پێ دەکات: "یاخواماڵتان ئاوابێت، تەماشا، خەریکە لە سەر یارمەتیدانم لە یەکتر عاجز دەبن، بە کەلامی خوا شتی وا هەر بە تەئریخ دەگێڕدرێتەوە..".

رەجەب بێ ئاگایە و ئەو کۆمەڵە ساختەکارەش خافڵی دەکەن و دەینێرنە دەرەوەی ماڵەکەی، تا بە تەنیا بن، یان پێکەوە بە کون و کەلەبەری ماڵەکەدا بگەڕێن و هەمووی بپشکنن تا ئەو بلیتی یانسیبە بدۆزنەوە کە بە حساب بۆ رەجەب دەرچووەو خەڵاتی یەکەمەو بایی هەزاران دینارەو رەجەب پێی نەزانیوە.

لە ناکاودا رەجەب پێی دەزانێت هەر پێنجیان درۆدەکەن و دوژمنی بێ دەرەتانانن و مەرام و مەبەستێکی تریان هەیە: "کەرێکیش بێت سەرەتاتکێیەك بکات دەزانێت ئێوە عەوداڵی دوای شتێکن لە ناو ئەم کاولبووەی مندا، ئێ بۆ راست و رەوان نایڵێن بە شوێن چیدا دەگەڕێن..؟". "ئێوە درۆ دەکەن، چاك دەزانم

درۆ دەکەن، ئێوە هیچتان ساحێب شەهادە نین، بەسەرو چاوتاندا دیارە زەلامی زۆر خوێڕین.."

دواجار پێیان دەڵێت: "نا.. ناهێڵم بڕۆن، ئیللا دەبێت پێم بڵێن ئێوە کێن، چیتان دەوێت.. ئاخ ئێستا مەهدیی کوڕم لێرە بووایە، بە شەق هەموو راستییەکی پێ دەردەخستن.."

بۆ ئەوەی رەجەب دوور بخەنەوەو مەبەستیان جێبەجێ بکەن، بە هەموو دەیگرن، هاواردەکات (مەهدی.. باوکتیان کوشت)، دەیبەنە ژوورەکەی ترو بە تەنافێك دەیبەستنەوەو دەمیشی دەگرن، دەکەونە پشکنینی ماڵەکەو بۆ بلیتی یانسیب دەگەڕێن، هەموو بیریان دەکەوێتەوە کە یەك لە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری یانەی بێ دەرەتانان نەهاتووە، واتە یوسفی شێخ محێدین، ئەوبوو کە پێی وتن مەهدی رەجەب بلیتە سی هەزار دیناریيەکەی بۆ دەرچووەو لە ماڵەوە دایناوەو نە خۆی دەزانێت دەرچووەو نە باوکیشی بەو مەسەلەیە دەزانێت..

عەبدولخالق دەڵێت: "ئەی یوسفی ناڕەسەن، پێش ئێمە هاتووەو بیتاقەکەی دزیوە..". نازانن رەجەب لە ژوورەوە گیانی سپاردووە، یوسف پەیدا دەبێت، لۆمەی دەکەن و هێرشی دەکەنە سەر، یوسف پێیان دەڵێت: "ئەگەر ساویلکە نەبوونایە دەتانزانی مەسەلەکە درۆیە، بلیتی چی و سی هەزار دیناری چی و تەڕەماشی چی، راستە من مەهدی دەناسم و ماڵەکەشیان دەزانم و ئاگاداری وەزعیشیان هەم، بەڵام مەهدی ئاخر کەسە بیتاقەی یانسیب بکڕێت.."

ئینجا پەردە لە رووی هاوڕێکانی هەڵدەماڵێت: "کە هاتمە ناو یانەی بێ دەرتانانەوە بە پێچەوانەی هەمووتانەوە من بە راستم بوو، نەمزانی ئێوە بۆ ئەوە کۆبوونەتەوە چاوبەستێ لە خەڵکی بکەن، بە دەم باسی بێ دەرەتانان دەکەن و بە دەستیش ئەوەندەی تر لە قوڕیان هەڵدەکێشن..". پاشان جیاوازیی خۆیان

دەردەخات: "من وەك ئێوە نیم، من موعەلیمێكی سادەم و شەش سەر خێزانم بە سەردا كەوتووەو ئازاری بێ دەرەتانیم چەشتووە..".

لە كۆتاییدا، بە ئاگاداركردنی پۆلیس لە پێش وەختەوە لە لایەن یوسف خۆیەوە، ئەوان دێنە مالّی رەجەب، كە دەزانن رەجەب كوژراوە، هەموویان بە یوسفیشەوە دەستگیر دەكەن، چونكە دەمانچەی پێیە و پیاوخۆرەكان وا دەردەخەن كە ئەو بكوژێتی، یوسف دەڵێت: "وا منیش تیاچووم، ئەی لە دەستی مەهدی بۆ كوێ دەردەچن..؟".

شانۆ چۆڵدەبێت، تەنیا پۆلیسێكی خەواڵووی لێ جێدەمێنێت و لە دوور دەنگی ئیسعافێك دێت.. دیارە بۆ كۆتایی شانۆگەرییەكە لووره لووری بە ئاگا هێنانەوەیە..

## خوێندنەوەیەكی تری رەجەب و پیاوخۆران

وەك سەرەتا ئاماژەمان بۆ كرد، شانۆگەریی رەجەب و پیاوخۆران لە رۆژگارێكدا نووسراوەو نمایشكراوە كە بێ ئومێدی و رەشبینی باڵیان بەسەر ژیانی سیاسیی گەلەكەماندا كێشابوو..

نووسەر لەو هەلومەرجەدا بەو شاكارەوە بیروڕای خۆ و هەڵوێستی روون و دیاری بەرامبەر رووداوەكان ئاشكراكردووە. هەر بۆیە بەرهەمەكەی بە شایەتییەكی زیندوو بەرامبەر ئەو سەردەمە دادەنرێت و ناكامیش بە (رەجەب) شاكارێكی پێشكەشی شانۆو هونەری نەتەوەكەی كردووە.

لەو سەردەمەدا، هەر چۆن شاعیری گەورە "شێركۆ بێكەس" بە نووسینی "كۆچ" داستانێكی تۆماركردووەو شیعری ئەو ئاوێنە بووە بەرامبەر رووداوەكانی كورد، سمكۆ ناكامی نووسەری هونەرمەندیش شانۆگەرییەكەی ئاوێنە بووەو لە

زنجیرەی بەرهەمەکانیدا بە ئەفراندن دەژمێردرێت و کۆکردنەوەی ئەو هەموو بینەرەی "نسکۆ" تەمومژیی لە بیرو بەرچاوو دەروونی "زۆربەیاندا" دروستکردبوو، بۆ خۆی کارێکی گەورەو مژدە بەخش بوو.

بە لێکدانەوەو بۆچوونی من، کە بڕوام وایە بۆچوونی گەلێك بینەری دیکەی ئەو شاکارەش بووەو ئەوڕۆش ئەگەر سەرنجی تێکستەکەی سمکۆ ناکام بدەین دەگەینە ئەو قەناعەتەی کە "رەجەب و پیاوخۆران" ئەم لێکدانەوەو خوێندنەوەو بینینەوەیەش هەڵدەگرێت:

خودی رەجەب هێمایە بۆ بزووتنەوەی کورد، بە تایبەتییش لەو چەند ساڵەی شانۆگەرییەکەی تێدا نووسراوە، بزووتنەوەیەکی واقع کرد کە بۆرژواو دەرەبەگ و رووناکبیری سەر بە چینی بۆرژوای بچووك و خڵتەی نێو کۆمەڵ و لە هەمان کاتدا کەسی سەر بە چینی هەژار لە دەوری کۆبوونەتەوەو بە هەموو ماندوو و پەرێشانیان کردووەو دواجاریش هەموو دەیکوژن.

لە لایەکی ترەوە دووبارە بە بۆچوونی من "فەیسەڵ" کە بە زۆر هاتووەتە نێو خاکەکەیەوەو دەیەوێت بەشێك لە زەوییەکەی (رەجەب–کورد) داگیربکات، هێمایە بۆ عەرەبی دەسەڵاتداری وڵاتی عیراق، هەروەها دراوسێ بێ تواناکەی کە دەیەوێت داکۆکیی لە کێشەی رەجەب بکات و شتێکی وای لە دەست نایەت، هێمایە بۆ کەمینەی تورکمانی وڵات.

مەهدیی زەحمەتکێش و خوێندەواریش (دیسانەوە بە رای من)، هێمایە بۆ بزوتنەوەیەکی نوێ ترو کاریگەرتر کە لە هەناوی بزوتنەوەکەی پێشوودا لە دایك بووە، مەهدی کوڕی رەجەبەو دوای سەرنانەوەی باوکی ئەگەری ئەوەی لێ چاوەڕوان دەکرێت تۆڵەی باوکی لە پیاوخۆران بسێنێت..

ئەگەر سمکۆ بەو شێوەیە "مەهدی" ی خستبێتە ڕێ (کە هیوادارم هەروا بووبێت)، ئەوا بۆچوونەکەمان لەسەر تواناو کارامەیی و سەلیقەی نووسەر دەسەلمێت، چونکە دوای نسکۆ بزوتنەوەیەکی نوێتر درێژەی بە خەبات داوەو کاروان لەو دەمەوە کەوتووەتە ڕێ و تا ئەمڕۆ هەر بەڕێوەیە، بزوتنەوەی نوێی کوردایەتی وەك "مەهدی" خاوەنی کتێب و بیروبازووە..

بە هەر حاڵ، ڕەجەب و پیاوخۆران لە دیدی هەر بینەرێکی ئەو دەمەی تیایدا نمایشکراوەو بە لێکدانەوەی هەر خوێنەرێکی دوێنێ و ئەمڕۆ بۆچوونیتر هەڵدەگرێت..

ئەوەی لێرەدا مەبەستمە لێی بدوێم، "ناکام" بە یەکێك لە بە تواناترین نووسەرانی شانۆگەریی کوردیی دادەنرێت، ڕەجەبی یاخود بەرهەمەکانی پێشتری وەك "چەخماخە" و "لانەوازان" ی ئامادەکراوی، یان بەرهەمەکانی کە بۆ منداڵ دەینووسین، وەك "بەیتی ڕێزانکێ"، هەر هەموویان نیشانەی بە دیمەنی شانۆی کوردین، بە هیوام بەرهەمی نوێی ببینرێت و دووبارە بە دیتنی شاکاری دیکەی شادبینەوە.

هەر چۆن لەو ڕەوشەدا "ڕەجەب و پیاوخۆران" بووە مێژوویەك، خۆزیا لەم قەیرانەی ئەمڕۆی شانۆشدا و لەم قۆناغە ناسکەی ژیانی گەلەکەماندا سەر لە نوێ ناکام دەهاتەوە سەر شانۆ، بەڵام هەرگیز نابێت ئەوە لەیاد بکەین کە بەشێك لە سەروەرییەکانی و ئەو دەنگدانەوانەی بەرهەمەکانی سمکۆ ناکام، لەو دەمەو دواتردا بە هۆی تیپەکەیەوە "تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی" و هونەرمەندە بە تواناکانی، دەرهێنەرو ئەکتەرەکانی پێشڕەوەوە بوو، دەرهێنەرانی وەك مامۆستایان "ئەحمەد سالارو عوسمان چێوار"و ئەکتەرانی بەهرەداری وەك بەشدارەکانی "ڕەجەب و پیاوخۆران" کە لێرەوە لێیان دەدوێین..

## دەرهێنان

شانۆگەرییەکە دەچێتە خانەی شانۆی واقعی و بە زمانێکی یەکجار واقعییانەو دەتوانم بڵێم میللییانە (شەعبی) دارێژراوە، کاراکتەرەکانی رەجەب خەڵکێکی ئاشنان بە هەمووان، لەوانەن لەسەر جادەو گەڕەك و فەرمانگەو زۆر جێگادا دەبینرێن، بابەتەکەو کاراکتەرەکان بە شێوازێکی کۆمێدییانە خراونەتە روو، بەڵام کۆمێدیایەکی ئامانجدار..

کاتێك رووداوەکان بەرەو لوتکە هەڵدەکشێن، لە کۆمێدیاوە دەگۆڕێت بە مەرگەسات، ئاکامی بەدبەختانەی رەجەب و سپاردنی دوا هەناسەی بە تەنیاو بە دەستی پیاو خۆرەکانەوە..

بەرامبەر هەموو ئەوانە، دەرهێنەر کاری باشی لەو شانۆگەرییەدا کردبوو و پرۆسەی دەرهێنانی (رەجەب) درێژەدانی کارکردنی مامۆستا ئەحمەد سالار بوو لەگەڵ سمکۆ ناکام دا..

دیارە مامۆستا سالار ئالەو کاتەدا کە کاری لە رەجەبدا کردووە، تا ساڵانێکی دوور و درێژی دوای ئەو مێژووەش بە دیارترین هونەرمەندی شانۆی کوردی ناسراوەو پێناسەکراوە، ئەو وەك نووسەرو دەرهێنەرو ئەکتەر، وەك مامۆستاو رابەرێکی شانۆیی، بەو پەڕی هۆشیاری و لێزانییەوە کاری لە شانۆگەرییە واقعی و شەعبییەکاندا دەکرد، بە رەجەب و پیاوخۆرانیشەوە، دەیزانی چۆن چۆنی ئەکتەر رەوانەی سەر شانۆ دەکات و بە سەلیقەوە مامەڵەی لەگەڵ تێکستەکاندا دەکرد، کوردی بوونایە یاخود وەرگێڕدراو و ئامادەکراو، چونکە دەرهێنەر لە بنچینەدا ئەکتەرێکی بە توانا بوو، دەیزانی و زۆر باشی دەزانی کامە ئەکتەر بۆ کام دەورە دەستدەدات، ئەندامەکانی پێشڕەویش، چونکە هەموو قوتابی و هاوڕێی خۆی بوون، لە دەرهێنانەکانی ئەودا دەبوونە ئەکتەری داهێنەری سەر شانۆ..

مامۆستا سالار لە رەجەبدا ماڵێکی (لە دیکۆر) نیشاندابوو وەك ماڵەکەی رەجەب خۆی، لەو رووبەرە بچووکەدا بە باشی مامەڵەی لەگەڵ رووداوی شانۆگەرییەکەدا کردبوو و بە چاکیش ئەکتەرەکانی دەهێناو دەبرد..

دیارە ئەکتەرەکانیش دەستەیەك هونەرمەندی ئەوتۆ بوون کە بە ئاسانی مەبەست و مەرامی دەرهێنەریان گەیاندووەو بگرە بوونەتە رەگەزێکی سەرەکیی شانۆگەرییەکەی ئەحمەد سالارو هۆکاری سەرکەوتنی رەجەب و پیاوخۆران..

## نواندن

هەرچۆن ئاماژەمان بۆ کرد، ئەکتەرانی پێشڕەو لە دیارترین هونەرمەندانی شانۆی کوردی بوون، ئەوانەبوون بە ئەزموونی دەوڵەمەندو توانا و بەهرەی خۆیانەوە بە بینەران ئاشنابوو بوون..

تا ئەمڕۆش نواندنی بەرهەمەکانی پێشڕەوو ئەکتەرە دیارەکانی ئەو تیپە لە یادەوەریی هەمووواندا ماون..

ئەکتەرەکانی رەجەب و پیاوخۆران بریتیبوون لەم هونەرمەندانە:

*کەمال سابیر–رەجەب

*کامەران رەئووف–عیسمەت

*مستەفا ئەحمەد–عەبدولخالق

*ئازاد جەلال–حاجی سەلیم

*ئازاد محەمەد بچکۆل–غەفوور

*حەمە رەشید هەرەس–سیروان

*عوسمان چێوار–یوسف

*عومەر کەریم ئاغا–دراوسێ

هونەرمەنـدان حیکمـەت هینـدی و سمکـۆ ناکـامیش بـە نوانـدنی هـەردوو کاراکتەری پۆلیس و "قارئ مقیاس"ی سەعاتی کارەبا بەشداریێکی جوان بوون لە کارەکەدا..

ئـەو ئەکتەرانـە لـە هـەموو کـەس زیـاتر لـە (سمکـۆ) دەگەیـشتن و هـەروەها دەیانزانی مامۆستا ئەحمەد سالار چیی دەوێت، هـەر بۆیـە بە باشـی و بە روونـی مەودای کاراکتەرەکانی خۆیان دەخستە بەر چاوی بینەران..

بگـرە زۆرجـار ئـەو ئەکتـەرە بەڕێزانـە ئیزافـەیان دەخـستە سـەر داهێنـانی نووسەرو دەرهێنەرو بە توانای نواندنیان کەسایەتیی ئـەوتۆیان پـێ دەناساندین کە ببنە ئاشنامان و هـەرگیز لـە یادیـان نەکـەین، وەك چۆن لـە رەجەبدا کردیـان و ئەمڕۆ دوای (٢٦) ساڵی رەبەق بەوپەڕی رێزو نرخاندنەوە لێیان دەدوێین و یادیان دەکەینەوە..

لەڕاستیدا ئەکتـەرەکانی رەجـەب و پیـاوخۆران و زۆر بەرهـەمی تـری پێشڕەو، کۆڵەکە بوون بۆ شانۆو هونەری کوردی، بەهیوام جاری ترو لە نـزیکترین دەرفەتدا لــە شــانۆگەریی وەك رەجــەب و پیاوخۆرانــداو لــە بەرهــەمی نــوێتری ئــەوتۆدا بیانبینینــەوە کـە شـاکارەکانی وەك (چـەخماخەو لانـەوازان و پـاڵتۆو مۆڵـەت و زەلکـاوو گوڵەمێخـەك و ژیـانی رۆژانـەو مـرۆڤ و شـارەکەی) بێنـەوە یـادو بێنـەوە بەرچاومان..

*گۆڤاری ئاینده، ژماره ١٩، ساڵی ٢٠٠١.

# خەج و سیامەندو
# فرمێسکەکانی مامۆستا هێمن

زستانی ساردو بەفرینی ساڵی (١٩٧٨)، ئەو دەمەی بە وێنەی عەشقەکەی سیامەند بۆ خەج، شانۆکارانی کورد بە عەشقەوە بەرهەمی نوێیان دەسپاردە هونەری گەلەکەمان، لە درێژەی بەرنامەی (تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی)دا بۆ خستنە سەر شانۆی تێکست و بابەتی کوردی لە شێوازی هونەری و هونەرمەندانەدا، لە دوا رۆژەکانی مانگی کانوونی دووەمی ئەو ساڵەدا، جەماوەری بینەران بە دڵی گەرمەوە سەرنجیان دەدایە مەرگەساتی (خەج و سیامەند) و هۆڵەکەی سەلاحەدین جمەی دەهات.

خەج و سیامەند هەر لە داستانە کوردییەکەوەو بە شێوە زاری موکریان نووسرابووەوە، دەستەیەك لە شانۆکارە ناسراوەکانی شار گوڵی باخچەی شانۆکە بوون، یەکێك لە میوانە ئازیزەکانی دیتنی شانۆگەرییەکە شاعیری گەورە مامۆستا هێمن بوو.

مامۆستای میوان بە بینینی ئەو شاکارە شانۆییە گەلێك بەختەوەر بوو، ستایشی نووسەرو بەشدارەکانی دەکرد، چەند رۆژێك لە (سلێمانی)ی شیرین لە دڵ و دەروونیدا مایەوەو زۆربەی کاتەکان نووسەری شانۆگەرییەکە، کاك فوئاد مەجید میسری و دەرهێنەر مامۆستا ئەحمەد سالارو (نووسەری ئەم چەند دێڕە وەك بەڕێوەبەری شانۆو ئەکتەر) لە خزمەتیدا بووین.

مامۆستامان دەیفەرموو: چاکتان کردووە (سیامەند)تان هێناوەتەوە، ئێوە دڵسۆزن بۆ هونەرەکەتان، تیپەکەتان خۆشەویستی هەموو لایەکە، جارجارە کاك

فوئاد چەند دێڕێکی بەیتەکەی بۆ دەوتەوەو ئەویش هەنسکی قووڵی گریان لە سینەیدا دەتاساو دەماندی چاوەکانی تەڕدەبوون، ئەو ساڵانەی شانۆ ئامادەبوونی خۆی هەبوو،



مامۆستا هێمن و بەشدارانی خەج و سیامەندو چەند هاوڕێیەك
سلێمانی / ١٩٧٨

لەسەر (خەج و سیامەند) زۆر نووسراو زۆر گوترا، ئەوەی لە یادەوەریی ئێمەدا زیاتر جێگیرە، فرمێسکەکانی مامۆستای شاعیر بوون لە کاتی نمایشەکەداو دواجار بەرزبوونەوەی قوڵپی گریان لەگەڵ دوا دیالۆژی یەك لە ئەکتەرەکاندا.

لەو رۆژەدا مامۆستا هێمن موکریانی، شاعیری ئاوارەی ئەو دەمەو نەمری ئێستاو هەمیشە، لە ناخەوە ئازاری چەشت و بە کوڵ گریا، ئێستاش وا دەزانم ئەو ساتەیە کە مامۆستا لەگەڵ ئەم چەند دێڕەدا دەسووتا:

**ئەگەر بە دڵ مەبەستتانە**

**خەجی شەیدا هەڵنەدێرین**

**با هەمووومان عاشقی بین..**

**خەج کیژێکی دەروون و دڵ فراوانە**

**خەج کابانی مسکێنانە**

**خاتوونێکی ئەمەکداری هەژارانە**

**خەج دولبەرێکی شەیدایە**

**هەتا ئێستاش**

**چاوی لە رێی سیامەندێکی وریایە..**

* رۆژنامەی ئاڵای ئازادی ٣٠/٧/٢٠٠٠

# خەمێك بۆ تۆ..
# فرمێسکێك بۆ خۆم..!

سـەردەمانێك، بـە حـەول و قـوەتی دوژمنـان، پـەلاماری زمـانی دایکـت دەدرا، دەسـتیان لـە گونـدو بـاخ و کانییـەکانت دەوەشـاند، شـەڕیان لەگـەڵ جـوامێرترین کوڕەکانـت دەکـرد، کارێکیـان پـێ دەکردیـت مەگـەر هـەر (بـا) بـە دەواری شـڕی کردبێت..!

لە بریی خەوی شیرین، کۆرپەکانت ترس چاوی پێ لێکدەنان، لە خەونیشدا بۆ باوکی نێو زیندان، یان برسی و رووت و رەجاڵیی نێو گوندو چیاکان دەگریان..!

سەردەمانێك قاتو قڕی بوو، خۆری هیوا یەکجار کزبوو، تریفەی مانگەشـەوی بڕوا یـەکجار دوور دەینوانـد، بریـسکانەوەی ئەسـتێرەی ئاسمـانیش یـەکجار بـێ دیمەن بوون، ئەوکاتە کورد لە شەڕی مان و نەماندا بوو، ناوەڕاستی حـەفتاکان بە دواوە تا نەوەدەکان، شەڕی جینۆساید لەگەڵ تۆی زیندوو دەکرا، مەرامیان وابوو بـە ئـەنفالێکی دەسـتەجەمعی، بـە کیمیابـارانی سەرانـسەریی، کـورد لـە بـوون و کوردستان لەسەر نەخشە نەهێڵن..

ئا لەو سەردەمانەدا، لەو کاتە دژوارو پڕ لە مەترسییانەدا، تۆ دەچوویتە هۆڵی شانۆکان و هەناسەی بەختەوەریی هەموو گیانتی ئاسوودە دەکرد، خوێنی باوەڕ بە خۆبوون بە هەموو دەمارەکانی گیانتدا دەهاتن و دەچوون.

ئەو رۆژگارە لەگەڵ تۆی بینەر و منی هونەرمەنددا، سیخوڕی نمەك بە حەرامی خۆمان و پیاوکوژی ئەوان دەهاتنە شانۆگەرییەکان، من و تۆ رازی دڵمان بە یەك دەووت و سـروودی خۆشەویـستی و سـترانی سـەرفرازیمان بـۆ یـەکتر دەچـڕی،

ئـەوانیش چـاویان زیـت دەکـردەوەو گـەلێك جـار ژووره رەشـەکانی ئـەمن دەبوونـه جێگـای چـەند سـەعاتەی لێکۆڵینـەوەو چـاو سـوورکردنەوەو تۆقانـدن، بـەڵام هـەر دوای ئەوانــه هونەرمەنــده عاشــقەکان دەکەوتنــه پلانــی شــانۆگەرییەکی نــوێ، شـانۆگەرییەك تیایـدا زمـان درەوشـاوەو بـاوەڕ بـەرزو بڵنـد و پاشـەڕۆژ ئاسـۆیەکی گەش بێت..

ئـەو رۆژگـاره هـەڵۆکانی شـاخ دەیـانووت: ئێمـه سـەربەرزین بـه هونەرمەنـدو ئـەدیبانی شـارو شارۆچکەکانمان، ئـەوان کێـوێکن لـه وره بـەرزی و دەریایـەکن لـه خەمخۆریی کورد..

ئـەو ساڵانه شـانۆکاری کـورد هێنـده لـه میللـەتی خۆیانـەوه نزیکبـوون، هێنـده ئاوێتـەی غـەم و ئازارەکـان بـوون، هێنـده هونـەری باڵابـەرزیان نمـایش دەکـرد، تـا ئەمڕۆ ئەو هونەرمەندانه لای خەڵکی سەرچاوەیەکی خۆشویستن و رێزن..

هــەزار ئەفــسووس، لــه زەمــەنی ئــازادیی کــورددا، لــه رۆژگــاری هاتنــەدیی خەونەکاندا، له ساڵانی دڵنیایی و هەڵمژینی هەناسـەی سـەرفرازیدا، کەسانێك لـه بەشدارانی هونەرو هەڵسووڕاوانی شانۆ، به پیرو گەنجەوه، بـه ژن و پیـاوەوه، بـه ئارەزوومەندو پسپۆڕەوه، به هونەرمەندو نا هونەرمەندەوه، چارەی هونەرەکـەیان تاڵکرد، دەسـتیان لـه موقەدەسـاتی شـانۆ وەشـاند، گوڵـی بـاخی بەهرەیان ژاکانـدو ئاوی خاوێنی جوانییان لێڵ کرد..

دوێـنێ و ئـەمڕۆ لێـرەو لـەوێ، لەسـەر شاشـەی سـینەماو لـه نێـو تەلـەفزیۆنی ماڵەکانمانـدا، بـه بەرچـاوی هەموومانـەوه جێگـاو رێگـای خۆیـان چـۆڵکرد، بـەرەو هەڵدێری هونەری نزم و ئاسان هەڵخلیسکان..

بـه ئاگـاداریی هـەمووان، شـەرمیان لـەو رابـردووەی شـانۆی کـورد نـەکردو بـۆ پێشوازیی چـەند سـەد کەسـێك، بۆ خڕکردنـەوەی هـەزاران دینارێك، دڵـی زۆر لـەو

**هونەرمەندانەیان لە خۆ زیزکرد کە دوێنێ و ئەمڕۆو سبەی هەر (هونەرمەند)ن و هەمیشە دەزانن چۆن دەچنە خزمەتی بینەرانیان.. هەزار ئەفسووس، بەشێك لە شانۆکارانی ئەمڕۆ، گیانی نەمری رابەران و پێشڕەوان و عاشقە هونەرمەندە راکشاوەکانی نێو دڵی سەیوانەکانی کوردستانیشیان ئازاردا..**

**کەواتە خەمێکی یەکجار قورس بۆ ئێوەی بینەرانی هۆشیارو، فرمێسکی قەتیسماویش بۆ چاوە پڕ لە ئومێدەکانی ئێمەی هونەرمەند..**

* رۆژنامەی هاوڵاتی، ٢٠٠١/٧/٢٩.



**خاتوو سوهەیلە حەسەن و یاسین قادر بەرزنجی لە شانۆگەریی ( ڕۆژژمێری براکان )دا سلێمانی / ١٩٩٨**

# ئیندێکسی ناوی شانۆگەرییەکان

**کە بە پێی ژمارەی لاپەڕەکانی بەرامبەریان لە کتێبەکەدا ناویان هاتووە**


| | |
|---|---|
| ئابلۆوقە | ١٢٠ |
| ئاسک | ١٩٠ |
| ئاشتیخوازی لادێیی و پەیمانی دوولایی | ١٧٥ |
| ئافاتی تاعوون لەناو حەیواناتا | ١٠٥ |
| ئافرەت و نووشتە | ١٠٥، ١٧٠ |
| ئاوات | ١٧٣ |
| ئاوایی بێکەسە | ١٤٥ |
| ئەلشەمماس | ١١٥، ١٣٦ |
| ئەمرەکەی بەگم | ١٠٨ |
| ئەنتیگۆنا | ١٣٠ |
| ئوتومبیلچی | ١٨١ |
| ئۆدیب | ١٣٠ |
| ئینسان ئەوەی ئەیچێنێ ئەوە ئەدورێتەوە | ٢٧ |
| باپیرەمان | ٢٠١ |
| بازرگانی ڤینیسیا | ٥٥، ٧٥ |
| ببورە | ١٨٢ |
| بروسکەو شیرین | ٦٤، ٦٦ |
| بڕیارو ئەنجام | ١٢١، ١٨٥ |
| بەیتی ڕێزانکێ | ٢٢٤ |
| بووکی بەفر | ١٩٢ |

| | |
|---|---|
| بووکی پەردە | ١٨١ |
| بووکی ژێر دەواری رەش | ١٠٠ |
| بووکێکی ناکام | ٨٥ |
| بوونە خەلیفە بەخەیاڵ | ١٠٥ |
| بۆیاخچی | ١٩٩ |
| بیری ئازادی رێگای رزگارییە | ١٧٤ |
| بێ ئیشی | ١٠٦ |
| تاوان و تۆڵە | ١٠٥ |
| تاوانی چی بوو | ٨٧ |
| تاوانێك لەئاسماندا | ١٠٦ |
| تێکۆشانی رەنجبەران | ٦١ |
| پیسکەی تەپڕیر | ٦٩، ٧٠، ٨٠ |
| جەنابی موفەتیش | ٦٤ |
| جوامێری کافر | ٥٩ |
| جۆماڵ | ١٩٨ |
| حەمە ئاغای دەربەند فەقەرە | ٨٣، ٢٠٣ |
| خاتوو کلاوزەڕ | ١٤٠، ١٩٩ |
| خانمی مەکرباز | ٥٣ |
| خەج و سیامەند | ١٩٣، ٢٢٨ |
| خەسوە یان ئەژدیها | ١٠٣، ١٠٨ |
| خەونەو خەون نییە | ٢٠٤ |
| خۆم بەخۆمم کرد | ١٠٥ |
| دارتووەکە | ١٣٥ |
| داسەکەی شاسوار | ١٨٤ |

| | |
|---|---|
| دایك | ٢٦ |
| دایکی شەهید | ٢٠١ |
| دایکێکی قارەمان | ٢٠١ |
| دکتۆر پەراسوو | ٥٧ |
| دڵدارانی باران | ١٩٤ |
| دڵداریو پەیمان پەروەری | ٣٢، ١٦٨ |
| دەستی ماندوو لەسەر سکی تێرە | ٧٧ |
| دوا رۆژی دەئاکی زۆردار | ١٧٦ |
| دوو رەگ | ١٢٠ |
| دوو شانۆنامە لەمێژووی کوردەوە | ٢٠٣ |
| ژان | ١٩٥ |
| رەجەبو پیاوخۆران | ١١٢، ١١٤، ١٢٠، ١٢٥، ٢١٠، ٢١٧ |
| رووخا | ١٧٦ |
| رۆژژمێری براکان | ٢٣٣ |
| زەلکاو | ٢١٤ |
| زۆرداری تاوانبار | ١٧٣ |
| زێڕین | ١٠٨، ١٨٠ |
| سەربازی ئازا | ٣٧ |
| سەرچاوەی ژانێکی خامۆش | ١٩٨ |
| سەری گلۆڵەکە | ٦٢، ١٠٥ |
| سەرینی باداری | ١٢٠ |
| سەلاحەدین | ١٠٥ |
| سەلەی نانکەر | ١٤٣، ١٤٥ |
| شاکر من دایکتم | ١٠٦ |

| | |
|---|---|
| شانۆگەریی منداڵ | ١٨٧ |
| شانۆی کوردستان | ١٧٨ |
| شەریف هەمەوەند | ٤٦ |
| شەش پەنجایی | ١٠٨ |
| شەوی کۆتایی | ٩٧، ١٠٧ |
| شەوێك لەژیانی خانزاد | ١٤٠، ١٨٩ |
| شۆڕشی فەڕەنسە | ١٠٥ |
| شۆڕشی هونەر | ١٧٧ |
| شێتخانە | ١٢٠ |
| شێخی سەنعان | ١٩٦ |
| عەلەورگەی شووتی دز | ٧٧ |
| عەلیٚ فەنی | ١٧٢ |
| عوتەیل | ٧٢ |
| عیلمو جەهل | ١٢، ١١٦، ١١٧، ١٣٦ |
| چاوەڕوانی گۆدۆ | ٢١٥ |
| چەخماخە | ١١٩، ٢٠٨، ٢٢٤ |
| چۆن بووم بە هونەرمەند | ١٨٥ |
| چیرۆك بۆ شانۆ | ١٨٨ |
| گڵکۆی تازەی لەیل | ٨١، ٨٣ |
| گورگی بێشەو هەرد | ١٤٥ |
| گوڵعومەر | ٢١٤ |
| گوڵە مێخەك | ٢١٣ |
| گوڵی خوێناوی | ٥٦ |
| گوندەکەم | ١٩٨ |

| | |
|---|---|
| کاتێ هەڵۆ بەرز ئەفڕێ | ١٣٨ |
| کارکردنی بەکەڵك | ١٦٩ |
| کاوەی ئاسنگەر | ٩٩، ١٨٣ |
| کچە نەغەدە | ١٠٥ |
| کچ و قوتابخانە | ١٧٠ |
| کڵۆڵان | ٦٢ |
| کەرەلۆتی مەنۆچەر | ٦١ |
| کووپە | ١٢٠ |
| فارسەکان | ١٣٠ |
| فاڵچی | ١٨٦ |
| فەلەستین هەمیشە وڵاتی غەسان کەنفانییە | ٢٠٠ |
| قەرەج | ١٣٢ |
| لالۆڤانیا | ١٥٣ |
| لەپێناوی ئەویندا | ١٨٩ |
| لەرێی نیشتمان | ١٠٦ |
| لەرێی نیشتماندا | ٥٦، ١١٨ |
| لیبۆك داستانا مەم و زینا دگوهڕیت | ١٩٦ |
| مارشێکی ناساز | ٢١٥ |
| مانگا | ٥٩ |
| مانگرتن | ١٩٧ |
| مرۆڤ و شارەکەی | ٢١٤ |
| مرۆڤ و چاخ و بیر | ١٩١ |
| مەحمود ئاغای شیوەکەڵ | ١٠٥، ١٦٦ |
| مەرگی بەختەوەری | ٢٠٢ |

مەم‌و زین ٤١، ٥٠، ٩٢، ٩٣، ١١٢، ١٦٦، ١٩٦
مۆڵەت ١٤١، ١٤٥
میوانی ئەم ئێوارەیە ١٥٧
نان‌و ژیان ١٨٣
نرخی ئازادی ١٢٤
نەورۆز ١٨٥
نیرۆن ١٥، ٢٦
هاملێت ١٠٥، ١٢٩، ١٥٢، ١٥٥
وانەی رەشبەڵەك ١٩١
وەلی دێوانەو شەم ١٩٧
یۆلیۆس قەیسەر ١٠٥

# ئیندێکسی ناوی نووسەر و هونەرمەندەکان


| | |
|---|---|
| ا. ب. هەوری | ٣٢، ٣٣، ٣٤، ٣٥، ٤٤، ١٠٠، ١٠٤، ١٠٥، ١٤٧، ١٤٨، ١٦٨ |
| ئارنست فیشەر | ١٤٤ |
| ئازاد جەلال | ٢٠٨، ٢٢٦ |
| ئازاد شەوقی | ٦٩، ٧٤، ٨٣، ٨٥ |
| ئازاد محەمەد بچکۆل | ٢٠٨، ٢٢٦ |
| ئازاد مەلا ئەحمەد | ٧٦ |
| ئاشتی مەحمود دەلاك | ٦٧ |
| ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ | ٢١ |
| ئەحمەد بەگی کۆماسی | ٨٣، ٨٤ |
| ئەحمەد حەسەن | ٤٠ |
| ئەحمەد دەروێش دادی | ٥٨ |
| ئەحمەد دەنگ گەورە | ١٢٠ |
| ئەحمەد زرنگ | ٨٣، ٨٦ |
| ئەحمەد سالار | ٩، ٦٥، ٧١، ١٢٠، ١٢٦، ١٤١، ١٤٧، ١٥١، ١٥٨، ١٩١، ١٩٣، ١٩٤، ٢٠٣، ٢١٨، ٢٢٤، ٢٢٦، ٢٢٨ |
| ئەحمەد ساڵح | ٦٧، ٦٨ |
| ئەحمەد سەید وەلی | ٣٨ |
| ئەحمەد شێخ حەسەن | ٥٩ |
| ئەحمەد عەزیزی تەییار | ١٢، ١٧ |
| ئەحمەد غەفور | ٦١ |
| ئەحمەد محەمەد ئەمین | ٥٣ |

د. ئەحمەد ناجی ئەلقەیسی ١٩١
ئەحمەد هۆشیاری بەرگدروو ٥٧
ئەحمەدی خانی ٩٢، ٩٦، ١٦٦، ١٩٦
ئەدمۆن سەبری ٢١٣
ئەرسەلان دەروێش ٥
ئەژی گۆران ١٠٨
ئەسخیلۆس ١٣٠
ئەسعەد حەلیم ١٤٤
ئەکرەم عەبدولقادر یامولکی ٥٩
ئەگرەم فەقێ مەحمود ٩٤
ئەکرەم مەحمود ساڵح رەشە ٣٠، ٦٧
ئەلیکساندەر تایرۆف ١٥٣
ئەمین بەگی گومرگ ٤٤
ئەمین حاجی عارف ٨٢
ئەمین سەلامە ١٤٦
ئەمین شەوکەت ٥٨، ١٠٥
ئەمین میرزا کەریم ٦٤، ٦٦، ٩٣، ٩٦، ٩٧، ١٠٥، ١٠٦، ١٠٧، ١٠٨، ١٤٧، ١٤٨، ١٨٠، ١٨٤، ١٩٨، ٢٠٦
ئەنوەر ئەحمەد ٨٥، ١٠٧
ئەنوەر ئەدهەم ٩١، ١٦٠
ئەنوەر توفی ٧٢، ٧٤، ٩٣، ٩٥
ئیبراهیم ئەحمەد ٦١
ئیبراهیم سەلمان ١٤٨، ١٩٦
ئیبراهیم عەلی ٥٣

ئیبراهیم چێوار ٢٠٨
د. ئیحسان فوئاد ١٨٤
ئیسماعیل بەرزنجی ٧٤، ٧٨، ٧٩، ١٠٣
برتۆلد برێخت ١٤٣، ١٥٢
بەدیعە دارتاش ١٥٨
بەکر راساڵ ٦١، ٩٤
بەکر عەلی کەوشدروو ٤٢
بەهجەت رەشید ٥٨
بەهجەت محێدین ٢٩
بەهزاد سائیب ٨٥
بەهێ خانی شێخ مەحموود ١١٧
بورهان مەسرەف ٧٠، ٨٢، ١٢٠
تاهیر بابان ٧٨
تاهیر ساڵح سەعید ٩٩
تاهیر یەحیا ٣٨، ٤٠، ٥٥
تەحسین شەعبان ٢٠١
تەلعەت سامان ٩٢، ١٤٨، ١٥٨
تەلعەت موبارەك ٥٥
تەها بابان ١٠٧، ١٦٠
تەها باراوی ١٤١، ٢٠٨
تەها خەلیل ٦٩، ٧٨، ٧٩، ٨١، ٨٣، ٨٥، ٨٩، ٩٨، ١٠٣، ١٠٦، ١٠٧، ١٠٨، ١٥٩
تەها محێدین مەعروف ٥٨
تۆفیق حەسەن ئاغا ٥٨

پەروین عەزیز ٩٩
پیرەمێرد ١٨، ٢٤، ٢٩، ٣٩، ٤١، ٤٢، ٤٦، ٤٩، ٨٣، ٩٢، ١١٢، ١٦٦
جەبار مەعروف ٢٠٨
جەبران خەلیل جەبران ٥٩
جەزا میرزا حسێن ٦٥
جەلال بەدەوی ٦٥
جەلال محەمەد حاجی سەیفوڵڵا ٣٨، ٤٠
جەلال وەستا ئەمین ٩٩
جەمال ئەمین بەگ ٥٨
جەمال بابان ١٤٧
جەمال بەختیار ٨٩، ٩٠١، ٩٥
جەمال ساڵح ئاشتی ٦٧
جەمال عەبدوڵڵا ٥٨
جەمال فەتاح توتنچی ٦٥، ٦٧
جەمال محەمەد ٢١٢
جەمال مەجید سەلیم ١٢، ٣٨، ٤٠
جەمال مەجید عەبدوڵڕەحمان ٣٨
جەمال مەلا قادر ٧٦
جەمال نەبەز ٢١٢
جەمیل سائیب ٤٤
جیهان عومەر ٦٩، ٨١، ٩٥
حاتەم سەعید ٦٢
حاجی باقی بەنگینە ٤٢، ١٠٥
حاجی عەلی جاسووس ٣٣

حاجی عەلی ماستاو ٣٣، ١٠٥
حامید فەرەج ٣٨، ٤٠
حسێن ئەحمەد شەشۆیی ٦٧
حسێن عارف ١٤٨
حسێن عەلی ٩٤
حەسەن تەنیا ١٤، ٢٠، ٣٦، ٣٨، ٤٥، ٥٤، ٧٤، ٨٦، ٩١، ٩٤، ١١٦
حەسەن تۆفیق ٥٧، ٦١
حەسەن زیرەك ٧٨
حەسەن شێخ حەمە مارف ٤٢
حەسەن فەللاح ٥٦، ٥٨
حەسەن قزڵجی ١٤٧، ١٧٥
حەسیب قەرەداغی ٦٨، ١٠٥
حەقی شبلی ٤١، ٥٠، ١٥٩
حەمدیی ساحێبقڕان ٣٠
حەمە بۆر ٥٧
حەمە رەشید هەرەس ٢٠٨، ٢٢٦
حەمە کاکە ٦٥
حەمە کەریم هەورامی ١٤٠، ١٤٧، ١٤٨، ١٨٦، ١٨٩، ١٩٨، ١٩٩، ٢٠٤، ٢٠٦
حەمەی بەکر ٥٨
حەننا حەبەش ١١٥، ١٣٦
حیکمەت هندی ٢٠٨، ٢٢٦
خالید سەعید ٦٩، ٨٣، ٨٥، ٨٩
خالید کەریم ٦٥
خەسرەو حاجی ئاغا ١٠٥

خوله شەل ٧٤
دارا تۆفیق ٦١، ١٠٥
دانا ڕەووف ١١١
درەخشان عارف ١٠٦
درینی خەشەبە ١٢٧، ١٣١، ١٣٨، ١٤٩
دلێر ئیبراهیم ٢٠٨
دڵشاد مەریوانی ٢١٦
ڕەزا محەمەد جوان ٦٧
ڕەشەی مەلا برایم ٥١
ڕەشۆڵ ٤٣
ڕەشید کەریم ٣٨، ٤٠، ١٠٥
ڕەفیق چالاك ٢٠، ٥٦، ٥٧، ٦٩، ٧٠، ٧٢، ٧٧، ٨٠، ٨١، ٨٣، ٨٥، ١٠٠، ١٠٣، ١٠٦، ١١٧، ١٤٧، ١٥٩، ١٦٩، ٢٠٦
ڕەمزی قەزاز ٣٨، ٤٠، ١٠٥
ڕەمسکی کۆرساکۆف ٧٤
ڕەووف حەسەن ١٢٥
ڕەووف عەلی ماستاو ٩٨، ١٠٣، ١٠٦، ١٠٧، ١٠٨
ڕەووف مەعروف ٥٧
ڕەووف یەحیا ٥٥، ٦١، ٦٤، ٦٦، ٧٧، ٧٩، ٨٩، ٩٠، ٩٤، ٩٥، ١٥٩
ڕوشدی ئەحمەد ٥٧
ڕۆبین ١٠٥
زەبیحی ١٤٧، ١٧٥
زەکی ئەحمەد هەناری ١٤٧، ١٧٦، ١٨٩، ٢٠٦
زوهرەی مستەفا پاشای یامولکی ٢٢

| | |
|---|---|
| سادق بەهادین | ١٤٨ |
| ساڵح عەلی | ١٢، ٥٩ |
| ساڵح قەفتان | ١٦ |
| سامۆئیل پیکیت | ٢١٥ |
| ستانسلافسکی | ١٢٥، ١٥١، ١٥٥، ١٦١، ١٦٢ |
| سروە عیزەت | ٢٠٨ |
| سمکۆ عەزیز | ٦٢، ٦٥، ٦٩، ٧٤، ٧٩ |
| سمکۆ ناکام | ٨٩، ١١٣، ١٤٥، ١٤٨، ١٤٩، ٢٠٧، ٢٠٨، ٢١٢، ٢١٣، ٢١٤، ٢١٥، ٢١٦، ٢١٨، ٢٢٢، ٢٢٤، ٢٢٧ |
| سەباح عەبدولڕەحمان | ٧٦ |
| سەعدون یونس | ١٥٨ |
| سەعید شەفیق | ٥٩، ٧٣ |
| سەعد مەجید زەنگنە | ٩٢ |
| سەعید ناکام | ٩٧ |
| سەڵاح ڕەووف | ٢١٦ |
| سەلاح قادر | ٧٩ |
| سەلاح محەمەد جەمیل | ٦٩، ٧٤، ٨١ |
| سەمیعە ئەحمەد | ٢٠٨ |
| سەید داود | ٥١ |
| سەید ڕەشید زەکی | ٥١ |
| سوعاد سەعید | ٩٩ |
| سوهەیلە حەسەن | ٢٣٣ |
| سیروان جەمال | ٢٠٨ |
| شاکر سەید حەکیم | ٣٨، ٣٩، ٤٠، ١٠٥ |

شاکر فەتاح ١٧، ٩٢

شەکسپیر ٥٥، ٧٢، ٧٥، ١٠٥، ١٤١، ١٥٢، ١٥٥، ١٥٧

شەفیقە سەعید ٢٥، ٢٩

شەلدون تشینی ١٢٧

شەوکەت غەفور بابان ٦١

شەوکەت مەلا سمایل ٧٤

شیللەر ١٦٤

شێخ رەزای گولانی ٥٧

شێخ سەلام ٣٣، ١٠٥

شێخ محەمەدی مەحوی ١٠٤

شێخ نوری شێخ جەلال ٤٢، ٤٩، ٥٨، ١٠٥

شێخ نوری شێخ ساڵح ٢٦، ٢٨

شێخ نوری شێخ مارف ٣٨، ٤٠

شێرکۆ بێکەس ٦٩، ٨١، ١٤٣، ١٤٧، ١٤٩، ١٨٣، ١٩٠، ٢٠٦

ع. ع. شەونم ٣٤، ٥٤، ٧٥، ٧٦، ٩٢

عەباس تۆفیق گورجی ٨٩

عەباس قادر ٤٢

عەبدولڕەحمان حەکیم ٩٨، ١٠٦

عەبدولڕەحمان سەڕاج ١٠٧

عەبدولڕەحمان شەرەف ٢٠

عەبدولڕەحمان عەلی ٥٥

عەبدولڕەزاق بیمار ١٤٧، ١٤٨، ١٧٨، ١٨١، ٢٠٦

عەبدولعەزیز حەمودە ١٢٤، ٢٠٦

عەبدولعەزیز محەمەد مەڵکەندی ٦٥

عەبدولقادر بابان ٣٦
عەبدولقادر سەعید ٢٠٢
عەبدوڵڵا ئیبراهیم ٥٧
عەبدوڵڵا جەلال ٦٥
عەبدوڵڵا رەشید "سالار" ٥٦، ٦١
عەبدوڵڵا ساڵح ٢٠٨
عەبدوڵڵا سامی ٢٠
عەبدوڵڵا محەمەد ٨٢، ٩٨
عەبدوڵڵا مەجید ٩٨، ١٠٦
عەبدوڵڵا میدیا ٦٥، ٦٨، ١٠٥
عەبدولواحید نوری ١٢، ١٧، ٣٨، ٤٠، ٤٤
عەزیز ئەمین موختار ٤٧، ٩٨، ١٠٧، ١٠٨
عەزیز حاجی قادر ٥٨
عەزیز ساڵح ٧٠، ١٠٣
عەزیز ساڵح رەشە ١٠٥
عەزیز ساڵح زەریفی ١٠٥
عەزیز مەحمود بەگ ٦٧، ٩٤، ٩٥، ١٠٥
عەزیز میرزا ساڵح گورون ٥٤
عەزیز نەسین ٢١٤
عەلائەدین سەجادی ١٧٧
عەلی بەردەشانی ١٩٢
عەلی سام ئاغا ٦٨
عەلی محەمەد گیانە ٣٤، ٥٣
عەلی موزەفەر ١٠٥

| | |
|---|---|
| د. عەونی کەرومی | ١٥٥ |
| عوسمان خاڵ | ٧٤ |
| عوسمان رەزا | ٥٨ |
| عوسمان عارف | ١٠٨ |
| عوسمان چێوار | ١٤١، ١٩٣، ٢٠٨، ٢١٣، ٢١٤، ٢١٦، ٢٢٤، ٢٢٦ |
| عوسمان مستەفا | ٥٨ |
| عومەر رەزا | ٧٩، ٩٠ |
| عومەر سەعید بانەیی | ٤٢ |
| عومەر عەبدولڕەحیم | ١٤٧، ١٨٧ |
| عومەر عەلی ئەمین | ٥٤، ٥٩، ٦٠ |
| عومەر عەلی سەعید | ٦٨ |
| عومەر کەریم ئاغا | ٢٠٨، ٢٢٦ |
| عومەر قالە بانەیی | ١٠٥ |
| عومەر محەمەد ساڵح | ١٠٣ |
| عومەر نەمەڵی | ١٠٦، ١٠٨ |
| د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ | ٣٤، ٤٦ |
| غازی بامەڕنی | ١٢٠، ١٥٨ |
| غەفور بەکر میسری | ٤٢ |
| غەفور رەشید داراغا | ٥٨ |
| غەفور میرزا کەریم | ٢٠ |
| چیخەف | ١٤١، ١٦٤ |
| کاکەی فەللاح | ١٦٧ |
| کامەران رەووف | ٢٠٨، ٢١٤، ٢٢٦ |
| کامەران موکری | ٤٦، ٥٧، ٥٩، ٦٢، ٩٩ |

| | |
|---|---|
| کامیل ژیر | ٦٢، ٧٤، ١٠٥، ١٤٧، ١٧١ |
| کاوە ئەحمەد میرزا | ٢٠، ٣٧، ٤٥، ٩٨، ١٠٦، ١٠٧، ١٠٨، ١١٢، ١١٩، ٢١٤ |
| کەریم حاجی ئەوڕەحمان | ٤٢ |
| کەریم سەعید بەگ "زانستی" | ١٧، ١٠٥، ١١٧ |
| کەمال ئەحمەد | ٥٨ |
| کەمال جەلال غەریب | ٦٢ |
| کەمال حەمید | ٨٢ |
| کەمال رەشید موختار | ٧٤، ٨١، ٩٨، ١٠٦، ١٠٧ |
| کەمال رەووف محەمەد | ١٤٧، ١٨٢ |
| کەمال سابیر | ٥٤، ١٦١، ٢٠٨، ٢١٣، ٢٢٦ |
| کەمال شێخ غەریب | ٦٢ |
| کەمال قەرەداغی | ١٠٧ |
| کەمال محەمەد ئەمین | ٥٧ |
| د. کەمال مەزهەر ئەحمەد | ٢٤، ٣٠ |
| کەمالەدین حاجی تۆفیق | ٧٤، ٩٤، ٩٩ |
| گرۆتۆفسکی | ١٥٥ |
| کلیمان | ٧٤، ٨٣ |
| گەزیزە | ١٣٥ |
| گەزیزە فایەق بێکەس | ١٠٧ |
| گەلاوێژ سابیر کۆیی | ٩٩ |
| گوزیدە خان | ٢١، ٢٦ |
| گوڵزار عومەر تۆفیق | ٩١، ٩٤، ٩٥، ٩٦، ١١٨ |
| گۆرگین | ٩٥ |
| گۆران | ٥٦، ٥٩ |

| | |
|---|---|
| گۆرکی | ١٤١ |
| گۆگۆڵ | ٦٤، ٢١٢ |
| فاتمه محێدین | ٢٢، ٢٣،٢٤، ٢٦، ٢٧، ٣٠ |
| فاروق مەحوی | ١٠٣ |
| فازڵ جاف | ١٢٠ |
| فازڵ قەساب | ١٢٠ |
| فایەق بەگی زانستی | ٣٤، ٥١ |
| فایەق بێکەس | ٤٦، ١٠٥ |
| فایەق چالاك | ٥٧، ٦١ |
| فایەق محەمەد عەبدوڵڵا | ١٠٧ |
| د. فایەق مستەفا ئەحمەد | ١٣٤ |
| فاییەق مەحمود | ٤٠ |
| فرانسوا کوبیه | ١٠٦ |
| فەتاح کاوه | ٧٨، ٧٩، ١٠٧، ١٤٧، ١٤٨، ١٧٠، ١٧٧، ٢٠٦ |
| د. فەخری دەباغ | ١٧٧ |
| فەرەجی حاجی رەشید | ٥٥ |
| فەرەیدون عارف نەجیب | ٧٤ |
| فەرەیدون عەلی ئەمین | ٧٧، ١٤٧ |
| فەقێی تەیران | ١٩٦ |
| فەهمی کاکەیی | ١٤٨، ١٩٥ |
| فەهمی قەرەداغی | ١٢٥ |
| فەهمی قەفتان | ٣٨، ٤٠ |
| فەوزی رەشید | ٣٨، ٤٠ |
| فوئاد دەواره | ١٦٤ |

فوئاد رەشید بەکر ١١، ١٢، ١٣، ١٤، ١٦، ٣١، ٣٨، ١٠٥، ١١٦، ١١٧، ١٣٦، ١٥٩
فوئاد عومەر ٦٩، ٨٥
فوئاد عیزەت ٧٦، ١٤٧، ١٧٣
فوئاد محەمەد ئەمین ١٩٤
فوئاد مەجید فەرەج ٦٧
فوئاد مەجید میسری ١٤٥، ١٤٧، ١٤٩، ١٥٢، ١٩٣، ٢١٤، ٢٢٨
ڤیکتۆر هۆگۆ ٦٢
قادر دیلان ٥٨، ٥٩، ٨٧، ٩٣، ٩٤، ٩٥، ١٠٥
قادر کوردی ٧٤
قادر مستەفا ٥٨
قادر نوری بەگ ٨٥
لەتیف حامد بەرزنجی ١٩١
لەتیف حەمدی ٨٥
لەتیف هەڵمەت ١٩١، ٢٠٠
لەیلان ٢٠٣
لویس بەقتیر ١٦٢
لویچی بیراندیللو ١٦٢
لۆرکا ١٣٣، ١٥٧، ١٦٤
مارچۆری بۆڵتن ١٣١، ١٣٢، ١٥٠
محەمەد ئەدیب سەلاوی ١٢٧، ١٥٥
محەمەد ئەدیب ٣٨، ٤٠
محەمەد ئەمین ئۆسمان ١٤٧، ١٨٣
محەمەد ئەمین زەکی بەگ ٢٢، ٢٣

محەمەد تۆفیق قەفتان ٣٨، ٤٠
محەمەد تۆفیق وردی ١٤٧، ١٧٥، ١٨٨
محەمەد رەشید کۆیی ٥٣
محەمەد زەکی عەشماوی ١٥٥
محەمەد ساڵح دیلان ٥٦
محەمەد سدیق مەحموود ٦٢
محەمەد سەعید رەمەزان بۆتی ٩٣
محەمەد سەعید مەلا ئەحمەد ٧٨، ٧٩
محەمەد عەبدولڕەحمان زەنگنە ١٤٨، ١٩٧، ٢٠٦
محەمەد عەلی ئەربیلی ٣٨
محەمەد عەلی شەوقی ١٣
محەمەد فەریق حەسەن ١٦٢
محەمەد لاو محەمەد عەلی بەرزنجی ٧٥
د. محەمەد مەندور ١٢٤
محێدین زەنگنە ١٤٥
مستەفا ئەحمەد ١٦١، ٢٠٨، ٢٢٦
مستەفا پاشای یامولکی ٣١
مستەفا سائیب ١٦، ٤٤، ٥١
مستەفا ساڵح کەریم ١٤، ٨٧، ٩٠
مستەفا عەبدوڵڵا ٦٩
مستەفا قەرەداغی "سالار" ١٤٧، ١٧٣
مستەفا نەریمان ٤٥، ١٤٧، ١٧٢، ١٧٦، ٢٠٦
مەجید رەشید بەکر ١٧
مەجید سەعید نێرگەلە ٣٤

| | |
|---|---|
| مەجید فەتاح ئوتوچی | ٤٢ |
| مەجید محەمەد | ٨١ |
| مەحمود ئەحمەد | ٣٣ |
| مەحمود جەودەت | ١٦ |
| مەحمود خاکی | ١٦٨ |
| مەحمود زامدار | ٨٦ |
| مەحمود زێوەر | ٨٩ |
| مەحمود عەزیز | ٩٩ |
| مەحمود محەمەد ئەمین | ٧٨، ٧٩ |
| مەحمود محەمەد قادر | ٥٦ |
| مەسیح مەرقوس | ٦٨ |
| مەکی عەبدوڵڵا | ١٠٦ |
| مەلیحە رەشید | ١٠٦ |
| مەهدی ئومێد | ١٤٧، ١٩١، ١٩٢، ٢٠٦ |
| مەهدی دانساز | ٦٧ |
| مەولود مارف | ٥٥ |
| مەولەوی | ٣٣ |
| موحەڕەم محەمەد ئەمین | ٥٨ |
| موشیر ساڵح کۆیی | ٩٨ |
| مۆلێر | ٦٩، ٨١، ١٤١ |
| د. نافع ئاکرەیی | ١٤٨، ١٩٦ |
| نەبیل بەدران | ١٢٢ |
| نەجات عەبدە | ٦٢، ٨٧، ٨٩ |
| نەجات مەحوی | ١٠٣، ١١٨، ١٦٠ |

| | |
|---|---|
| نەرمین ناکام | ٨٧، ٨٩، ٩١، ١٠٨، ١١٨، ١٦٠ |
| نەوزاد مەجید | ١٥٨ |
| نوری ئەمین بەگ | ٥٨، ٥٩ |
| نوری بەدەوی | ٨٩ |
| نوری حاجی محێدین | ٥١ |
| نوری شاوەیس | ٥٨ |
| نوری عەباس | ٦٧ |
| نوری غەفور | ٥٨ |
| نوری میرزا تۆفیق | ٥٣ |
| نوری وەشتی | ٥٨، ٦٩، ٧٠، ٧٢، ٧٤، ٧٧، ٨٠، ٨١، ٨٥، ١٠٠، ١٥٩ |
| هۆگر گۆران | ٦٨ |
| هێرۆ گۆران | ١٠٦ |
| هێمن | ٢٢٨ |
| ولیەم یۆحەننا | ٩٠، ٩٥ |
| وەستا کەریمی خەیات | ٣٣ |
| وەلی دێوانە | ١٩٧ |
| وەهاب سالّح کۆیی | ١٠٦ |
| یاسین خەلیل | ٦٩، ٧٤، ٨١ |
| یاسین قادر بەرزنجی | ٩، ١٠، ٨٦، ١١٢، ١٣٨، ١٥٣، ١٥٥، ١٦٢، ٢٠٨، ٢٢٨، ٢٣٣ |
| یەحیا فەندی وێنەگر | ١٣، ١١٧ |
| یەعقوب کەندە | ٣٨، ٤٠ |
| یوسف ئەلعانی | ٦٢، ١٠٥، ١٠٦، ١٠٧، ١٠٨، ١٤٨ |

# پێڕست


پێشەکی..... نووسینی ئەرسەلان دەروێش ٥
بەشی یەکەم، لەئەرشیفی شانۆی کوردییەوە ٧
پەیڤێك ... نووسینی ئەحمەد سالار ٩
شانۆگەرییەکی ساڵی ١٩٢٦ لەشاری سلێمانی ١١
شانۆگەریی (نیرۆن)ی ١٩٢٧ ١٥
یەکەمین قوتابخانەی کچانی سلێمانی و بەرهەمی شانۆگەرییان ٢١
دڵداری و پەیمان پەروەری ٣٢
دوو شانۆگەریی ساڵی ١٩٣٥ لە سلێمانی ٣٧
شەریف هەمەوەند ٤٦
خانمی مەکرباز ٥٣
یەکەمین شانۆگەریی شەکسپیر لە کوردستان ٥٥
لەڕێی نیشتماندا ٥٦
مانگاو جوامێری کافر ٥٩
تێکۆشانی رەنجبەران ٦١
کلۆڵان ٦٢
جەنابی موفەتیش ٦٤
بروسکەو شیرین ٦٦
پیسکەی تەرپیر ٦٩
عوتەیل ٧٢
بازرگانی ڤینیسیا ٧٥

| | |
|---|---|
| دەستیماندوو لەسەر سکی تێرە | ٧٧ |
| عەلە ورگەی شووتی دز | ٧٩ |
| دوو شانۆگەریی ساڵی ١٩٥٧ | ٨٠ |
| تاوانی چی بوو | ٨٧ |
| مەمو زین | ٩٣ |
| شەوی کۆتایی | ٩٧ |
| کاوەی ئاسنگەر | ٩٩ |
| بووکی ژێر دەواری رەش | ١٠٠ |
| چەند شانۆگەرییەکی تری سلێمانی | ١٠٥ |
| بەشی دووەم، چەند باسێك دەربارەی شانۆی کوردی | ١٠٩ |
| پەیڤێك ... نووسینی: دانا رەووف | ١١١ |
| بینەر لەشانۆی کوردیدا | ١١٥ |
| شانۆگەری و تێکستی شانۆگەریی کوردی | ١٢٧ |
| نواندنی شانۆیی و ئەکتەری کورد | ١٥٠ |
| شانۆگەرییە کوردییە چاپکراوەکان ١٩٣٤ — ١٩٨٥ | ١٦٥ |
| سمکۆ ناکام و پێشڕەو و شانۆی کوردی | ٢٠٧ |
| رەجەب و پیاوخۆران یان شاکارێکی شانۆی کوردی | ٢٠١٧ |
| خەج و سیامەندو فرمێسکەکانی مامۆستا هێمن | ٢٢٨ |
| خەمێك بۆ تۆ فرمێسکێك بۆ خۆم | ٢٣١ |
| ئیندێکسی ناوی شانۆگەرییەکان | ٢٣٤ |
| ئیندێکسی ناوی نووسەرو هونەرمەندەکان | ٢٤٠ |



# چاپکراوەکانی نووسەر

١. شۆڕشی مردووەکان، شانۆگەریی وەرگێڕدراو:

* چاپی یەکەم، بەغدا، ١٩٨٠.

* چاپی دووەم، بەناوی (مردووەکان بنێژن)، سلێمانی، ١٩٩٨.

٢. پێنج وتاری شانۆیی، وەرگێڕان بەهاوکاریی چوار نووسەر، بەغدا، ١٩٨٠.

٣. کۆچ بۆ دارستان، چیرۆکی منداڵان، وەرگێڕان، سلێمانی، ١٩٨٨.

٤. قەفەزی زێڕین، چیرۆکی منداڵان، وەرگێڕان:

* چاپی یەکەم، سوید، ١٩٩٤.

* چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.

٥. بیبلیۆگرافیای هەردوو گۆڤاری نووسەری کورد و نووسەری کوردستان، بە هاوکاریی کاك نەوزاد عەلی ئەحمەد، سلێمانی، ١٩٩٨.

٦. کێشەی کەمینە نەتەوەییەکان لە وڵاتانی عەرەبدا، وەرگێڕان، سلێمانی، ١٩٩٨.

٧. دروستبوونی دەوڵەتی کوردی، وەرگێڕان، سلێمانی، ١٩٩٨.

٨. مەرگی وەنەوشە، چیرۆکە هەواڵ:

* چاپی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٨.

* چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.

٩. لە ئەرشیفی شانۆی کوردییەوە، سلێمانی، ٢٠٠١ .

١٠. کە ئاگر دەریای خامۆشکرد، بەرهەمی ڕۆژنامەنووسیی، سلێمانی، ٢٠٠١.

١١. چەند بابەتێکی شانۆیی، وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠٠١ .

١٢. ئەکتەرە کوردەکان، سلێمانی،

١٣. چاوەکانی تابان، چیرۆکی ڕۆژنامەنووسی:

* چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.

*چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.

١٤. چەند باسێك دەربارەی شانۆی کوردی، سلێمانی، ٢٠٠٥.